# مەحەممەدی قازی و پەیامی وەرگێڕ

کۆکردنەوەی: عێرفان قانێعی فەرد.

وەرگێڕانی:ئیسماعیل زارعی.

وەرگێڕدراوی ئەم کتێبە پێشکەشە بە هەموو ئەو کەسانەی لە بواری وەرگێڕان دا خزمەتی زمانی پیرۆزی کوردیان کردووەو بە تایبەتی بە سێ وەرگێڕی پلەبەرزی نەتەوەیی کورد، مامۆستایان:

هەژار موکوریانی،

عبداللّا حەسەن زادە،

جەلیل گادانی.

وەرگێڕ.

١٣٨٦/٦/١٥

## پێڕستی بابەتەکان

پێشەکی

## بەشی یەکەم

بنچینە و شێوەی وەرگێڕان

١) وەرگێڕان چیە و کێ وەرگێڕە؟

أ، شێوە و بنچینەی وەرگێڕانی باوەڕپێکراو.

ب، پێویستی وەرگێڕان و شوێنگەی وەرگێڕ.

ت، شێواز و جۆرەکانی وەرگێڕان.

س، خاڵگەلی بەسوود و بنەڕەتی پڕاکتیکی.

٢) لە بارەی وەرگێڕانی دۆن کیشۆتەوە.

## بەشی دووهەم

وەرگێڕی دەروەست و پەیامی مرۆڤایەتی

٣) بیرۆکەکانی قازی دەربارەی وەرگێڕان، رەخنە و ئەدەبییات.

٤) ناوەندی نووسەرانی ئێران.

# پێشەکی

ئاشکرایە کە وەرگێڕان لە ئێران دا خاوەنی پێشینەیەکی مێژوویی سەدان ساڵەیە. ئەم پێشینەیە لە سەردەمی پێوەندی کولتووری ئێران لە گەڵ ڕۆژھەڵات و ڕۆژئاوا و ئاڵوێری کەلتووری و زانستی‌یەکان لە گەڵ ئەوان دەستی پێکرد. بەڵام ئەگەر سەیری گۆڕانکاری‌یە ئەدەبییەکانی پاش سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە(١٢٨٥) بکەین، تێدەگەین کە پێوەندی بەرینی ئێران و ئەورووپا، ناردنی قوتابی بۆ دەرەوەی وڵات — زۆرتر بۆ فەڕەنسە— پەرەگرتنی پیشەسازی چاپ کردن، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و هۆکارەکانی دیکە چ کاریگەری‌یەکیان لە سەر ئاڵوێری ئەندیشەکان، کەلتوور و ئەدەبیاتی ئێران هەبووە؟

گرینگترین هۆکار، وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبیە جیهانیەکان بوو کە بە شێوەیەکی کاریگەرانە لە نێو ئەدەبیاتی ئێران دا تەشەنەی کرد. زۆربەی وەرگێڕەکان لە زمانی فەرانسەویەوە وەرگێڕانیان دەکرد کە بە داخەوە پاش شەڕی جیهانی دووهەم زۆرێك لەو وەرگێڕانە لاواز و ناروونانە بێئەوەی ئەمانەت و ڕەسەنایەتی بپارێزن، چاپ دەبوون بەڵام بە بوونی وەرگێڕگەلێك مەزن و خاوەن شێوازی وەك محەممەدی قازی، دوکتور ئەبولحەسەنی نەجەفی، دوکتور مستەفا ڕەحیمی، ڕەزا سەید حوسێنی، سرووش حەبیبی، ب ئازین(مەحموود ئێعتمادزادە) و... زەوق و ئۆگری خەڵك بەرەو ئەدەبیاتی بێگانە زیاتر دەبوو. ڕەنگە بتوانین بڵێین کە لە ناو وەرگێڕە هاوچەرخەکانی ئەدەبیاتی ئێران دا، محەممەدی قازی خاوەنی پلە و پایەیەکی تایبەتیە.

لە ساڵی ١٣١٧ی کۆچیدا قازی، یەکەمین وەرگێڕانی بە بەرهەمی یەکێك لە ڕۆماننووسەکانی سەردەمی ڕۆمانسییەتی فەرەنسی "ڤیکتۆر هۆگۆ" دەست پێکرد. "هۆگۆ شاعیرێکی پڕ جۆش و خرۆش و لایەنگری ئازادی و دێمۆکراسی" نووسەرێك کە پەیامەکەی لە پێشەوایی مرۆڤەکان بەرەو دەروون پاکی، دڵپاکی و ڕۆشنگەریدا دەبینیتێەوە."

قازی بە پشت بەستن بەم ڕووانگەیە درێژەی بە وەرگێڕانەکانیدا و هەتا دواساتەکانی ژیانی بەو ئەندێشە کۆمەڵایەتیە وەفادار مایەوە و بەرەو کامڵبوون هەنگاوی نا. لە زۆربەی وتووێژەکانیدا مەبەستی خۆی لە وەرگێڕان بەم شێوەیە دەردەبڕی:

"من ڕووناکی بەخشم و کارم ئەوەبووە کە لە ماوەی تەمەنی کورتی خۆم دا بە خستنەڕووی بەرهەمی ئازادبیرانی جیهانی مێشکەکان ڕوون بکەمەوە و ڕاستیەکانی ژیان کە بریتین لە بە ئازادی ژیان کردن، بە ئازادی بیرکردنەوە، خۆشەویستی بۆ هاوڕەگەز، سۆز و مرۆڤدۆستی، دێمۆکراسی و کار و تێکۆشان لە پێناو ژیانێکی باشتر بۆ خۆم و کۆمەڵگا، بە هەمووان ڕابگەیەنم."

ئەندێشەی قازی لە داب و نەریتی کۆمەڵگای کورد، نەریتێکی ڕەسەن و کولتووری زاڵ بەسەر کەش و هەوای بنەماڵەکەیدا سەرچاوەی گرت و بەسەرنجدان بە ڕووداوە گرینگە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و تێکۆشانە هزریەکانی ئەو کات و چوونی ئەو بۆ "دارلفنون"

بەرە بەرە ئاڵ و گۆڕ و پێشکەوتنی تێدا پێك هات، ڕەنگە بتوانین بڵێین، لە هەمووان زیاتر، خوێندنی لە دارلفنون و ناسینی پەروین ئێعتێسامی، جەلالەددین هۆمایی، سەعید نەفیسی، پەرویز خانلری، ب ئازین و ... کاریگەری قووڵیان لەسەر ئەندێشە و بیروڕا و زەوقی ئەدەبی ئەو دانا. بە شێوەیەك کە لە یەکەمین ئەزموونی لە گەڵ هاندان و داخوازی مامۆستایان ڕووبەڕوو بۆوە و ئەم ئۆگرییە، پاش نیوسەدە تێکۆشان، هەروا مایەوە و بەو ئۆگرییە هزرییە کە بە هۆگۆ و نووسەرە ئازابیرەکانی فەرانسەیی هەیبوو پاش دە ساڵ دووری لە وەرگێڕان لە ساڵی ١٣٢٨دا، کتێبێکی لە ئاناتوول فرانس وەرگێڕا و جارێکیدیکە خەڵکی ئێران سوودیان لە وەرگێڕانەکان و بیری نوێخوازانە و ئازادیخوازانەی قازی وەرگرت. لەو سەردەمە بە دواوە بە بیروڕا و داهێنانی خۆی لە پێکهاتە و فۆرمی ئەدەبیاتی چیرۆکی ئێران دا ئاڵوگۆڕێکی بنچینەیی و قووڵی درووست کرد کە ئەمڕۆ ئێمە ئەومان وەك کەسایەتییەکی دیار و وەرگێڕێکی پسپۆڕ و خاوەن شێواز ناسیوە.

پاش ئەوە بوونێکی هەڵسووڕانە و تێکۆشەرانەی لە گۆڕەپانی کولتووردا هەبوو و دەوری خۆی هاوکات لە گەڵ بیرکردنەوەیەکی قووڵ و دڵسۆزی بە باشی گێڕا، چونکە لە ڕێگای بیر و ئامانجیدا، وەك سارتێر دەڵێ"ڕێگای ئازادی" بوو، تەنانەت لە قەیرانیترین و ئاڵۆزترین سەردەمەکانیش دا، بە شێوەی بەردەوام و بێپسانەوە قەڵەمی دەجووڵاند و هەمیشە بۆ نیشاندانی ڕاستییە کەتوارەکان و جیاکردنەوەی چاکە لە خراپە بیروبۆچوونی خراپ و ئەندێشەی ڕۆشنبیرانە لە کردارخوازی هەنگاوی دەنا. بوونی هەڵسووڕانە و بەرچاوی لە گۆڕەپانی ئەندێشەی ئازادیخوازی و دێمۆکراسی کە لە گەڵ چەند تۆرەمە و نەوەدا هاوڕێ و هاوکات بوو، ڕوون و ئاشکرایە“ بوونێکی بوێرانە و بێلایەنانە، بەڵام هەمەلایەنە و دڵپاکانەی هەبوو، کە ڕەنگە هەر ئەوە بووبێتە هۆی ئەوە کە وەك مرۆڤێکی ڕووناکبیر و خزمەتکار بناسرێ.

قازی بەرهەمەکانی لە چوارچێوەیەك دا قەتیس نەکرد و چەندین بوواری جۆراوجۆری وەك چیرۆك، ڕۆمان، کورتە چیرۆك و شانۆنامەی لە ناو وەرگێڕانەکانیدا هەیە، هەروەها لە بووارە

جۆراوجۆرەکانی — زانستی، مێژوویی، ئەدەبی، منداڵان و کۆمەڵایەتی کتێبی وەرگێڕاوە و تەنانەت بیست شاکاری ئەدەبی جیهانی بۆ وێنە:

—کلوودی خوێڕی، دوورگەی پەنگوێنەکان، دان چەرمۆ، شازادە و گەدا، شازادە بچکۆلەکە، دۆن کێشۆت، مادام بوواری، تێلماك و... لە ناو وەرگێڕانەکانیدا بەرچاو دەکەون کە هەر بەم هۆیەوە نە تەنیا لە بواری هەمەچەشنی بەرهەمەکانی، وەرگێڕێکی بێوێنە، بەڵکو بە یەکێك لە تێکۆشەرترین و سەرکەوتووترین وەرگێڕەکانی ئێرانی دەژمێردرێ و تەنانەت هێندێك جار سەبك و شێوازەکەی بە بێوێنە دەزانن کە بە باشی زمانی وەرگێڕانی دۆزیوەتەوە.

قازی: وەرگێڕێکی جوامێر و ئازادیخواز بوو کە هیچ کات خەڵکی نیشتیمانەکەی خۆی لە بیر نەکرد و لە ژیانیان و رووداوەکانی سەردەم دوورنەکەوتەوە" رۆشنبیرێکی دڵسۆز و روناکبیرێك کە بە کوێری چاوی نەیاران دەستی نەدایە دوو روویی و پیاهەڵگوتن، بەڵکو بە شێوەیەکی هۆشیارانە قسەکردن و لە ژانی خەڵکی و پێگەی کۆمەڵگای خۆی کردە رێبازی خۆی.

بەڵام بە گشتی "قازی" وەکو ئاڵاهەڵگری وەرگێڕانی رۆمانە کۆمەڵایەتییەکان دەناسین، رۆمانگەلێك کە سەرنجێکی زۆر دەدەن بە ئازادی و مافی مرۆڤ، رۆمانگەلێك کە ناوەڕۆکەکەیان هەمیشە شەڕ لە گەڵ، گەندەڵی، زوڵم، سەرەڕۆیی و سەرکەشییە" رۆمانگەلێکی وەك ئازادی یا مەرگ، مەسیح دووبارە لە خاچ دراو، لە ژێر یووغ دا و... کە چەندین دیمەنی نوێمان پیشان دەدەن، وەك خۆی دەیگوت:

"وێنەی ئێمە وەرگێڕی دەرەوەست و نووسەران و شاعیرانی دەرەوەست، شێ و نمی بەردیوارەکانی کۆشکی سەرەڕۆیی بنکۆڵ دەکەین. ئێمە هەموو رۆژێك بە وەرگێڕانە ریسواکەرەکانمان، بە نووسراوە رەخنەیی و بە شێعرە توندەکانمان، ئەو کۆشکی زوڵمەمان بنکۆڵ کرد تا ئەوەی رۆژێك قوڵینگ بە دەستەکان هاتن و زۆر بە سانایی ئەو بینایەیان خراپ کرد."

هەموو ئەو بەرهەمانەی کە قازی لە نووسەرە گەورەکانی وەك: تواین، مارلو، ئێگزۆپێری، داستایۆڤسکی، گی دوو مووپاسان، فلوبێر و... وەریگێڕانەتە سەر زمانی فارسی لە سەر بنەمای بیروڕا و ڕووانگەی ئازدیخوازی ئەو بوو. تەنانەت ئەگەر نووسەرێکی نێوداریش بووایە، بەڵام شێوەی بیرکردنەوە و ڕووانگەی ئەو لە گەڵ قازی جیاوازییەکی کەمیشی بووایە هیچکات بەرهەمەکەی وەرنەدەگێڕا. کەواتە هەمیشە بە شێوەیەکی هۆشیارانە پەیجۆری ئەندێشەکەی بوو و کاتێك بەرهەمەکەی بە پێی زەوق و بیروبۆچوونی قووڵی خۆی بە باش زانیبایە، خەریکی وەرگێڕانی دەبوو.

ئەم عاشقە ڕاستەقینەیە وابەستە نەبوو بە کاروباری دنیایی، چەندین ساڵ خۆی بە قوربانی ئەویندارەکەی کرد و لە خەڵوەتخانەکەی خۆیدا بە نووسین لە سەر چاکییەکان وەسفەکانی دوا و دڵفراوانە جیلوەی جوانی نیشانی خەڵکی ئێران دا.

هەموو ژیانی بەختی ڕۆشنگەری ئەندێشەکانی کۆمەڵگا و گواستنەوەی دیاردە نوێیەکان و دیمەنە پێشکەوتووەکانی کلتووری و شارستانییەتی جیهانە کرد و بەڕاستی نموونەی دەرووەست بوو. ئەوەی جیگای تێڕامانە ئەوەیە کە، لە ڕاستیدا قازی هەموو ناخۆشی و ئەستەمییەکانی سەردەمی خۆی (تەنانەت لە زمان کەوتنەکەشی!) تەحەممول کرد، بەڵام بێدەنگ نەبوو و لە هەموو خاوەن زمانەکان زیاتر، شمشێری ڕەخنەی هەڵکێشا و بە شێوەیەکی مامۆستایانە و بەو پەڕی ڕەوانییەوە، پەیامەکەی بە هەموو نەوەکان وتەوە.

پاش تووش بوون بە شێرپەنجەی قوڕگ و سەردەمی خانەنشێنی تێکۆشانەکەی زیاتر بوو، دەتگوت سەردەمی پیری و خانەنشێنی باشترین سەردەمی قۆڵ هەڵماڵین، کار و تێکۆشانە و نەخۆشی شێرپەنجەش" کە بەرە بەرە لە دەروونیدا ریشەی داکوتابوو، نەیدەتوانی بچوکترین کەم و کوڕی لە تێکۆشان و هەڵسووڕ بوونیدا پێك بێنێت.

هەمیشە دەیگوت:" ئەو ڕۆژەی کە نەمتوانی کاری وەرگێڕان بکەم ئەوا ڕۆژی مەرگی منە و هیوادارم بەم زووانە ئەو ڕۆژە دانەیەت". و بەڕاستیش هەر وا بوو" پاش تەواو بوونی وەرگێڕانی "ڕازی ناوچەی ئاسمانی" بەرهەمی مەیکیاڤالتاری، کتێبی "نووحەی دەروون"ی

لە گەڵ ئەحمەدی قازی وەرگێڕا و ٤٨ کاتژمێر پاش نووسینەوەی ئەو وەرگێڕانە لە بەرە بەیانی خەمناکی بیست و چواری مانگی بەفرانباری ١٣٧٦ی کۆچیدا کۆچی دوایی کرد.

بەڵام بە داخەوە بڵاوکراوەکان نە وەك پێویست ڕێزیان لێنا و نە پرسەیان بۆ گێڕا، بۆ کەسێك کە تەمەنی لە ڕێگای ئەدەبییات دا دانا ئەو جۆرە بێدەنگییە بە ئەنقەستە ! ! نە تەنیا هێندێك لە بڵاڤۆکەکان خۆیان لە ناوهێنانی بەرهەمەکانی بوارد، بەڵکو هێندێکیان بە بێویژدانییەوە نەریتی پیاوەتیان وەلا نا و زنجیرەیەك دوژمنایەتیان وروژاند و بەرچاوتەنگانە هەندێك شتی ناشیرینان نووسی، بەڕاستی جێگای داخە کە بەو شێوەیە مامەڵە لە گەڵ کەسێك دا بکرێ کە لە شەش دەیەی دواییدا ڕاستگۆیانە خزمەتی بە ئەدەب و کولتووری کۆمەڵگا کرد. بە پێی زانیارییە کۆن و هەڵەکانی هەواڵنێری ئیرنا زۆربەی بڵاوکراوەکان بەرهەمەکانی مامۆستایان بە بیست دانە ڕاگەیاند !

بۆ وێنە ڕۆژنامەی "فردا" بەم ناوەڕۆکە هەواڵێکی بڵاوکردەوە:"ڕێ و ڕەسمی بە خاك سپاردنی تەرمی محەممەدی قازی بە دەستێوەردانی کۆمەڵێك لەو کەسانەی کە ناڕازی بەم ڕێ و ڕەسمە تێکچوو. کۆمەڵی ٣٠-٤٠ کەسی ناڕازییانی بە خاك سپاردنی تەرمی محەممەدی قازی وەرگێڕی ئەدەبییاتی جیهانی بە فارسی، وێڕای کۆبوونەوە لەم ڕێوڕەسمەدا بە دانی درووشمی بمرێ کۆمۆنیسم نەیانهێشت ڕێوڕەسمی بە خاك سپاردنی تەرمی قازی بەڕێوە بچێ و ...".

دواتر ئەم هەواڵە لە ڕۆژنامەی "اخبار"(هەواڵ)ی ڕۆژی دواتر کەوتە ژێر پرسیار و وەدرۆ خرایەوە ! ئایا ڕەوایە هەندێك کەس کە هەمیشە بەردی پشتیوانی و بەرگری لە ئازادی و ڕووناکبیری لە سینگ دەدەن، ئاوا کاڵ فامانە لە ڕۆژنامە تازە دامەزراوەکەیاندا پڕۆپاگەندە بڵاو بکەنەوە بۆ ئەوەی بە بڕوای خۆیان ڕازی خۆشویستن و گەورەیی قازی لە خەڵك دا بسڕنەوە.

هەڵبەت ناکرێ کەسایەتی، بەرهەم و بیروبۆچوونی خوالێخۆشبوو قازی بشارینەوە. ئەندێشە و پلە و پایەی ئەم پیاوە مەزنە بۆ هەمووان ناسراوە و تەنیا ئەمجۆرە کەسانە، سووکی و بچووکی و قینی خۆیان ئاشکرا کرد.

دواجار تەرمی مامۆستا محەممەدی قازی لە رۆژی ٢٨ی مانگی بەفرانبار بە بەشداری چەندین هەزار کەس لە گۆڕستانی "بوداغ سولتان"ی مەهاباد، زێدەکەی" لە تەنیشت دوو هاوڕێی سەردەمی منداڵی "(مامۆستایان) هێمن و هەژار کە بلیمەتەکانی شێعر و ئەدەبی کوردی بوون" بە خاك سپاردراو رۆحی بەرزی چووە دنیای نەمرانەوە.

***

لە بارەی وەرگێڕە و وەرگێڕان و شێوازەکەی زۆر قسە وتراوە و لە راگەیەنە گشتیەکان دا رەنگە کەم بڵاڤۆك یا بەرنامەگەلێك هەبێت کە ئەم کارەی نەکردبێت.

لەو کاتەوە کە بزووتنەوەی وەرگێڕان لە ئێران دا سەریهەڵدا، زۆرێك لە وەرگێڕە ئێرانیەکان کە لە راستیدا پردی پێوەندی کولتووری ئەورووپا و ئێران بوون و لە وەرگێڕانی ئەدەبیاتی نوێی جیهان دا خزمەتێکی بەرچاویان بە زمانی فارسی کردووە" دەتوانین بڵێین تەنانەت باندۆرێکی بەرچاویان لە سەرمان و ئەدەبیاتی فارسی ئەمڕۆکەمان و ئەندێشەکانی چەندە تۆرەمەی کۆمەڵگاکەمان داناوە. محەممەدی قازی یەکێك لەو وەرگێڕە بلیمەت و ناودارانە بوو.

قازی وەرگێڕێکی گەورە، کارکوشتە و کۆڵنەدەر، بە حەفتاو چەند بەرهەم لە بەرهەمی نووسەرە گەورەکانی جیهان درەوشانەوەیەکی تایبەتی لە ئەدەب و کولتووری سەدەی دوایی ئێران دا هەبوو. تێکۆشانێکی زۆری کرد بۆ ئەوەی دەرگاگەلێك لە ئەندێشە جیهانیە ئازادیخوازی و دێمۆکراسیخوازی بۆ لای چەند بەرە و تۆرەمەی کۆمەڵگاکەی خۆیدا بکاتەوە. هیممەتێك کە بەرهەم و هۆکاری رێبازی عاشقیە" هیممەتێك کە ویستی هەم تینوێتی پەرەسەندنی ئەندێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بشکێنێ و هەم گرێ پووچکەی ئەدەب و کولتووری کۆمەڵگا بکاتەوە و هەم رێنوێنیەکی نەمر لە ئەندێشە ئامانجی بەرز بۆ خەڵکی ئەم رۆژگارە بە جێبێڵێت" چونکە سەر بە تۆرەمەیەك بوو کە زاناکانی پەروەردەکەری کولتوور و ئەدەبی ئێران بوون، کەسانێك کە دڵپاکانە باری پەیامی کولتوور و دەروەست کۆمەڵایەتی خۆیان بەشان کێشا.

هەر چەندە لە دنیای ئەمڕۆکەدا ڕۆمانگەلێکی نوێ و ئەندێشە هەڵسووڕەکانیتر چاپ دەبن و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو ڕەوتە هەڵسووڕە بەرەو پێش دەڕوا، بەڵام ئایا هەموو ئەو بەرهەمانەی قازی وەریگێڕاون، هەرمانین و دەمێننەوە؟ ئایا سەردەمی ئەو بیروبۆچوونانە بەسەر نەچووە؟.. سەرنج دان بە بەرهەمەکانی بەیانکەر و ڕوونکەرەوەی پلە و پایەی شایستەیەتی کە هەمووان دانی پێدانێن" بەرهەمگەلێکی زۆر کە لە بواری پێکهاتەی زمانی پانتایی دەریای وشەکان و کۆکراوەکانی زمانی فارسی — کە لە جۆری خۆیدا بێوێنە و تایبەت بە تاکەکەسە — ئەفراندنی چوارچێوەی نێوەڕۆك، سرینەوەی ڕۆحی وەرگێڕان و دۆزینەوەی چەمکێکی بەنرخ و نوێ، کە دەڵێی بە زمانی بنەڕەتی داڕێژراوە وەرگێڕێکی بێوێنەی لە قازی لە سەیتەرەی ئەدەبی ئێران دا پێك هێناوە و هەمووان دان بە بەهێزی زەین و قەڵەمەکەیدا دێنن.

لەم ساڵانەی دواییدا، کاری وەرگێڕان، سیمینارگەل، وتارگەل، بابەتگەل و نووسراوەگەلێکی زۆری لە خۆی گرتووە. هەر کام لە ئەهلی پیشە بە پێی بابەتی زانستی کە تیایدا پسپۆڕن، خەریکی تۆژینەوە لە وەرگێڕان و بنچینە و ڕێسای زاڵ بە سەر ئەودا بوون. وەرگێڕانی زانستی، ئەدەبی، پیشەیی، بڵاوکراوەیی، ئیداری، فەلسەفی...

پێویستی وەرگێڕان، خۆ نەبوێرە و پارێز هەڵنەگرە. هەر چەندە کە مرۆڤ زیندەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و بە هۆی تێکەڵنەبوونی لە گەڵ دنیای دەورو بەری دەڕزێ و دەمرێ. وەرگێڕان تاکە زمانێکە بۆ تێگەیشتن و درکی زیاتر و ئاگادار بوون لەوەی کە لە دنیادا ڕوودەدا و پێڕەوی کردنی وەرگێڕان لە بنچینە و ڕێسای درووست و هەڵەنەکردن لە ئەو زۆر پێویست دەنوێنێ.

هەر چەندە وەرگێڕانی هەڵە، گواستنەوەی هەڵەی چەمکەکانی بەدوادا دێت. بەڵام لە هەموو شتێك گرینگتر، بنچینەیەك کە کەمتر سەرنجی پێدراوە. و ئەویش ئەوەیە کە، لە ڕاستیدا وەرگێڕان باس لە ڕووبەڕووبوونەوەیەك دەکا. ڕووبەڕوو بوونەوەی دوو نەتەوە بە دوو کولتووری تەواو لە یەك جیاواز و ڕەنگە هێندێك جار بە هێندێك هاوشێوەییەوە. ئەم ڕووبەڕوو بوونەوەیە ئەگەر بە بیروبۆچوونێکی بەهێزەوە، چوارچێوەی بیروباوەڕێکی

درووست و زمانێکی پتەو و قایم تەیار نەبێن، پێدەچێ لە هەمبەر هێرشی بیروبۆچوونی بێکەڵک بە چوارچێوەیەکی هەڵە و بنەما لاوازەوە، لە پێ بکەوین و سەری خۆبەدەستەوەدان دانەوێنین. بەداخەوە لە مێژە لە کۆمەڵگای ئێمەدا، خۆدۆڕاندن و ئەفسوونی تایبەت لە هەمبەر هێرشی بیروبۆچوونی دەرەوە وەبەرچاو دەکەوێ. هۆی ئەم خۆدۆڕاندنە، نەبوونی ئەندێشەیەکی لێکۆڵەرانە و رەخنەگرانەیە و زۆرجار کە لە ئێران دا وەرگێڕان باو بووە، سەردەمێك لافاوی کتێبە ئەدەبییەکان لە بەرهەمی نێودارانی ئەدەبی رۆژئاوا بە وەرگێڕانە جۆراوجۆرەکان دەهاتنە نێو بازاڕەوە، سەردەمێکیتر لافاوی کتێبە دەروونناسییەکان، کۆمەڵناسی و بە تایبەتی فەلسەفی لە چوونایەتی جۆراوجۆردا، بازاڕی کتێبی لە خۆ گرتبوو و زۆرێك لە خوێنەرانی ئەم کتێبانە بە بوونی چوارچێوەیەکی هزری بەهێز و زانیاری تەواو بەڵکو بە پێی سەلیقە و زەوقیان بە دوای ئەو کتێبانەدا دەچوون و ئیدی کۆڕ نەبووو کە لەوێدا باس بە زاراوە فەرەنگییەکانی رۆژ نەکرێ. بۆ وێنە کەسێك بە شێوەیەك لە سەر دەروونزانی و بنچینەکانی دەدوا کە ئەگەر باش سەرنجت نەدابایە، تووشی ئەو شك و گومانە دەبووی کە ئەو کەسە چەند زمانی دەرەوەیی دەزانێ و لەم بابەتەدا خاوەنی پلە و دەرەجەیەکی بەرزە. بە تایبەتی لە بیاڤگەلی فەلسەفە و ئەدەبییات دا لاوەکانمان زیاتر تووشی فانتازیایەکی ئەوتۆ دەبوون.

بە خۆیندنەوەی بەرهەمێکی کامۆ، کەسەکە خۆی لە دنیای پووچی نزیك دەبینی. ئیدی چونکە لە وەرگێرانی فلانە کتێبی مێژووی فەلسەفەیدا خوێندبوویەوە کە هایدگەر، ئێگزیانسالیستە و سارتەریش خاوەنی مەکتەبێکی ئەوتۆیە لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێك دا لە سەر هاوخەمی ئەو دوو کەسە قسەی دەکرد، بێئاگا لەوەی کە بیری هایدگەر و سارتەر لە دوو دنیای فکری جیاوازدا شێوە دەگرن.

لە هەموو شتێك سەیرتر ئەوەیە کە، هەر کەس بە خوێندنەوەی کتێبێکی ئەدەبی لە نووسەرێك، خێرا لە سەر بیۆگرافی(ژیاننامە)ی ئەو دەدوا و بێخەبەر لەوەی کە زۆربەی ئەدیبە رۆژئاواییەکان خاوەنی قۆناغگەلێکی هزری و سۆزداری جیاواز لە سەردەمە جیاوازەکانی ژیاندا بوون و هەن. کەواتە دەبێ دان بەوەدا بێنین کە زۆربەی ئێمە تا

هەنووکە بە هزرێکی لێکۆڵەرانە و ژێرخانێکی فکری باش لە گەڵ بیروڕای بیانی و دەرەوەیی ڕووبەڕوو نەبووینەوە. بۆ چارەسەری ئەم ژانە دەبێ یەکەمجار تۆژێنەر بین. لاوازی بیروڕا لە لاوازی تۆژینەوە و راڤیاری‌یەوەوە سەرچاوە دەگرێ. سەرەڕای ئەوە، ئەزموون نیشانی داوە کە بازاری وەرگێڕان دیلی بێ‌سەروبەرەیی و ئاڵۆزی‌یە کە لاوازی و بێ‌هێزی بنەمای زمانی فارسی و گواستنەوەی بە هەڵەی چەمکەکانی لێ‌دەکەوێتەوە.

زۆرجار بە هۆی نەبوونی زاڵبوونی هێندێك لە وەرگێڕەکان بە سەر بابەتی وەرگێڕدراودا، زمانی مەبەست(مقصد)و سەرەتا(مبدأ)، بازاڕی وەرگێڕان تووشی بێ‌سەرەو بەرەیی و ئاڵۆزی دەبێ کە بەرئەنجامەکەی تەنیا بە قازانجی فیلبازانێکە کە لەم ڕێگایەوە تێر (تغذیة) دەکرێن بە سەرنجدان بەو دیاردەیە و پرسگەلە، هاتمە سەر ئەو بڕوایە کە بۆ وەرگرتنی وڵامی پرسیارەکانم بەر لە هەموو شتێك بچمە لای "قازی". "هەر کەس کە لە کاری کتێب دا بێت، هەر کەس کە لە کاری مۆتالا و خوێندنەوەدا بێت هەر چەندە کەم و جارناجاریش بێت، تەنانەت هەر کەس کە بۆ یەك جاریش لە پشت شیشەی ویترینی کتێب فرۆشی‌دا ڕاوەستا بێت و نیگایەکی بەسەرپێوە و تێپەڕئاسای لە کتێبەکانی ئەودیوی(ویترین) کردبێت تووشی ناوی "محەممەدی قازی" بووە. ئەهلی کتێب بێ‌شك بەرهەمێکی ئەویان خوێندۆتەوە. وەرگێڕی تێکۆشەر و پڕکار لانی‌کەم زیاتر لە چوار دەیە هەر نووسەر و لێکۆڵەرێکی‌تر لە پەرەئەستاندن و بڵاوکردنەوەی کولتووری کۆمەڵگا و لە پێگەیشتن و بەرز نرخاندنی چەند تۆرەمە لە خەڵکی ئەم دەڤەرە دەورێکی حاشا هەڵنەگر و کاریگەرداری هەبووە. ئەو یەکێك لە پسپۆڕانی کاری وەرگێڕان لە ئێران دایە کە بە پتر لە حەفتا بەرگ کتێب (و زۆرتر لە فەرەنسی‌یەوە) بۆتە هۆی ئاشنایی خوێنەرانی ئێرانی لە گەڵ نێودارانی ئەدەبیاتی جیهانی. بە بێ هەرزەگۆیی زۆربەی بەرهەمەکانی، لە نەزمترین کارەکانی وەرگێڕان لە ئێراندان. تەنانەت وەرگێڕانە نائەدەبی‌یەکانی، وەکو وەرگێڕانی کتێبەکانی بیست وڵاتی ئەمریکای لاتین و بەرهەمگەلی لەم وێنەیە دەورێکی باڵایان لە ئاشناکردنی توێژی کتێب خوێنی ئێرانی لە گەڵ کولتووری هاوچەرخی جیهانی‌دا هەبووە. محەممەدی قازی تا دوایین ساتەکانی ژیانی هەر وا پڕکار بوو، بە زمانی وەرگێڕانێکی ساکار و روون و رەوان“ لە هەموو شێواز و

جۆرەکان“ لـە هـەموو نووسـەرانی نەتەوەگـەلێکی جیـاواز وەرگێڕانـی کـرد و هـەرگیز خـۆی بەستراوە و پاوەند نەکردەوە و بەڕاستی ناشێ باسی وەرگێـڕان بـە بـێ ئـەو و ئامـادەبوونی ئەو دەست پێ بکرێت."

﴿کەسێك کە جەلالی ئالی ئەحمەد بە "باوك" نـاوی دەهێنـا،ئێحسـان تەبـەری لـە سـەر ئـەو بڕوایە بوو کـە محەممـەدی قـازی "راسـتگۆی گۆڕەپـانی وەرگێڕانـە" بـۆزۆرگی عەلـەوی بـە "پیـاوێکی گـەورە و ئینسـانی، دەروەسـت" نـاوزەدی دەکـرد. و جـەماڵزادە دەیگـوت: "محەممەدی قازی خاوەنی چەمکێکی تیژ و کاریگەردارە کە ناوی پێنووس"ە﴾.

بەڵام ئەگەرچی بەساڵاچوو بوو و چاوەکانی کز ببوون بەڵام بە گەرمی و تامەزرۆیی‌یەوە و بە شێوەی بەردەوام کاری دەکرد و بە ئیرادەیەکی ورووژێنەرانە لە کۆڕ و کۆمەڵی دۆستان و ئەو کۆبوونەوانەی لە بەر شانازی ئەو دەگیران بەشدرای دەکرد و بەشدارانی دەخستە ژێر کاریگەری کەسایەتی خۆیەوە.

دەبێ بە واتایەك محەممەدی قازی بە یەکێك لە بەختەوەرترین وەرگێڕە ئێرانی‌یەکان بزانین. چونکە لە ناو دەیان وەرگێڕی گەورەی کتێب لە وڵاتەکەمان دا(ئێران)، تەنیا و تەنیا ئەوە کە بەرهەمەکانی هەم لە ناو رووناکبیران دا لاینگری زۆری هەیە و جێگای باوەڕ و متمانەیە و هەم ئەوە کە توێژەکانی کتێبخوێن باوەڕ و ئۆگری‌یەکی زۆریان بە وەرگێڕانەکانی هەیە. بۆ وێنە چاپی دووبارەی "نان و شەڕاب"ە کە زیاتر لە چواردە جار لە چاپ دراوەتەوە. لە خراپترین بارودۆخی ئابووری دا هیچ خاوەن چاپەمەنی‌یەك دەستی رەتی بۆ چاپکردنی بەرهەمەکانی ئەو پێوە نەدەنا و پێوەی نانێت، تا ئەو شوێنە کە خۆی دەڵێت: خاوەن چاپخانەکان زەختم لێ دەکەن و کتێبی تازەیان لێم دەوێ.

بە بڕوای من قازی لەو رووناکبیرە دەگمەنانە بوو کە نەبووە هۆی قین و دوژمنی هیچ کەس" خێرومەندێکی بە بێ‌قین و بوغز و مافناس بوو. رۆحێکی یەك شێوەیی لە دەروونی بەرهەمەکانی قازی‌دایە و ئەوەی کە کلیلی کەسایەتی زانستی ئەوی پێك دێنا، هەر ئەو ئەندێشەی ئازادیخوازانەی ئەو بوو کە بە هۆی نزیکایەتی و دڵبەستەیی‌یە بەو ساڵیانە نازدارئاسا و بە خەیاڵی ئاسوودەوە دادەنیشت و بە زاتێکی پاك زۆر درێژی تێپەڕ کرد.

ئەدەب و رەوشتی پاك و بێگەردانە، خۆبەکەمزانین و خۆبەبچووك زانینی بێ‌شك و گومان و پاك لە بیرم دا مرۆڤێکی بەرز و شایستەی دروست کردبوو. پێکەنینە بەتام و چێژ و مانادارەکەی و ئەو خۆشی‌یە دلگیرەی بەلامەوە خۆش و بەتام بوو. بەو دەزگا تایبەتی‌یەی کە "لێسانێك"ی پێ‌دەگوت قسەخۆشەکانی بیرەوەری‌گەلێکن کە ریشەیان لە دڵم دا داکوتاوە. باتری دەزگا پاش ماوەیەك تەواو دەبوو و دەبوو بیگۆڕیبایە. لە هەموو کۆبوونەوەیك دا بێژەری یەکەم بوو و دەرفەتی قسەکردنی بە کەسی‌تر نەدەدا! زۆرجار دۆستان بە شۆخی‌یەوە پێیان دەگوت کە لە زیاتر لە سێ باتری لە گەڵ خۆی نەهێنێت.

و خوالێخۆشبوو م هەژار( عەبدووڕەحمانی شەڕەفکەندی وەرگێڕی کتێبی "یاسا" (قانون)ی ئیبنی سینا) دەیگوت: بە باتری‌یەکی هێندە بچووك کەس ناتوانێ ئەو هەموو قسەیە بکا، پێویستیت بە باتری تەراکتۆرە !

لە ماوەی ٣ ساڵ دا کە لە خزمەتی‌دا بووم شانازی ئامادەبوونم هەبوو، تێدەکۆشام گۆشەیەك لە خاڵ و ئەزموونی ئەو لە سەر وەرگێڕان کۆ بکەمەوە بۆ ئەوەی قسەکانی وەرگێڕی پیر و بەساڵاچووی ئێران، ڕێنومایەکی بە کەڵك و جێگای باوەڕ بێت بۆ وەرگێڕە تازە کار و ئۆگرانی دیکەی وەرگێڕان و لەسەر پێشنیاری خودی مامۆستا کتێبەکەمان پێشکەشی ئەوان کرد.

هەر چەندە قازی ئەو وەرگێڕە پێشڕەو و ڕچەشکێن و مرۆڤە مەزنەی ناو کۆمەڵی قەڵەم بەدەستەکان بەو جیهانبینی و زەینە هەڵسووڕەیەوە زۆر قسەی بۆ گوتن پێ بوو، بەڵام دەوروبەرەکانی قەت نەیانتوانی ئەو وتە بەنرخ و ئەزموونە بەرزانە بە درووستی کۆبکەنەوە و منیش نەمتوانی رووخساری راستەقینەی وێنا بکەم و یا ڕێگایەکی تازە بۆ هەرچی زیاتر ناسینی ئەو نیشان بدەم. بەڵام لە گەڵ ئەو دۆخە کەم و کوڕی‌یەدا تێکۆشام بۆ ئەوەی گۆشەیەك لە ڕووانگەی فکری و ئەزموونەکانی بەرپرچ بدەمەوە. "ساتێك لە گەڵ قازی و وەرگێڕان" حەقایەتی چاوپێکەوتن و ئاشنابوونم لە گەڵ ئەوە.

قازی تەنیا چاوی بە نوسخە تاقیکاری‌یەکانی کتێبەکە کەوت و گوتی:"من وەرگێڕێکی ساکارم و شیاوی ئەو هەموو خۆشەویستی و رێزلێنانە نیم..." تا ئەوکاتەی کە چاپی کتێب لەبەر هێندێك هۆ وەدواکەوت و مانگێك پێش لە چاپدرانی کتێب، قازی کۆچی دوایی کرد.

دواجار کتێبەکە بە هێندێك هەڵەی چاپی‌یەوە لە چاپ درا و لە گەڵ پێشوازی‌یەکی لەڕادەبەدەری هاووڵاتی‌یە خۆشەویستەکان لە دەرەوە و ناوەوەی وڵات ڕووبەڕوو بۆوە. بە شێوەیەك کە لە ماوەی کەمتر لە چەند مانگێك دا چاپی یەکەمی دەست نەدەکەوت. لەو لێکۆڵینەوە کورتەدا مەبەستی دادوەری کردن لە بارەی بەرهەمەکانیم نەبوو" هەڵبەتە ئەم دادوەری‌یە لۆژیکی‌یە لە سەر مامۆستا بە خستنەڕووی هۆکارگەلێکی باش و هۆکار و پاساوە بەجێ و جێکەوتووەکان پێوەندییان بە ٣ خاڵی گرینگەوە هەیە:" ئاگاداری و شارەزایی

تـەواو لـە سـەر هـەموو بەرهەمـەکانی"، "ناسـینی شـێوەی بیرکردنـەوە و گۆڕانکاریـیـە هزرییـەکان" و "خستنەڕووی بابـەتێکی بێلایەنانـە" لەبـەر ئـەم هۆیانـە نەمدەتوانی بـە دروستی ئەو سێ خاڵە لەبەرچاو بگرم.

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێم کە بە کەمترخـەمیم زانـی بـیروڕای بـەنرخ و خاڵـە پڕماناکـانی قـازی کەمتەرخەمیان لـێبکرێ و نائاشکرا بمێنێتەوە" بەم هۆیـەوە خـەریکی کۆکردنـەوەی هـەموو نووسـراوە و وتارەکـانی – کـە بـە شـیوەیەکی بـەربلاو لـە بڵاڤۆکـە جۆراوجۆرەکـان دا لـە ساڵەکانی ١٣٤٥ تا ١٣٧٥ ی کۆچیدا، لە چاپ دراون – بووم بۆ ئەوەی سەرلەنوێ خـاوێن و ئیسلاح بکرێنەوە و لە چاپ بدرێنـەوە و کۆکراوەیـەك لـە ئەندێشـەکانی پـیر و بەساڵاچـووی وەرگێڕانی ئێران محەممەدی قازی، رۆحی شاد بێت.

لێرەدا پێویستە سپاس لـە چاکە و گـەورەیی خـاتوو مریـەمی قـازی، مەنوچێهر نـەوتاج، عـۆمران سـەلاحی، حوسـێن یوسـف زەمـانی، دوکتـۆر شـاپووری دەوڵەتشـاهی، سـەیفوڵڵا گۆڵکار، دوکتۆر محەممەد رەزا ئازاد، سەعید قائێنی، ئیبراهیم بەدەخشانی، حامید قادرزادە و ئەنـدازیار مـەرجان باختـە بکـەم کـە لـە کۆکردنـەوەی ئـەم کۆمەڵەیـەدا یارمـەتیان داوم و هەروەها بەڕێز ئەبولقاسم شەهلایی موقەدەم و سەیدعەلی هاشمی کە لە دەرفەتێکی کـەم دا هیممەتێکی زۆریان نواند.

عێرفان قانێعی فەرد

بەهاری ١٣٧٩ ی کۆچی

## بنچیـــــــــــــــنه

## و

## شێوەی وەرگێڕان

### وەرگێران چیە و بۆچی وەرگێڕان پێویستە؟

*تۆش دەزانی کە لەم دنیا پان و بەرینەدا، نەتەوەگەلێکی جۆراجۆر هەن کە رەنگە زمانە جۆراوجۆرەکانیان لە خۆیان زیاتر بێ. کەواتە، ئەگەر ئەم نەتەوەگەلە لە ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ یەکتردا زمانی یەکتری نەزانن لە کاتی قسەکردن دا لە یەك تێناگەن و پەی بە مەبەستەکانی یەکتری نابەن و تێناگەن لایەنەکەی دیکە دەڵێ چی یان چی دەوێ. لەبەر ئەوەی ئەم نەتەوانە چ هاوسێ بن و چ لە یەکتری دوور بن، بۆ هاسانکردنی گرفتەکانی ژیان پێویستیان بە یەکتری دەبێ. جگە لەوەش، هێندێك لەو نەتەوانە لە ڕێگای کولتوور، زانست، هونەر و پیشەسازی‌یەوە هەندێ پێشکەوتنیان وەدەست هێناوە کە نەتەوە دواکەوتووەکان دەبێ لە زانست و فەرهەنگی ئەوان دەرس وەربگرن و شت لە ئەزموونەکانیانەوە فێر بن.

لەو ڕێگایەدا کەسانێك لە نەتەوە دواکەوتووەکان بە مەرجێ فێری زمانی ئەو نەتەوە پێشکەوتووە بووبن دەبێ وانە و زانیاری‌یەکانی نەتەوەی پێشکەوتوو چ بە نووسراوە و چ بە زارەکی (شفاهی) بۆ زمانی خۆیان و نەتەوەکەیانی وەرگێڕن بۆ ئەوەی کەڵکی لێوەرگێردرێ. بەم کارە کە هەڵگەڕاندنەوە (برگرداندن)ی چەمکێك لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی‌تره دەڵێن وەرگێڕان و کردنی ئەم کارە تەواو بۆ ئەم مەبەستە دەکرێ کە کەڵك لە

زانست و زانیاری بەرامبەرەکە وەرگیردریٚ، یا چێژ لـە وردەکـاری هـزری و زەوقـی بەرامبـەر وەرگرن. بە گشتی وەرگێڕان بریتیە لە وەرگێڕانی چەمکێك چ بە نووسراوە، چ بـە زارەکـی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە و بەو مەبەستەی کەڵکی لیٚوەربگیریٚ.

لە یەکێك لە وتووێژەکانم دا وەرگێـڕانم هـەم بـە هونـەر زانیـوە و هـەم نـاوم نـاوە تـەکنیك، چونکە هێندێك جار لە فەرهەنگی وشەش دا پیشە و هونەر هاوواتان" لەبەر ئـەوە کـە هونـەر زەوق و سـەلیقە و هەسـت و زەوقـی وەرگێـڕە بـە شـێوەی کـارێکی ئاشـکرا و دیـار کـە لـە گواستنەوەی پەیام و رۆشنگەری و روونکردنەوەی بیروڕاکان دایە، و پیشە بە هۆی ئەوە کـە جۆر و شێوازی گواستنەوەی زاڵبوون بە سەر شێوەی رستەسازی و شێوەی دەربڕین لە یەك جیاوازن. بەو پێیە دەتوانین وەرگێڕ بە کەسێکی هونەرمەند و خاوەن تێکنیك ناو بەرین" بـە واتایەکیتر: "گرۆپێك لە سەر ئەو بڕوایەن کە وەرگێڕان پیشەیە و گروپێکیتر پێیان وایە کـە هونەرە و بەڕای من هەر دوو راڤەکان بە پێی چوونایەتی کارەکـە درووسـتە. روونکردنـەوەی ئەوەی کە ئەگەر مەبەست لە کاری وەرگێڕان بایەخ بە چەمك و پـەیامی ئـەو بابەتـە یـا ئـەو دەقە بۆ وەرگێڕ لە گۆڕێدا نەبیٚ و وردەکاریەکانی وتە بە هێند وەرنـەگریٚ ئـەو وەرگێڕانـی تەکنیکیە، بەڵام ئەگەر چەمك و پەیامی ئەو یان ئەو دەقە بە پێی تێگەیشتنی وەرگێڕ و لە سەر بنـەمای بـیر و بـڕوای خـۆی و خوێنـەرانی لـە پێنـاو رێنمـاییکردن و رۆشـنگەری و بـە مەبەسـتی بردنـە سـەری ئاسـتی کولتـوور و زانیـاری خوێنـەرانی بێـت، و وەرگێـڕ بـە پێـی دەروەسـت بـوونی فیکـری و ئیمـانی خـۆی هـەوڵ بـدات تـەنیا بابەتگـەلێکی لـەو چەشـنە وەرگێڕێتەوە و لە زمانی وەرگێڕانەکەشیدا وردەکاری و جوانکاریەکانی دەقەکە لە بەرچاو بگریٚ، دەکریٚ وەرگێڕانی لەم چەشنە بە هونەر ناو بەرین، دەربـارەی خـاڵی یەکـەم وەرگێـڕ تەنیا لە بیری ئـەو بـڕە پـارە(حـەق دەسـت)ەدایـە کـە لـە پێنـاو کارەکەیـدا وەردەگـریٚ و بێگومان کاری بە باشی یا خراپ بوونی دەق و کاریگەری پۆزەتیف یا نێگەتیڤی دانـانی ئـەو لە سەر خوێنەر نابێت، بە هەر شێوەیەك بێت لـەم روونکردنەوانـەدا دەکـریٚ پێناسـەیەك بـۆ وەرگێڕان بدۆزینەوە و بڵێین: "وەرگێڕان بریتیە لە وەرگێڕانی بابەتێکی نووسراو یا گوتراو بە زمانێك بێجگە لە زمانی خودی وەرگێڕ و هاوزمانەکانی بـە جۆرێـك کـە ناشـارەزاکانی زمـانی

خۆی، لە بابەتی نووسراوە یان زارەکی‌یەکەی ئەو تێبگەن و ئاگاداری نێوەڕۆکی ئەو بن و ئاشکرایە کە پێویستی وەرگێڕان لە جیاوازی زمانەکان و زاراوەکانی خەڵکی نیشتەجێ لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی سەر زەوی‌یەوە سەری هەڵداوە و دۆزینەوەی زمانێکی ستاندارد(واحد) کە هەموو خەڵکی دنیا ئاشنایەتیان لە گەڵی بێت و بیزانن و چیدی پێویست بە وەرگێڕان نەبێت، یەکێك لە خەونەکانی مرۆڤایەتی‌یە".

☐ وەرگێڕان چ باندۆرێکی لە سەر کولتووری کۆمەڵگا دەبێ؟ ئایا دەکرێ بڵێین پێشکەوتن و گەشەکردنی هەر کۆمەڵگایەك قەرزداری تێکۆشانی وەرگێڕە؟

*لە وڵامی پرسیاری یەکەم دا، ئەم خاڵە روون بۆوە کە گرینگترین ئامانجی وەرگێڕان ئاشناکردنی نەتەوەی وەرگێڕ لە گەڵ کولتوور و زانست و ئەدەب و شێوەی ژیانی درووست شارستانییانەی نەتەوەیەکە کە زمانەکەی وەردەگێڕدرێتەوە. لەوەڕا کە ئامانجی گرینگ و سەرەکی وەرگێڕان ئەوەیە کە نەتەوە دواکەوتووەکان لە گەڵ کولتوور و زانست و ئەدەب و هونەری نەتەوە پێشکەوتووەکان ئاشنا بکات کەواتە ئاشکرایە کە کاریگەری وەرگێڕان لە سەر کەلتووری کۆمەڵگای دواکەوتوو بەڕادەیەك زۆرە کە هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە.

ئەمڕۆکە زۆرێك لە نەتەوە دواکەوتووەکان کە هەندێ پێشکەوتنیان وەدەست هێناوە، دیارە کە ئەم زانایی‌یەیان لە رێگای وەرگێڕانی زانیاری‌یەکانی نەتەوە زانست پەروەر و پێشکەوتووەکانەوە بەدەست هێناوە. ئەگەر ئەوەمان قەبووڵ بێ، ناچارین بیسەلمێنین کە ئەم دەست پێڕاگەیشتنە بە زانایی قەرزداری تێکۆشانی وەرگێڕە و لە ڕاستی‌دا وەرگێڕ بە وێنەی کلیلێکە کە دەرگای خەزێنەی زانست و زانیاری نەتەوە خاوەن شارستانی و پێشکەوتووەکان بۆ نەتەوەی خۆی دەکاتەوە بۆ ئەوەی کەڵکی لێوەرگرێ و بە بێ بوونی ئەم کلیلە دەست پێڕاگەیشتن بەو خەزێنەیە ئەستەم دەبوو.

☐ بە بڕوای تۆ شوێنگەی وەرگێڕ لە کۆمەڵگادا چیە؟ ئایا وەرگێڕان پاداشی دەرهەستانەی هەیە؟

☐ لە وڵامی پرسیاری پێشوودا وەرگێڕم بە کلیلێك لێکچوواند کە دەرگای خەزێنەی گەشەکردن، هونەر، زانست و ناسینی‌یەك یا چەند نەتەوەی پێشکەوتوو بۆ لای نەتەوەی

دواکەتووەکەی خۆی دەکاتەوە و دەبێتە هۆی ئەوە کە نەتەوەی وەرگێڕ دەستی بەو خەزێنەیە رابگا کە لە ژیانیدا کاریگەری هەیە. لە وتویژ لە گەڵ گۆڤارێك دا ئەوەندەی لە بیرم بێ وەرگێڕم وەك درز (روزنە) یا دەلاقە یا پەنجەرەیەك لێكچوواندووە كە لە ماڵی نەتەوەی دواکەتووەوە بەرە و لای باخی پیاوەتی و زانستی نەتەوەی پێشکەوتوودا دەکرێتەوە و دەبێتە هۆی ئەوە کە عەتر و بۆنی خۆشی گوڵەکانی پیاوەتی و زانستی ئەو باخە و هەروەها جوانی دیمەنەکەی بەرلووت و چاوی ئەو نەتەوە دواکەتووە بکەوێت.

راست بە هۆی خەڵکەوە، وەرگێڕ لە هەمبەر ئەرکی چەتوون و لە هەمان حاڵەتێکی ناسك دا جێگیر دەبێ. ئەرکێك لە رەوتی دژایەتییە زاتییەکانی کۆمەڵگا کە بە خۆشییەوە تێکهەڵچووی یاسای کۆمەڵی ناسازەکانن. واتە لە لایەکەوە پێویستی کۆمەڵگا بە وەرگێڕێکی باش هۆکاری هەلومەرجی زاتی کۆمەڵگایە و لە لایەکیترەوە وەرگێڕ خۆی لە خۆیدا رۆڵ و دەوری بەرەوپێش بردنی کلتوور دەگێڕێت.

هەروەها دەکرێ وەرگێڕ بە ترۆمبێل یا فرۆکە یا کەرەسەیەکی هاتووچۆییتر وێنا بکرێ کە نەتەوەی جێماو لە کار و زانست بە کاروانی بنەڕەتی واتە بە نەتەوەی پێشکەوتوو دەگەیەنێت کە لێی دوورکەوتبۆوە و هیوای پێگەیشتنەوەی نەمابوو. ئاشکرایە لە هەموو ئەو خاڵانەدا شوێنی وەرگێڕ لە کۆمەڵگاکەیدا پلە یەکەم نیە بەڵکو لە هەمان ئاستی کلیلی دەرگای خەزێنە یا پەنجەرەی رووەو باخ یا کەرەسەی هاتووچۆدایە کە نەتەوەکەی بە ئامانج گەیاندووە و هەڵبەت ئەوە خزمەتێکی گەورەیە، و بەڵام خزمەتی گرینگتر ئەو مامۆستایانە دەیکەن کە بە کەڵك وەرگرتن لە وەرگێڕدراوەکانی وەرگێڕ خوێندەواری و زانستی نەتەوەکەیان دەبەنە سەرێ و هێدی هێدی دەیگەیێنێتە ئاستی ئەو نەتەوە پێشکەوتووە. کەواتە وەرگێڕان لە هەمان حاڵدا کە خزمەتی پلەیەك نیە زۆر بە نرخە و بە هیچ شێوەیەك وەرگێڕ ناتوانێ لە سوودی هەست پێنەکراو(معنوی)ی بێبەش و بەهرەوەر نەبێت.

☐ بە بڕوای ئێوە دەروەستییەك کە وەرگێڕێك لە هەمبەر خوێنەر و گرینگتر لەوە بە کۆمەڵگادا هەیەتی چیە؟

*وەرگێڕ دەروەستی‌یەکی گەورەی هەیە و ئەویش ئەوەیە کە لە پێویستی‌یە فکری و پەروەردەیی‌یەکانی کۆمەڵگاکەی تێبگات و لەو بوارەدا خەریکی کار بێت. ئەو شتەی کە وەرگێڕ دەبێ وەری بگێڕێتەوە دەبێ ڕێنما و ڕۆشنگەری کەتوار و ڕاستی‌یەکانی ژیان و دەربڕ و بەیانکەری ڕێچکە و شێوەی مرۆڤە مەزنەکان بێت و خوێنەرەکەی خۆی فێری وانەی ژیان و ویژدان و مرۆڤدۆستی بکا. وەرگێڕی باش ئەو کەسەیە کە ئەم پەیامە بەو پەڕی ئەمانەتەوە و بە زمانێکی ڕوون و واتادارەوە بەجێ بگەیەنێت.

☐ ئێستا بە شێوەیەکی ئاشکرا ئاماژەت بە بابەتی بەرپرسیاری و دەروەستی نووسەر و وەرگێڕ کرد، ئیزن بدە بە شێوەیەکی ڕوون پرسیار بکەم کە بە بڕوای تۆ ئەرك و دەروەستی وەرگێڕێك وەکو پێکهات و توخمێکی ئاگا و زانا لە بەرامبەر خەڵك و کۆمەڵگادا چیە؟

*ئەرکی وەگێڕێك وەکو پێکهاتێکی ئاگا و زانا لە بەرامبەر خەڵك و کۆمەڵگادا ئەوەیە کە تەنیا لە بیری ئەوەدا نەبێت بۆ وەرگێڕانەکەی پارەی وەدەست بکەوێ. وەرگێڕ دەبێ لە کارێك دا کە بە ئەنجامی دەگەیەنێ، ڕوونکردنەوەی بیروڕای خەڵك و وشیارکردنی کۆمەڵگا، بنچینەی ئازادی و ویژدانی مرۆڤایەتی لە بەر چاو بگرێ. وەرگێڕ دەبێ خەریکی وەرگێڕانی بەرهەمگەلێکی ئامۆچیار بێت کە مرۆڤەکان فێری ڕێگای درووستی ژیان و خەبات لە ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانی مرۆڤایەتی بکا و مرۆڤ لە گەڵ ئەو هێزە شاراوە و پێکهێنەرانەی کە لە دەروونی ئەودایە ئاگادار بکاتەوە. وەرگێڕیش وەکو نووسەر ڕۆڵی ڕێبەری فکری کۆمەڵگای لە سەر شانە و ئەگەر لەم ڕۆڵە لابدات، هەم خیانەتی بە خۆی وەکو مرۆڤێك و هەم بە کۆمەڵگاکەی کردووە.

☐ هێندێك دەڵێن کە زانینی زمانی زگماکی و زمانی بێگانە (دەرەوەیی) بۆ وەرگێڕانی بەرهەمێك تەواو نیە و وەرگێڕ دەبێ خاوەنی شتێك بێت کە پێی دەڵێن داهێنانی هونەری. ڕای بەڕێزت چیە؟

☐ زانینی زمانی بێگانە(بیانی)، و بە شێوەی یەکەم زانینی زمانی زگماکی، بۆ وەگێڕان دوو مەرجی پێویستن، بەڵام هەر وەك دەفەرمووی تەواو نین و بەڕاستی دەبێ وەرگێڕ

خاوەنی زەوق و ئۆگرییەکی تایبەتی بێت کە تۆ ئەوت بە داهێنانی هونەری شرۆڤە فەرموو. رێك دانانی هاوتای بە زمانی فارسی لە جیگای وشە بێگانە، ئەویش بە فتوای کتێبی وشە وەرگێڕان نیە و بۆ نەبوونی هەر ئەم زەوقە وەرگێڕدراوەکانی وەرگێڕەکان، تەنانەت وەرگێڕە زۆر خوێنەوارەکانیش، کە کارەکەیان لە ڕووانگەی دروستییەوە بێکەم و کوڕییە و ناکرێ هیچ عەیب و ئیرادێکیان لێ بگیردرێ، بێتام و وشك و ماندووکەرن و بە هیچ شێوەیەك ناکەونە بەردڵ و خوێنەر بە دوای خۆیاندا ناکێشێت، بە واتایەکیتر بە شێوەیە کە دەبێ ببێ وردەکاری فکری و زەوقی نووسەری بنەڕەتی بۆ خوێنەر ناگوازێتەوە. ئەم داهێنانی هونەری یا زەوقی وەرگێڕانە، بە بڕوای من سەپێنەر(اکتسابی) نیە، بەڵکو زاتیە و شتێکی وەك هەستی شێعری یا توانایی شاعیرییە کە هەموو کەس نیەتی.

بۆ وەگێڕێك لە پلەی یەکەم دا زانینی زمانی زگماکی پێویستە. تەنانەت بە چەندین پلە گرینگتر لە زمانە بیانییەکەی کە دەیزانێت. ڕۆڵی تێرکردنی زگیش نابێ لە بیر بکات. وەرگێڕ، نووسەر یان هەر هونەرمەندێکیتر لە کۆمەڵگای ئێمەدا قەت نەیتوانیوە جگە لە نان وەدەست هێنانەکەی، تەنیا توانایییەکانیشی پەروەردە بکا.

کاری فکری لە کۆمەڵگای ئێمەدا جگە لە تێکۆشان، ڕەچاوکردنی کارێکیتر بۆ ئیدارەکردن و تێر کردنی زگ مەحاڵ بووە. کەواتە، زۆر دەرفەت لەو نێوەدا بێ بەهرە بە فیڕۆ دەچن. کاری چاك ناکات کە لە بەر ئەم هۆیە دەست لە کاری هەڵگری...

- پەندێکی پێشینانی ئیتالیایی دەڵێت:"وەرگێڕان دەڵێی ژنە، ئەگەر جوان بێ، وەفادار نیە، و ئەگەر بەوەفا بێت، جوان ینە". بە بڕوای بۆ کە بە وەرگێڕانە وەفادار و جوانەکانتان بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەتان سەلماندووە، وەرگێڕان تا چ ئاستێك دەتوانێت هەم سەبارەت بە بنچینە وەفادار بمێنێتەوە و هەم جوانی و ڕەسایی بپارێزێت؟

*لێرەش دا دەرەتانم دەدەی کە سەبارەت بە دلۆڤانی و دلاوالاییت دەربارەی وەرگێڕانەکەم سپاست بکەم. ئەم پەندی پێشینانە کە گۆیا فەڕانسەییە(من وام بیستووە) بە بڕوای من تا ڕادەیەك هەمیشە وێدەچێ بۆ کاری وەرگێڕێکی ناشی و تازەکار درووست

بێت. بەڵام لە پێوەندەی لە گەڵ کاری وەرگێڕێکی کارامە و باش و بەزەوق دا بە هیچ شێوەیەك درووست نیە.

وەرگێڕ تا ئەو شوێنە کە بتوانێت لە دەقی نووسراوە فەرەنگی‌یەکە باش تێبگات و ترپەی فکری نووسەری وەدەست بێت و باش لە گەڵ زمانی شیرین و خۆشەویستی فارسی(بە هۆی ئەوە کە محەممەدی قازی بە زمانی فارسی وەرگێڕانی کردووە، ناوی زمانی فارسی وەك زمانی زگماك دێنێ. دەنا مەبەستی لە زمانی دایك یا هەمان زگماکە کە دەبێ وەرگێڕ زۆری لە سەر شارەزا بێت.و.) شارەزا بێت و لە گەڵ بنچینەکانی وەرگێڕانیش ئاشنایەتی‌یەکی زۆر و قووڵی هەبێت و لە گەڵ هەموو ئەم تایبەتمەندیگەلەش خاوەنی زەوقێکی سەلامەتی شاعیرانە بێت، بێگومان، وەرگێڕانەکەی راست بە پێچەوانەی ئەو پەندە پێشونانە دەردەچێت. واتە هەم جوان دەمێنێتەوە و هەم وەفادار بە دەقەکە.

وەرگێڕانی "تریستان و ئیزووتی" دوکتۆر خانلری یەکێك لەو وەرگێڕانانەیە کە بە هەموو مانا خاوەنی ئەم تایبەتمەندی‌یە باشە گەورەیە. تەنیا شێعرەکانی وەك قەسیدە بەرزەکانی حافزی بێ هاوتا و مەولانا جەلالەددینی رۆمی‌یە کە ناکرێ بە زمانێکی‌دیکە وەربگێڕدرێت و باشی خۆی لە دەست نەدات. چونکە قەسیدەکانی ئەم مەزنانە تەواو شێعرن و وردەکاری و جوانکاری ئەوان تایبەت بە زمانی بەرزی فارسین کە پێناچێ لە زمانێکی‌تردا ئەو هەموو شیرینکارییانە بدۆزرێنەوە.

نازم حیکمەت شاعیری گەورەی تورك قسەیەکی جوانی هەیە:"کەسێك کە حافز وەردەگێڕێتە سەر زمانێکی‌تر، وەك ئەوەیە کە بوولبوولێك لە بەر گۆشتەکەی کوشتبێت؟ ئاخر بوولبوول خۆ گۆشتی نیە، هەموو گیانی هەر چڕین و گۆرانی‌یە، و ئەگەر بیکوژن خامۆش دەبێت".

- لە قۆناغەکانی وەرگێڕان دا کامیان پتر پەسن دەکەی؟ وشە بە وشە، رستەیی یا ئازد؟

* سەرەتا با بزانین وەرگێڕانی ئازاد کامەیە و وەرگێڕانی وشە بە وشە چیە و ئەو جار وڵام بدەینەوە. بە بڕوای من مەبەست لە وەرگێڕانی ئازاد وەرگێڕانێکە کە سەرەتا وەرگێڕ دەقی

شیاوی وەرگێڕان بە تەواوی یا بەش بەش یا لاپەڕە بە لاپەڕە و یا وردتر بڵێم رستە بە رستە دەخوێنێ پاشان کتێبەکە دەبەستێ و ئەوەی کە لەو نووسراوە تێگەیشتووە خۆی بە پێی سەلیقە و مرخی خۆی و بە ئینشای خۆی دەیهێنێتە سەر لاپەڕە. وەرگێڕانێکی ئەوتۆ ئازادە، چونکە وەرگێڕ خۆی بەربەست بەوە نازانێت کە هەر رستەیەك لە وەرگێڕانەکەی لە بەرامبەر رستەیەك لە دەقە بنەڕەتیەکەدا جێگیر بێت و بەرپرچدەرەوەی بیری نووسەر بێت کە لەو رستەیەدا داڕێژراوە. لەبەر ئەوەی کە وەرگێڕانێکی لەم چەشنە تەنیا بەر پرچدەرەوەی بیری گشتی نووسەر بێ ئەوەی وردەکاریەیە شیرینەکان و شرۆڤە و راڤەکانی یا بە پێچەوانە کورتتر و کەمتر لە خودی دەقەکە دەبێت، و ئاشکرایە کە وەرگێڕانێکی ئەوتۆ لە وەفاداربوون بە دەقی بنەڕەتی بە دوورە. لەم جۆرە وەرگێڕانانە "اعتصاالملك" لە بێنەوایان و ڤیکتۆر هۆگۆ(بە ناوی بەخت رشەکان) و فیتزجێراڵد لە چوارێنەکانی حەکیم عومەری خەیامیان داوەتەدەر و بە بڕوای من هەردووکیان سەرکەوتوو نین.

بەڵام وەرگێڕانی وشە بە وشە (تحت الفظی) وەرگێڕانێکە کە وەرگێڕ بە هۆی وازوازی زۆر لە وەفاداری بە دەق تێدەکۆشێ لە هەمبەر هەر وشەیەك لە دەقی بنەڕتی وشەیەکی هاوتای فارسی(مەبەست ئەو زمانەیە کە وەرگێڕانی پێ دەکرێ) ئەو دابنێت، وەکو وەرگێڕانێك کە هێندێك لە قورئانەکان دا دیومە وشە بە وشە لە بەرامبەر هەر وشەی ئایەتێك دا دەینووسن. لە ئاوەها وەرگێڕانێك دا بە هۆی ئەوە کە لە بنەڕەت دا پێکهاتی رستەسازی لە فارسیدا لە پێکهاتی دەرەوەیی ئەو جیاوازە رستەکان ناحەز و ناخۆش و تەنانەت ناڕساش دەردێن و هیچ درووست نیە. کەواتە بە بڕوای من نە وەرگێڕانی ئازاد دەتوانێت بەرپرچدەرەوەی تەوای ئاوەزی نووسەر بێت و نە وەرگێڕانی وشە بە وشە دەتوانێت دەربڕی ئەرکێکی لەم چەشنە بێت، کەواتە چار چیە؟

وەرگێڕ دەبێ رستە بە رستە نووسراوی دەقە بنەڕەتیەکە لە بەرچاو بگرێ و هەر رستەیەك بە لەبەر چاو گرتنی واتا و چەمکی وشەیی کە لەودا بە کار براوە لە قاڵبی فەرەنگی ئەو دەرهێنێ و لە قاڵبی درووستی فارسیدا دایڕێژێت. بە شێوەیەك کە رستەی فارسی شێوە و قاڵبی فەرەنگی نەبێت. لە گەڵ ئەوەش دا هەر وەك لە وڵامی پرسیاری

دووهەمت دا بە تێر و تەسەلی شرۆڤەم کرد ولاٌمدەری هەلومەرجی حەوتەوانە(هفتگانە)ش بێت.

بە کورتی، وەرگێڕانی ئازاد تەنیا کاری بە واتا و چەمکی دەقە و سەرنج بە رستەکانی بە کارهاتوو بۆ دەربڕینی چەمك نادات و وەرگێڕانی وشە بە وشە زۆرتر بە پاراستنی وشەگەلی دەق بەستراوەیە و هێندە دەربەستی پاراستنی مانا نیە، و هەر دووکیان ناشیرین و ناپەسەندن. وەرگێڕ دەبێ رستە بە رستەی دەقی بنەڕەتی لە قالبی فەرەنگی خۆی دەرهاوێژێ و بێ‌کەم و زیاد لە قالبی درووست و چەمکی فارسی‌دا دارێژێت و هەل و مەرجی حەوتەوانەیی دارێژراو لە ولاٌمی پرسیاری دووهەم لە بەرچاو بگرێت" ئەو کات وەرگێڕانەکەی سەرکەوتوو دەبێت. و بەلاٌم لە مەڕ ئەو پەندی پێشینانە بەناوبانگە فەڕانسەیی کە ئاماژەت پێدا، ئەو پەندە لە بنەڕەت دا بەمشێوەیە:"وەرگێڕان وەکو ژن وایە، ئەگەر جوانە بەوەفا نیە، و ئەگەر بەوەفایە جوان نیە".

دەربارەی بەشی یەکەم ئاماژە بە هەمان وەرگێڕانی ئازادە کە پێدەچێ جوان دەرچێ بەلاٌم هاوتایی لە گەڵ دەق دا نابێت و بەو پێیە وەفادار نابێت. و لە سەر بەشی دووهەم ئاماژە بە وەرگێڕانی وشە بە وشەیە کە وەفاداربوون بە دەق لە بەرچاو گیراوە بەلاٌم چونکە لە چوارچێوەی فارسی‌دا نیە بێگومان جوان نابێت.

و بەلاٌم بە بڕوای من چونکە ژن لە گەڵ ئەوەش دا کە جوانە وێدەچێ وەفاداریش بێت. وەرگێڕانیش بە لەبەرچاوگرتنی هەمان شێوە کە باسم کرد دەتوانێ هەم وەفادار بێت و هەم جوان، واتە نە ئازاد بێت و نە وشە بە وشە بەڵکو لەوێش دا هەم پاراستنی مانا لە بەرچاو گیرا بێت و هەم لەبەر چاوگرتنی بەراوردکردنی تەواو لە گەڵ دەق. من ئەم دوو قۆناغی وەرگێڕانە واتە نە "تحت اللفظی" یا وشە بە وشەیە پەسن دەکەم و نەك وەرگێڕانی ئازاد. من بۆ درووست بوون و بۆ کەلك لێوەرگرتنی وەرگێڕانی قۆناغی سێهەم دەناسم کە کاری پێ بکەم و ئەو لە هەر دوو قۆناغەکەی دیکە بە درووست تر دەزانم.

زۆربەی کاتەکان پێکهاتەی رستەکان لە زمانە جۆراوجۆرەکان دا جیاوازم. بۆ وێنە ئەگەر کەسێك تەنیا کوڕێکی هەبێت لە زمانی خۆمان دا دەڵێت:" لە کوڕێك زیاترم نیە" یا

"تاقەکوڕێکم هەیە" بەڵام فەرانسەیی دەڵێن"من نیمە مەگەر تەنیا کوڕێك" و ئێمە ئەگەر ڕستەکەی ئەو وەرگێڕین و بە فارسیش بە شێوەی دارشتنی ڕستەی ئەو بنووسین، ئەوە وەرگێڕانی وشە بە وشەیە و شیرینی و چێژی زمانەکەمان لە دەست داوە.

لە وەرگێڕانی ئازادیش دا هێندێك جار وەرگێڕ وردەکاریگەلێکی لە دەقی بنەڕەتی دەفەوتێنێت و ڕستەیەك دەنووسێ کە تا ڕادەیەك هەمان مەبەستی زمانی دەرەوەیی هەیە بەڵام تەواو هاوتا و لە گەڵ یەك یەکسان نین. قۆناغی سێهەم وەك تۆ دەڵێی و بە ڕاڤەی من قۆناغێکە کە وەرگێڕ لە گەڵ ئەوەدا کە بابەتی دیاریکراوی زمانی بێگانە دیاری دەکا لە دارێژانی ڕستەکان شێوازی زمانی فارسی لەبەرچاو دەگرێ و هەموو بابەتەکە بە بێ کەم و زیاد بە شێوەیەکی زۆر روون و ڕەسا و بە دارشتنێکی هێندە درووست و باش بە فارسی وەردەگێڕێت کە خوێنەر هەست ناکات وەرگێڕانە بەڵکو شك لەوە دەکا کە لە بنەڕەتدا هەر بە فارسی نووسرا بێ.

*لە کاری وەرگێڕانی بەرهەمێك دا تا چ ئاستێك ئەمانەتداری لە بەرچاو دەگری؟

*لە وەرگێڕانی بەرهەمی دەرەوەییدا ئەمانەتداری مەرجی سەرەکییە، چونکە ئەگەر ئەمانەت لەبەرچاو نەگیرێ، وەرگێڕان نیە بەڵکو تاریف کردن وپێداهەڵگوتنە. بەڵام لە هێندێك شوێندا، لابردنی هێندێك بەش لە کتێب، کە وەرگێڕ هەستی پێکردبێت بۆ خوێنەری فارس زمان سەرنجڕاکێش نیە یان پێویست نیە، ڕەنگە شایانی چاوپۆشی لێکردن بێت، هەرچەندە هێندێك ئەو کارە لە بارەی بەرهەمی ئەدەبییەوە بە باش نازانن. بە هەرحاڵ لەبەرچاوگرتنی ئەمانەت، تا ئەو جێگایەی کە ئیمکانی هەبێت، پێویستە.

- ئێوە مەسەلەی ئەمانەت لە وەرگێڕان دا چۆم وێنا دەکەن؟ و بە بڕوای تۆ لە بەر چاوگرتنی ئەمانەت لە وەرگێڕان دا چلۆنە؟ و لە بنەڕەت دا ئەرکی وەرگێڕ لە هەمبەر ئەم دوو زمانەدا چیە کە ڕەهەندی ئەمانەت دا لە بەر چاو بگرێت؟

*لە بنەڕت دا وەرگێڕی درووست و ئەمانەتدار ئەو کەسەیە کە دەقی وتە یا نووسراوەی لایەنەکەی بە بێ کەم و کوڕی وەرگێڕێتە سەر فارسی و نە هیچ شتێکی پێوەزیاد بکا و نە

هیچ شتێکی لـێ کەم بکاتەوە. چونکە ئەمانەت لە وەرگێڕان دا مەرجی سەرەکی و بنـەڕەتی ئەم کارەیە. و هەڵبەتە مانای ئەمانەتیش بە دوو بابەت درك پێدەکرێت.

بابەتی یەکەم ئەوەیە کە وتە یا نووسینی بەرامبەرەکە بە دروستی وەرگێڕێ و هەڵە نەبێت ئەگینا ئەمانەت لە بەرچاو نەگیراوە. لە وەرگێڕانی رستەیەك لـە کتێبێـك دا خوێندمـەوە کـە "سێ دار هەنار لە رێگای فەڕانسە وشك دەبوون" و زۆرم پێ سـەیر بـوو کـە خـۆ لـە رێگـای فەڕانسەدا دار هەناری هەر لـێ نیە. کاتێك دەقی فەڕانسەیی‌یەکەم پەیدا کـرد و خوێندمـەوە رسـتەکە بـەم شـێوەیە بـوو: واتـە سـێ نـارنجۆك هاوێـژ بـۆ فەڕانسـە دەگەڕانـەوە. وشـەیgrendier دروسـتە کـە بـە مانـای دار هـەنارە بـەڵام بـە مانـای نارنجۆکیشـە Retournaient بە مانای گەڕانەوەیە نەك وشك بوون. کتێبەکە دەربارەی شەڕی جیهانی یەکەم بوو و وەرگێڕ سەرنجی نەدابوو کە "گرێنادیە" بەمانای نارنجۆك هاوێژیشە و هەر بۆیە ئەمانەت لە وەرگێڕانی لە بەرچاو نەگرتبوو.

بەڵام بابەتی دووهـەم لـە ئەمانەتـدا ئەوەیـە کـە ئەگـەر دروسـتیش لێـی تێگەیشـتبێ هـیچ شتێکی پێوەزیاد نەکا یا هیچ شتێکی لـێکەم نەکاتەوە. بۆ وێنە ئەگەر رستەکە بەمشـێوەیە بێت"ئەو لە کۆشکێك دا نیشتەجێ بوو" و وەرگێـڕ بنووسـێ:" ئـەو لـە کۆشـکێکی گـەورەدا نیشتەجێ بوو" ئەم "گەورەیە" زیادەیە و هێنانی ئەو وشەیە بە پێچـەوانەی ئەمانەتـە. یـان باوکی پیرەپیاوێکی زانا و هەژار بوو" و وەرگێڕ بنووسێ "باوکی پیرەپیاوێکی زانا بـوو" بـە پێچەوانەی دروستی و بە پێچەوانەی ئەمانەتە. لە وتووێژ لەگەڵ ئاغای ساڵحیدا ئەم خاڵەم زیاتر شی و روون کردۆتەوە کە دەتوانین کەڵك لەو وەرگرین."پیشەی وەرگێڕان دوو کۆڵەکە و بنەمای بنەڕەتی هەیە:

یەکەم تێگەیشتنی زمانێك کە لە ئەوەوە وەردەگێڕدرێت و دووهەم پیشەی لە چوارچێوەی داڕشتنی چەمکێك کە وەرگێـڕدراوە لـە زمـانی خـودا. لـەم شـیکردنەوەیەوە بـە ئاکـامێکی رازیکەر دەگەین کە وڵامی تۆ دەداتەوە و ئەویش ئەوەیە کە وەرگێڕ دەبێ ئەو زمانانـەی کـە لەوانەوە وەرگێڕان دەکا تا ڕادەیەك بزانێ کە تێبگات بەرامبەرەکەی چی دەڵێت واتە وەرگێڕ تا ئەو جێگایەی کە بتوانێت دەقی نووسینە فەرەنگی(بیانی)یەکە درك بکات و ترپەی لێدانی

فکری نووسەری بکەوێتە دەست. و مەرجی پێویست ئەوەیە کە باش لە سەر زمانی شیرین و خۆشەویستی فارسیش شارەزا بێت واتە لە زمانی خۆی کە دەیهەوێ ئەو چەمکە لەو زمانە لە چوارچێوەدا داڕێژێت".

* کەڵك وەرگرتن لە رێسا و یاسای زمان لە وەرگێڕان دا چ کاریگەریی‌یەکی هەیە؟ ئایا لە وەرگێڕان دا دەبێ موو بە مووی رێسای زمان وەرگێڕدرێتەوە؟

*پرسیارێکی سەیرت هێنایە بەر باس، ئەگەر مەبەستت لە کەڵك وەرگرتن لە رێسا و یاسای زمان لە دەقی وەرگێڕدراودایە هەڵبەتە ئەگەر وەرگێڕ رێسا و یاسای زمانی خۆی لە سازدان و داڕشتنی دەقی وەرگێڕدراودا لەبەر چاو نەگرێ نووسینەکەی ئەو درووستی و روونی‌یە پێویستەی بۆ نووسینێکی فارسی نابێت و هەر بۆیە وەرگێڕانەکەی بێ‌نرخ دەبێ. و ئەگەر مەبەستتان لە کەڵك وەرگرتن لە رێسا و یاسای زمانی دەرەوەیی‌یە کە لەو زمانەوە وەرگێڕان دەکات دووبارە لە بەرچاوگرتنی ئەو رێسا و ئەو یاسایە بۆ درووست تێگەیشتنی دەقی دەرەوەیی پێویست دەبێت. و بەڵام بۆ ئەوە کە دەپرسی ئایا لە وەرگێڕان دا دەبێ موو بە موو رێسای زمانی وەرگێڕدرێت روون نیە مەبەستت لە چیە؟ هەڵبەتە ئەگەر کەسێك لە کاری وەرگێڕانی کتێبێك دا لە بەرچاو بگرێت بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکە درووست دەربێت و ئەگەر مەبەست ئەوە نیە رستەکە بێ واتایە.

□ هێندێك جار وەرگێڕ لە یەکسانی رێسایی‌دا تووشی گرفتگەلێکی هاوشێوە دەبێ، بۆ وێنە لە وەرگێڕانی کاتەکان دا، هێندێك جار کاتی فەرمانێکی رستەی سەرەتا لە گەڵ هاوتای فارسی ئەو یەکسانی نیە، دەبێ لەم کاتانەدا وەرگێڕ چ کارێك بکات؟

*چۆن دەبێ کاتی فەرمانێکی رستەی سەرەتا لە گەڵ هاوتای فارسی ئەو یەکسانی نەبێت؟ یەکەم، رستەی سەرەتا کە هێستاش وەرنەگێڕدراوەتە سەر فارسی کە تۆ بەو شێوەیە لێکی دەدەیتەوە. دووهەم، ئەو رستەی سەرەتایە لە هەر کاتێك دا بێت وەرگێڕ هەم دەبێ هاوتای کاتی ئەو وشە دەرەوەیی‌یە لە فارسی‌دا بدۆزێتەوە و وەریگێڕێتەوە. بە هیچ شێوەیەك پێناچێ فەرمانێك لە کاتێك دا ئەنجام درابێت و هاوتای ئەو لە زمانی فارسی دا نەبێت. کەواتە با مانای ئەم پرسیارەی بەڕێزتان بێ‌واتایە(کە خۆزگە بە نموونەیەکەوە بتهێنایەتە

بەرباس)و یا وێناکردنێکی ناماقووڵانەت کردووە و شتێکی ئەوتۆ نایەتە پـێش کـە لـە بـواری کاتەوە وەرگێڕ تووشی گرفت بکات.

- تـۆ بـۆ وەرگێڕانـی رسـتـەگەلێك کـە پێکهاتــەی شـێوەیی و رێزمـانی ئـەوان لـە زمـانی فارسیدا نیە یا لە گەڵ یەك نایەنەوە چ شێوازێك بـە کـار دێنـی؟ ئایـا لـە بنـەڕەت دا لـە وەرگێڕان دا دەبێ یەکسانی واتایی بکرێت یا یەکسانی رێزمانی؟

*مەگین دەکرێ رستەگەلێك لە زمانە بێگانەکان دا هەبن کە پێکهاتەی رێزمانی و دەستووری ئـەوان لـە زمـانی فارسـیدا بـوونی نـەبێت؟ ئەگـەر تـۆ تووشـی شـتێکی ئـەوتۆ بـووی بـۆ نموونەیەکت لێرەدا نەهێناوەتەوە بۆ ئەوەی ئێمەش پەی پێ ببەین کە شتێکی لەم چەشـنە پێدەچێ هەبێ. ئەگەر مەبەستتان یەکسانی فەرمان لە گەڵ بکەردایە لە بەشێك دا جیـاوازی لە نێوان زمانی ئێمە و زمانەکانی دەرەوەیدا هەیە و ئێمە لە وەرگێڕان دا بـە پێـی رێسـا و رێزمانی خۆمان کار دەکەین.

وێنەی دووهەم:"بەڕێزان رۆیشتن" یا "ئەسپەکان غاریان دا" کە لە وەرگێڕانیش دا کردار لە گەڵ بکەر دەبێ هاوشێوەیی بکا و بە شێوەی کۆ بێت.

بەڵام بۆ وێنە لە رستەی "بیرەکانی ئاڵۆز بوو" لە رێزمانی زمانی فارسیدا بکەر کۆ یە بەڵام کردار بە شێوەی تاك دێت چونکە بکەریش گیانلەبەرە، بەڵام بێشك لـە دەقـی دەرەوەیـدا نووسراوە:"بیرەکانی ئاڵۆز بوون" و ئێمە دەبێ بە شێوەی "ئاڵۆز بوو" بیهێنین.

- بە بڕوای تۆ وەرگێڕانی باش دەبێ خاوەنی چ تایبەتمەندیگەلێك بێ؟

*بە بڕوای من و باشتر وایە بڵێم بە بـڕوای هـەموو خـاوەن تەکنیکـەکان، وەرگێڕانـی بـاش و سەرکەوتوو ئەو وەرگێڕانەیە کە بتوانێ وڵامی ئەو پرسیارە حـەوت لایەنانەیـە بـە درووسـتی بداتەوە ئەگەر وڵامەکانی بۆ ئەم پرسـیارە حـەوت لایەنەیـە درووسـت بـوون هـیچ گومـانێکی نـەبێت کـە کارەکـەی سـەرکەوتووە و دەنـا درووسـت بـوونی وڵامـەکان دەبـێ تێکۆشـان و وردبینیيەکی زیاتر هەبێت.

تایبەتمەندیيە حەوت لایەنەکان بریتین لە:

١) زانینی زمان، واته دەقێك كه وەرگێڕ دەیهەوێ بە زمانی فارسی وەریگێڕێ،ر باش لێی تێگەیشتبێت و چەمكێكی دژ بەو شتەی له دەقەكەدا هاتووه نەهێنێت و...

٢) ئایا له وەرگێڕن دا لەبزی نووسەر (لحن نویسنده) پارێزراوه؟ و بە كورتی وەرگێڕی باش دەبێ بێ كەم و كوڕی مەبەستی نووسەر دەربڕێ.

٣) ئایا وەرگێڕ له زمانی تایبەتی و باشی دەق تێگەیشتووه؟

٤) ئایا وەرگێڕ وشەگەلێكی دروست و راست و خۆش و ئاهەنگی له جیاتی وشەگەلی دەقی بنەڕەتی هەڵبژاردووه؟

٥) ئایا وەرگێڕ رێزمانی لەبەر چاو گرتووه؟

٦) ئایا له وەرگێڕان دا درێژی و كورتی وتەی نووسەری سەرەكی له بەرچاو گیراوه؟

٧) گرینگی پێویست بە نوختە دانان دراوه؟

خاڵی یەكەم" وڵامی درووست بە ئەم پرسیاره له پلەی یەكەم دا پێوەندی بە نووسەرەوەیەكە نەتەنیا له روونگەی ئەدەبییەوه له سەر زمانی خۆی شارەزا بێت بۆ ئەوەی بتوانێ مەبەستێك كه له دەقی دەرەوەیی وەریگرتووه بە شێوەیەكی دروست بە زمانی خۆی دەربڕێ بەڵكو دەبێ بە زانیارییە داسەپاوەكانی خۆی و چ بە یارمەتی وەرگرتن له فەرهەنگەكانی وشه بە دروستی له مەبەستی دەق تێبگات. ئەگەر له دەق دا بۆ وێنه وترابێت:"من حالم باش نیە" و وەرگێڕ بەمشێوەیەی وەرگێڕابێتەوه:"من پێم خۆش نیە بڕۆم" وەرگێڕانەكەی مەبەستی بنەڕەتی نەگەیاندووه.

من له ماوەیەك دا كه له سەر داوای هێندێك له بڵاوكەرەوان خەریكی پێداچوونەوەی هێندێك بەش له وەرگێڕانی وەرگێڕە تازە كارەكان بووم تووشی خاڵگەلێك دەبووم كه بە باشی نیشانی دەدا وەرگێڕ دەستی بە چەمكی بنەڕەتی دەق نەگەیشتووه. له بیرمە جارێك وەرگێڕدراوی كتێبێكم سەبارەت بە شەڕی جیهانی دووهەم دەخوێندەوه و لەوێدا تووشی رستەیەك بووم كه له پێوەندی له گەڵ رستەكانی دیكه زۆر نابەجێ و نەگونجاو بوو. رستەكه بەم شێوه بوو"سێ دار هەنار له رێگای فەڕانسه وشك دەبوون "! هەرچی بیرم كردەوه ئەم رستەیه لێرەدا (دەق) چ واتایەكی هەیه و باشه كوا له رێگای فەڕانسه

دارهەناری لێیە کە وشك بێ یا نەبێ، هیچ بیرێکم بە مێشکیدا نەدەهات. بە هەڵکەوت دەقی فەڕانسەییەکەم دەست کەوت و دیتم رستە بەمشێوەیە بووە: Troisgrenadiers sen relournaient en France، هەڵەی وەرگێڕی خۆشەویست، کە ناویم لە بیرچۆتەوە لە راڤەی وشەی"گرەنادیە"دا بووە. راستە وشەی "گرەنادیە" لە زمانی فەرانسەییدا بە واتای هەنار و "گرەنادیە" بە مانای دارهەنارە بەڵام یەکەمینیان بە مانای"نارنجۆك" و دوومینیان بە واتای "نارنجۆك هاوێژ"یشە و وەرگێڕ رستەی فەڕانسەیی هەڵگری ئەم دوو وشەیەی بەمشێوەیە وەرگێڕابۆوە:" دوو دار هەنار لە رێگای فەڕانسە وشك دەبوون" و لە حاڵێك دا مەبەستی نووسەر ئەوە بووە کە :"دوو نارنجۆك هاوێژ بۆ فەڕانسە دەگەڕانەوە".

هەڵەی نارنجۆك هاوێژ لە گەڵ دارهەنار هەڵگرتنێکی بوو بەڵام تێنەگەیشتم وەرگێڕ بۆچی بکەری فەڕانسەیی بە واتا"گەڕانەوە"ی بە "وشك بوون" وەرگێڕابوو. رەنگە پێی وابووە کە دارهەنار ناتوانێ بگەڕێتەوە کەواتە مەبەست لە گەڕانەوە وشك بوونە. ئیدی بیری لەوە نەکردبۆوە ئاخر لە رێگای فەڕانسە دار هەناری لێ نیە. و لەم پێکدادارنە پێکەنیناوییەدا، کە دیار بوو وەرگێڕ لە دەقی بنەڕەتی تێنەگەیشتووە و هەر وەها نەیتوانیوە بە درووستی ئەوە بگەیەنێت. لەمجۆرە شتانەم زۆر بۆ هاتۆتە پێش و لێرەدا دەرفەتی گێڕانەوەی هەموویانم نیە.

خاڵی دووهەم: ئەوەش خاڵێکی زۆر گرینگە کە بێگومان دەبێ وەرگێڕ سەرنجی بداتێ. نووسەرەکان هەموویان وەکو یەك نین و شێوەی داڕشتن و زمانیان بە پێی تایبەتمەندی رۆحی و هزری و خووخەدەییان لە یەکتری جیاوازن. واتە هەر نووسەرەی تایبەتمەندی و خووخەدەی تایبەت بە خۆی هەیە، هێندێکیان هەر خۆیان لە خۆیان دا بە کەیف و شاد دەم بە بزە و شۆخ و قسەخۆش و بەتامن، هێندێکیتر لەسەرەخۆ و ئارام بەڵام زیرەك و شەیتانن و قسەکانیان پتر بە تێکوڵ و بەتانەوەن، هێندێکی دیکەش وشك و تورەن و نووسینەکانیان چێژ و تامی نیە.

من چونکە زیاتر نووسەری وەرگێڕانەکانی خۆم دەناسم مەجبوورم نموونەیەك لە ئەوان بێنمەوە. لە جۆری یەکەم "نیکۆس کازانتزاکیس" نووسەری یۆنانی کەسێکی شۆخ و قسەخۆش و دلّتەڕ و خۆش وێژ بووە وێنەی جۆری سێهەم "رۆمن – رۆلان" نووسەری فەڕانسەیی، کەسێکی وشك و جیددی بووە لە جۆری دووهەم "ئاناتول فرانس"ی نێودار کەسێك بووە زمان شیرین و قسەخۆش بە نووسینگەلێکی پڕ لە تەنز و تێکولّدار و تەوس و دوو لایەنەوە، بەلّام هیچکات لە قسەکانی دا دریّغی لە تەوس لێدان تەنز و گالّتە پێکردن نەکردووە. لە هەر سێکیان کتێبم وەرگێڕاوە و خوو و رەوشتیانم کەوتۆتە دەست. نووسەرێکی وەك "سەنت ئەگزوپێری" رەوشتێکی هەستەوەرانە و شاعیرانەی هەیە و ئەوی‌تر لەم تایبەتمەندی‌یە بێ‌بەری‌یە. ئەو تایبەتمەندی‌یە رۆحی و فکری و زەوقی‌یەی نووسەران واتە هەموو تایبەتمەندی‌یەکانی ئەوان بێگومان لە نووسینەکانیان دا و لە لەبزی قسەکانیان دا رەنگدانەوە و بەرپرچدانەوەی هەیە.

من ئەگەر لە کارەکانی خۆم نموونە دێنمەوە لە بەر خۆنوێنی نیە بەلّکو لەبەر ئەو هۆیەیە کە زۆرتر لە گەلّ کارەکانی خۆم ئاشنام و لەڕووی ئەوانەوە باشتر دەتوانم نموونە و فاکت بێنمەوە. هەر بۆیە ئەگەر تۆ چاو لە بەرهەمەکانی "نیکۆس کازانتزاکیس" وەکو "ئازادی یا مەرگ" یا "مەسیحی دووبارە لە خاچ دارو" یا "زۆربای یۆنانی" بکەیت و بیانخوێنی‌یەوە تێدەگەی کە دلّتەڕی و لە زەوق بوون لە سەر تا پێی وشەکانی دەڕژێت. واتە هەمان تایبەتمەندی شۆخ بوون و بەتامی لە نووسینەکانی‌دا بەرپرچ دراونەوە. بە پێچەوانەوە ئەگەر کتێبی "مهاتماگاندی"،"رۆمن رۆلان" یا یەکێکی‌تر لە کارەکانی ئەو بخوێنیتەوە دەبینی کە ئەو مەزنە مسقالێك لەبزی شۆخی و گالّتەجاڕی یا زمان شیرینی و تەنز بێژی لە پێنووسی‌دا نیە و لە گەلّ بابەتەکە، بۆچوونی خۆی بە روونی و وشك و جیددی هێناوەتە سەر کاغەز. یا ئەگەر "دوورگەی پێنگۆئێنەکان"ی ئاناتول فرانس بخوێنیەوە دەبینی کە ئەو پیاوە چەندەی تەنز و گالّتەجاڕی لە وتە و نووسینەکانی‌دا بەکار هێناوە. بێ‌شك وەرگێڕی سەرکەوتوو ئەو کەسەیە کە لە وەرگێڕانەکانی‌دا بتوانێ لەبزی نووسەر بپارێزێ. و بۆ وێنە لەبزی وەرگێڕانەکەی لە وەرگێڕانی بەرهەمێکی ئاناتول فرانس لە گەلّ مارسێل پرووست

جیاواز بێ. واتە هەمان حاڵەتەکانی نووسەر لە وەرگێڕان دا بەرپرچ بداتەوە، واتە ئەو لەبزی نووسەرە لە وەرگێڕانەکەیدا بە شێوەیەك لە بەرپرچ درابێتەوە کە خوێنەر لە رووی وەرگێڕانەکەوە پەی بە ماکەی زاتی و بنەڕەتی و رەوشتیانەی نووسەر ببات، لێرەدا ئەوەش زیاد دەکەم کە وێدەچێ وەرگێڕ لە چەمکی دەق تێگەیشتبێ بەڵام لە لەبزی وتەکان تێنەگەیشتبێ. ئێمە لە ناو فارسیدا پەندێکی جوانمان هەیە کە دەڵێین:"لە نێوان فەرموو و دانیشە و رۆنیشە دا عەرز و ئاسمان جیاوازی هەیە، هەرچەندە هەر سێکیان یەك مانایان هەیە"، ئێستا ئەگەر وەرگێڕ فەرموو بە دانیشتن یا رۆنیشە(بتمرگ) بە پێچەوانە وەرگێڕێ چەمکی دەقی گەیاندووە بەڵام لەبزی دەقی بنەڕەتی لە بەرچاو نەگرتووە. وەرگێڕ دەبێ سەرنج بداتە ئەوە کە نووسەر بە چ لەبزێك فەرمانی دانیشتنی داوە بە هەمان لەبز وەریگێڕێت.

خاڵی سێهەم: ئەوەش خاڵێکی وردە کە ناکرێ هەر وا بە هاسانی بەسەریدا تێپەڕی، هەڵبەتە هەڵە نەبێت کە زمانی تایبەتی گونجاو لە گەڵ دەق لە لەبزی نووسەر جیاوازە. سەبارەت بە نووسەرە نوێ و کۆنەکان ئەم خاڵەش درووستە. دووبارە مەجبوورم نموونەیەك لە نووسەر بەرهەمەکانی خۆم بێنمەوە. سەبارەت بە نووسەرانی کۆن نووسەرێکی وەك سێرڤانتێس کە چوار سەد ساڵ لەمەوبەر ژیاوە یا بۆکاچیۆ کە هاوچەرخە لە گەڵ عوبێدوڵلا زاکانی ئێمە یا رابلەی فەرانسەیی یا شکسپێری ئینگلیسی لە سەردەمانێك دا دەژیان کە دەقی سەردەمیان لە گەڵ دەقی سەردەمی ئێستایی جیاواز بووە.

هەر وەك دەقی پارێز نامەی سنوور یا کلیلە و دەمنە یا گۆڵستانی سەعدی لە گەڵ دەقی هاوچەرخ بۆ وێنە لە گەڵ نووسینەکانی محەممەدی حەجازی یا بزۆرگی عەلەوی یا جەماڵزادە جیاوازە وەرگێڕی بەرهەمی ئەم نووسەرانە بە زمانی فارسی دەبێ بتوانێ زمانی فارسی هاوکات لە گەڵ سەردەمی ئەوان بدۆزێتەوە و لە وەرگێڕاندا بە کاری بێنێت و یەکێك لە شانازییەکانی من ئەوەیە کە هەمووان دەڵێن من لە وەرگێڕانی دۆن کیشۆت دا زمانی گونجاو لە گەڵ دەقم دۆزیوەتەوە ئێستا ئەگەر من دۆن کیشۆتی سێرڤانتێسی چوار سەد ساڵ پێش یا دێکامرۆن بۆکاچیۆی شەش سەد ساڵ لەمەوبەرم بە هەمان دەق و زمان

وەرگێڕابایــە کــە بــۆ وێنــە شــازادە بچــکۆلەی ســێنت ئــەگزوپێری یــا نــان و شــەڕابی ئینیاتسیوسیلونەم وەرگێـڕاوە بـێ شـك وەرگێڕانێكـی سـەركەوتوو نـەدەبوو. لێرەدایـە كـە وەرگێڕی بە توانا ئاغای نەجەف دەریابەندەری لە یـەكێك لـە نووسـینەكانی دا ئامـاژەی بـە ئەم خاڵە فەرمووە و گوتبووی كە:"محەممەدی قازی لـە وەرگێڕانـی دۆن كیشـۆت دا زمـانی تایبــەتی گونجــاوی لــە گــەڵ دەق دۆزیوەتــەوە". تەنانــەت لــە نێــو بەرهــەمی نووســەرە هاوچەرخەكانیش دا جیاوازی زمان هەیە:

كەسێك هەیە كە ئەدەبی دەنووسێ و ئەوی‌تر بە زمانی هەمووانی (عامیانـە) یـا وەك دەڵـێن "ئــارگۆ" دەنووســێ. دەقــی كەســێك جــوان و شــاعیرانەیە و ئــەویتر وشــك و ڕۆژنامەیی‌یــە. لێرەدایە كە دەبێ وەرگێڕ سەرنج بدات و زمانی گونجاو لە گەڵ نووسراوەی دەقی بنەڕەتی‌دا بدۆزێتەوە. هەر ئەم شـتانەیە كـە وەرگێـڕان لـە حاڵـەتی تـەواو تێكنیكـی بـوون دەردێنـێ و شێوەی هونەری پێ‌دەبەخشێ.

من بێ ئەوەی مسقاڵێك شك و گومانی خۆویستانە لە قسەكەم دا بێت و بێ‌ئەوەی درۆ بكـەم تەنیا لە زمانی خوێنەرانی وەرگێڕانەكانمەوە دەڵێم كە زمانی وەرگێڕانم لە "شازادە بچكۆلە" لە گەڵ نێوەڕۆك و زمانی "نان و شەڕاب" و دەقـی"دۆن كیشـۆت"م لـە گـەڵ دەقـی "كلیم سامگین" یا "زۆربا" تەواو جیاوازە و هـەموو خوێنـەرێك لـە خوێندنـەوەی ئـەم وەرگێڕانانـە تێدەگات كە زمانی ئەو نووسەرانە لە گەڵ یـەكتری جیـاوازی هـەبووە. واتـە دەبـێ بـە دوای هەمان قاڵبی جوانەوە بێت. و بەڕاستی ئەگەر نووسەر خۆی فارسی زانیبایە و بیهەوێستبایە مەبەستی خۆی بە زمانی فارسـی بنووسـێ تاڕادەیـەك هـەر بـەو شـێوەی دەینووسـی و ئـەو مەسەلەی لە یەكتر نزیكبوونی كاتی(زمـان) لـە بـەر چـاو دەگـرت. بـە كـورتی مـن پـێم وایـە هەمیشە دەقی بەرهەم ڕێنمای وەرگێڕە و دەبێ دەقێـك هەڵبـژێردرێ كـە لـە گـەڵ بنچینـەی بەرهەم بێتەوە رەنگە هێندێك شوێنی دەقی كتێب ئەدەبی و بەرز بێـت و هێنـدێك شـوێن تـا ئاستی قسەكردنی كۆڵان و بازار نزم بێت.

خاڵی چوارەم: ئەمەش پێوەندی بـە زەوق و سـەلیقە یـا بـە تایبەتمەنـدی هونەری‌یەوەیـە. دەزانین كە وشەیەك وێدەچێ واتاگەلێكی جیاوازی هەبێت. هەر وەك مەولانا دەڵـێ:

این یکی شیر است اندر بادیه　　　　و ان دگر شیر است اندر بادیه

این یکی شیر است که ادمی خورد　　　　و ان دگر شیر است که ادم میخورد.

له گەڵ ئەوەدا هەر وشەیەك كه به هەر واتایەك بێت وێدەچێ هاوتاگەلێكی هەبێت. بۆ وێنـە خەمۆك، مەحزوون، دڵنیگەران، مەلوول، تەمین، خەمناك و خەفەتبار هـەمووان یـەك واتایـان هەیە.

ئەمن خـۆم زۆرجـار لـە وەرگێڕانـەكانم دا تووشـی لـەم جـۆره هەڵبژاردنانـه بـووم. دەزانـین وشەكان له زمانی دەرەوەیدا هەر وەك زمانی فارسی واتاگەلێكی زۆریان هەیه و هەر وەهـا بۆ مانایەك زۆر جار وشەگەلێكی جیاوازمان هەیه. هەر بۆیه دەبێ وەرگێڕ وشەی درووسـت و ورد له بواری مانا و خۆش ئاهەنگیەوه لـه بـواری جـوانی و هـاوكێش بـوونی وشـەكانەوه بـۆ وشـەی دەرەوەیـی هەڵبـژێرێت. دووبـاره نموونەیـەكی بچـوكتان لـەم شـێوەیه بـۆ دێنمـەوه (چونكه شارەزای كاری ئەوانیتر نیم) سێرڤانتێس و وەرگێڕه فەڕانسەییەكەی دۆن كیشۆت به هۆی جاڕز بوونی هەمیشەیی، نازناوی نوێ Le chevalier de la trise figure ی پێداوه كه دەبێته "شوالیه" واته هەمان پاڵەوان، واته مەحزوون و خەمۆك و "فیكور" واتـه رووخسار و روومەت. من ئەوم لەبەر پاراستنی خۆش ئاهەنگی وشەكان و گونجاو بوونی ئـەو له گەڵ دەق دا به "پاڵەوانی روو گرژ و خەمۆك" وەرگێڕاوه.

له دۆن كیشۆت دا سێرڤانتێس به لەبزی تایبەتی خۆی ئەو پاڵەوان پەممەیـەی بـه شـێوەی كەسێك وێنا كردووه كه هەمیشه قەد و قەوارەیەكی خەفەتبار و مەحزوونی هەیه و من ئـەوم وەك "پاڵەوانی روو گرژ و خەمۆك" هێناوه كه پیم وایه له "پاڵەوانی رووخسار خـەمناك" یـا "قـەد و قـەواره مـەحزوون" خـۆش ئاهـەنگتره. بـه كـورتی، هەڵبـژاردنی وشـەگەلی خـۆش ئاهەنگ و درووست و ورد یەكێك لـه لایەنـەكانی هونـەری وەرگێڕانەكـه بـەرزی و نرخـی ئـەو بەڕادەیەكی زۆر زیاد دەكات.

خاڵی پێنجەم: ئەم بەشه پێویستی به شیكردنەوەی زۆر ناكات چونكه دەزانین كه درووست بوونی هەر نووسینێك پێوەندی بەوەوه هەیه كه لەودا بنچینه و رێسای رێزمـانی لـه بەرچـاو گیرابێت دەنا ئەو نووسراوه هەڵەیه له روانگەی ئەدەبیەوه بێنرخه. بۆ وێنه كاتێك قسـه

له سەر مرۆڤەکانە نابێ بڵێین "ئەوانە" بەڵکو دەبێ بڵێین "ئێوە" و بە پێچەوانە، بۆ بێ گیانەکان نابێ بووترێ "ئێوە" بەڵکو دەبێ بڵێین" ئەوانە"، چونکە تایبەت بە کەرەسەیە.

لە یەکسانی کردار و بکەردا، کۆ و تاك و بە کورتی دەبێ بە هەموو وردەکاریی‌یە ڕێزمانی‌یەکان سەرنج و وردبینی بدرێ و جۆرێك بنووسرێ کە لە بواری ڕێزمانی‌یەوە کەم و کوڕی تێنەکەوێ. بە بڕوای من بەکارهێنانی وشەگەلێك کە لە بواری ڕێزمانیشەوە هەڵەن هەر بۆ ئەم مەرجە دەگەڕێتەوە. لە وەرگێڕانێك دا تووشی وشەی "ڕاپۆرتەکان" بووم کە دڵم پێی تێکهەڵات. ڕاپۆڕت (مەبەست لە دەقی وشەی گوزارش ی فارسی‌یە،و.) کە وشەیەکی جوانی فارسی‌یە کۆکردنی بە "ئەلف" و "ت"ی عەرەبی بێ‌سەلیقەیی‌یەکی ناحەز و خراپە. هەر وەها زۆرجار، تووشی ئەوە بووم کە لە بەرچاو گرتنی کردارەکان بە پێی کات وەرنەگێڕدراوە، یا خود ئەوە کە ڕاناوی "ئەوانە" کە تایبەت بە کەرەسەیە بۆ کەسەکان بە کار براوە و وەرگێڕ لە جیاتی ئەوەی بنووسێ "ئێوە" یا "ئەوان" ڕۆنیشتن، نووسیویەتی: ئەوانە ڕۆیشتن. ئەم لەبەر چاو نەگرتنانەش کە پێوەندییان بە درووست نووسینەوەیە لە بردنە سەری نرخی نووسین دا زۆر کاریگەردارن.

خاڵی شەشەم: ئەوە ئیدی مەسەلەیەکە کە پێوەندی بە ئەمانەت لە وەرگێڕانەوەیە، کاتێك دەبینی نووسەرێك کورتنووسە، لە ئەدەبییاتی ئێران دا بۆ وێنە دەبینین شاعیرەکانمان (خەیام، سەعدی، حافز و ...) دنیایەك بابەت بۆ وێنە چەمکی کتێبێکیان لە بەیت یا چوارینە یا کۆپلەیەك دا گونجاندووە و هەر وەها نووسەرێکیش هەیە کە ڕێخۆڵە درێژە و بابەتەکان زۆر درێژ و بەربڵاو دەکات. وەرگێڕ ئەرکە لە سەری کە ئەم تایبەتمەندی‌یە لە وەرگێڕانەکەی‌دا بپارێزێ و هەر وەك نووسەر ئەگەر کورت هاتووە کورت بیهێنێت و ڕستەکەی شی و ڕاڤە نەکات و ئەگەر زۆری نووسیوە دەقاودەق وەریگێڕێت.

کاتێك دەبینی نووسەر بنچینەی بابەتێکی لە وشەیەك یا ڕستەیەکی کورت دا بەیان کردووە و وەرگێڕ دەقی ئەوە بە باشی نازانێ بۆ بەیانکردنی مەبەست، هەر بۆیە خەریکی شیکردنەوە و درێژکردنەوەیانە و لە جیاتی ئەو وشە یا ڕستە شیکردنەوەیەکی داهێنراو دەهێنێ کە ئاشکرایە پێوەندی بە خودی نووسەرەوە نیە و وەرگێڕ لە خۆوە هێناویەتی.

دیاره کە ئەم کارە لە لەبەرچاوگرتنی ئەمانەت بە دوورە و بە بڕوای من ئەگەر بە راستیش ئەو وشە یا ئەو رستە پێویستی بە شیکردنەوە و درێژکردنەوەی زیاتر بێت باش وایە وەرگێڕ لە پەراوێزدا شی و راڤەی بکات و بنووسێ کە بۆ وێنە لێرەدا مەبەستی نووسەر ئەمە و ئەوەیە.

وەرگێڕی نێودار خوالێخۆشبوو زەبیحوڵڵا مەنسووری کە پێویست ناکا ناوی بێنین دەیزانی کتێبێکی شەش سەد لاپەڕەیی لە سەد لاپەڕە یا سەد بیست لاپەڕەدا هێناوە، و هێندێك جار بە پێچەوانە، لە بەرهەمێکی سەد لاپەڕەیی کتێبێکی چوار سەد لاپەڕەیی درووست کردووە. دیارە کە لە هەر دوو شێوەکەدا وەرگێڕانێکی وەفادار نیە و پێوەندی بە دەقی بنەڕەتییەوە نیە، و هەر بۆیە ناکرێ نرخێکی بۆ دابنرێ. هەر وەك گوتمان، ئێستا ئەگەر وەرگێڕی فەڕانسەیی یا ئینگلیسی یا هەر زمانێکیتر لەو بەیت یا چوارێنە یا کۆپلە شێعرە کتێبێك درووست بکا ئەوە ئیدی وەرگێڕان نیە، راڤە کردنە و ناشێ ناوی وەرگێڕانی لە سەر دابنرێ.

خاڵی حەوتەم: لە زمانی فارسی کلاسیك دا نوختە دانانی باو لە نووسینە دەرەوەییەکان دا نەبوو و هەر بۆیە زۆر جار رستەیەکی پرسیاریان بە لەبزێکی ئاسایی دەخوێندەوە یا روون نەبوو رستە لە کوێ دا تەواو بووە یا نەبووە، و ئەوە خۆی گرفتگەلێکی لە کاری خوێندنەوەدا دەهێنایە پێش. بنچینەی نوختە دانان لە سەردەمی ئاشنایی لە گەڵ ئەدەبییاتی دەرەوەیی لە نووسراوەکانی فارسیش دا هاتە ناوەوە و چەند شتێکی باشە کە وەرگێڕیش لە وەرگێڕانەکانی دا لەبەرچاویان بگرێ بۆ ئەوەی جۆرەکانی رستە لە یەکتر جیابکرێنەوە، و روون بێت کە رستە یا گێڕانەوەیەك لە کوێدا تەواو دەبێ. و هەموو خاڵەکانیتر کە بە نوختەدانان و لە بەرچاو گرتنی پونکتواسیۆنPunctuaion دابین دەبێ لەبەر چاو بگرێ لەو کۆمەڵە بنچینە و رێسایانەی کە لە سەرەوە بۆ وەرگێڕانمان باس کرد و لەبەرچاو گرتنی ئەوانمان لە وەرگێڕان دا بە مەرجی پێویست بۆ گەشاوەیی و سەرکەوتن لەم کارەدا زانی بەرئەنجامێکی ئەوتۆ وەردەگرین کە بە گشتی وەرگێڕان بریتییە لە دوو بەش:

١. دۆزینەوەی چەمك و پەیامی وتراو لەو دەقەدا کە شیاوی وەرگێڕانە.

٢) دۆزینەوەی لەبز و شێوازی نووسەر و بەپرچدانەوەیان لە دەقی وەرگێڕدراودا.

هاوتای یەکەم بە "هاوتای چەمك" و هاوتای دووهەم بە "هاوتای شێواز" ناوزەد دەکەن و کۆی ئەوانە هاوتای تەواوی دەقی بنەڕەتی‌یەکەن. لە دەقە ئەدەبی‌یەکان دا، شێوە پێکهاتێکە لە تایبەتمەندیگەلێکی وەك لەبزی وتە، تەنز و قسەی خۆش، زمانی (ئەدەبی یا ئاسایی) هەڵبژاردنی وشە، یاری بە وشە چڕ بوو و تێکسمڕاو یا "بەسیت" بوون، کورت یا درێژبوونی رستەکان و نوختەدانانەوەیە.

*بە بڕوای بەڕێزت وەرگێڕێکی باش دەبێ خاوەنی چ تایبەتمەندیگەلێك بێت؟

*وەرگێڕێکی باش دەبێ خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەی خوارەوە بێت:

١) مرۆڤێکی خۆش بیر و ڕووناکبیر بێ و پێویستی‌یە فکری و هەست پێنەکراوەکانی کۆمەڵگای خۆی دیاری بکا.

٢) ئەو زمانەی کە لە ئەوەوە وەرگێڕان دەکا، لانی کەم لە ئاستی ئەدەبی‌دا، باش بزانێ و باش لێی تێبگات.

٣) بە باشی لە سەر ئەدەبییاتی کۆن و نوێی زمانی فارسی شارەزا بێت و بتوانێ باش بنووسێ.

٤) ئەمیندار و وەفادار بێ بەو واتایە کە بۆ خۆی شتێك بە دەقەکەوە زیاتر نەکا و شتێکی لێ‌کەم نەکاتەوە مەگین بە پێی پێویست و نەبوونی پێویست. لەم شێوەیەی دواییدا دەبێ لە دەقەکەدا بنووسێ کە لە بەر فلان هۆ فلان بەشی لە دەقەکە لابردووە.

٥) دەبێ زەوقی وەرگێڕانی ببێت و ئەوە لە هەموو تایبەتمەندی‌یەکانی وەرگێڕێکی باش گرینگتر. ئەوە زەوقی وەرگێڕانەکە دەبێتە هۆی ئەوە کە وەرگێڕێك بتوانێ رستەیەك لە زمانێکی دەرەوەیی بە بێ کەم و زیاد لە چوارچێوەیەك کە تەواو فارسی‌یە و هیچ بۆنی وەرگێڕانی لێنایەت داڕێژێ و بیری نووسەر بە جوانترین و ڕوونترین شێوە بۆ خوێنەری زمان فارس بگوازێتەوە. زەوقی وەرگێڕانەکە وەرگێڕ هیدایەت دەکا بۆ ئەوەی گفت و لفت و شێوازی نووسەر دەقا و دەق لە دەقی فارسی‌دا بپارێزێ بەو واتایە کە ئەگەر بۆ وێنە لەبزی نووسەر شۆخ و شیرینە (ئازادی یا مەرگ، مەسیحی دووبارە لە خاچ دارو)، یا وشك و

مامۆستایانەیە (مهاتماگاندی، ناپلیئۆن)، یان بە ئینشایەکی قووڵ و تێکوڵدار (دۆن کیشۆت) یا بە زمانێکی ئاسایی (کۆیلە رەشەکان) و یا شاعیرانە (شازادە بچکۆلە، مرۆڤەکان و قرژاڵەکان) نووسراوە دەقی هەمان شێوەگەل لە دەقە فارسی‌یەکەدا بەرپرچ بداتەوە. و هەر وەها زەوقی وەرگێڕانەکە ئیلهام بە وەرگێڕ دەبەخشێت بۆ ئەوەی گونجاوترین و جوانترین وشە فارسی‌یەکان لە جێگای وشە بێگانەکان دانێ و رۆحێکی تەواو فارسی و ئاشنا بەزین و بیری خوێنەر بە وەرگێڕان دا بکا.

☐ راتان لە سەر زۆر بوون و کەمبوونەوەی وەرگێڕان چیە؟ رادەی بەستراوەیی و پاوەندی و ئازادی وەرگێڕ لە وەرگێڕان دا تا چ رادەیەکە؟

☐ هەر وەك لە بەشی دووهەمی وڵامی پرسیاری دەیەم دا عەرزم کردی شتێك لەوتە یا نووسراوەی نووسەری سەرەکی زیاد یا شتێکی لێ کەم بکرێتەوە بە پێچەوانەی ئەمانەتە و وەرگێڕ نابێ نە شتێکی پێوە زیاد بکا و نە شتێکی لێ کەم بکاتەوە. لە ڕاستی‌دا وەگێڕان وێنەیەکە لە بابەتێکی نادرك پێکراو بۆ کە سانێك کە ئەو زمانە نازانن هەڵدەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەوانیش پێکهاتە و شێوەی ئەو بابەتە ببینن و بیناسن.

زیاد کردن یا کەم کردنەوە لە قسە یا نووسراوەی نووسەر، هەر وەك وێنەگرتن لە کەسێکە کە کڵاوی لە سەردا نەبێ بەڵام وێنەگر کڵاوێکی بۆ لە سەری بکا، و ئاشکرایە کە ئەم وێنەیە لە گەڵ ئەو وێنەی لە ئەو گیراوە جیاوازە. یا ئەو کەسە پیرە بەڵام وێنەکەی ئەو بە دەستێوەردانی وێنەگر بۆتە وێنەی کەسێکی لاو. ئاشکرایە ئەم وێنەیە هیچ پێوەندی‌یەکی بە خاوەنی وێنەکەوە نیە و بە پێچەوانەی راستی‌یە. یەکێك لە وەرگێڕە نێودارەکانمان کە خوالێخۆشبوو زەبیحوڵڵا مەنسووری‌یە و زۆربەی بەرهەمەکانی چاپەمەنی زەڕڕین بۆی چاپ دەکرد زۆربەی کاتەکان یا شتێکی لە کتێبی وەرگێڕدراو لادەبرد یا لە خۆوە هێندێك شتی پێوە زیاد دەکرد، و ئەوە بە پێچەوانەی ئەرکی وەرگێڕ، لە وەبەرچاوگرتنی ئەمانەتە. هەر چەندە بە داخەوە ئەمرۆکە بە فەرمانی (وەزارەتی ئیرشاد) هێندێك جێگا لە وەرگێڕان لادەبردرێ، بەڵام ئەوە تاوانی وەرگێڕ نیە.

چاو لێبکە جیاوازی نێوان وەرگێڕ و نووسەریش هەر لەم خاڵەدایە کە نووسەر بە ئازادی و خاترجەمی تەواوەوە بە هەر لەبز و زمانێك کە پێی خۆش بێت بیروبۆچوونی خۆی لە چاپ دەدا بەڵام وەرگێڕ ئیدی ئەم ئازادی‌یەی نیە.

بە هەر حاڵ دەبێ وەرگێڕ چوارچێوە و مەرجگەلی زاڵ بە سەر شێوەی وەرگێڕان دا دەقا ودەق لە بەرچاو بگرێ هەر وەك مۆسیقا ژەنێك کە دەقا دەق رێسا و چوارچێوە یا گۆشەی پێوەندی لە بەرچاو دەگرێ و بیسەریش بە ببیستنی چێژی لێ وەردەگرێ.

□ بۆ دۆزینەوەی نزیکترین و درووسترین هاوتا لە وەرگێڕان دا دەبێ چ کارێك بکرێ؟ تۆ بۆ دۆزینەوەی مانا و هاوتای راست و درووستی وشەکان چ دەکەی؟

□ ئەم شتە پێوەندی بە توانایی و پسپۆڕبوونی وەرگێڕەوەیە لە زمانێك دا کە لەوی‌یەوە وەرگێڕان دەکا و هەر وەها بە زمانی زگماکی خۆی کە دەقی دەرەوەیی (بیانی) بەو وەردەگێڕێ. ئاشکرایە بۆ دۆزینەوەی نزیکترین و درووستترین هاوتا لە وەرگێڕان دا هەم چاو لە فەرهەنگە گەورە و شیکراوەکان پێویستە و هەم پرس و ڕا کردن بەو کەسانەی کە لەو زمانە و لە کاری وەرگێڕان دا شارەزان و دەکرێ کەڵك لە راوبۆچوونی ئەوان وەربگیردرێ. من لە وەرگێڕانی کتێبی "گلیم سامگین" – نووسینی ماکسیم گورکی – لە بەرگی سێهەمی‌دا تووشی رستەیەك بووم کە لایەنی بەرامبەر لە گلیم سامگینی پرسی:

بۆچی بە سەرهاتەکە وای لێهات؟

ئەو لە وڵامدا وتی Ceasd,etermin,e واتە موقەدەر ئاوا بوو. بەرامبەرەکەی وتی: من خۆشیم لە وشەیd,etermin,e تۆ نەهات چونکە وەبیری d,eterrerم دەخاتەوە.

وشەی d,eterrer بە مانای لە زەوی هەڵکەندن و هەڵکەندنی گۆڕە و دەردەکەوێ کە لێرەدا نووسەر هاوواتایی لەبزی بەکار هێناوە. هەڵبەت مەبەستی ئەوەیە کە بە گلیم سامگین دەڵێت تۆ من لە راستی‌یەکان دوور دەخەیتەوە و دەمبەیتە ناو خەیاڵاتەوە. من کە وەرگێڕ بووم بە پێویستم بۆ پاراستنی ئەمانەت لە وەرگێڕانەکەم دا هاوواتایی لەبزی بەکار بێنم.

ماوەیەك بیرم کردەوە تا ئەوەی کە رستەکەم بەم شێوەیە وەرگێڕایەوە و منیش هاوشێوەیی لەبزیم بەکار هێنا: لایەنە بەرامبەرەکەی لە گلیم سامگینی پرسی بۆچی

بەسەرهاتەکە ئاوای لێهات؟ ئەو لە وڵام دا وتی: بڵێم چی مووقەدەرە. بەرامبەرەکەی وتی: من خۆشیم لەو مووقەدەرەی تۆ نەهات چونکە قەبر هەڵکەندنم وەبیر دێنێتەوە. و ئاشکرایە کە مووقەدەرە و قەبر هەڵکەندن شێوەی لەبزین. بەڵێ وەرگێڕ دەبێ هەوڵ بدات باشترین هاوتا بۆ وەرگێڕانی رستەکان بدۆزێتەوە و بیاننووسێت.

سەبارەت بە رەوان و روونی وەرگێڕان و دۆزینەوەی واتای درووستیش عەرزم کردی کە دەبێ ئەدیبی راستەقینە و تەنانەت شاعیر بێت و شارەزای هەموو جوانی، شیرینکاری و وردەکاری‌یەکانی بێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو چەمکە بە درووستی و بە باشی و مامۆستایانە لە چوارچێوەدا دارێژێ. جارێکیان کە لە بیرم ناچێتەوە بەڕێز نەجەف دەریا بەندەری وەرگێڕی زانا و لێهاتوو لە رەخنەگرتنێك کە لەسەر وەرگێڕانی "دوورگەی پێنگوئێنەکان"ی من لە ئاناتول فرانس لە ژێر سەردێڕی "وەرگێڕێك کە ئاناتول فرانسی رزگار کرد"ی ناو هێنابوو، دەربارەی من نووسیبووی"قازی لە دەریای ئەدەبی فارسی‌دا تلێکی داوە بێ ئەوەی لەودا قووم بوو بێت". و بە ڕاستی منی ئەمەگناس لە دەریای ئەدەب دا تلێکم داوە. سەردەمانێك رەنگە ۳۰۰۰۰ بەیت شێعرم لە شاعیرە جۆراوجۆرەکان لە بەر بوو بێت.

بێگومان تۆش سەرنجت لەوە داوە کە زمانی شیرینی فارسی ئەوەندەی کە لە بواری شێعرەوە بە پێزە و دەوڵەمەندە لە بواری پەخشانەوە بەو پلەیە دەوڵەمەند نیە و لە راستی‌دا بنەمای بنەڕەتی ئەدەبی فارسی شێعر پێکی دێنێت نەك پەخشان، کەواتە ئەو کەسەی کە ۳۰۰۰۰ بەیت شێعری لە شاعیرە نێودار و زمان شیرینەکانی زمانی فارسی لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی خوراسانی و عێراقی و هیندی و...ی لە زەیندا بێ، زمان لە دەستی‌دا وەك مۆك خۆشە دەبێ و هەر بابەتێك بیهەوێ لە چوارچێوەدا دایبڕێژێ چوارچێوەکەی بۆ ساناتر و هاسانتر لە کەسێك دەبێتەوە کە زمان لە دەستی دا وەك مۆم خۆشە نیە.

ئەوەیە کە من پێم وایە ئەگەر بە راستی توانایی‌یەکم لە داڕشتنی چەمکە دەرەوەیی‌یەکان لە زمانی خۆمان دا نیشان داوە ٪۹۰ ئەوە بە قەرزداری ئەو شێعرانە کە بە شێواز و چەمکگەلی جۆراوجۆرەوە لەبەرم بوون و ئەو شێعرانە خەزێنەی وشە و زاراوە و چەمکە

ئەدەبی‌یەکانی لە مێشکم دا دەوڵەمەند کردووە بە شێوەیەك کە بێ ئەوەی تەقەللای زەینی زۆر وەگەڕخەم مەبەستەکە بە هۆی پرۆڤەکردنێکی زۆر لە زمان دا، خود بە خود لە مێشکم دا دادەڕێژرێ و دێتە سەر لاپەڕە و بێشك ئەگەر ئەم خەزێنە شێعری‌یە لە مێشکم دا پاشکەوت نەبووایە ئەمڕۆکە نێوبانگێکی ئەوتۆم لە رەوان نووسی و شیرینووسی لە وەرگێڕان دا نەدەبوو.

* بیروراتان سەبارەت بە فەرهەنگی وشە چیە؟ تا چ ئاستێك کاریگەری ئەو لە وەرگێڕان دا دەنرخێنی؟ و تۆ زۆرتر چاو لە فەرهەنگە یەك زمانی‌یەکان (فەڕانسە — فەڕانسە) دەکەی یا دوو زمانە(فەڕانسە — فارسی)یەکان؟

*لەوەڕا کە زۆرجار زانیاری‌یەکانی وەرگێڕ لە زمانی زگماکی‌دا لە زمانە دەرەوەییە پتر روونە کە لە وەرگێڕان دا بە پێی زانیاری‌یەکانی لە زمانی بێگانەدا پێویستی بە چاو لێکردن لە فەرهەنگ دەکا و هەڵبەت هەر چەندی زۆرتر چاز لە فەرهەنگ بکا و پتر لە گەڵ واتا یا واتاگەلی وشەکان ئاشنا بێت وەرگێڕانەکەی درووستتر و باشتر دەبێ.

بۆ وەرگێڕ فەرهەنگی وشە رێنمایەکی باشە نووسین، و ئەم بەڵێنە ئاشکرایە کە فەرهەنگی وشە کاریگەری‌یەکی لە ڕادەبەدەری لە وەرگێڕانی باش و درووست دا هەیە. و بەڵام ئەوەی کە لە منت پرسی زیاتر چاو لە فەرهەنگ دوو زمانەکان دەکەم یا لە فەرهەنگە یەك زمانەکان. هەڵبەتە ئەگەر گرفتی من تەنیا وشەیەکی سادە و ساکار بێ چاو لە هەمان فەرهەنگی خوالێخۆشبوو یێهوودا برووخیم، کە دوو زمانەیە، دەکەم و ئەگەر ئەو فەرهەنگە پرسەکەی بۆ روون کردمەوە هەر بەوەندە باوەڕ دەکەم و رازی دەبم، بەڵام ئەگەر هەست بەوە بکەم کە لە کەڵك وەرگرتنی ئەو وشەدا تانە و تەشەرێك هەیە یا پەندێکی پێشینانی تێدا شاراوەیە یا واتاگەلی جۆراوجۆری هەیە و یا هەر فەرهەنگی دوو زمانەدا نەهاتووە ئەو کات سەیری فەرهەنگە یەك زمانی‌یەکانی لارووس دەکەم کە هەم یەك بەرگی و هەم شەش بەرگی‌یەکەییم هەیە و بە یارمەتی ئەوان بۆ چوونم ساغ دەکەمەوە.

به هەر حاڵ چاولێکردن لە فەرهەنگی دوو یا یەك زمانە هەر کات کە بەڕاستی پێویست بێ پێویستە و ئەم کارە ڕێنمایەکی باشە بۆ وەرگێڕان چونکە بەڕاستی فەرهەنگ ڕێنمای وەرگێڕە لە وەرگێڕان دا.

زۆر جار هەر وەك عەرزم کردی ئەگەر وشەیەك کە وەرگێڕ پێویستی بە تێگەیشتن لە ماناکەیەتی ساکار بێت و بە دۆزینەوەی ئەو رستە بە شێوەیەکی درووست درك پێ بکرێ هەر چاو لێکردن لە هەمان فەرهەنگی دوو زمانەکە لە بەردەستی وەرگێڕدایە تەواوە بەڵام ئەگەر روون بێتەوە کە هەر بەو شیکردنەوە سادەیەی فەرهەنگی دوو زمانە واتای رستەکە روون نەبۆتەوە و وێدەچێ ئەو وشەیە واتای دیکەی هەبێت ئاشکرایە کە چاولێکردن لە فەرهەنگی دوو زمانە پێویست دەبێت.

لە بنەڕەت دا چاو لە فەرهەنگی دوو زمانە کە وەرگێڕ لە بەر دەستیدایە یەکەم کاریەتی و ئەگەر بەوە پرسەکە روون بێتەوە پێویست بە چاولێکردن لە یەك زمانەکە ناکا و چاولێکردنی فەرهەنگی یەك زمانە هەمیشە بۆ کاتێکە کە فەرهەنگی دوو زمانە گرفتی وەرگێڕی چارەسەر نەکردبێت و واتای رستەی روون نەکردبێتەوە.

*جارێکیان بەڕێزت فەرمووت:"وەرگێڕ دەبێ لەو زمانەی کە وەرگێڕانی پێدەکات زۆر باش شارەزا بێت و لە واتا و دەستەواژەکانی ئەو زمانە بە بێ پێویستی بە چاو لە فەرهەنگی وشە یا لانیکەم بە پێویستیەکی کەمتر بە چاولێکردنیان تێبگات". ئایا بە بڕوای ئێوە تەنیا لە کاتی پێویست دا دەبێ چاو لە فەرهەنگی وشە بکرێ و یارمەتی زیاتر لە هزر وەربگیرێ، یان ئەوە کە وەرگێڕ لە وەرگێڕان دا بەردەوام دەبێ لە فەرهەنگی وشەکان دا بە دوای واتاکان دا بگەڕێ؟ چونکە وێدەچێ وەرگێڕ فریوی وشە و پێکهاتی بە رووالەت ئاشنای خواردبێت.

*هەر وەك ئاشکرایە وەرگێڕ هەتا زیاتر لەو زمانە بێگانەیەی کە لەویەوە وەرگێڕان دەکا شارەزا بێت هەم زیاتر شایستەیی وەرگێڕبوونی هەیە و هەم کارەکەی باشتر و درووست تر و پەسەنتر دەبێ و لە هەمان کات دا پێویستیەکی کەمتری بە چاو لە فەرهەنگی وشەکردن دەبێت. کاتێکیش وەدەست هێنانی ئەم بەختەوەریە بۆ وەرگێڕ شیمانە و ئیمکانی دەبێت کە خوێندنی خۆی لەو زمانە بێگانەیەدا لە وڵاتی خودی ئەو زمانە بە جێگەیاندبێت.

گۆیا جارێکیان عەرزی تۆم کرد کە لەگۆڤاری "ادینە" دا سەردەمێك بەڕێزێك سێ ، چوار ڕەخنەی لە یەکێك لە وەرگێڕانەکانم گرتبوو و گوتبووی کە ئەوانە زاراوەن و من باش لە واتا و ماناکەیان تێنەگەیشتووم.

لە وڵام دا نووسیم بەداخەوە من خوێندنی زمانی فەڕانسەییم لە خودی وڵاتی فەڕانسەدا تەواو نەکردووە و لە ئاکام دا بەو شێوەی کە دەبێ ببێ هەموو ڕەمزەکانی ئەو زمانە نازانم و هەر لەبەر ئەوەیە کە نەمتوانیوە باش درك بە واتای ئەو زاراوانە بکەم. بە هەر حاڵ ئەگەر کەسێك لە وڵاتی خۆی زمانی بێگانەی خوێندبێ، دەبێ زیاتر یارمەتی لە بیرو زەینی وەرگرێت و کەمتر پێویستی بە چاولێکردن لە فەرهەنگی وشە دەبێ. ئەوەش روونە کە هەرچەندە وەرگێڕ لە سەر ئەو زمانە بێگانە و بیانیەی کە لەویەوە وەرگێڕان دەکا زیاتر شارەزا بێت و لە گەڵ زاراوە و واتاکانی ئەو پتر ئاشنا بێت، پێویستی بە چاولێکردنی لە فەرهەنگی وشە کەمتر دەبێت و لێهاتوویی و شایستەیی لە وەرگێڕان دا پتر دەبێ. کەواتە هەر کەس کە چەند وشەیەکی لە زمانێکی بێگانەوە زانی نابێ خۆی بە وەرگێڕ بزانێ.

*هەرچەندە دۆزینەوەی هاوتای وشەکان کارێکی وردەکاری، هەستیار و وردە کە پێویست بە پسپۆڕی، زاڵ بوون، ئەزموون و زانیاری تەکنیکی و کولتووری بەربڵاوە، بەڵام بۆ ئەوەی وەرگێڕ لە هەمبەر واتاکانی فەرهەنگی وشە (کە زۆر جار واتا گەلێکی زۆر بە دوای یەکتردا ریز کراون) تووشی دوو دڕدۆنگی و هەڵە نەبێ، دەبێ چی بکا؟ تۆ لە هەڵبژاردنی نزیکترین هاوتا لە فەرهەنگی دوو زمانەدا چ دەکەی، چۆن واتای وشەیەك بە سەر واتای وشەیەکی دیکەدا بەرزتر دەنرخێنی؟

 ئەوەش پرسیارێکە کە وڵامدانەوەی تا رادەیەك پێوەندی بەو پرسیارانەوەیە کە تا ئێستا وڵامم داونەتەوە.

بێگومان ئەوەش بە تێگەیشتنی تەواوی وەرگێڕ لە زمانی دەرەوەییدا کە لەوییەوە وەرگێڕان دەکا بەستراوەتەوە. هەڵبەتە لە هەر زمانێك دا وشەکان واتاگەلێکی جۆراوجۆریان هەیە و لە فەرهەنگی وشەدا، چ دوو زمانە و چ یەك زمانە، ئەو واتایانەیان بە دوای یەکتردار ریز کردووە.

بۆ وێنە وشەی "پرداختن" (لە زمانی فارسی دا) هەم بە واتای دانی پارەیە، هەم بە مانای خەریك بوون بە كارێكەوەیە، و هەم زۆر واتا دیكەی هەیە كە بە چاولێكردن لە فەرهەنگی "معین" دەگەنە زیاتر لە بیست مانا.

شتێكی روونە كە وەرگێڕ بە بەرەو ڕووبەڕوو بوونەوە لە گەڵ ئەم وشانە لە رستەیەك دا كە هەیە وەرگێڕان دەكا دەبێ سەرنج بدا و چاو لێبكا و بزانێ و كامێك لە واتاكانی پێوەندی بە چەمك و مەبەستی ئەو رستە كە وەرگێڕدرێتەوە هەیە. هەڵبەتە وەرگێڕ هەرچەندە پتر لە زمانی وەرگێڕان بە زمانی زگماكی خۆی شارەزا بێت زووتر و ساناتر ئەم پێوەندییە دەدۆزێتەوە و رستەكە بە درووست تر وەردەگێڕێ.

*لە وەرگێڕانی پەندە پێشینانەكان و دەستەواژەكاندا دەبێ چ بكەێ؟ ئەو شوێنەی كە ئیدی فەرهەنگی وشە هیچ كارێكی لە دەست نایە، و دەبێ وەرگێڕ لە سەر زاراوەی خەڵكی(ئاسایی)یانە و پەندە بەردەوامەكانی زمانی زگماكی خوێندنەوەی زۆری كردبێت تۆ خۆت چ كارێك دەكەی؟ بۆ وێنە لە كتێبی دۆن كیشۆت دا پەندە پێشینانەكانت چۆن وەرگێراوە ؟

*هەڵبەتە زۆربەی كاتەكان لە كتێبی وشەدا تایبەتی لە فەرهەنگە دوو زمانەكان دا پەندە پێشینەكان و دەستەواژەكان مانا و شیئنەكراوەكانەوە و وەك تۆ دەڵێی بە چاولێكردنیان هیچ كارێك لە دەست نایە و هەر بۆیە بۆ چارەسەركردنی ئەم گرفتە دوو رێگا چارە لە بەردەمدایە.

رێگای یەكەم هەر وەك تا ئێستا زۆرجار گوتراوە وەرگێڕ دەبێ لە سەر ئەو زمانە دەرەوەییەكە وەرگێڕانی پێدەكات زۆر شارەزا بێت و خوێندنی لەو زمانەدا لە وڵاتی خودی ئەو زمانەدا بە جێگەیاندبێت. بەم شێوەیە وەرگێڕ بە نیشتەجێ بوون لە وڵاتی بێگانەدا لە گەڵ زمانی قسە پێكردنی خەڵكی ئاشنا دەبێ و بە شێوەی كەسێكی خەڵكی ئەو وڵاتەی لێدێت كە لە ئاكام دا، لە گەڵ زاراوە و پەندە پێشینانەكانی ئەو زمانە زیاتر ئاشنا دەبێت.

ڕێگای دووهەم ئەوەیە کە هەر بەو شێوە کە فەرهەنگی وشەمان بۆ زمانێك هەیە زۆر جار دیومانە کتێبێکیش بۆ زاراوەگەل و پەندەکانی بە زمانی فارسی چاپ بووە و دیارە وەرگێڕ بە چاولێکردنی ئەو کتێبانە گرفتەکەی خۆی چارەسەر دەکا.

سەبارەت بە پەندەکانی دۆن کیشۆت پرسیارت کرد کە چۆن هەموویانم وەرگێڕاوە؟ عەرزت کەم زۆربەی پەندە پێشینانەکان سانکۆ پانزای "خزمەتکار(مهـتر)ی دۆن کیشۆت" بە پێی خووخەدەی قسەخۆشی خۆی دەیانڵێ و تەنانەت لە شوێنێکی کتێبەکەدا دۆن کێشۆت زۆر دەشێوێ و دەڵێ:"ئای، سانکۆی نەفرەت لێکراو، نەحلەتی خوات لێ بێ! خوا بکا شەش سەد هەزار مردووشۆر تۆ و پەندەکانت ببەن! ئاخر کەرە پیاوی گەمژە، ئەوە ساعەتێکی تەواو تۆ پەندەکان لێك گرێ دەدەی و بەو پەندانەت ڕۆحم وەژان دەخەی و ئازارم دەدەی و... و لەو وڵامیشدا سانکۆ دەڵێ... لە دنیادا ماڵ و سامانەکەم لە نێو چوون و مڵکێکم جگە لە پەندی پێشینان نیە و هەرچی هەمە ئەم پەندانەن و تەواو، کەواتە چ بکەم، بۆ وێنە هەر ئێستا چوار پەندی زۆر باشم وەبیرهاتەوە بەڵام...".

پتر لە چوار سەد پەند و دەستەواژە لە کتێبی دۆن کیشۆت دایە و منی چووکەتان تێکۆشاوم واتای بنەڕەتی پەندەکان، هاوتا لە گەڵ کولتوور و ئەدەبیاتی خۆمان بدۆزمەوە و بەردەوام چاوم بە "امثال و حکم"ی خوالێخۆشبوو دێهخۆدا دەکرد و هەروەها کەڵکم لە وزەی مێشکم وەردەگرت و جار و باریش بە یارمەتی هاوڕێیان و پسپۆڕ لەو بوارەدا گرفتەکەم چارەسەر دەکرد.

لە پەندەکانیش دا وەرگێڕ دەبێ خۆ لە واتای وشە بە وشەی ئەو دەستەواژە یا ئەو پەندە بپارێزێ و هاوتا فارسی‌یەکەی ئەگەرچی لەبز بە لەبزیش دا پێوەندی‌یەکی بە دەقی دەرەوەیی‌یەوە نەبێت لە هەمان فەرهەنگی دەستەواژەو پەندەکان دا بدۆزێتەوە.

بۆ وێنە: ئەگەر ڕستەی I love better than my own eyelahes بە شێوەی وشە بە وشە وەرگێڕین دەبێتە "بە قەد مژۆڵی چاوەکانم ئۆگریتم یا خۆشم دەوێی"، بەڵام ئەوەم بە شێوەی "بە قەدە بیلبیلەی چاوەکانم خۆشم دەوێی"م وەرگێڕاوە و لە جیاتی"مژۆڵەکان" وشەی "چاوم" داناوە بۆ ئەوەی بۆ ئێمە ئێرانی‌یەکان بەرهەست بێت.

یا بۆ وێنە لە ڕستەی Give to the cat what the mouse would steal, and he will rid you of the problem کە لە بنەڕەت دا دەبێتە "ئەوەی کە مشک دەیدزێ بیدە بە پشیلە بۆ ئەوەی لە ڕەنج و بەلا ڕزگارت بکا" بەڵام من ئەو ڕستەیەم داناوە:

برادرانه بیا ای رقیب صلح کنیم جهان و هر چه در انست از تو، یار از من

و بێگومان دۆزینەوەی ئەم هاوتایانە سانا نیە، دەبێ زۆر چاو لە فەرهەنگی دەستەواژە و پەندەکان بکرێ. هەڵبەت لە کتێبی دۆن کێشۆت دا لە هێندێك زاراوە تێنەگەیشتم کە لە پەڕاوێزدا ناوم بردوون ڕستەی "De dande diere" کە بە واتای " لە سەرەوە بیدە یا لە خوارەوە"یە بەڵام جوانی ئەو ڕستەیە بۆ وێنە بۆم ڕوون نەبۆوە. و هێندێك جار لە بەرامبەر زاراوەیەك دا دوو یا چەند هاوتایەکمان لە زمانی خۆمان دا هەیە بۆ وێنە لە ڕستەی the ass is not forth mouth of honey دوو پەندم لە بەرامبەری دا داناوە:

یەکەم: حەیف بۆ سێوی سوور کە وەبەردەستی گۆج بکەوێ! دووهەم: کەر کوا نرخی نووقڵ و شیرینی دەزانێ بەڵام لە ڕستەی to kick ageinst the pricks دا سێ پەندمان لە زمانی فارسیدا هەیە: یەکەم:مست لە سندان دان (کورد دەڵێ ئاسنی سارد کوتان)، دووهەم: مست لە دەروشە دان، سێهەم"بر سر مژگان یار من نزن انگشت ادم دانا به نیشتر نزند مشت"(قامك لە مژۆڵی یارەکەی من مەدە مرۆڤی زانا مست لە نەشتەر نادا) کە بەرامبەرەکەی یەکەمم پەسن کرد و هەر ئەوەم دانا کە لە شێعرێکی "مەسنەوی" وەرگیراوە: "غایت جهل بود مشت زدن بر سندان را" (ئەوپەڕی نەزانیە مست لە سندان دان). کە لە شوێنێکیتردا دەڵێ:" پەنجە بە شیر و مست لە گەڵ شمشێر لێدان کاری زانایان نیە". بەهەر حاڵ واتای هەموو پەندەکانم لە پەڕاوێزدا هێناوە بەڵام لە دەق دا پەندی فارسیم هێناوە.

*هێندێك جار لە بەرهەمی هێندێك وەرگێڕدا ئەوە وەبەرچاو دەکەوێ کە ورەگێڕ لە جیاتی فارسی سانا و ڕەوان دەقی ئاسایی و خەڵکیانەی بە شێوەی تێکشکاو بە کار دەبا یان ئەوە

که هێندێك جار کەڵك لە زمانی هەمووانی وەردەگرێ ئەویش بە بەکار هێنانی زاراوە و ئاخافتنی ناوچەیی خۆی، بۆچوونی تۆ سەبارەت بەوە چیە؟

به گشتی و زۆربەی کاتەکان هەموو زمانێك دوو شێوەی هەیە، شێوەیەکی هەمووانی یان وەك فەڕانسەییەکان دەڵێن "زمانی ئارگۆ" کە کۆمەڵانی خەڵکی و بە تایبەتی نەخوێندەوارەکان قسەی پێدەکەن و تا ڕادەیەك لە گەڵ شێوەی دووهەم کە زمانی کتێبە جیاوازە. شێوەی دووهەم هەمان زمانی کتێبە کە لەڕاستی دا زمانی بنەڕەتی نەتەوەیە و نووسەران بەو زمانە شت دەنووسن یا شێعر دەهۆننەوە.
بۆ وێنە لە زمانی درووستی کتێبیدا دەڵێن "نان" و "نانەوا" کەسێکە کە نان دروست دەکا بەڵام لە زمانی قسە پێکردن دا پێی دەڵێن "نون" و بەو کەسەی نانی دەکا دەڵێن "نونوا"و لەم شێوە جیاوازییە لە دوو شێوەی زمانییەدا زۆرە. ئێستا ئەگەر وەرگێڕ ئەو رستەیەی کە وەریدەگێڕێ بە شێوەی یەکەم واتە قسەپێکردنانە بێت قەیدی نیە کە لە زمانی فارسیش دا بە شێوەی قسە پێکردن وەریگێڕی. بەڵام وەرگێڕانی رستەگەلێکی درووستی کتێبی بە شێوەی قسەپێکردنی خەڵکی یا ئارگۆ هەڵەیە و نابێ وەرگێڕ کاری وا بکا..

مەسەلەی بەزاندنی زمانی گوتن لە وەرگێڕان دا هەمیشە باسی لە سەر کراوە — کە هێندێك جار تەنانەت لە وەرگێڕان دا زاراوەگەلێکیش وەبەرچاو دەکەون — رای تۆ چیە؟
*ئەگەر ئیزن بدەی بە گێڕانەوە بیرەوەرییەك شی دەکەمەوە، چەند ساڵێك لەمەوبەر کتێبی "دایك" لە لایەن هاوڕێی بەڕێز و گەورەم ئاغای عەلی ئەسغەری سرووش بە فارسی وەرگێڕدرا بوو و وێدەچێ کۆمەڵێك لە خوێنەرە بەڕێزەکان کاری دووبارە وەرگێڕانی من، کە لە سەر داوای بەرپرسی چاپەمەنی "میترا" کردم، بە کارێکی بێسوود و زیادەی بزانن، بەڵام ئەم کارە لەبەر ئەو هۆیانە کە باسیان دەکەم بە بڕوای خۆم و بە بڕوای هێندێك لە هاوڕێکانم پێویست بوو.
راستە کە ئاغا عەلی ئەسغەری سرووش یەکێك لە باشترین و بەرچاوترین فەڕانسەیی زانانی وڵاتە و لەم بارەوە بێشك مامۆستای هەموومانە، و وادیاربوو کە نەدەبوو دەست درێژی بکرێتە سەر مافی بەرایی و پێشڕەوی، بەڵام:

یەکەم:– تەواو زانینی زمانێکی بیانی، هەرچەندە بە باشترین شێوە گرەنتی باشی وەرگێڕان ناکات، بەواتایەکی تر مەرجی پێویستە بەڵام تەواو نیە و دەبێ هەمان زاڵ بوونە لە زمانی زگماکیش دا هەبێ، و ئەگەر سەبارەت بە ئاغای سرووش ئەم مەرجی دووهەمە راست بووایە رەنگە پێویست بە دووبارە وەرگێڕان نەبوویایە.

دووهەم: – دەقی وەرگێڕدراوی بەڕێز سرووش بە زمانی هەمووانی(ئارگۆ)یە کە لەڕاستی دا دەبێ بڵێین بە لەبزی تارانی‌یە نەك بە زمانی فارسی دەری، لە حاڵێك دا لە دەقی فەڕانسەیی کتێبەکەدا جگە ل یەك دوو شوێن دا کە چەند وەرزێر یا کرێکارێکی دێهاتی نەخوێندەوار لەگەڵ یەك دەدوێن زمان یان باشتر وایە بڵێم زاراوەی هەمووانی بە کار نەبراوە و روون نیە کە ئاغای سرووش بۆچی هەموو کتێبەکەی تووشی ئەو زاراوە ناحەزە کردووە؟

ناکرێ زاراوەی تارانی بە هاوشان و بەرامبەر بە زمانی شیرین و روونی فارسی دابنرێ، هەر وەك زاراوەکانی گیلەکی و مازەندەرانی و خۆراسانی و بلووچی و قەزوێنیش فارسی دەری، ئەو زمانە شیرین و کۆکراوەی کە زمانی رسمی وڵاتە، نین، ئەگەر شیرین زمانە نێودارەکانی وەك فێردەوسی و ناسر خۆسرەو و فەرخی و ئەنوەری و خەیام و نێزامی و مەولانا و سەعدی و حافز شێعر و دەقە نەمرەکانی خۆیان بەزاراوەی خۆماڵی و ناوچەیی خۆیان بنووسایە ئەمرۆ ئێمە لە بوونی ئەو هەموو خەزێنە بەنرخانەی ئەدەبی فارسی کە زمانی شیرین و ئاسایی هەموو خەڵکی وڵاتە بێبەش دەبووین.

سێهەم:–زۆرتر وشەکان بە دوو شێوەن: وشە کتێبی یا ئەدەبی‌یەکان کە تەنیا لە نووسین دا بە کار دێن و زۆر بە کەمی دەلوێ کە لە قسەکردنی کەسێك دا بێن. وشەگەلێکی کەم بەکارهاتووی وەك "نوشیدن" بە واتای بیستن و "اشامیدن"(خواردنەوە) بە واتای خواردنەوە و "تفته" (زۆرگەرم) بە واتای گەرم بوون و "خستوو" (دان پێدانان) بە واتای دان پێداهێنەر و هەزاران وشەی دیکەی لەم شێوەیەن. وشەگەلێکی دیکەی بەسوود کە لە وتووێژ و نووسینی‌دا هەر دووکیان بە کار دەبردرێن و زۆرتر وشەکانی جۆری دوایین کە لە زاراوەی تارانی دا سەر و گوێیان دەشکێنن و وەکو شتێکی سەر و گوێ هەڵپاچراوی لێ‌دەکەن کە بە "ئارگۆ"ی ناوزەد دەکەن، وەکو "می‌گویند" (دەڵێن) کە دەبێتە "میگن"

و "مذهب" (ئـايين) دەبێتـە "مصـب) و "مىايـد"(دێـت) دەبێتـە "ميـاد"، ئاغـاى سـرووش بێسەرنجدان بەم جياوازىيە و بێ ئەوەى لە بيرى بێت كـە دەكـرێ تـەنيا وشـەكانى جـۆرى دووهەم بە شێوەى سەروگوێلاك شكاو "ئارگۆ"ى لـێ بێ، هـەمان كـارى لـە گـەڵ وشـەكانى جۆرى يەكەميش كە تايبەت بە كتێبن و زمانێكى ناحەز و پێكەنينى درووست كردووە كە بـە بـڕواى زۆر كـەس نـە فارسـىيە و تەنانـەت نـە زاراوەى تارانىيـە، و زمـانێكى خودسـازى و دەسكردى تايبەتىيە كە كەمتر كەسێك سەر و دەرى لـێدەر دەكا و لێى تێدەگا.

چوارەم :- هەر وەك لە بەشى يەكـەمى ئـەم پێشـەكىيەدا بـاس كـرا دەقـى وەرگێـڕدراوى ئاغاى عەلى ئەسغەرى سرووش لـە رووى نووسـخەيەكەوە كـە دواتـر خـودى گـوركى دەسـتى تێوەرداوە و ئاڵوگۆڕى تێدا پێك هێناوە، هەر لەم رووەوە زۆربەى ئەو بەشانەى كە لە دەقـە وەرگێڕدراوەكەى ئاغاى سرووش دايە كە لە دەقى فەرانسەيىكەى من وەرم گێڕاوەدا نين، و بە پێچەوانە، لە دەقە وەرگێڕدراوەكەى منيش دا هێندێك بەشى تێدايە كە لە وەرگێڕانەكـەى بـەرێز سـرووش دا نيـە، و لـەوەڕا كـە ئـەو دەقـەى مـن وەرم گێـڕاوە بـە هـۆى ئيسـلاح و راستكردنەوەگەلێك كە خودى نووسـەر لـە باسـێكى پێشـكێش دا تێيـدا بـە جـێ گەيانـدووە خاوەنى متمانەيەكى زياتر، وەرگێڕانى دووبارە بە تايبەتى بە زمانى روونـى "فارسـىدەرى" نەك بە زاراوەكى تارانى، بێ كەڵك و زياد نابێت.

☐ لە وەرگێڕان دا زمانى سەرەتا(دەسپێك) گرينگترە يا زمانى ئامانج(مەبەست)؟ چونكە جارێكيـان لـە وتوێـژێك دا فـەرمووت لـە وەرگێـڕان دا هـەر هێنـدە تـەواوە كـە وەرگێـڕ تێگەيشتنێكى باشى لە بابەتى زمـانى سـەرەتادا هـەبێ، بـەڵام دەبـێ زۆر لـە زمـانى ئامـانج دا(زمانى زگماك) شارەزاتر بێت.

* تا ئەو شوێنەى لە ڕستەى پرسيارەكەت دا روونە مەبەست لە زمانى سەرەتا ئـەو زمانەيـە كە وەرگێڕ لەوىيەوە وەرگێڕان دەكا و زمانى ئامانج و مەبەسـت لـە هـەمان زمـانى زگمـاكى وەرگێڕە كە وەرگێڕ رستەى زمانە دەرەوەيىيەكە دەكاتە ئەو زمانە. و ئەو كات گۆيا لە من دەپرسى كە بە بڕواى من لە نێوان ئەم دووانـەدا كاميـان گـرينگترە و تەنانـەت ئامـاژەت بـە قسەيەكم لە وتوێژێك دا كرد و لە لايەن منەوە نووسيوتانە كـە وەرگێـڕ لـە زمـانى سـەرەتادا

ئەوەندە بەسە کە بە باشی لە بابەتەکە تێبگات بەڵام زیاتر لە زمانی مەبەست (ئامانج)دا واتە زمانی زگماکیدا شارەزا بێت.

لەو ڕەهەندەوە ئەو قسەی من ڕاستە کە وەرگێڕ لە پێناو زمانی سەرەتادا جگە لە تێگەیشتنی درووستی قسەیەك کە تێبگات مەبەستی نووسەر چیە ئەرك و بەرپرسایەتی‌یەکی نیە بەڵام دەبێ لەو لایەنەوە لە زمانی مەبەست دا شارەزا بێ کە ڕستەی دەرەوەیی بە داڕشتنێکی ڕەسا و ڕەوان و درووستەوە لە بوواری زمانەوانی‌یەوە بێنێتە سەر زمانی فارسی(مەبەستی زمانی زگماکە).جوانی وەرگێڕان بە مەرجی درووست بوون کە تەنیا پێوەندی بە تێگەیشتنی درووستی زمانی سەرەتاوەیە پێوەندی بە ڕەسایی و ڕەوانی‌یەکەیەوە کە هۆی شارەزابوونی وەرگێڕ لە زمانی مەبەست واتە زمانی زگماکی دایە و دەبێ وەرگێڕان هێندە ڕەسا و درووست بێ کە خوێنەر شك لەوە نەکا ئەوەی دەیخوێنێتەوە وەرگێڕانە.

☐ بۆ وەرگێڕانی ڕۆمان چ ئامادەکاریەك پێویستە؟

*زۆرتر بۆ وەرگێڕانی هەر بابەتێك ئەگەر وەرگێڕ لەو بابەتەدا شارەزایی‌یەکی تەواوی نەبێ وەرگێرانەکەی درووست نابێت و تەنانەت دەکرێ بڵێین کە ناتوانێ وەرگێڕیش بێت. بۆ وێنە ئەگەر کتێبێك کە دەبێ وەرگێڕدرێ پزیشکی بێت ئەوە ڕوونە کە تەنیا پزیشکێك لە گەڵ زاراوە و خاڵە زانستی‌یەکان خۆی شارەزایە و دەتوانێ ئەوە وەرگێڕێ و کەسێك کە پزیشك نەبێت یان لە گەڵ زاراوە و وشەکانی پزیشکی ئاشنا نەبێت بێگومان ناتوانێ ئەو کتێبە وەرگێڕێ. هەر ئەم مەسەلەیە دەربارەی مەسەلەکانی ئەندازیاری، پیشەسازی، بازرگانی، یاسایی یا بابەتەکانی‌تریش هەر بەو شێوەیەیە و وەرگێڕی کتێبێك لەو بوارەدا دەبێ زاراوە و زانیاری تاکەکەسی و بە تایبەتی پێوەندی‌دار بەو بووارە بزانێ دەنا یا ناتوانێ وەریگێڕێ و یان ئەگەر وەریشی‌گێڕێ کارەکەی کەم و کوڕی و ڕەخنەی زوری لە سەر دەبێ و سوودی لێ وەرناگیرێ.

ئەو تێبینی‌یانە سەبارەت بە وەرگێڕانی ڕۆمانیش درووستە بەو واتایە کە ئەگەر وەرگێڕ خۆی ڕۆماننووس نەبێت دەبێ زۆری ڕۆمان خوێندبێتەوە و دەبێ لە سەر گەلێك شێوازی

داڕشتنی ڕۆماننووسە دەرەوەیی‌یەکان شارەزا بێت بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو وردەکاری و ئەو شیرین زمانی‌یانەی نووسەر لە وەرگێڕانە فارسی‌یەکەدا نیشان . پاراستنی لەبزی نووسینی ڕۆمانی دەرەوەیی لە وەرگێڕانی فارسی‌دا یەکێك لە مەرجەکانی سەرکەوتنی وەرگێڕ لە وەرگێڕانەکەی دا دەژمێردرێ.

☐ رای تۆ سەبارەت بە وەرگێڕانی شێعر چیە؟ ئایا شیمانە و ئیمکانی هەیە؟ و ئایا بەڕاستی دەکرێ کەش و هەوای دەروونی شاعیر بگوێزرێتەوە سەر زمانی مەبەست؟ ئەستەمی‌یەکانی وەرگێڕانی شێعر چیە؟ بۆ وێنە وەرگێڕانی حافز بۆ زمانی فەرانسەیی بە نموونە بێنینەوە، بە سەرنج دان بەوە کە فەڕانسەیی‌یەکان نزیك بە ٢٢٠ ساڵ لەمەوبەر ناو و شێعری حافزیان ناسیوە بەڵام لە وەرگێڕانی غەزەلیاتی حافزدا"کلام لسان الغیب" تا هەنووکەش ناکامن و سەرنەکەوتوون. ویلیام جونز(١٧٧١)، ڤێنسان مۆنتی، شارێل دۆڤیلە، ئارتورگی و نیکل لە وەرگێڕەکانی دیوانی حافزن. بۆ وێنە:"دل صنوبریم همچو بید لرزان است، ز حسرت قد و بالای چون صنوبر دوست".

Le pin fut moins haut que moncoeur, Apre,sent a usau le Semblable pour cet obje incomparable il tremble d,emoureuse ardeur ئەوە وەرگێڕانی "ویلیام جونزە"ە کە خۆی لە پێشڕەوانی وەرگێڕانی چوارێنەکانی حافزە بە فەڕانسەیی — لە چاو قسەکەی حافزەوە تەواو بێ واتایە، بە بڕوای من ئیمکانی ئەوە نیە کە سۆز و کەشی شێعری حافز وەربگێڕدرێ!

*بژی! بەڵام پێوەندی بەو شێعرەشەوەیە کە دەبێ وەرگێڕدرێ؟ زۆرتر ئەوەندەی کە ڕۆژئاوایی‌یەکان لە شێعرەکانی ئێمە ڕۆژهەڵاتی بە زمانی خۆیان وەردەگێڕن ئێمە بەو ڕادەیە شێعری ئەوان وەرناگێڕین و هۆی ئەم کارە ئەوەیە کە ئێمە لە هەموو بوارێکەوە واتە لە ڕووانگەی زانست و پیشەسازی و داب و نەریتی ژیان و بیروباوەڕ و هتدەوە لەوان لە دواین و لە بەرامبەردا بێ هیچ ئەم لا و لایەك لە بواری شێعر و شاعیری و وردەکاری فکری و ئەدەبی‌یەوە لەوان پێشکەوتووترین . لە هیچ وڵاتێکی ئەورووپایی یا ئەمریکایی شاعیرانێکی وەك فێردەوسی و خەیام و سەعدی و حافز و هتد نادۆزینەوە و لە ئەدەبییاتی ئەوان دا هیچ

کـات نـاکرێ هێنـدێك کتێبـی وەك شـانامە، خەمسـەی نیزامـی، گوڵسـتان و بووسـتان، چوارینەکانی خەیام و دیوانی حافز پەیدا بکرێ. هـەر بـەم شـێوەیە شـاعیر و نووسـەری بـە ناوبانگی ئاڵمانی کە بە هۆی ئاشنایی لە گەڵ زمانی عەرەبی لە گەڵ شاعیری خۆشەویست و ناوداری ئێمە حافز ئاشنا ببوو، هێندە ئۆگری حافز بوو کە ئەوی بە گەورەترین شاعیری دنیا دەزانی (و ڕاستیشی کرد) و بە لاسایی لە دیوانی شێعری حـافز کتێبێکـی شـێعری بـە نـاوی "دیوانی رۆژئاوا" هۆنیوەتەوە کە من بە وەرگێڕانی هێندێك لە شێعرەکانی پێم وایە نە تـەنیا لە گەڵ دیوانی جوانی حافز هەڵناسەنگێندرێ بەڵکو لە ئاست ئەودا لە خوارتر و نزمترە.

بەڵێ، لە وەرگێڕانی شێعرەکانی ئێمە بە هۆی ئەوان دەبێ بزانین مژار و بابەتی شێعرێك کـە بۆ وەرگێڕان دانراوە چیە. ئەگەر بابەتەکەی شێعر چیرۆکی بێ، وەکو شانامەی فردەوسی یا خوسەر و شیرین و لەیلی و مەجنوونی نیزامی یا ئەسکەندەر نامـە و چـیرۆکە شـێعرەکانیتر ئیمکـانی وەرگێڕانیـان هەیـە هەرچـەندە وێدەچـێ وەرگێـڕ نـەتوانێ ئـەو وردەکارییـە فیکرییانەی ناو چیرۆك بە شێوەی بەتام و شیرین، هـەر وەك لـە دەقـە بنەڕەتییەکـەدا بـە زمانی خۆی وەرگێڕێ.

ئەگـەر بابـەتی شـێعر جـوانی ئـەدەبی و فیکـر و هـزری هـەر وەك ژانـی ئـەوین و ڕەنجـی کۆچکردن و نازی دڵدار و هتد بێ وەرگێڕانی بۆ زمانێکی دیکە هـەرگیز ئـەو جـوانی و چـێژە تایبەتی و بنەڕەتییەی دەقەکە نابێ و هەر بۆیە هەتا کەسێکی دەرەوەیـی بـە شـێوەیەکی درووست لە گەڵ زمانی فارسی ئاشنا نـەبێت لـەو جـوانی و تـام دار بـوونی سـەعدی و حـافز تێناگا و بە وەرگێڕان ناتوانێ ئەو چێژە کە لە دەقە بنەڕەتییەکە وەردەگیرێ بگەیەنێ.

شاعیر و نووسەرێکی تورك بە ناوی "نازم حیکمەت" وێنەیەکی جوانی لەم بارەوە هەیە کـە دەڵێ ئەو وەرگێڕانەی لە شێعرەکانی رۆژهەڵاتییەوە بۆ زمانی رۆژئاوایی وەردەگێڕن. وەکـو ئەوەیە کـە بیانهـەوێ راوی باڵنـدە و مەلـە خـۆش گۆشـتەکانی رۆژهـەڵاتی بکـەن و چـێژ لـە کەبابەکەیان وەرگرن". بـەڵام ئەوانـە دەبـێ بـزانن کـە شـاعیرانێکی وەك حـافز و سـەعدی و خـەیام و غـەزەل بێژانیدیکـە وەك بولبـوول یـا مەلـە خـۆش ئاوازەکـانی دیکـەن و تـەنیا ئاوازەکەیان تام دار و خۆشە و بە راوکردنیان لە رێگای وەرگێڕانـەوە هـیچ گۆشـتێکیان لـێ

دەست ناکەوێ کە مەبەستەکەیان دابین بکا. بە کورتی، شاعیرانێکی وەك حافز و هتد وەرناگێڕدرێن و دەبێ تەنیا بە زانینی زمانی فارسی چێژ لە دەقی شێعرەکانیان وەرگیردرێ.

*بە سەرنجدان بەوە کە هەموو زمانێك وێنەی جۆراوجۆری لە راستی و کەتوارەکانی جیهانی دەرەوە دەداتە دەست، لە وەرگێڕان دا هەمیشە رووبەڕووی دوو شێوە راوێچکە و جیهانبینی دەبینەوە، دەبێ وەرگێڕ بۆ ناسینی لایەنە کولتووریەکانی زمانێك چ کارێك بکات؟ بۆ وێنە: هێندێك جار لە وەرگێڕان دا، وەرگێڕ تووشی زاراوە و دەستەواژە یا واتا و تەنانەت وشەیەك دەبێ کە تەنیا وێنەیەکی تایبەتی لەو زمانەدا هەیە و بەشێکی کولتووریە و لە زمانی زگماکیدا هاوشێوەی ئەو بوونی نیە، رێگاچارە بۆ ئەم گرفتە چیە؟ بە شێوەیەك کە مژار و بابەتەکە دارێژراوی نووسەرە لێی تێبگات و دەقاودەق بۆ زمانی مەبەستی وەرگێڕێ و ئەم وێنایەش لە خوێنەردا پێك بێنێ.

*بەڕاستی پرسێکی زۆر ناروون و بێواتایە. هەڵبەت رەنگە بیرورای نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە رەهەندی دنیابینیەوە لە گەڵ یەکتری جیاواز بێ و هەر ئەم دیدی دنیابینی ئێمەی موسڵمانانی رۆژهەڵاتی لە گەڵ دید و روانگەی دنیابینی رۆژهەڵاتیە خاوەن شارستانییەتەکان یەك نیە. روانگەی جیهانبینی رۆژئاواییەکان لە گەڵ ژیان و ئیمکانەکانی ئەم جیهانە دەگونجێ و دیدی دنیابینی ئێمە لە گەڵ جیهانێکی دیکەش کە پاش مردن هەیە دەگونجێ و پێوەندی بەویەوەوەیە کە بڕوامان پێیەتی. بەهەر حاڵ وەرگێڕ خاوەنی هەر بیروبۆچوونێك بێ لە وەرگێڕانەکەی خۆیدا تەنیا شێوەی روانگەی بیر و باوەڕی نەتەوەی نووسەرمان بۆ وەردەگێڕێ. بەڵام ئەوە کە لەو زمانەدا شتێك هەبێ کە هاوشێو(هاوتا)کەی لە زمانی فارسی (زگماکی)دا نەبێت ئەوە ئیدی شتێکە کە من خۆم تا ئێستاکەش لە گەڵ شتی وا ڕووبەڕوو نەبوومەوە و گریمان شتی وا هەبێت وەرگێڕ دەبێ دەقی ئەو خاڵە لە زمانی فارسی دا بێنێتەوە و لە پەڕاوێزدا شی بکاتەوە کە هاوتای ئەو وشەیە لە زمانی فارسیدا نیە و تەنیا لە پەڕاوێزدا لە سەر بایس مەبەستەکەی بدوێ.

□ تا چ رادەیەك چوون بۆ كەش و فـەزای زمانێـك و ئاشـنایی و پێوەنـدی راسـتەوخۆ لـە گەڵ كولتووری كۆمەڵگا و داب و نەریتی ئەو دەتوانێ باندۆر (كاریگەری) لـە سـەر وەرگێـڕان دا هەبێ؟

* لە وڵامی پرسیارەكانی پێشوودا گوتم ئەو كەسانەی زمانی دەرەوەیی لە ناو ئـەو وڵاتـەی كە بەو زمانە قسە دەكەن فێردەبن، ئاشـنا بوونیـان لـە گـەڵ وردی و وردەكـاری ئـەو زمانـە دەرەوەییە تا ئاستێك زۆر دەبێ كە تاڕادەیەك بە ڕادەی زمانی زگماكی خۆیان لە گەڵ ئەو زمانە ئاشنا دەبن و لەم شێوەیەش دا ئاشكرایەكە گرفتـەكانیان لـە وەرگێـڕان دا زۆر كـەمتر دەبێ لە وەرگێڕانـەی كـە لـە گـەڵ ئـەو وڵاتـە نائاشـنان و هـەرگیز یـا سـەفەریان بـۆ ئـەوێ نەكردووە و لەوێ نەژیاون و یا ئەگەر سەریشـیان لـەوێ دابـێ كـاتی و بـۆ ماوەیـەكی كـورت بووە.

كەواتە خوێندنی زمانی بێگانە لە خودی زمانی ئەو وڵاتەدا مرۆڤ بەڕادەیەك لـە گـەڵ زمـان و داب و نەریت و كولتوور و نەتەوەكەی ئاشنا دەكا تا ئەو ئاستەی ئەو بێگانەییـەی لـە نێـو دەچێ و وەرگێڕان دەقگەلێك لەو زمانەوە بۆ وەرگێـڕ بەڕادەیـەك سـانا و هاسـان دەبـێ كـە وەك بڵێی لە زمانی خۆییەوە وەرگێڕان دەكا. چەندەش باشە ئەگەر ئەو وەرگێڕانەی كە لە هەمان سەرەتای لاوێتییەوە دەیانهەوێ لە زمانی ئینگلیزی یا فەڕانسـە یـا ئاڵمـانی یـا هـەر زمانێكی دیكە رۆژئاواییەوە ببنە وەرگێڕێكی باش، بچنە ئەو وڵاتە و ماوەیـەك لـەو وڵاتـەدا بخوێنن و ئەو زمانەی لەبەر چاو گیراوە باشتر و كاملتر فێر ببن.

□ لە نێوان شێوازەكانی وەرگێڕان دا، ئەستەمترین شێوە وەرگێڕانی ئەدەبییە، ئایا هەر لە بنەڕەت دا وەرگێڕان پێوەندی بە زانست و زاڵبوون بە سەر زمانەوە هەیـە یـان ئـەوە كـە پێوەندی بە زەوق، مرخ و لێهاتوویی وەرگێڕیشەوەیە؟

*هەر وەك بەڕێزیشت باسـت كـرد بەڕاسـتی لـە نێـوان شـێوەكانی وەرگێـڕان دا، وەرگێڕانـی ئەدەبی لە هەمووان ئەستەمترە. چونكە چێژ و جوانی و وردەكارییەك كە لە شرۆڤە و خاڵـە ئەدەبییەكان دا هەیە لە بابەتەكانی تێكنیكی و زانستی و پیشەسازیدا نیە. بەڵام پرسیارە

زور جوان و سەیرەکەی تۆ کە ئایا وەرگێڕان لە بنەڕەت دا پێوەندی بە زانست و زاڵبوون ب سەر زمان دا هەیە و یان پێوەندی بە زەوق و مرخ و لێهاتوویی وەرگێڕیشەوەیە؟
ئەوەپرسیارێکی زۆر باش و فێریارە و لە ولام دا عەرزت دەکەم کە بۆ وەرگێڕێکی باش دوو مەرج پێویست و بەسە: مەرجی پێویستی بەرادەی پێوەیست شارەزابوون لە سەر ئەو زمانەیە کە وەرگێڕانی پێ دەکرێ و بە زمانی زگماکی کە دەقی بێگانەی بۆ وەرگێڕدرێ. ئەوانە مەرجی پێویستن بەلام تەواو نین و کاتێك ئەم هەل و مەرجە تەواو دەبێ کە وەرگێڕ زەوق و سەلیقە و مرخ و لێهاتوویی سەرقالبوون بەم کارەش هەبێت. زۆر کەس لە زمانە بێگانە و بیانیەکان دا زۆر شارەزان بەلام بە هیچ شێوەیەك زەوق و مرخ و سەلیقە و لێهاتوویی وەرگێڕانیان نیە و ئەگەر دەست بۆ ئەم کارەش ببەن بە شێوەیەکی پێکەنینی و گالتەجاڕانەوە دەیکەن.
وەرگێڕ دەبێ زەوقی داڕشتنی رستە فارسیەکانی لە وەرگێڕان دا بە شێوەیەکی تەواو و کامڵ هەبێ، شێوازی نووسینەکان لە یەکتر جیابکاتەوە و هەموو کارەکانی یەکشێوە نەبێت. بۆ وێنە هەر ئەوەندە بەسە کە بلێم وەرگێڕانی "دۆن کێشۆت"ی من لە گەڵ "نان و شەڕاب" و لە گەڵ" شازادە بچکۆلە"، هەر سێکیان لە گەڵ یەك جیاوازن و هیوادارم ئەم نموونەیە نەبێتە هۆی خۆویستی.
*پێویستی وەرگێڕانی ئەدەبی بۆ کۆمەلگا جۆراوجۆرەکان چیە؟
 بە بڕوای من ژیانی مرۆڤەکان لە سەر دوو کۆڵەکە راوەستاوە: زانست و هونەر. ئەرکی زانست چاکسازی بەخشین بە ژیانی ماددی مرۆڤە و ئەرکی هونەر بردنە سەری ئاستی ژیانی نادیار(معنوی)یەتی. زانستی پزیشکی و فیزیك و شیمی و مێعماری و هەموو زانستەکانی دیکە ئامراز یا چەمك گەلێکن بۆ خەباتی مرۆڤ لە گەڵ سرووشت و بۆ رێك و تەخت کردنی نارێکیەکانی بە مەبەستی ژیانی ئاسوودەتر و هاسانکاری ژیانی سەردەمی کورتی زیندوومان و ژیانە. بەلام لەوەڕا کە پێویستیەکانی مرۆڤ تەنیا بە دابین کردنی پێویستیە ماکەییەکانی ژیان پاوەند ناکرێ و مرۆڤ پێویستی بە چێژ وەرگرتن لە جوانیەکانی نادیاری سرووشتیش بۆ کۆکردنەوەی دلێنایی و گیان و بیری خۆی هەیە، و رووگەی ئەم

جوانی‌یە لە هونەردایە کە بە شێوەی ئەدەبییات دا بریتـی لـە شـێعر و دەق و شـێوەکاری و مۆسیقا و پەیکەرسازی و هونەرەکانی دیکە رەنگدانەوەی هەیە، ناچار پاش دابین کردنی پێداویستی‌یە ماددی‌یەکانی بەکەڵك وەرگرتن لە هاسانکاری‌یەکانی زانستی خەریکی دابین کردنی پێداویستی‌یە نادیارەکانی خۆی دەبێ. و بە هۆی ئەوە کە زمانەکان و بیرۆکە و شێوەی تێگەیشتنەکان لە جوانی‌یەکانی ژیان و سرووشت لە روانگەی خێڵ و نەتەوە جۆراوجۆرەکانەوە جیاوازە، مەجبوور، هەر نەتەوەیەك هەستی خۆی لە سەر جوانی‌یەکان و وردەکاریەکانی ژیان و بەزمانی تایبەتی خۆی دەردەبڕێ کە نەتەوەکانی دیکە جگە لە رێگای وەرگێڕانەوە لێی تێناگەن و هەر ئەم کارەیە کە پێویست بوونی وەرگێڕان دەسەلمێنێ. تەنیا لە رێگای وەرگێڕانەوەیە دەتوانین پەی بە جوانی‌یە فیکری‌کان ببەین و لەبزی هونەرمەندان و شاعیران و ئەدیبان و دەقنووسان و مامۆستایانێکی گەورەی وەك سەعدی و حافز و هۆگۆ و شکسپێر و دانتە و گوتە و تۆلستۆی و هەمینگوای و ئەدیبە گەورەکانی‌تری نەتەوە جۆراوجۆرەکان ببەین و تەواو.

بۆیە وەرگێڕانی بابەتە زانستی‌یەکان هاسانە چونکە بنچینە و چەمکگەلی زانستی بە لای هەموو نەتەوەکانەوە یەکە وهەر ئەوەندە بەسە کە بە زمانی خودی ئەو نەتەوەیە بزانرێ. بەڵام شێوەی تێگەیشتن و وەرگرتنەکان لە جوانی بە لای نەتەوە جۆراوجۆرەکانەوە جیاوازە و هەر بۆیە هۆی شێوەگرتنی هونەر لە روانگەی ئەوانەوە جیاوازە و وەرگێڕانی ئەو دەرك و هەستگەلە ئەستەمترە، و هەر بۆیەش زمانی ئەدەبییات لە گەڵ زمانی زانست زۆر جیاوازە و پڕە لە جوانی و زەوق و چێژ و وەرگێڕانی دژوارتر و ئەستەمترە.

*ئایا وەرگێڕان درێژە بە پێکناکۆکی‌یە کولتووری‌کان دەدا، یان رێگایەکە بەرەو لاڕێ —یا رێگایەکە بەرەو جوانی رۆح و گیانی مرۆڤ؟

☐ بە بڕوای من پرسیارەکە تاڕادەیەك ناروونە. ئەگەر مەبەست لە دژایەتی‌یە کولتووری‌یەکان جیاوازی تێگەیشتن لە چەمکەکانی ژیان و لە راستی‌یە بنچینەیی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانە، ئاشکرایە وەرگێڕانی بابەتگەلێك لە بنچینەکانی ژیانی نەتەوەی نووسەر کە لە گەڵ بنچینەکانی ژیانی نەتەوەی وەرگێڕ جیاوازە، درێژە بە ناکۆکی و

جیاوازی فیکری نێوان ئەو دووانە دەدات، بەڵام خودی ئەو جیاوازیە گرینگ نیە بەڵکو ئەوە گرینگە کە مرۆڤ تێبگات لە نێوان بنچینەکانی ژیان و بیروباوەڕی فیکری و نادیاری ئەو دوو نەتەوەی نووسەر و وەرگێڕە کامیان درووست ترە و لە راستی نزیکترە و یا بە واتایەکی دیکە لە هاسانکاری ژیان و هەڵسەنگاندنی لە گەڵ یەکسانی و ویژدان و مرۆڤایەتی کاریگەردارترە.

مەسەلەی ڕێگایەك بەرەو لاڕێ تەواو روون نیە مەبەست لە چیە، ئەگەر مەبەست سەرلێشێواندنی خوێنەرانی ئەو وەرگێڕانەیە ئەوە پێوەندی بەو مەسەلەیەوەیە کە چەمکەکانی دەقی وەرگێڕدارو نادرووستتر و لە چەمکگەلی ژیانی نەتەوە یا کۆمەڵگای وەرگێڕ بێ، و ئەو کات نابێ بە هیچ شێوەیەك وەرگێڕ دەست بۆ وەرگێڕانێکی ئەوتۆ ببات و سەر لە خوێنەران بشێوێنێ. بەڵام مەسەلەی "ڕێگایە بۆ ئیستاتیکای گیانی مرۆڤ بوون" زۆر سەبارەت بە وەرگێڕانی ئەدەبی درووستە، چونکە ئاشکرایە هەر نەتەوەیەك خۆی خاوەنی هێندێك جوانی سرووشت و جوانی ژیانی سەلیقە و مرخی تایبەتیە و جوانی تایبەت بە زمانی خۆی لە دەربڕینی ئەو تێگەیشتنەدا بە کار دێنێ. و هەڵبەت وەرگێڕانی ئەو جوانی و وردەکاریانە یارمەتی زمانی وەرگێڕ ل گەڵ زەوق و هونەر ناسی بۆ جوانکاری رۆح و گیانی نەتەوەکەی دەدا.

□ تا چ ڕادەیەك کاریگەری پۆزەتیڤی وەرگێڕانی ئەدەبیات دەتوانێ بەر بڵاوبێت؟

*بەرهەمی ئەدەبی هەرە نەتەوەیەك تا ڕادەیەکی زۆر نیشاندەری بنچینە و بنەمای ژیانی ئەو نەتەوەشە و ئاشکرایە ئەگەر بنچینە و بنەما لە هەمبەر بنچینە و بنەمای قەبووڵکراوی نەتەوەی وەرگێڕ لە ئاستێکی دواکەوتووانەتر و سەرەتاییتردا بێت وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەو نەتەوەیە لە سەر تاکەکانی نەتەوەی وەرگێڕ کاریگەری نێگەتیڤ دادەنێ. و بە پێچەوانە هەر کات نەتەوەی نووسەر لە بواری بنەمای کۆمەڵاتی و سیستمی ژیانەوە لە ئاستێکی بەرزتر و پێشکەوتووتردا بێت، وەرگێڕانی بەرهەمەکانی لە سەرتاك و کەسەکانی نەتەوەی وەرگێڕ کاریگەریەکی پۆزەتیڤی دەبێ. رادەی ئەم کاریگەریانە، بریتی لە پۆزەتیڤ و

نێگەتیڤی، پێوەندی بە پانتایی داوێنەی ئەو وەرگێڕانانەوەیە کە لەو دوو شێوە بنچینەی ژیانەوە دەکرێ.

*بە سەرنجدان بەوە کە "هیچ وەرگێڕێك ناتوانێ کەسایەتی خۆی بە تەواوی لە کارەکەی دوور ڕاگرێ، مەجبوور لە سەر بایەخەکانی هەستی وەرگێڕ کاریگەری دەبێ و بەڕادەی خۆی رەنگ لەم بایەخانە وەردەگرێ."بیرورای تۆ چیە؟ وەك بۆ کتێبی زۆربای یونانی کە گوتبووت" دەبوو لە سەر بەرگەکەیان بیانووسیبایە وەرگێڕانی زۆربای یۆنانی لە لایەن زۆربای ئێرانی"یەوە.

*بەو شێوەیەی من لە هەموو نێوەڕۆکی پرسیارەکەت تێگەییشتم تۆ ئەم پرسیارەت لە رووی رستەیەکەوە داڕشتووە کە من جارێکیان لەبارەی کتێبی "زۆربای یونانی"یەوە نووسیبووم: باشتر وابوو لە سەر بەرگی کتێبی زۆربای یۆنانی لە جیاتی "وەرگێڕانی محەممەدی قازی" بیاننووسیبایە:"وەرگێڕانی زۆربای ئێرانی" و لەبەر ئەوە ئەو رستەیەم گوتووە کە لە پێشەکیدا نووسیبووم منیش لە سەردەمی لاوی دا هێندێك شەیتانی و جرپنی و هونەر نوێنی وەك کارەکانی زۆربای یۆنانیم هەبوو و بۆ گاڵتە و شۆخی نووسیبووم یا گوتوومە:"کتێبی زۆربای یۆنانی بۆ وەرگێڕانی زۆربای ئێرانی" ئەو شتە تەنیا شۆخیەکی زیرەکانە و تێکەڵ بە وردبێژیە دەنا قسەکە سەبارەت بە کەسایەتی خودی وەرگێڕ لە لایەن خۆی یا لە لایەن خوێنەرەوە هیچ پێوەندیەکی بە وەرگێڕانەوە نیە، تەنیا دەقی وەرگێڕدراو و چوونایەتی ئەو رووانگەی هونەری و تێکنیکی وەرگێڕانەکە نیشان دەدا، ئایا کەسێتی وەرگێڕ لەم پیشەدا کەسێتیەکی بەرزە یان نا؟ کەسێتی وەرگێڕ لە رەهەند و رەهەند و لایەنەکانی دیکەوە لە وەرگێڕان دا پێوەندی بە وەرگێڕانەوە نیە و هەر لە بنەڕەت دا باسەکە دەربارەی ئەو ولە دەرەوەی چوارچێوەی باس کردن دەربارەی وەرگێڕانەوەیە.

من ئەو کتێبەم لەبەر هاوشێوەییەکی سەیرو سەمەری گیانی وفیکری و خوورەوشتیانە کە لە گەڵ پاڵەوانی کتێبی زۆربای یۆنانی هەمبوو، وەرگێرا. لە ساڵی ١٣٥٦ کە لە ناوەندی پەروەردەیی فیکری کارم دەکرد هاورێی خۆشەویست و زانام بەڕێز دوکتور کورشی کاکەوان هاوکاری دادوەریو پارێزەری شەڕ و تێکەچوونەکانی ناوەند، بۆ وەرگێڕانی ئەو کتێبە

هێنـدەی هانـدام تـا دواجـار سـەرقاڵی بـووم و وەرگێڕانەکـەم لـە سـاڵی ١٣٥٧، لـە مـانگی سەرماوەزدا، هەر لە لایەن چاپەمەنی "خوارزم"ەوە، بڵاوکرایەوە.

کاکەوان یەکێك لە هاندەرە بەهێز و باشەکانم بۆ وەرگێڕانی کتێبی "زۆربـای یۆنـانی" بـوو. بە هۆی بوونی دوو وەرگێڕانی دیکە بیانووم دێنایەوە و ئەو کارەم بە کارێکی زیادە دەزانی، بەڵام کاکەوانی خۆشەویست پێی لە سەر دادەگرت و دەیگوت"زۆربای یۆنانی" بە وەرگێڕانی محەممەدی قازی دەبێتە شتێکیتر، ئەگەر وەها وەرگێڕانێك بێتە ناو بـازاڕەوە دووکـانی دوو وەرگێڕانەکەی دیکە دادەخرێ.

☐ رای تۆ دەبارەی وەرگێڕانە دووبارەیی‌یەکانی بەرهەمێکەوە چیە؟

*رەنگە بەرهەمێك زۆرجار بە شێوەی جۆراوجۆر وەرگێڕدرابێ کە ئاشکرایە زمان و پێنووسی دوو وەرگێڕ لە گەڵ یەك جیاوازن و هەر کام لە وەرگێڕەکان هێز و دەسەڵاتی خۆی لە بوونی پیتێکی نوێ لە وەرگێڕانێکی نوێدا دەردەخـەن، کـە دووبـارە ئەفرانـدن(زیندووکردنـەوە)ی بەرهەمێکە. بۆ وێنە رەنگە ژمارەیەك لە کتێبەکانی منیش پێشتر وەرگێڕدرابن وەکو: کتێبی تێلمـاك(Tele,maque)، باسـی ئـەم کتێبـە لـە کۆتایی‌یـەکانی سـەردەمی قاجاڕیـیە بـە جارێك بە شێوەی وەرگێڕانی ئازاد بە فارسی و بە شێوازی داڕشتنی ئەو کات وەرگێڕدراوە و لەم دواییانەدا جگە لە من دوو کەسی دیکە وە، بەڵام لە نێوان ئەم چوار وەرگێڕانـەدا کـاری کاممـان باشـترە؟ ئـەوە ئیـدی پێوەنـدی ئیـدی پێوەنـدی بـەزەوق و مرخـی خوێنـەرانی خۆشەویسـتەوەیە، و مـن تـەنیا دەڵـێم لـە وەرگێڕانـی کتێبەکـەدا بـە چ شـێوەیەك شـێوازی نووسینی نووسەرم پاراستووە و ئینشایەکی گونجاو لە گـەڵ دەقـی داڕێـژراوی "فرانسـوا دو سالنيياك دوو لاموت فێلن"ی فەڕانسەیی لە وەرگێڕان دا بە کار هێناوە، ئەم وەرگێڕانـە بـە یەکێك لە کارە باشەکانی خۆم دەزانم رەنگە ناڕەزایەتی لە وەرگێڕانی دووبارەیی کـاتی ببـێ کە دوو رستە وەك یەك و کۆپی یەکتری بن یا کردار و بکەر گۆڕدرابێت کە بێشـك کارناسـێك دەتوانێ بە هاسانی دیاری بکات.

□ به بڕوای تۆ دەکرێ بڵێین دەقێك یا رستەیەك هەیە کە ناکرێ وەرگێڕدرێ؟ بۆچی؟ بە بڕوای تۆ ئایا وەرگێڕ دەتوانێ بە شێوەی ١٠٠٪ وەرگێڕان بکا؟ یان ئەوەی کە تەنیا دەتوانێ مەبەست و گیانی بابەتەکە بگەیەنێ و واتا و ماناکەی بگوێزێتەوە؟

*من لە ماوەی تەمەنم دا کە لە وەرگێڕان دا تێپەڕم کردووە تا ئێستاش تووشی دەق یا رستەیەك نەبوومەوە کە لە ڕەهەندی واتاییەوە نەکرێ وەرگێڕدرێ. هەڵبەت تووشی رستەگەلێك نەبووم کە لە ناروونی وشە یا واتایەك لەو مانایەی ئەو تێنەگەیشتبم، و تەنانەت ئەو وشەیەم لە لارووسی گەورەدا نەدۆزیبێتەوە و ناچار بە پرسیار و گەڕان وەدوای درك و تێگەیشتنی واتاکەی سۆراغی مامۆستایانم کردووە و پرسیارم لەوان کردووە. بەڵام ئەگەرچی بەم پرس و رایەش مانای وشەکەم بۆ روون نەبووبێتەوە بە گومان کردن لە مەبەستی نووسەر خۆم واتایەکم بۆ داتاشیوە و بە شێوەیەك رستەکەم پێکهێناوە کە گیانی دەقەکە بگەیەنێ، واتە راست بە پێی هەڵس و کەوتەکەی تۆ کار کردووە.

□ لە زۆر کات دا کە دەقی زمانی سەرەتا بەرچەسپی "وەرناگێڕدرێ"ی لێ دەدرێ، تەنیا رێگا چارەی وەرگێڕان، وەرگێڕانی ئازادە، رای بەڕێزت چیە؟

*هەر وەك لە سەرەوە عەرزم کردی تا ئێستاش تووشی دەقێك نەبووم کە بتوانرێ بەرچەسپی "وەرناگێڕدرێ"یی لێ بدرێ. هەڵبەت هەر وەك لە سەرەوە باسم کرد ئەگەر نەتوانم مانای وشە یا واتاگەلێك کە ناڕوونە و لە فەرهەنگی وشەش دا نیە بدۆزمەوە هەر وەك باس کرا بە گومان کردن لە مەبەستی نووسەر و یان بە پێی پێشنیاری تۆ، کە وەرگێڕانی ئازادە، دەکرێ تاڕادەیەك گرفتەکە چارەسەر بکرێت.

□ رات دەربارەی وەرگێڕانی تایبەتی چیە؟ واتە وەرگێڕ لەو بوارەدا کە پسپۆڕە وەرگێڕان بکا و تەواو، بۆ وێنە ئەژمێرزانێك تەنیا وەرگێڕانی ئەژمێری بکات و یان ئەدیبێك تەنیا وەرگێڕانی ئەدەبی و شێعری بکا، و تانەت دوکتور ئەبولحەسەنی نەجەفی دەڵێ:" وەرگێڕی کتێبێکی فەلسەفی هەر چەندە کە بە سەر زمانی سەرەتا و مەبەست دا زاڵ بێ ئەگەر بۆ خۆی فەلسەفەزان یا بەواتایەکی واتایەکی وردتر زاراوەزانی (فەلسەفی) نەبێت ناتوانێ وەرگێڕان بکا".

*بەڕێزت لەم پرسیارەت دا رستەیەکی سەیرت لە ئاغای دوکتور ئەبولحەسەنی نەجەفی گێڕایەوە کە وەرگێڕی کتێبی فەلسەفی هەرچەندە کە بە سەر زمانی سەرەتا و مەبەست دا زاڵ بێ، ئەگەر خۆی فەلسەفەزان یا بە واتایەکی وردتر لە زاراوە فەلسەفیەکان دا شارەزا بێت، ناتوانێ ئەو کتێبە وەرگێڕێ.

سەرەتا پێویستە ئەوەت پێ بڵێم کە بەڕێز دوکتور ئەبولحەسەنی نەجەفی یەکێك لە گەورەترین و زاناترین وەرگێڕەکانی زمانی فەڕانسەیی بۆ سەر فارسیەیە و باوەڕ بکە وێنەی نیە. کتێبێکی سەیریش کە نووسینی خۆیەتی بە ناوی "هەڵە نووسین" زۆر فێریار و ئامۆچیارە و پێشنیار بە تۆ و بە هەموو ئەو لاوانەی پێنووس بەدەستن دەکەم بیخوێننەوە و شتی لێوە فێر بن. بەڵام بابەتی پرسیارەکەی بەڕێزت کە بەڕێز دوکتور نەجەفیش تەئیدی کردووە تەواو راستە و وەرگێڕ هەرچەندە لە سەر زمانی سەرەتا و زمانی زگماکی خۆی شارەزا بێ کاتێك زانیاری دەربارەی زاراوە تێکنیکی، پیشەسازی، زانستی، یا فەلسەفیەوە نەبێ بە هیچ کلۆجێ ناتوانێ کتێبێك دەربارەی ئەو بابەتانە وەرگێڕێ و تەنیا دەتوانێ وەرگێڕی ئەو بابەتانە بێت کە لەوان دا شارەزایە. کەواتە ئەژمێرزان دەتوانێ کتێبی بیرکاری وەرگێڕێ و تەنیا پزیشك دەتوانێ کتێبێکی پزیشکی وەرگێڕێ و دەبێ هەمووان ئەو رستە جوانەیان لە بیر بێ:

"وەرگێڕی کتێبێکی فەلسەفی هەرچەندی کە بە سەر زمانی سەرەتا و مەبەست دا زاڵ بێ، ئەگەر خۆی فەلسەفەزان یا بە واتایەکی وردتر زاراوەکانی (فەلسەفی) نەزانێ ناتوانێ وەری گێڕێ."

*شێوەی رەخنەی وەرگێڕان چۆنە؟ دەبێ مەرج و تایبەتمەندیەکانی رەخنەگر چی بێ؟

*با سەرەتا مەرج و تایبەتمەندیەکانی رەخنەگر باس بکەم کە رەخنەگر دەبێ لە بواری شارەزابوون لە سەر زمانی سەرەتا و مەبەست بێت و خاوەنی زانیاری دەربارەی ئەو شتەی وەرگێڕ لەو بوارەدا وەرگێڕانی کردووە و هەر وەها لە بارەی زەوق و مرخی هەڵبژاردنی شێوازی دارشتن و وشە هاوتاکان لە وەرگێڕ شارەزاتر و پسپۆڕتر بێ. چونکە دەبێ لە کاتی رەخنەی وەرگێڕان دا دەبێ سەرنج بە هەزار خاڵی لە موو باریکتریش بدرێ.

کەسێك کە خۆی زەوق و ئۆگری و زانیاری ئەدەبی نەبێ ناتوانێ رەخنەیەکی درووست لە وەرگێڕانێکی ئەدەبی بگرێ. کەسێك کە پزیشك نەبێ ناتوانێ رەخنە لە کتێبێکی پزیشکی وەرگێڕدراو بگرێ، و بە کورتی رەخنەگر دەبێ لە بوارێك دا کە دەیهەوێ رەخنە لە بەرهەمێك بگرێ و لە هەموو بوارێکەوە لە خودی وەرگێڕ زاناتر و شارەزاتر بێ. بەڵام شێوەی رەخنەگرتن:

یەکەم: ئەگەر وەرگێڕ وشەگەلێکی بە درووستی وەرنەگێڕابێت و لە گۆڕینی ئەوان دا تووشی هەڵە بووبێت رەخنەگر واتا و مانای درووستیان دەنووسێ.

دووهەم: ئەگەر رستەی وەرگێڕدراو بە فارسی بە لەبەرچاوگرتنی شێوازی درووستی رێزمانی بەجێ نەگەیشتبێ رەخنەگر قامك لە سەر ئەو خاڵە دادەنێ و خۆی رستەیەکی درووست تر و باشتری هاوتا لە گەڵ رێسای رێزمانی دەخاتە بەردەست.

سێهەم: ئەگەر وەرگێڕ توانایی وەرگێڕانی حاڵەتی رۆحی نووسەر بۆ وێنە لە بواری تەنزنووسی یا زاتێکی شۆخ و لەزەوقانە یا بە پێچەوانە وشك و جیددی بوون نەیەت رەخنەگر دەبێ ئەم ئیرادەش بە دەستێوەردان لە رستەدا و بەوردبینیەوە لە درووست نووسی دا چارەسەر بکات. بە کورتی رەخنەگرتن لە کاری وەرگێڕان کارێکی ساکار نیە و تەنیا رەخنەگرێکی شارەزا و خاوەن شایستە دەتوانێ لە ئۆدە و دەرقەتی بێ. وەك حافز دەڵێ:

"نه هر که چهره بر افروخت دلبری داند نه هر اینه ساز سکندری داند

هزار نکته باریکتر از مو اینجاست نه هر که سر بتراشد قلندری داند

*وەرگێڕ دەبێ کاری وەرگێڕانەکەی خاوەنی چوونایەتیەکی بەرز بێت،ئێستا چۆن دەتوانێ لە رازی بوون یا نارازیبوونی خۆی ئاگادار بێ؟

☐ پێم وابێ بەڕێزت مەبەستت ئەوەیە کە وەرگێڕیش پێویستە خۆی وێڕای کارەکەی دەبێ رەخنەگرێکی باش بێ. و ئەگەر وایە چۆن دەلوێ خۆی لە باشی و خراپی یان وەك تۆ دەڵێی لە رازی بوون یا ناڕازیبوونی خۆی لە کارەکەی خۆی ئاگادار بێ؟ ئاشکرایە کە هەنووکە پاش پەنجا و پێنج ساڵ لە دەسپێکردنی جیددی کارم تێپەڕ دەبێ هێستاش ناتوانم

بلێیم کە توانایی فیکری و ئەزموونیم لەوپەڕی دایە و هێستاش لە گەڵ گیروگرفتی کار ڕووبەڕووم و دەبێ ئەزموون کۆ بکەمەوە.
ئەگەر مەبەستتان ئەوەیە بێگومان هەموو کەس لە کارەکەیدا تووشی هەڵە دەبێ. بێئەوەی خۆی هەستی پێبکات و کەسێکی وردبین تر و چاوتیژتر ئەو هەڵانە دەبینێ و دەیانخاتە روو.
خودی وەرگێڕیش بێشك وێدەچێ سەبارەت بە کاری کەسێك کە نزمتر لە خۆی بێت و خوێندواری و زەوق و مرخی نەگاتە ئاستی ئەو رەخنەگرێکی باش بێ و رەخنە لە کارەکەی بگرێ. بە هەر حاڵ هەموو کەس بە هەموو زانایی و چاو تیژی و زەوق و مرخ داربوونییەوە ئیمکان و ئەگەری ئەوەی هەیە کە بکەوێتە بەر رەخنەی کەسێکی بەرزتر لە خۆی، و لە گەڵ ئەوەش دا روون نیە کە هەموو رەخنەکان درووست بن و رەخنەگریش هەڵە دەکا و خودی وەرگێڕ راست بکا. ئەو کات ئەوە، ئەوە کە دەتوانێ رەخنە لە رەخنەگر بگرێ و هەڵەکانی بە چاویدا دەداتەوە. "نقدها را بود ایا که عیاری گیرند(ئایا پێوانەیەك بە لای رەخنەگرانە بۆ رەخنەگرتن هەیە؟.
* تا چ رادەیەك پرس و را کردنت لە وەرگێڕان دا پێباشە؟ هاوکاریت لە وەرگێڕان دا پێ چۆنە؟ بۆ وێنە دوو کەس کە هەر دووکیان وەرگێڕ بن و هەر کامیان پاژ و بەشێك لە کتێبێك وەرگێڕن، ئایا خستنە دەرەوەی ئەم وەرگێڕانە باش و جێگای پەسندە؟ چونکە زەوق و سەلیقەی دوو کەس لە یەکتری جیاوازە.
*"زین قصه هفت گنبد افلاك پر صداست" (لەم هەقایەتەدا حەوت گۆنبەزی بەرزی پڕ لە دەنگی تێدایە) لە هیچ کارێك دا پرس و را خراپ نیە چونکە بێگومان مرۆڤ نەك لە گەڵ هەموو کەس بەڵکو پرس و ڕا بە کەسێك دەکا کە لەو کارەدا شارەزا بێ و زانیارییەکانی لە بواری ئەو کارەی پرس و رای لە سەر دەکرێ کەم و زۆر لە خۆی زیاتر بێ. کەواتە پرس و ڕاکردن لە گەڵ کەسێك کە لە بواری وەرگێڕان دا شارەزایە، دەبێتە هۆی ئەوە کە وەرگێڕ لەو بەشە لە کارەکەی کە گومان دڕدۆنگی هەیە یا نەزانینی هەیە ئەو دوو دڵی یا بێ ئاگایییە چارەسەر بکات و کارەکە ی بێ کەم و کوڕی لە ئاو دەربێت.

هاوکاری کردنی وەرگێڕێکی دیکەش بە بڕوای من هیچ گیر و گرفتێکی نیە، چونکە وێدەچێ کاری وەرگێڕان بە هۆی ئەستووری کتێبەکە پەلەکردن لە چاپدانی دا کە ئەو کات وەرگێڕ لە گەڵ هاوڕێیەکی هاوکاری خۆی کە لە کارەکەی دڵنیا بێت هاوکاری بکات و هەرکامیان بەشێك لە کتێبەکە وەرگێڕن. ئاشکرایە کە پاش تەواو بوونی کاری وەرگێڕان وەرگێڕ بەشی وەرگێڕدراو بە هۆی هاوڕێی هاوکاری دەخوێنێتەوەو ئەگەر ئیرادێکی تێدا ببینێ ئەو ئیراد و ڕەخنەیە چارەسەر دەکا.

هێندێك کاتیش کەسێك کە تازەکارە و دەیهەوێ ناو دەربکا تکا لە وەرگێڕێکی ناسیاو یا هاوڕێی دەکات کە لە وەرگێڕانێك دا ناوی ئەویش لە گەڵ ناوی خودی وەرگێڕ چاپ ببێت. ئەو کات هەم وەرگێڕ دەست لە کاری ئەو هاوڕێ تازەکارەی وەردەدات و کارەکەی ئەویش بە شێوەی کاری خۆی دەردێنێ و هەر بۆیە هیچ گیر و گرفتێکی نیە.

سەبارەت بە "هاوکار لە وەرگێڕان دا" دەبێ بڵێم وەرگێڕانی کتێبەکانی "دووریتی بچکۆلە" و "مادام بوواری"م لە گەڵ خوالێخۆشبوو ڕەزا عەقیلی، کتێبی "ژانی گەل"م لە گەڵ ئەحمەدی قازی، "عروج"م لە گەڵ ئاغای غولام مۆحسێن میرزا ساڵح، "مێژووی خەڵکی ئەمریکا"م لە گەڵ دوکتور مەلیك ناسر نوویان و دواجار دوو کتێبی "کۆمەڵی پێنج کەسی و قەرچیەکان" و "گوڵ عوزار"م بە هاوکاری ئاغای سەیفوڵڵا گوڵکار وەرگێڕاوە.

دەربارەی هاوکاری من لە گەڵ خوالێخۆشبوو عەقیلی "کۆتاییەکانی ساڵی ١٣٤٢ بوو کە من بە پێشنیاری چاپەمەنی "جاویدان" وەرگێڕانی کتێبی "دووریتی بچکۆلە" بەرهەمی چارلێز دیکێنز نووسەر ناوداری ئینگلیزیم لە ڕووی دەقی وەرگێڕدراوی فەڕانسەییەوە وەئەستۆ گرت. بەڵێ، بەداخەوە دەقی ئینگلیسی "دووریتی بچکۆلە" واتە دەقی سەرەکییەکەم لە بەردەست دا نەبوو، بەڵام کە دەقە فەڕانسەییەکەم خوێندەوە زۆرم پێ سەرنج ڕاکێش و خۆش بوو و هەر وەك وتم لە سەر پێشنیاری چاپەمەنی جاویدان دەستم بە وەرگێڕانی کرد. ئەو کات هاوڕێی خۆشەویستم خوالێخۆشبوو عەقیلی کە لە سەردەمی دوا ناوەندییەوە لە گەڵ یەك هاوڕێ بووین و لە ناوەندی دارایش لە دادگای ئیدرای دا شانازی هاوکاربوونم لە گەڵی هەبوو، و لە گەڵ ئەوەش دا هەر وەك لەباسی لێکدانەوەی وەرگێڕانی

"مادام بوواری"ش دا باسم کرد وەرگێڕانی ئەو کتێبە بە ناوی هەردووکمان چاپ بوو، پێشوازی‌یەکی باشی لەم هاوکاری‌بە بۆ وەرگێڕان کرد و داوای لێکردم کە کتێبێکی دیکەش بۆ وەرگێڕان هەڵبژێرم و لەوێ دا هاوکاری یەکتر بکەین و جارێکی‌دیکە کتێبێکی‌تر بە ناوی هەر دووکمانەوە بخەینە بازارەوە.

ئەو کات من کاری وەرگێڕانی "دووریتی بچکۆلە"م قەبووڵ کردبوو و تێگەیشتم کە کتێبەکە بە تەواوی لە دوو بەشی تاڕادەیەك یەکسان پێکهاتووە هەر وەك وەرگێڕانی بەشی یەکەمم تەواو کرد وام پێ باش بوو کە تکای هاوڕێی خۆشەویستم وەدی بێنم و لە وەرگێڕانی بەشی دووهەمی کتێبەکەدا بیکەمە هاوبەشم. کاتێك ئەوەم لە گەڵی باس کرد زۆر شاد و خۆشحاڵ بوو و رازی بوو کە وەرگێڕانی بەشی دووهەم وەئەستۆ بگرێ، بەڵام پێم گوت کە شێوەی وەرگێڕانی ئازاد پشت گوێ بخا و راست رستەکانی کتێب بە بێ کەم و کوڕی یا زیادکردن لە چوارچێوە و قاڵبی فارسی‌دا دابڕێژێ و بە کورتی وەرگێڕانێکی تێکەڵ بە ئەمانەت و رەسایی بداتە دەست.

کتێبەکەم لە گەڵ وەرگێڕدراوی بەشی یەکەم کە پاکنووسیشم کردبۆوە خستە بەردەستی. حەوتوویەك تێپەڕ بوو، کاتێك دووبارە بینیمەوە رازی بوون و خۆشحاڵی‌یەکی زۆرم تێدا بەدی کرد. روون بۆوە کە هەم دەقی وەرگێڕانەکەی منی خوێندۆتەوە و هەم دەستی بە وەرگێڕانی بەشی دووهەمیش کردووە.

کاتێك کۆتایی بە کاری وەرگێڕان هێنا ئەوجار من وەرگێڕانەکەی ئەوم خوێندەوە و لێم روون بۆوە کە بەڕاستی زۆر باش کاری کردووە، بە شێوەیەك کە تا هەنووکەش نەمدیوە خوێنەرێك سەرنجی دابێتە ئەم شتە و لە نێوان وەرگێڕانی بەشی یەکەم و بەشی دووهەم جیاوازی دابنێ. کتێبەکە لە ساڵی ١٣٤٣ دا بە ناوی هەردووکمانەوە لە چاپ درا، و لەوە دوا هاوڕێی خۆشەویستم خۆی یەك دوو کتێبیشی سەربەخۆ وەرگێڕا و چاپی کردن. لە بارەی هاوکاریم لە گەڵ هاوڕێی خۆشەویست و زانام بەڕێز میرزا ساڵەح هەر وەك لە کتێبی "بەسەرهاتی وەرگێڕانەکانم"دا هێناومە، کتێبی "عروج" ئەو لە ساڵی ١٣٦٢ لە دەقی سەرەکی کە ئینگلیسی بوو وەرگێڕاوە و چونکە رێز و خۆشەویستی‌یەك کە بۆ منی هەیە و

تاڕادەیەکی زۆر باوەڕی بە ڕوونووسی منە داوای لێکردم کە بە وەرگێڕانەکەی‌دا بچمەوە و چاوی لێ‌بکەم و ئەگەر پێم وابوو پێویستە ئاڵوگۆڕی تێدا پێك بێ تێیدا پێك بێنم و ئەو کات کتێبەکە بە ناوی هەردووکمانەوە لە چاپ بدرێ. من ئەم دڵۆڤانی‌یەم بەرزتر لە ئاستی زەحمەتی خۆم لەم کارەدا زانی بەڵام چونکە ئەو زۆر پێداگرانە ئۆگری ئەوەبوو کە دەبێ وابێ ڕازی بووم و خەریکی پێداچوونەوەی کتێبەکە بووم.

هەڵبەتە ڕستەسازی‌یەکانم بە کەیفی خۆم و بە سەلیقەی خۆم گۆڕی و لە سەر ڕازی بوونی خودی ئەو دەستم لە وەرگێڕانەکە وەردار بەڵام بە هەر حاڵ وەرگێڕانی بنەڕەتی کاری ئەوە و من لەم کارەدا بەردەستی ئەوم. و هەروەها لە وەرگێڕانی "مێژووی خەڵکی ئەمریکا" دا کە ناوی بنەڕەتی خۆی "مێژووی وڵاتە یەکگرتووەکان بە گێڕانەوەی هاروەی واسرمەن"ە هەوڵی وەرگێڕ زۆرتر لە ڕێك و پێك کردنی ڕستەگەلێك بە شێوەی واتادارتر بوون بووە و هەر چەندە زەحمەتی سەرەکی دوکتور مەلیك ناسرنەوبان کێشاویەتی و ئەم شانازی‌یە بە منیش دراوە کە ناوی منیش لە گەڵ ناوی ئەو لە پشتی کتێبەکەوە بێ. و لە ساڵی ١٣٥٧دا بەڕێز ئەحمەدی قازی ئامۆزای خۆشەویست و زانام کە خۆی یەکێك لە وەرگێڕە نێودارەکانی زمانی ئینگلیسی‌یە، کتێبی "ژانی گەل"ی دامێ و لە تێگەیشتنی گەلێك ڕستەی کوردی عێراق (کە لە گەڵ کوردی ئێران جیاوازی هەیە) یارمەتی دام و لە گەڵ ئەوەش دا پێشنیاری پێکردم کە بە فارسی وەریگێڕم.

بە لای منەوە ڕۆمانێکی زۆر جوان بوو و ڕازی بووم کە هاوکاری یەکتری ئەم کارە بکەین. ئەو دەقێکی کە بە پەلە و سەرسەرەکی‌یانە بە فارسی وەرگێڕابوو دای بە من و منیش پاش جارێك بە گوێرەی دەقە سەرەکی‌یەکە و دەستێوەردان و هێنان و لابردن لەو دەقە وەرگێڕدراوەدا بە شێوەیەکی نوێ بە ناوی هەر دووکمان ئامادەی چاپم کرد و بۆ خۆشم پێشەکی‌یەکم بۆ کتێبەکە نووسی و لە سەر "پرس و ڕاکردن لە وەرگێران"دا بیرەوەریم زۆرە کە یەکێکیان دەگێڕمەوە:

بیرەوەری‌یەکە لە سەر کتێبی "ژنی نانەوا"یە، ئەم کتێبە لە نووسینی "مارسێل پانیول" نووسەری فەڕانسەیی‌یە کە بە شێوەی شانۆنامە نووسراوەە کتێبێکی خۆش و بە چێژە. ئەم

کتێبەم لە هاوڕێی خۆشەویست و زانام سرووش حەبیبی کە ئێستا لە وڵاتی فەڕانسەس دەژی، وەرگرت و هەر لە سەر پێشنیاری خودی ئەو خەریکی وەرگێڕانی بووم. ئاغای حەبیبیش یەکێك لە وەرگێڕە ناودار و زاناکانی زمانی فارسی‌یە کە زمانەکانی ئینگلیسی، ئاڵمانی و فەڕانسەیی دەزانێ و لە وەرگێڕ پڕ کارەکانیشە کە بەرهەمگەلێکی بەنرخی لە نووسەرانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان بۆ سەر زمانی فارسی وەرگێڕاوە. ئەو کات کە ئەو کتێبی "ژنی نانەوا"ی بۆ وەرگێڕان دا بە من ساڵی ١٣٥٦ بوو و زۆر لە گەڵ یەکتر تێکەڵ بووین.

ئەو لە تەمەن دا دە، دوانزە ساڵێك لە من لاوتر بوو بەڵام ئەو ئیرادە و لەزەوق بوون و شاد و شۆخەی نەبوو و هەر بە پێی قسەی خۆی، بێ پەردە دەیگوت ئەو کاتانەی کە لە گەڵ منە تامی خۆشی و شادی لە ژیان دەکا و بە قسەی خۆی و لە منەوە هێز و توانا وەردەگرێ. زۆریش ئۆگری من بوو و تەنانەت یەکێك لە وەرگێڕانەکانی لە ژێر ناوی "ئۆبلومۆڤ" کە نووسینی یەکێك لە نووسەر بە ناوبانگەکانی رووسە بە ناوی ئێڤان گێنجارۆڤەی پێشکەش بە من کردووە و لە پشتی کتێبەکە بەم شێوەیەی نووسیوە:"وەرگێڕانی ئەم کتێبە پێشکەش بە پیری هەمیشە لاو محەممەدی قازی دەکەم".

کاتێك حەبیبی کتێبی "ژنی نانەوا"ی دامێ و پێشنیاری وەرگێڕانی پێ‌کردم، لێت ناشارمەوە من لە دڵی خۆم دا خراپم بیرکردەوە و بە خۆمم وت:" رەنگە کتێبێکی خراپ و هیچ و پووچ بێ بۆیە دەیدا بە من، دەنا ئەگەر کتێبێکی باش بووایە خۆی کە وەرگێڕە وەری دەگێڕایەوە و ئەم کارەی بە کەسێکی‌تر نەدەسپارد".

هەڵبەت بیرەکەمم لە گەڵ ئاغای سرووش حەبیبی باس نەکرد و تەنیا لێم پرسی بۆچی وەری‌نەگێڕاوەتەوە یان وەری‌ناگێڕێ. سرووش لە وڵام دا وتی:" لەم کتێبەدا هێندێك خاڵی وردی تێدایە کە دەبێ بە پێنووسی تۆ بکرێنە فارسی، هەر بۆیە وام پێ باشە کە تۆ کتێبەکە وەرگێڕی و پێنووسی تۆ بکەوێتە بەردەستی خوێنەرانی زمان فارس، سپاسم کرد، کتێبەکەم وەرگرت و خوێندمەوە. بەڕاستی جوان و دڵڕفێن بوو، بەڵام هێندێك رستەی بە زاراوەی ناوچەیی گاسکۆنی کە گۆیا زمانی زگماکی نووسەریشەی تێدا بوو، و ئەمە خۆی کاری

وەرگێڕانەکەی ئەستەم تر دەکرد، راست وەکو کتێبێکی نووسراو بە "فارسی‌دەری" کە لەودا جار و بار هێندێك رستەشی زاراوەکانی رەشتی یا خوراستانی یا لۆڕی تێدابێ.

شتەکەم لە گەڵ ئاغای حەبیبی هێنایەگۆڕێ و گوتی کە بە هەڵکەوت ژنی یەکەمی – کە ئێستا لێی جیابۆتەوە– فەرەنسی‌یە و خەڵکی گاسکۆنی‌یە، و هەر ئەوەندە بەسە کە من ئەو گرفتانەی لەم بارەوە هەمە لە سەر لاپەڕەیەکی جیاواز بنووسم و بیدەمە دەستی بۆ ئەوەی ئەوانە بۆ ئەو خاتوونە لە فەڕانسە بنێرێ و داوای لێ‌بکات کە مانای ئەوانەمان بە فەڕانسەیی ئاسایی بۆ بنووسێ و بینێرێتەوە. منیش ئەو کارەم کرد، و هێندەی نەخایاند کە ئەو خاتوونە بەڕێز و خۆشەویستی‌یەکی تایبەتی‌یەوە وەرگێڕدراوی ئەو رستانەی بە فەڕانسەیی رەسمی بۆ ناردینەوە، و لەوەو دوا ئیدی بەربەستێکم بۆ وەرگێڕانی کتێب لە بەر نەبوو.

□ ئایا دەکرێ وانەی وەرگێڕان بگوترێتەوە؟ یانی دەکرێ وانەنامەی هەموو ئەو مەسەلانەی کە وەرگێڕ لە کاری پراکتیکی لە گەڵیان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، گەڵاڵە بکرێ رێگاچارەکەی وەرگێڕ

*ئاشکرایە کە لە سەردەمەکانی رابردوودا کەس لە رێگای وانە خوێندنەوە لەم بوارەدا نەدەبووە وەرگێڕ چونکە قوتابخانە یا زانکۆیەك بۆ وانە گوتنەوەی تێکنیکی وەرگێڕان نەبوو. هەر خۆم کە رەنگە وەرگێڕێکی باش بم یان نەبم بە هەرحاڵ خولێکم لە زانکۆ نەدیوە و وانەیەکم لەم بوارەدا نەخوێندووە و تەنیا خۆم خەریکی ئەم کارە بووم و بەرە بەرە لەم رێگایەدا بە پێشکەوتنگەلێك کە بە هۆی پرۆڤە و رەخنەگرتن وەدەستم هێناوە گەیشتوومەتە ئەم شوێنە کە ئەمرۆ بە وەرگێڕێکی باشم ناودەبەن. لەم بارەوە نوکتەیەکی خۆشم وەبیرکەوتەوە کە گێڕانەوەی خۆشە:

ئاناتوول فرانس نووسەری گەورەی فەڕانسەیی کاتێك گەیشتە تەمەنی هەشتا ساڵی دەوڵەت بە شانازی ئەو و بۆ پێزانین و سپاس کردنی، جێژنێکی پێك هێنا و وەزیری فەرهەنگی فەڕانسە داوای لێکرد بۆ ئەوەی هەر تکایەکی هەیە خێرا بیڵێ و دەوڵەت دەست بەجێ تکاکەی بۆ وەدی دێنێ. ئاناتول فرانس کە خەریکە سەردەمی تەمەنی بەرەو کۆتایی

دەڕوات بە پێویستی نەزانی کە داوای هیچ شتێك بکا و تەنیا بۆ تەنز و بە شۆخی وتی: من بڕوانامەی شەشی سەرەتاییم نیە تکایە بڕوانامەی پۆلی شەشی سەرەتاییم بدەنێ. ئێستا ئەگەر منیش ڕۆژێك بەوەها بەختەوەرییەك بگەم دەمهەوێ بڕوانامەی وەرگێڕیم بدەنێ. بەڵێ ئەمڕۆ بە خۆشییەوە لە زانکۆدا ڕشتەیەك بۆ وانەی وەرگێڕان هەیە و وەرگێڕگەلیك لە زمانە جۆراوجۆرەکان دا پەروەردە دەکەن بەڵام ئەوە زەوق و سەلیقە و ئۆگرییە کە وەرگێڕێکی باش لەو کەسانە درووست دەکاا و تەنیا وانە خوێندن و خاوەنی بڕوانامەی وەرگێڕی فلانە و فیسارە زمان بەس نیە.

*ئایا بە بڕوای تۆ تەنیا ڕاهێنانی بنچینە و بنەمای وەرگێڕان لە زانکۆکان دا دەتوانێ وەرگێڕێکی باش پەروەردە بکا؟

*بێگومان ڕاهێنانی بنچینە و بنەمای وەرگێڕان لە زانکۆدا لە مەرجە پێویستەکانی چوونە ناوەوەی پیشەی وەرگێڕان و وەرگێڕبوونی باشە، بەڵام تەنیا مەرجی پێویست و تەواو نیە. وەرگێڕ سەرەڕای ئەو خوێندنەی کە لە پیشەی وەرگێڕان کردوویەتی دەبێ خاوەنی زەوق و مرخ و ئۆگری بەم کارەش بێ، دەنا لە وردەکارییە تایبەتییەکانی ئەم کارە کە وەرگێڕ زەوق وەبەرچاو دەکەون  شارەزا نابێ و لە ئاکام دا وەرگێڕێکی باش نابێت. زەوق مرخی وەرگێڕان بێ هاوشێوەیی لە زەوق و ئۆگری شێعر و شاعیر نیە، زۆرکەس لە سەر تێکنیك و بنچینەکانی شێعر و شاعیری شارەزان و شارەزایەکی باشن بەڵام خۆیان شاعیر نین و ناتوانن شێعر بهۆننەوە. لە وەرگێڕانیش دا زۆر کەس لە سەر زمانە دەرەوەییەکان باش شارەزان بەڵام کاری وەرگێڕانیان لە دەست نایە. کەواتە جگە لە خوێندەواری و زانستی تەواو لە زمان دا دەبێ زەوق و ئۆگری وەرگێڕیش هەبێ.

*پێداچوونەوە چ کاریگەرییەکی لە سەر وەرگێڕان هەیە؟ ئەرکی ئەو کەسی کاری پێداچوونەوە دەکا چیە؟ دەبێ پێوەندی نێوان کەسێك کە کاری پێداچوونەوە دەکا و وەرگێڕ چۆن بێ؟

☐ وشەی پێداچوونەوە(ویراستاری) شێوەیەکی دیکەیە لە هەڵپەرتاوتن(پیراستن) واتە جوانکردن و خەملاندنەوەو ئەوە کەسەی کە پێداچوونەوە دەکا بکەری کرداری پێداچوونەوە

یان پێداهاتنەوەیە. تاڕادەیەك هەمان دەوری ڕەخنەگر دەگێڕێ. ئەو کەسانەی لە کاری وەرگێڕان دا تازە کارن یا بەڕاستی دەیانهەوێ کارەکەیان لە ژێرچاوەدێری مامۆستایەکی زاناتر و بەزەوق تر لە خۆیان لەو عەیب و کەم و کوڕییانە کە هەیەتی پاك بێتەوە و وەرگێڕدراوەکەیان دەخەنە بەردەستی ئەو و ئەو بە وردی و بە دڵسۆزییەکی ئاوێتە لە خۆشەویستییەوە کە بۆ وەرگێڕی هەیە خەریکی راستکردنەوە و درووستکردنی هەڵە و پەڵەکان یا گۆڕینی ناحەزەکان بە واتا جوان و ژیکەڵانەترەکان و ڕەسا و رەوان دەبێ و ئاشکرایە کە کاریگەری ئەو پێداچوونەوە کار لە وەرگێڕان دا ئەوەیە کە ئەو جوانتر و کامڵتر و درووست تر دەکا و بە مانای تەواوی وشە دەیڕازێنێتەوە. ئەرکی ئەوەی کە کاری پێداچوونەوە دەکان بە کارهێنانی ئەوپەڕی زەوق و سەلیقە لە پێداچوونەوە یان رازاندنەوەی وەرگێڕانە و پێوەندی لە گەڵ وەرگێڕ تەنیا ئەوەیە کە راستکەرەوە و جوانکاری کارەکەی ئەوە.

☐ ئایا دەکرێ بڵێی لە پێداهاتنەوە یا وەك ئەوانیتر دەڵێن لە پێداچوونەوە و ئۆدەیتی بەرهەمێك دا دەبێ چ خاڵێك لەبەرچاو بگیردرێ؟ و تا چ ڕادەیەك دەکرێ دەست لە دەقی نووسراوی وەرگێڕ یا نووسەر وەربدرێ و دەست بۆ راستکردنەوە ببردرێ؟ لەبەر ئەوە ئەم پرسیارە دێنمە گۆڕێ کە زۆرێك لە وەك دەڵێن ئۆدیتۆرەکان بەڕاستی پێیان وایە کە دەتوانن کە بەرهەمی وەرگێڕ یا نووسەرێکی کەم ئەزموون ژێراوژوور بکەن و تەنانەت پێشوازی نووسەریش بە مەیل و کەیفی خۆیان بگۆڕن. تکایە بیروڕای خۆتان لەم بارەوە دەرببڕن؟

☐ لە ئۆدەیت یا وەك تۆ دەڵێی پێداچوونەوەی بەرهەمێك دا، دەبێ وەرگێڕانی وەرگێڕ رستە بە رستە لە گەڵ دەقە سەرەکییەکە هەڵسەنگێنێ و رستەکە ئەگەر بە هەڵە وەرگێڕدراوەیان وەرگێڕانەکەی درووستە بەڵام لە لە چوارچێوەیەك دا کە دەکرێ بڵێین فارسی درووست و رەسا نیە دارێژاوە راست بکاتەوە و رستەکە بە فارسییەکی پەتی بنووسێ. بە بڕوای من ئۆدیتۆر دەتوانێ بەرهەمی وەرگێڕێکی کەم ئەزموون ژێراوژوور بکا، چونکە ئەگەر بەرهەمەکە وەرگێڕانەوە وەرگێڕ کەم ئەزموون، بێشك هەڵەی زۆرە و هێندەش لە گەڵ شێوازی نووسەر ئاشنا نیە کە ئۆدیتۆر ئەو شێوازە بشێوێنێ. ئۆدیتۆر ناچارە بە

شێوەیەك ڕستەكان دروست بكا كە هەم لە گەڵ دەقی سەرەكی یەكتر بخوێننەوە و هەم تا ئەو جێگایەی دەلویٚ شێوازی نووسەری سەرەكیشی تێدا پارێزراو بیٚ.
بەڵام ئەگەر بەرهەم، نووسینێكە لە نووسەرێكە كەم ئەزموون، زەحمەتی ئۆدیتۆر كە مترە و ئەو تەنیا دەبیٚ ڕستەكان لە بواری ڕێزمانیەوە ڕاست تر بكات و دەست لە شێوازی نووسەر وەرنەدا، بە هەر حاڵ پێداچوونەوەی بەرهەمێكی وەرگێڕدراوی وەرگێڕێكی تازەكار كە بە هۆی وەرگێڕێكی كاركوشتە (پسپۆڕ)ەوە دەكریٚ، كارێكی ئەستەمە و باشتر وایە كە بەرهەمەكە بە هۆی هەمان وەرگێڕی پسپۆڕ وەرگێڕدریٚ، مەگین ئەوەی كە مەبەستی ڕاهێنان و بارهێنان لە گۆڕیٚ دا بیٚ و بۆ وێنە بیهەویٚ لە قوتابخانەی بەزردا شێوازی وەرگێڕان فێری خوێندكاران بكا كە ئەو كات بابەتەكە جیاوازە.

☐ كاتێك كتێبێك تەواو دەكەی لە گەڵ ئەوەدا كە لە بیرمە لە وتووێژێك دا گۆیا لە "كتێبی ئەمڕۆ"دا گوتبووت:"من ئەگەر لە جیاتی وشەیەك، وشەیەكی گونجاترم بەزەین بگات تەنانەت ئەگەر كتێب لە قۆناغی چاپ بوونیش دا بیٚ، ئەو وشەیە دەگۆڕم". تا چ ڕادەیەك ئەم هەستەوەریەت بە لاوە گرینگە؟
*هەر وەك باسم پاش ئەوەی دەمهەویٚ چڵكنووسی دەقی وەرگێڕدرا و پاكنووس بكەمەوە ئەو كات هەموو تێكۆشانەكانم دەخەمە گەڕ، بەڵام ئەگەر كاتێك كتێبەكە نەچۆتە چاپخانە، دووبارە شتێكم بە بیردا بێت تێدەكۆشم بیگەیەنمە پیت چن و ئەگەر چاپ بوو ئیدی هیچ كارێكی لە گەڵ ناكریٚ. مەگەر ئەوەی كە بۆ چاپی دواتر بتوانم كارێك بكەم. هەر چەندە هێندێك لە هاوڕێیانم وەكو ئەم بەڕێز ئاغای دوكتور كاكەوانە یا هاوڕێیانیتر هێندێك جار دەڵێین هاوتای فارسی وشەیەكی عەرەبیمان هەیە، بۆ وێنە ئەگەر لە جیاتی پێش(قبل) فیسارە نووسیبات بەر(پیش)لە فیسارە زۆر باشتر دەبوو. باشە، منیش هەوڵ دەدەم لە چاپی دواتردا ئەم كارە بكەم. چونكە بەڕاستی كاتێك كتێبەكە چاپ بوو، ئیدی هیچی لە گەڵ ناكریٚ.
*ئایا پێكهاتنی ئەنجوومەنێك بۆ كۆبوونەوەی وەرگێڕە پسپۆڕەكانی وڵات بە پێویست دەزانی؟ بە بڕوای تۆ ئایا وەرگێڕە پسپۆڕەكانی ئێران كە خوویان بە جۆرێك دوورەپەرێزی

تێکنیکی گرتووه پێشوازی له وەها ئەنجوومەنێك دەكەن؟ چ پێشنیارێکت لەم بوارەدا هەیە؟

* ئەوە ئاواتێکە کە من هەمیشە بوومە و هەمە و بەڕاستی پێکهاتنی وەها ئەنجوومەنێك زۆر بە پێویست دەزانم. پێکهاتنی وەها ئەنجوومەنێك دەبێتە هۆی ئەوە کە وەرگێڕەکان هەمیشە پێکەوە لە پێوندی دا بن و بە شێوەیەکی باش کەڵك لە زانیاریەکانی یەکتر وەرگرن و هەمیشە ئەگەر گرفتێك لە کارەکەی خۆیان دا ببینن بە یارمەتی و ڕێنوێنی هاوکارەکانیان گرفتەکەی خۆیان چارەسەر بکەن.

قازانجێکی دیکەی ئەم ئەنجوومەنە ئەوەیە کە ئەگەر بڵاوکەرەوەیەك مافی وەرگێڕێکی ژێر پێ نا یان قەرزەکەی نەدایە هەمووان بە کۆمەڵ پشتیوانی لێ دەکەن و ئەو بڵاوکەرەوە مەجبوور بە لەبەرچاو گرتنی مافی وەرگێڕ دەکەن. هەڵبەت تا ئێستاش لەم بارەوە لە وەرگێڕەکانی دیکەم نەپرسیوە کە بیروڕایان سەبارەت بە پێکهاتنی ئەم ئەنجوومەنە چیە. بەڵام پێم وایە هەمووان پێشوازی لەو کارە باشە دەکەن و هەمووان لە پێکهاتنی وەها ئەنجوومەنێك کە بە قازانجیانە خۆشحاڵ دەبن.

قازانجێکی دیکەی ئەم ئەنجوومەنە ئەوەیە کە ئیدی دوو وەرگێڕ بە بێ ئاگاداربوون لە یەکتری خەریکی وەرگێڕانی کتێبێك نابن و هەمیشە دەتوانن لە لایەن ئەنجومەنەوە ئاگادار بن کە بۆ وێنە ئایا کەسێکی دیکە خەریکی فلانە کتێب کە دەیهەوێ وەریگێڕێ بووە یان نا. و هەر بۆیەش زەحمەتەکەیان بە فیڕۆ ناچێ.

*ئایا پێك هاتنی شتێك بە ناوی بۆ نموونە "ئەنجوومەنی وەرگێڕانی ئێران" کە ئەندامەکانی لە بواری لێهاتوویی‌یەکانی زانستی تایبەتی بە شێوەیەك تەئید بکرێن گرفتەکە چارەسەر دەکا؟

☐ پاش سەرکەوتنی شۆڕش (١٣٥٧) بازاری وەرگێڕان بڕەوی زۆر بووە و لەم نێوانەدا زۆر کەس کە بە هیچ شێوەیەك لە گەڵ کاری وەرگێڕان ئاشنا نین دەستیان داوەتە وەرگێڕان و بەرهەمێکی زۆر بڵاوبوونەتەوە. چۆن دەکرێ وەرگێڕانە درووستەکان لە نادرووستەکان دیاری بکرێن و بە کۆمەڵگا بناسرێن و بەر بە کاری فێڵبازان بگیردرێ؟

هەڵبەت لە هێندێك گۆڤاردا هێندێك کەس کە خاوەنی رابردوویەکن لە کاری وەرگێڕان دا و بە هەرحاڵ کەم و زۆر خاوەنی لێهاتوویین، بەرهەمە تازە وەرگێڕدراوەکان دەخەنە ژێر رەخنە و بابەتگەلێك لە سەر رەتکردنەوەیان دەنووسن بەڵام ئەو رەخنانە ئەگەر رێنوێنیش بن، کاریگەرییەکی کەمیان هەیە و بەو شێوەی کە دەبێ ببێ کاری فێڵبازان راناگرێ.

بە بڕوای من رێگاچارە هەر ئەوەیە کە لە وڵامی پرسیاری سێزدەهەم دا فەرمووت و ئەویش ئەوەیە کە لە لایەن ناوەند پەروەردە و راهێنان یا ناوەندی فەرهەنگەوە ئەنجوومەنێك پێك بێ بە ناوی "ئەنجوومەنی وەرگێڕانی ئێران" و ئەندامانی لانیکەم بە ژمارەی سێ‌کەس و ئەوپەڕی پێنج کەس لە نێو مامۆستایانی زمانە دەرەوەیی‌یەکان یا هێندێك وەرگێڕی بژاردەی تاکەکەسی لێهاتووی پلە یەکەم هەڵبژێردرێن و بڕیار بدرێ کە هەر وەرگێڕانێك بەر لە چاپ بکەوێتە بەردەستی ئەم ئەنجوومەنە و لە بواری رەسەنی و بنەچەیی کار و ئەمانەت لە پاراستنی شێواز و داڕشتنی واتا و مەبەستی دەقەوە و لەبەرچاوگرتنی رێسا و بنەماکانی وەرگێڕان قەبووڵ بکرێ و ئەو کات بڵاوکەر بتوانێ بڵاوی بکاتەوە.

بە واتایەکی دیکە هیچ بڵاوکەرێك مافی ئەوەی نەبێ دەقێکی وەرگێڕدراو بە بێ بوونی تەئیدی لە لایەن "ئەنجوومەنی وەرگێڕانی ئێران"ەوە لە چاپ بدا. ئەنجوومەنێکی ئەوتۆ تا ڕادەیەکی زۆر دەتوانێ کاری فێڵبازان رابگرێ دەنا تا ئەم ئاڵۆزی و بێ‌سەروبەرەیی‌یە هەبێ و بڵاوکەرەوەکان کە جگە لە مامڵە و سات و سەودا و کار کردن بە زانست، زانیاریان نیە و هەر ئەوەندەی هەست پێ‌بکەن کە نووسراوەیەك بە هۆی سەرنج راکێش بوونی بابەتەکەی کڕیاری زۆری دەبێ بە بێ سەرنج دان بە دەقی وەرگێڕدراو یا بنەچەبوون و درووستی بڵاوکراوە قۆڵ لە لە چاپدانی هەڵ دەماڵن. وەك تۆ دەڵێی، فێڵبازەکان هەر وا درێژە بە کاری خۆیان دەدەن و ئەم ئاڵۆزی و بێ‌سەرەو بەرەیی‌یە لە کاری وەرگێڕان دا هەر وا دەمێنێتەوە. بە هەر حاڵ زۆر لە گەڵ بیرورای تۆ بۆ پێکهاتنی ئەنجوومەنی وەرگێڕانی ئێران بەو هەلومەرجەی کە باسم کردن رازیم و ئەوە بە تەنیا رێگای پێشگرتن لەم بێ سەرەوبەرەیی‌یە دەزانم.

*"ماریا جولیا سانیز" لە یەکێك لە بابەتەکانی خۆیدا قۆناغە سەرەتاییەکانی وەرگێڕانی بۆ خوێندکاران و وەرگێڕ تازە کارەکان پێشنیار کردووە کە بەم شێوەن:١)خوێندنەوەی دەق کە وێنەیەکی گشتی سەبارەت بە بابەتی دەق دەست بکەوێ.٢) دووبارە خوێندنەوەی دەق بۆ دۆزینەوەی شێواز و چوونایەتی و بەردەنگی (مخاطب) دەق. ٣) دیاری کردنی وشە نائاشناکان.٤) کەڵك وەرگرتن لە فەرهەنگی وشە.٥) وەرگێڕانی زارەکی (شفاهی). ٦) وەرگێڕانی بە نووسین.٧) دووبارە خوێندنەوەی وەرگێڕان کە بۆ راستکردنەوەی هەڵەکان دەکرێ. ٨) راوەستانێکی یەك یان دوو رۆژە (پاش تەواو کردنی کاری وەرگێڕان). ٩) دووبارە گەڕانەوە بۆ سەر وەرگێڕان. ١٠) هەڵسەنگاندن و دوایین پێداچوونەوە.

*ئەمن ئەو بابەتەی ماریا جولیا سانیزم نەدیوە و نەم خوێندۆتەوە بەڵام کاتێك بیروڕای ئەوم لە رووی نووسراوەکەی تۆوە خوێندەوە و لێی تێگەیشتم، بەو پەڕی سەر سوڕمانەوە بینیم کە منیش تاڕادەیەك هەر بەم شێوەیە هەڵس و کەوت دەکەم. منیش سەرەتا هەتا کتێبێك لە سەرەتاوە تا ئاخر بە وردی دەخوێنمەوە بڕیاری وەرگێڕانی نادەم. هەر بۆیە هەتا کۆتایی کتێبەکە دەخوێنمەوە و کاتێك هەستم کرد کە بابەتەکە سەرنج راکێشەو نێوەڕۆکی لە گەڵ بیروبۆچوونی خۆم یەکتری دەخوێننەوە بڕیار دەدەم کە کاری وەرگێڕان دەست پێبکەم. دووهەم کارم بە بیروبۆچوونی تۆ کە خوێندنەوەی دووبارەی دەق بۆ دۆزینەوەی شێوەی دەق و شێوازی چوونایەتییەکەی نیە، چونکە هەر لە هەمان خوێندنەوەی تەواوی جاری یەکەم دا بەرهەمەکەم دێتە دەست. سێهەم هەر وەك تۆ دەڵێی خەریکی دیاریکردنی واتا و مەبەستی وشە نائاشناکانە. چوارەم بۆ ئەم کارە کەڵك لە فەرهەنگی وشەی دوو زمانە یا یەك زمانە وەردەگرم. کارم بە بەشی پێنجەمی قسەکانی تۆ کە وەرگێڕان بە گوتن و قسەیە نیە، چونکە ئەم کارە بە بەشێکی زیادە دەزانم. شەشەم بە تامەزرۆیی و سۆزەوە دەست بە کاری وەگێڕان دەکەم و دەچمە پێش. حەوتەم سەرەتا بە پێنووس (قەڵەمی دار) دەقی وەرگێڕدارو وەك چڵك نووس دەنووسم و دووبارە کە دەمهەوێ پاکنووسی بکەمەوە رستە بە رستە دەیخوێنمەوە و لە گەڵ دەقەکەی بەراوردی دەکەم و ئەگەر هەڵەیەکم هەبێ

راستی دەکەمـەوە. ئیـدی کـارم بـە بابەتـەکانی دیکـە نیـە و هـەتا ئێـرە بـە تـەواو دەزانم و بەڕاستیش پێویست بە کردنی کارەکانی دیکەی ماریا جولیا سانیز ناکا.

 ئایا تا ئێستا دەقێکت بەر لە وەرگێڕان بە نووسین، لە لای خۆت بە شێوەی زارەکی و گوتن وەرگێڕاوە.

*نا، کـارێکی بەوشـێوەیەم نـەکردووە و بـە پێویستیشـی نـازانم. کەسـێك کـە لـە رسـتەیەك تێدەگا و بـە شـێوەی وتـن دەیڵـێ روون نیـە لـە نووسـینیش دا هـەر بـە هـەمان باشـیەوە بابەتەکە بێنێتە سەر قاقەز و پێچەوانەی ئەم بابەتەش درووستە.

*وەرگێڕانی ناوی کتێب بە ئەستەمترین و هەستەوەرترین قۆناغی وەرگێڕان دەژمێـردرێ، و دەبێ وەرگێڕ بە وردبینی و دووداڵیەکی تایبەتیەوە ئەم بابەتە لەبەرچاو بگرێ، مامۆستا تۆ لە زۆرێك لە وەرگێڕانەکانت دا ناوی کتێبەکانت گۆڕیوە، هۆی ئەو کارە چیە؟

*تەواو راستە هێندێك جـار نـاوی کتێبـەکانم لـە هێنـدێك هـۆی وەك نـاروون بـوونی نـاو بـە شێوەیەکی دیکە وەرگێڕاوە. وەکو:"بەسەرهاتی پێشەوایەکی شەهید" کە لـە سـەرەتادا لـە ژێر ناوی "بەسەرهاتی مەسیحیەکی هەژار" بڵاوکرابۆوە یا کتێبـی "کۆیلـە رەشـەکان" کـە ناوی بنەڕەتی کتێبەکە "مەندینگۆ"بووە و لە دەقی وەرگێڕدراوی فەڕانسەییەکەشیدا هەر بەم ناوە هاتووە، بەڵام چونکە ئەم ناوە مەبەستێکە لە بابەتی کتێبەکە کە بە گشـتی دەبـێ لە ناوی دا رەنگدانەوەی بـۆ زەینـی خوێنـەرانی زمـان فـارس نەدەگوازتـەوە. وەرگێـڕدراوی فارسیەکەی بە ناوی گـۆڕدراوی کۆیلـەکان کـە تـەوەر و بابـەتی کتێبەکەیـە بڵاوکرایـەوە و کەوتـە بـەر دەسـت. و "لاوی کونجپشـکن" نـاوی گـۆڕدراوی کتێبێکـە، هـەر چـەندە، نـاوی سەرەکی کتێبەکە "ژوائۆی تێنتوبالی"یە، چونکە ئەم نـاوە بـە لای منـداڵان و مێرمنداڵانـەوە خـۆش و روون نیـە و تامەزرۆییـەکی بـۆ خوێندنـەوەی کتێبەکـە لـەوان دا پێـك نـەدەهێنا، لـەوەڕا کـە مامۆسـتای ژائـۆ ناوەنیتکـەی"کونجپشـکنی" لـەو منداڵـە نـاوە منـیش بـە پێـی سەلیقەی مامۆستای ژوائۆ ناوی کتێبەکەم بـۆ "لاوی کونجپشـکن" گـۆڕی و نەتـەنیا خـودی ناوەند ئەم گۆڕینی ناوەی قەبووڵکرد بەڵکو منداڵانیش بە ئـۆگری و تامەزرۆییـەکی زۆرەوە پێشوازیان لەم کتێبە کرد، هەر وەك ئەوە کە تا ئێستا گەیشتۆتە چاپی شەشەم یا حەوتەم.

یان کتێبی "کوڕە بچکۆلە ڕۆژنامە فرۆشـەکە" کـە بـە شـێوەی "جـۆن وێرکمـەن "ە بـەڵام چونکە هەستم کرد کە بە نووسینی ناوی سەرەکی کتێبەکە، خوێنـەری فـارس خێـرا تێنـەگا کە باسەکەی چی‌یە و سەرنجیان بۆ بەرهەمێکی ئەوتۆ و باش و فێریار ڕانەکێشرێ لە جیاتی "جۆن وێرکمەن" کە هەم ناوی سەرەکی کتێب و هەم نـاوی پاڵەوانەکەیـەتی پیشـە و کـاری ئەوم کـردە نـاوی کتێـب و ئـەم شـێوەی "کـوڕە بچـکۆلە ڕۆژنامـە فرۆشـەکە" دایـە دەسـت بڵاوکەر، و ئاشکرایە کە بەم گۆڕینی ناوە دەست بە جێ خوێنەر تێدەگا کتێبەکە باسی چـی دەکا، زیاتر هەستی کونج کۆڵی دەورووژێ و پتر تامەزرۆی خوێندنەوەی دەبێ. یان بۆ وێنـە کتێبی قەڵای مالیویل، باسی کتێبی "مالیول" کە من هۆی نارەسا بوونی تەنیا ناوی مالیویل بـۆ خوێنـەری فـارس، وشـەی "قـەڵا"شـم پێوەلکانـد و کتێبەکـەم بـە نـاوی "قـەڵای مالیویل"بڵاوکردەوە. وێنایەکە، کە نووسـەر لـە ڕوودانـی شـەڕێکی نـاوکی و لـە کاولکـاری و ماڵوێرانی و کوشتنەکانەوە بەرهەمی هێناوە و لەوەی کە ژمارەیەکی کەمی تێکەڵ لـە چـەند کەسێك لە قەڵایەك دا هەڵکەوتوو لە ناوچەیەك بە ناوی "مالیویـل" بـە تـەنیا دەمێنێتـەوە و مەجبوور بە ژیان کردن لە گەڵ یەك دەبن. و کتێبی قوربانیش ناوی بنەڕەتی‌یەکەی کاپووت بوو. کاپووت لـە وشـەی عیـبری کوپـاروت بـە واتـای "قوربـانی" یـا لـە وشـەی فەڕانسـەیی Capot واتە "لەوپەو" وەرگێراوە و وەرگێراو لە بۆژۆو و پێکوت کراوە وەرگێراوە. مـن لـە جیاتی وشەی کاپوت، ناوی "قوربانی"م لە سەر کتێب دانا چـونکە وشـەی "قوربـانی"م بـۆ هەڵبژاردنی ناوی کتێب لە وەرگێڕان دا بەلاوە گونجاوتر بوو.

هـەروەها "سـەفەر بـۆ شـاری خـەیاڵی(یۆتۆپیـا)" کـە نـاوی بنـەڕەتی کتیبەکـە لـە زمـانی فەڕانسـەیی‌دا "سـەفەر بـۆ ئیکـاری"یـە بـەڵام چـونکە ئیکـاری نـاوێکی ناروونـە و نووسـەر مەبەسـتی لـە شـوێنێکی خەیاڵی‌یـە هـەر وەك شـارە خـەیاڵی (مەدینـەی فازلـە) کـە لەوێـدا یەکسانی و برایەتی و تەبایی بە سەر، سـەر تـا سـەری کۆمـەڵگادا زاڵـە لـە سـەر پێشـنیاری هاوڕێی خۆشەویست و بەزەوق و زانا بەڕێز ئاغـای دوکتـور کورۆشـی کاکـەوان نـاوی فارسـی کتێبەکەم لە "سەفەر بۆ ئیکاری" یەوە بۆ "سەفەر بۆ شاری خەیاڵی" گۆڕی.

نوکتەیەکم لەم بارەوە وەبیرکەوتەوە کە گێڕانەوەی بێ خۆشی نابێ و پێکەنینێك دەخاتە سەر لێوی خوێنەرانی خۆشەویست، لەو ڕۆژانەدا کە من خەریکی کتێبی "سەفەر بۆ شاری خەیاڵی" (سەفەر بۆ ئیکاری) بووم بە هەڵکەوت هێندێك هاوڕێی دەهاتنە سەردانم کاتێك لێیان دەپرسم کە : فلانی، خەریکی چ کارێکی؟ من بە فیتووی سەر سمێڵانەوە و بە شۆخیەوە دەمگوت: " لە بێکاری یان خەریکم سەفەر بۆ ئیکاری دەکەم" و کاتێك هاوڕێیان لە ناوی کتێبەکە ئاگاردار دەبوون و دەیانزانی مەسەلەکە چیە قاقا پێ دەکەنین.

هاتنی وشەگەلی بێگانە لە ڕێگای وەرگێڕانەوە چ کاریگەریەکی لە سەر زمانی دەبێ؟

ئەرکی وەرگێڕ لە هەمبەر زمانی نەتەوەیی و زگماکی خۆی دا وەرگێڕ* بە بڕوای من ئەرکی پزیشکی ڕزگار کردنی گیانی نەخۆشە، ئەرکی وەرگێڕیش ڕزگار کردنی زمانە کە دەبێ پارێزگاری لێبکا. تا ئێستا گەلێك وشە لە زمانە بێگانە و دەروەییەکانەوە هاتوونە ناو زمانی ئێمەوە و قەبووڵکراون، ڕاست وەك خودی پەنابەرانێك کە پەنایان بۆ وڵاتەکەمان هێنابێ و نەتەوەیی بوونی ئێمە قەبووڵ بکەن. هەڵبەت ئەگەر بۆ ئەو وشانە لە زمانی خۆمان دا هاوتای هەبێ بە بڕوای من دەبێ هاوتا فارسیەکەی بە کار ببردرێ و دەبێ بەرگری لە پەرەگرتنی ئەو وشەیە لە زمانی فارسی دا بکرێ بەڵام ئەگەر هاوتایەکمان لە زمانی خۆمان دا نەبێت، نەتەنیا وەرگرتنی ئەو وشەیە عەیب نیە بەڵکو وەرگرتنی ئەوە زمانەکەمان دەوڵەمەندیش دەکا. هێندێك وشەی وەك "کەلاس (پۆل)"، "میکرۆب"، "دێمۆکراسی" و هتد کە من لە بیرم نایەنەوە ئیدی هاتوونە ناو زمانەکەمانەوە و بوونە نەتەوەیی و هیچ گرفتێکیش نیە.

هەڵبەت ئەم خاڵەش درووستە کە ئەرکی وەرگێڕ وەکو ئەرکی پزیشکی کە ڕزگاریدەری گیانی نەخۆشە، ڕزگاریدەری زمانی هەیە کە دەبێ ئەوان لە تێکەڵ بوون بە وشەگەلێکی نادیار و هەستپێنەکراوی و بێسوود کە هاوسەنگ و هاوتاکانیانمان لە فارسیدا هەیە بپارێزێ. زمانی فارسی زمانێکی خۆش و دڵگرە و حەیفە کە لە خۆوە و بێهۆ لە گەڵ وشە ناخۆش و ناسازە بێگانەکان تێکەڵ ببێ.

*تۆ چۆن کتێبێك بۆ وەرگێڕان هەڵدەبژێری؟ چۆن خۆشیت لە کتێبێك دێ و بۆ وەرگێڕانی هەڵدەبژێری؟ پێوەرەکانت چین؟ چونکە هەمیشە دەڵێی "هەتا کتێبێك نەخوێنمەوە و پەسندی نەکەم وەری ناگێڕمەوە".

سەرەتا پێویستە سەرنجتان بۆ بنچینەیەکی بە ناوبانگ کە بە زمانی عەرەبی خوێندوومانە راکێشم و ئەویش ئەوەیە کە: لا تنظر الی من انظر الی ماقال (چاو لەوە مەکە کە کێ قسە دەکا، بەڵکو بزانە دەڵێ چی) لێرەوە دەبێ بزانن کە دەستپێکردنی وەرگێڕان لە لای من لە سەر ئەو بنەماڵەیە نەبووە کە کەسایەتی نووسەر لە بەرچاوم بگرم و یان فریوی نێوبانگ و ناوەکەی بخۆم. کتێبێکم لە جان ئیشتاین بێك کە سەردەمێك هەمووان پێیان وابوو مرۆڤێکی درووست ئەندێش بوو، بە ناوی "لە شەڕێکی گومانـاوی دا" وەرگێـڕا. بەڵام کاتێك رێگاکەی گۆڕی ئامادە نەبووم هیچ شتێك لە کارەکانی وەرگێڕم.

من زۆرتر کتیبە رۆمانەکان وەردەگێڕم و کەمتر خەریکی کتێبە مێژوویی یا زانیستیەکان بووم. چونکە خۆم توانایی و لێهاتوویی وەرگێڕانی ئەوانە لە خۆم دا نابینم. لە ناو رۆمانیش دا بە بڕوای من دوو جۆرێك کتێب هەن، جۆرێکیان تەنیا بۆ رابواردن و سەرگەمی خوێنەر نووسراون و ئامانج و مەبەستێکی دیکە لە بیری نوسەر دانەبوو، هەرچەندە زۆر خۆش و شایانی خوێندنەوەن. زۆربەی کتێبە پۆلیسی و رۆمانەکانی ئەلێکساندێر دۆمای فەرانسەیی و هتد لەم شێوەیەن. من هیچ کارێکم بەم کۆمەڵە کتێبە نیە و هەتا ئێستاش تەنانەت یەك کتێبیشم لەوانەوە وەرنەگێڕاوە و ئامادە نیم کاتی بە نرخی خۆم بۆ وەرگێڕانی ئەوانە تەرخان بکەم هەرچەندە بڵاوکەرەوەکان پێیان وایە کە فرۆشی ئەوانە زیاترە و مافی وەرگێڕان (حقالترجمە)ی منیش لەم بارەوە زیاتر دەبێ. ئەگەر ئەمانە جوانیش بن وەك حافزی خۆشەویست دەڵێ "هەو نین" و بە بڕوای من نابێ وەرگێڕ وەدوای وەرگێڕانیان بکەوێ و یا لانیکەم کاری خۆی بە وەرگێڕانی ئەوانە ببەستێتەوە. جۆری دووهەم لە گەڵ ئەوەدا کە سەرخافڵێن و سەرگەرم کەرن ئامۆچیار و فێریاریش و تەنانەت بیر و ئیدەی ئامۆچیاربوونی کتێب لە روانگەی خودی نووسەرەوە بە سەر ئیدەی سەرخافڵێنی بوونی دا

زاڵ دەبێ. بەرهەمێکی ئەوتۆ بۆ کۆمەڵگا بە سوودن و من هەمیشە یان تاڕادەیەك بەردەوام کاری هەڵبژاردنی خۆم لە نێوان ئەم شێوە بەرهەمانەدا دەکەم. واتە کتێب گەلێك هەن کە بە رووالەت رۆمانی کۆمەلایەتی و چیرۆکی ئاسایین بەلام نووسەر لە ناو ئەوانەدا ئامانجی پیرۆز و باشی هەیە و هەلگری رەسالەتێکە و لە ڕاستیدا ویستوویەتی پارێزگاری لە ماف و ئازادی، دێمۆکراسی، بایەخەکان، مافە مرۆڤایەتی و کۆمەلایەتییەکانی کۆمەلانی خەلك بکا خەبات لە دژی خورافات، وەهمە پووچەکان، کۆنەپەرەستی، نەزانی و روون کردنی بیروبۆچوونی کۆمەلانی خەلك بکا خەلك نەتەوەکەی خۆی لە گەڵ قسەی سووك و ناشیرین بە سەرەڕۆیی، زۆربلێیی دیکتاتۆری و داگیرکەری لە گەڵ قسەی راستی و کەتوارانەی ژیان و ماف و راستییە ئاشنا بکات.

من ئەم جۆرە کتێبانە پەسن دەکەم و بۆ وەرگێڕان هەلدەبژێرم ئەم کۆمەلە کتیبانە ئەوانەن کە "ئەو"(هەون) خالەی حافزیان هەیە و هەلگری پێویستییە هەسپێنەکراوەکانن و وەرگێڕ دەبێ بێگومان "فەرمانبەر رووالەتیان بێ" و ئەوانە بۆ خوێنەرانی فارسی زمان وەرگێڕێ لەبەر ئەوەی خەلکی لە گەڵ بیرو ئەندێشەی نوێ و لەگەڵ ژیار و ئامانجی مرۆڤدۆستی و ئازدیخوازی و خەبات لە دژی سەرەڕۆیی و خوارافاتەکان ئاشنا بکا. هەر لە سەرەتاوە پەییم بەو مەسەلەیە برد و هەمیشە بە دوای کتێبگەلێك دا چووم کە "هەون". چونکە ئامانجی منیش لە ماوەی ژیان دا پارێزگاری لە ئازادی، دێمۆکراسی، رۆشنگەری بیروبۆچوونی کۆمەلانی خەلك، ویژدان و مرۆڤایەتیو دژایەتی لە گەڵ سەرەڕۆیی و لەگەڵ خوارافات و وەهمەکانە و ئەوە بە ئەرکی هەر مرۆڤێکی پێنووس بەدەست دەزانم کە بێگومان لە راستای ئەم ئەندێشە درووست ولۆژیکییەدا قەلەم دەبزوێنی و شت بلێ و بنووسێ. من بە وەرگێڕێك کە ئەم دەمارگرژییەی هەبێت دەلێم وەرگێڕی دەروەست و خۆم بە وەرگێڕێکی دەروەست دەزانم چونکە هەرگیز رێ نەکەوتووە کتێبێك لەم بوارەدا بێ و وەرم نەگێڕابێ و تامەزرۆ و ئۆگری وەرگێڕانی نەبووبم.

کاری وەرگێڕانم لە سالەکانی ٢٨ و ١٣٢٩ وە دەست پێکرد و هەتا توانیم خۆم و کارەکەم بە بلاوکەرەوەکان بقەبوولێنم، هەوڵ و خۆڕاگریم تا سالەکانی ٣٠ و ٣١ی(کۆچی) درێژەی

کێشا. لەو کاتەوە هەتا ئێستا زیاتر لە حەفتا و چەند کتێبی تێر و تەسەل و نێونجیم وەرگێڕاوە و زۆربەیان بە پێنج و شەش و تەنانەت دە و یازدە جار چاپ کراونەتەوە.

لەم پەنجا ساڵەدا کتێبگەلێکم وەرگێڕاون کە بە بڕوای زۆربەی خوێنەرانی وەرگێڕانەکانم چ لە بواری هەڵبژاردنی بابەتەوە، چ لە لایەنی پاراستنی ئەمانەت و چ لە روانگەی زمان و دەربڕینی چەمکگەلی شیاوی وەرگێڕانەوە خزمەت بە بەهێزبوونی کولتوور و بە پێگەیشتنی هزری کۆمەڵگا بووە. خۆم لە ترسی ئەوەی کە قسەکەم نەبێتە هەڵگری خۆویستی وەها قسەیەك ناکەم. بەڵام لە ڕووی هاندان و پێداهەڵگوتن و تاریف کردن و تەئیدکردنی چەندین جارەی وەرگێڕانەکانم، غیرەتی ئەوە بە خۆم دەدەم کە لە زمان ئەوانەوە قسەیەکی وا بڵێم.

کتێبە ناودارەکانم کە نووسەرەکانیان روناکبیر و خەباتگێڕ بوون و ئامانجی بنەچەیی مرۆڤایەتی و هیوای بیروبۆچوونی ئازادیخوازی و پەرەپێدەر و بانگەوازی بیرۆکەی نوێ و بانگەوازیکەری لە بەرچاوگرتنی مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ وەك ئازادی بیروڕا و دەربڕین و بیرۆکە و قەڵەم و پارێزگاری لە ماف و دادپەروەری ومرۆڤایەتییە و مرۆڤ زیاتر بەرەو رووناکبیری و بە درووستی بیرکردنەوە و جیاکردنەوەی ڕەوا لە ناڕەوا ڕێنوێنی دەکات، سەرنجی منیان راکێشاوە و هەموو وەرگێڕانەکانم بە شایەتی خوێنەرانێك کە ئۆگری بەرهەمەکانمن و من وەك وەرگێڕێکی دەروەست دەناسن تێکەڵی ئەم بنەمایەیە. کە ئەو بەرهەمانە بریتین لە: نان و شەڕاب، ئازادی یا مەرگ، قوربانی، لە ژێر یوغ دا، سەبارەت بە مەبەستی ئینجیلەکان، وڵاتەنایەکگرتووەکان، کۆمۆنی پاریس، لە شەڕێکی جێگای گومان دا و هتد. هەموویان بابەت و مژارەکەیان پشتیوانی لە ئازادی و لە مافەکانی خەڵکییە. هەڵبەت چەند کتێبێکی مێژووییشم وەرگێڕاون وەك ناپلئۆن، بیست وڵاتی ئەمریکای لاتین، کورد و کوردستان، مێژووی ئەرمەنستان، سەلاحەددینی ئەیوبی و کورشی مەزن و دوو کتێبی زانستیم بە ناوەکانی تێڕوانینێك لە سرووشت و رازەکانی زەوی و زمانیش. ئەگەر نامیلکە یا بەرهەمێکی لێکۆڵینەوەیی، مێژوویی یا ئەدەبی یا رەخنەی کۆمەڵایەتی بۆ بردنە سەرەوەی ئاستی فیکری خوێنەرانی فارس زمان بە قازانج و بەسوود بزانم قۆڵ لە وەرگێڕانی هەڵدەماڵم.

پێویسته ئەوەش بڵێم که من وەرگێڕێکی تێکنیکی نیم و داواکاری‌یەك که بۆ خۆم پەسن و قەبووڵی نەکەم وەری ناگرم. بەواتایەکی‌تر مافی وەرگێڕان و پارەی وەرگێڕان بۆ من لە پلەی دووهەم دا بایەخی هەیە. زۆربەی کاتەکان خۆم بۆ وەرگێڕان کتێب هەڵدەبژێرم. و پێم وایە که وەرگێڕ نابێ هەموو داواکاری‌یەك قەبووڵ بکا و دەست بۆ هەموو کارێك، مادام که لە رەوتی هزری خۆی و خوێنەرانی‌دا نەبێ و درێژ بکا.

بەڵام من وەرگێڕان پێوەر و پێوانەیەکی دیکەشم هەیە که باسکردنی بە پێویست دەزانم و ئەویش بەرهەمی ئەدەبی کۆنی فەرەنگی(بیانی) بە زمانی فارسی‌یە. ئەم دەمارگرژی‌یەم لەوەڕا پەیدا کردووە که ویستوومە کتێبێکی ئەدەبی کۆن بۆ زمانی فارسی تایبەتی وەرگێڕم که سەردەمی نووسینی ئەو لە ئێران دا هەبووە، و بۆ وێنە لەم بوارەدا سێ کتێبی خوارەوە ناو دەبەم: دۆن کێشۆت نووسینی سێرڤانتێسی ئیسپانیایی که لە سەدەی شازدەدا نووسراوە و دێکامێرۆن نووسینی بۆکاچیۆ نووسەری ئیتالیایی کەلە گەڵ حافزی شیرازی و مەولانا عوبیدی زاکانی ئێمە هاوچەرخ بووە و تێلماك نوسینی فێنێلۆن نووسەری فەرانسەیی که لە سەدەی حەڤدەدا ژیاوە.

ئەم کتێبانە چونکە بە دەقێك نووسراون که لەگەڵ دەقی ئەمرۆ (ئێستا)یی ئەو سەردەمانە جیاوازە، منیش لە وەرگێڕانیان بە فارسی دا هەوڵ دەدەم ئەوانە بە فارسی‌یەکی کلاسیکی گونجاو لە گەڵ مێژووی نووسینی ئەو کتێبانە وەرگێرم و هەر بۆیە دەقی وەرگێڕدراوی دۆن کیشۆت یا تێلماك یا دێکامرۆنی من بە ئینشا و دارشتنێکی کۆنە و لە گەڵ دەقی کتێبەکانی‌ترم وەك نان و شەراب و هتد زۆر جیاوازن. رەنگە لەبەر ئەوەش بێ که چەندین ساڵ لەمەوبەر وەرگێڕانی دۆن کیشۆتی من لە لایەن گۆڤاری "سخن" لە ژێر بەرپرسایەتی خوالێخۆشبوو دوکتور ناتێل خانلێری بە باشترین وەرگێڕان ناسرا و خەڵاتی یەکەمی وەرگرت.

بە کورتی، وەرگێڕی باش و دەروەست کەسێکە که لە کاری وەگێڕانەکەی‌دا ئامانج و مەبەستێکی کۆمەڵاتی و مرۆڤانی هەبێ و تەنیا بۆ پووڵی کاری وەرگێران کار نەکا و تەمەنی

بەفیڕۆ نەدا. خۆم هەمیشە بە پێی بیروبۆچوون و ئامانجی فیکری خۆم وەرگێڕانم کردووە، ڕاست ئەو کاتە کە هاودڵی و هاونشینی خۆم لەگەڵ نووسەردا هەست پێکرد.

پێشتر گوتبووم کە هیچکات لە سەرداوای بڵاوکەر و لە بەر پارەی وەرگێڕان، وەرگێڕان ناکەم، هەتا کتێبێك نەخوێنمەوە و سەرتاسەر نەچمە ناخیەوە و قەبووڵم نەبێ بڕیار لە سەر وەرگێڕانی نادەم. زۆر جار بڵاوکەرەوەکان کتێبێکم بۆ وەرگێڕان پێشنیار دەکەن و من چونکە هەموویم نەخوێندۆتەوە و پەسندم نەکردووە لە قەبووڵکردنی وەرگێڕانی سەرەڕای پێداگرتنی بڵاوکەر خۆم دەبوێرم و دەیان دەمەوە. تەنانەت جار و بار پارەی وەرگێڕانێکی زۆریشم دەدەنێ بۆ ئەوەی ڕەنگە ڕازیم بکەن بەڵام قەبووڵم نەکردووە. خاڵێك کە شایانی گرینگی پێدانە مەسەلەی ماددییە و هیچ کات نابێ بۆ پووڵ کردووە قەڵەمەکەی بفرۆشێ. جار و بار لە سەر داوای هاوڕێیان وەرگێڕانی کتێبێکم قەبووڵ کردووە کە ئەویش هەر ئەو مەرجانەی تێدابووە، کە سەرەتا کتێبەکە بخوێنمەوە پاشان وەرگێڕم.

لە بنەڕەت دا وەرگێڕ یا بە پێی زەوق و سەلیقەی خۆی کتێبێك هەڵدەبژێرێ و خەریکی وەرگێڕانی دەبێ، یان لە سەر داوای هاوڕێیان یا بڵاوکەر کتێبێك وەردەگێڕێ. ئەمن زۆر ئاشنایەتی و شارەزایەتیم لە گەڵ زەوق و سەلیقەی هاوکارە بەڕێزەکانم نیە و نازانم شێوەی هەڵبژاردنی کتێب بە لای ئەوانەوە بۆ وەرگێڕان چیە؟

تا ئێستا کتێبێکم وەرنەگێڕاوە کە نووسەر وەدوای ئەم ئامانجە گەورە مرۆڤایەتییە نەکەوتبێ. لە سەر بنەمای ئەم بنچینە و بیروڕایە کەخوێنەری وەرگێڕانەکانم من بە وەرگێڕێکی دەروەست دەزانن و دڵنیان لەوەی هەر کتێبێکی من بیخوێنمەوە ڕەسالەت و پەیامی مرۆڤایەتی نووسەری تێدا دەدۆزنەوە.

□ ئایا دەبێ وەرگێڕی ئەدەبییات لە بواری ئەفراندنی بەرهەمی ئەدەبیدا هاوشانی نووسەر بێ، یان ئەوەندە بەسە کە ئەدەبییات بناسێ یا خۆشی بوێ؟

*ئەگەر وەرگێڕی بەرهەمە ئەدەبیەکان بۆ خۆشی ئەدیبێك لە ئاست و شانی نووسەری ئەدەیب بێ، لەوە باشتر هەر نابێ، ئەو کات هێندێك وەرگێڕانمان دەبێ هاوشانی بەرهەمەگەورە و بەناوبانگەکانی ئەدەبی نەتەوەکەمان. وەرگێڕانی کلیلە و دەمنە لە زمانی

پەهلەوی‌یەوە یا وەرگێڕانی راڤەی تەبەری لە عەرەبی‌یەوە یان هێندێك لە وەرگێڕانە باوەکان لە فەیلەسووفانی یونانی کۆن خاوەنی ئەم تایبەتمەندی‌یەن. لە سەردەمی هاوچەرخیش دا وەرگێڕانەکانی دوکتور پەرویز ناتێل خانلێری یان مامۆستایانێکی لەم پلەیەدا هەر بەم شێوەیەن و لەو ئاستەدان.

بەڵام ئەم رێسایە هەمیشەش درووست نیە و وەرگێڕانگەلێکیشمان لە مامۆستایان هەیە کە لە ناو خەڵکی‌دا بە مامۆستا بەناوبانگن یا بەناوبانگ بوون و بەو حاڵەش وەرگێڕێکی باش و بەرز نین، و من لە بەر ئەدەب ئیزنی ئەوە بە خۆم نادەم کە لەم بارەوە ناوی کەس بێنم. بە هەر حاڵ بێگومان پێویست ناکا وەرگێڕ لە بوواری ئەفراندنی بەرهەمەوە هاوشان و لە ئاستی نووسەردا بێ، بەڵکو هەر ئەوەندە بەسە کە ئەدەبییات بناسێ و خۆشی بوێ. و ئەم مەرجە بەو مانایەیەکە وەرگێڕ ئەو زمانەی کە لەویەوە وەرگێڕان دەکا زۆر باش یا لانیکەم باش بزانێ واتە بە تەواوی لەو دەقەی کە شایستەی وەرگێڕانە تێبگات و بۆی روون بێ و پاشان زمانەکەی خۆشی لە ئاست کەسێکی ئەدیب دا بناسێ بۆ ئەوەی چەمکەکان لە چوارچێوەی زمانێکی درووست و خۆش ئاوازدا داڕێژێ بەو شێوەیە کە خوێنەری فارس زمان بە تەواوی لێی تێبگا و لە روانگەی کەسێکی ئەدیبیشەوە لە کەم وکوڕی و عەیب و ئیراد بێ بەری بێ تەنیا بە گەیشتن بەوەها هەل و مەرجێکە کە وەرگێڕانە سەرکەوتووەکان بەرهەم دێن و بە هۆی نەگەیشتن بەم هەل و مەرجەیە کە زۆرێك لە وەرگێڕانەکان لەم بایەخە ئەدەبی و بنەچەیی‌یە بێ بەشن.

☐ ئایا دەبێ لە نێوان کەسایەتی نووسەر و وەرگێڕ و پاڵەوانەکانی چیرۆك دا لە پێکهاتن و سازان و هاودڵی بگەڕێی؟

*وەرگێڕێك کە لە گەڵ نووسەر پێك نەیە و نەسازێ، وەرگێڕ نیە، بەڵکو زاڵمێکە کە تەنیا بۆ وەرگرتنی پووڵی وەرگێڕان، پێشنیاری هەر کارێکی پێبکەن دەیکا. بێگومان وەرگێڕێکی ئەوتۆ ناکەس و بەدرەوشتە بەڵام نابێ چاوەڕوانی هاوسەنگی لە گەڵ هەموو پاڵەوانەکانی چیرۆك لە وەرگێڕ بکرێ. چونکە پاڵەوانەکانی چیرۆك باش و خراپیان نیە و ئاشکرایە کە

دەبێ پاڵەوانە باش و پۆزەتیڤەکانی چیرۆک بکەونە بەر تەئید و لاسایی کردنەوەی وەرگێڕەوە، و بە پێچەوانەش...

 دۆزینەوەی هاوتا و هاوسەنگی شێواز بۆ وەگێڕاندنەوەی وەرگێڕانی ئەدەبی لە گەڵ چ گیروگرفت گەلێك رووبەڕووە...؟

*پرسیارێکی سەیر و سەرنج راکێشە و رەنگە سەیرترین پرسیارت بێ، بە تایبەتی لەم روانگەیەوە کە بینیوومە هێندێك لە وەرگێڕەکان ئەگەرچی لە نووسەرە جۆرا و جۆرەکان بە شێوازە جۆراوجۆرەکان وەرگێڕانیان کردووە، بەڵام لە هەموو ئەو وەرگێڕانانەدا شێوازی داڕشتن بە شێوەیەکە کە دەڵێی تەنیا کەسێك هەموو ئەو کتێبانەی نووسیوە، چونکە وەرگێڕ لە دەقی وەرگێڕدراودا شێوازی نووسەری لەبەرچاو نەگرتووە یا نەیتوانیوە ئەو کارە بکا و وەك تۆ دەڵێی بۆ دۆزینەوەی هاوسەنگییەك لە فارسیدا بۆ شێوازی نووسراوە بنەڕەتییەکە داماو و دەستەوسان بووە. من چونکە زیاتر لە سەر کارەکانی خۆم شارەزام مەجبوور لەوان نموونە دێنمەوە.

ئێستا ئەگەر وەرگێڕێك لە وەرگێڕانی هەموو ئەم نووسەرانە بە یەك شێواز و یەك زمان (شێوەی گێڕانەوە) وەرگێڕێ بێگومان وەرگێڕانەکەی سەرکەوتوو نابێ. دووبارە بۆ دوورەپەرێزی لە خۆویستی بە شێوەی نووسراوە و گوتنی کەسانیتر ئاماژە دەکەم کە لە بارەی کارەکانی منەوە دادوەریان کردووە.

بەرێز دوکتور زەررین کوب لە بابەتێك دا لە گۆڤاری "سخن"دا دەربارەی وەرگێڕانی دۆن کێشۆتی من فەرمووبوویان :"وەرگێڕ زمانی گونجاوی بۆ وەگێڕانی ئەم بەرهەمە دۆزیوەتەوە!..." بەرێز جەماڵزادە لە گۆڤاری "راهنمای کتاب"دا بیراوەری کردبوو کە:"ئەگەر سێرڤانتێس فارسی زانیبایە و ویستبای دۆن کیشۆت بە فارسی بنووسێ لەمە باشتری نەدەنووسی" کە دەربارەی وەرگێڕانی دوورگەی پێنگوئێنەکانی ئاناتوول فرانس، بەرێز ئاغای دەریا بەندەری شرۆڤەیەکیان لە رۆژنامەی "اطلاعات"ی ئەو کات دا لە ژێر سەردێری ناوی :"وەرگێڕێك کە ئاناتوول فرانسی رزگار کرد!" نووسیبوو و یا خوێنەرێکی وەرگێڕانەکانم کە پێشتر ئازادی یا مەرگی خوێندبۆوە، خۆی گێڕایەوە کە پاش ماوەیەك بە

هەڵکەوت خەریکی خوێندنەوەی مەسیحی دووبارە لە خاچ دراو دەبێ، بێ ئەوەی سەرنج بدا کە نووسەرکەی کێیە لە چەند لاپەڕەی سەرەتادا کتوپڕ بە خۆی دەڵێ ئەم لەبزی ئەم کتێبەش لە لەبزی کتێبی ئازادی یا مەرگ دەچێ و هەر کە چاو لە پشتی بەرگەکە دەکا دەبینێ ئەوەش بەرهەمی هەمان نووسەرە.

بەڵێ، لەبەرچاوگرتنی شێواز و داڕشتنی قسە لە وەرگێڕان دا یەکێك لە مەرجە پێویستەکانی سەرکەوتن لە وەرگێڕان دایە. بەڵام بۆ ئەوەی کە پرسیارت کرد کە پێناسەی شێواز چیە؟ هەر چەندە وڵامدانەوەی ورد و راست بەم پرسیارە هێندێك ئەستەمە بەڵام دەکرێ بڵێین بە شێوەیەکی گشتی شێواز واتە پێڕەوی کردن لە شێوە و لەبزێکی تایبەتی لە داڕشتن دا. نووسەرێکی وەك بۆکاچیۆی ئیتالیایی هاوچەرخە لە گەڵ حافزی شیرازی واتە هی شەش سەد ساڵ لەمەو پێش. هەر وەك وتم سێرڤانتێس بۆ چوار سەد ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و لەو سەردەمەدا لەبز و شێوازی نووسینەکانی لە گەڵ ئەمڕۆ جیاواز بوون. هەر بۆیە وەرگێڕ دەبێ شێواز و شێوەیەك داڕشتن لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان دا هەڵبژێرێ کە تارادەیەك لە گەڵ شێواز و شێوەی داڕشتنی سەردەمی ئەوان دا یەك بگرێتەوە. لە نووسەرەکانی ئێستاش دا کەسێك هەیە کە بە زمانی ئاسایی یا "ئارگۆ" شت دەنووسێ و ئەوی دیکە بە زمانی کتێبی ئەدەبی. ئاشکرایە کە دەبێ بەرهەمی یەکەمین نووسەر بە زمانی ئیتالیایی وەرگێڕدرێ و نووسەری دووهەم بە شێوە و داڕشتنی ئەدەبی باو. لە فارسی‌دا پەندێکی پێشینان هەیە کە دەڵێ فەرموو و دانیشە و رۆنیشە هەر سێکیان بە یەك مانان و هەر بۆیە ئەگەر وەرگێڕێك هەر کام لەم سێ قسەیە بە لەبزێکی گونجاو لە خوودی وەرگێڕانەکەی دا نەکا وەرگێڕانەکەی سەرکەوتوو نابێ.

دوبارە بۆ دوایین جار لە زمانی خوێنەرانی کتێبەکانمەوە دەڵێم کە دەڵێن وەرگێڕانی دۆن کێشۆت و دێکامرۆنی من لە گەڵ وەرگێڕانی نان و شەڕاب یا لە ژێر "یوغ"دا جیاوازە و وەرگێڕانی شازادە بچکۆلە هیچ هاوشێوەیی‌یەکی لە گەڵ مهاتما گاندی‌م، بەرهەمی رۆمن رۆلان،دا نیە و لە هەر وەرگێڕانێکم دا تا ئەو جێگایەی توانیومە شێواز و رستەسازی و

داڕێژان و شێوەی داڕشتن و لەبزی نووسەرم پاراستووە. جا ئێوە چ ڕووانگەیەکتان (لە سەر ئەوە) هەیە؟

*لەبزی وەرگێڕان چیە؟ چ پاژ گەلێکی هەیە؟ و دەبێ لە وەرگێڕان دا چۆن لەبز دیاری بکرێت؟

□ زاراوەی لەبز لە وەرگێڕانیش دا خاڵێکی لێڵ و ناروونە کە پێشتر لە وتووێژەکانم دا ئاماژەم پێ کردووە. بەڵام ئەوەی من لەو پرسیارەی هەڵدەکرێنم و لێی تێدەگەم بابەتێکە کە پێتان دەڵێم و من بە پێی ئەو وڵام دەدەمەوە و هێوادارم کە لە مەبەستەکەتان تێگەیشتبم و بیروڕاکەتانم دابین کردبێ.

من لە ڕووی ئەو کتێبانەی کە تا ئێستا خوێندوومنەوە و وەرمگێڕاون بۆم روون بۆتەوە کە هێندێك لە نووسەران لەبزێکی شۆخ و بەتام و چێژیان هەیە و بێشك لە ژیانیش دا مرۆڤێکی شۆخ و قسەخۆش بوون، وەك نیکۆس کازانتاکیس نووسەری یونانی کتێبەکانی "ئازادی یا مەرگ"، "مەسیحی دووبارە لە خاچ دراو"، "زۆربای یۆنانی".

هێندێکی دیکە وشك و جیددین و زۆر بە دەگمەن شۆخی لە نووسراوە و قسەکانیان دا هەیە، وەك ڕۆمن ڕۆلان کە وێدەچێ لە ژیانیش دا مرۆڤێکی وشك و تەوسن بووبێ. هێندێکیش لە قسە و نووسراوەکانیان دا تەوس و تانە و تەشەر بە لەبزێکی رازدار و نەك هێندەش زەق و دیاریان هەیە وەك ئاناتول فرانس. یان وەکو حافزی شیرازی بۆ وێنە لەم گوتنەدا:

"پیر ما گفت خطا بر قلم صنع نرفت   اخرین بر نظر پاك خطا پوشش باد"

کە بە لەبزێکی تەوس و تەشەرانەوە دەڵێ پێنووسی ئافەرێنەر هەڵەی کردووە بەڵام گەورە و زاناکەمان هەڵەداپۆشە کەواتە وەرگێڕی باش دەبێ لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەو نووسەرانەدا هەمان گفت و لفت و لەبزە شۆخ یا وشك و جیددی یا تەوساوییە و تەشەرپێدادانەی نووسەر بپارێزێ. هیوادارم لە مەبەستەکەتان تێگەیشتبم.

□ ئایا تا ئێستا لە وەرگێڕان دا وشە داتاشینت کردووە؟ بیر و رات سەبارەت بە وشە داتاشین لە وەرگێڕان دا چیە؟

*تا ئێستاش نەبووە کە پێویستیم بە وشەداتاشین بوو بێت و وشە داتاشینیش کاری من نیە بەڵکو کاری ئاکادیمی یا فەرهەنگستانە کە دەبێ ئەو مامۆستایانەی زانکۆ کە لەوێدا ئەندامن بۆ وشە بێ هاوتاکان لە فارسیدا وشە دابتاشن. هەر کاتێك وشەیەکم دیوە کە لە فارسیدا هاوتاکەییم نەدۆزیبێتەوە دەقی ئەوم بە هەمان شێوە کە لە زمانی فەرانسە دایە هێناوەتە سەر فارسی و لە پەڕاوێزدا مەبەستەکەییم شیکردۆتەوە. بەهەرحاڵ وشەسازی (داتاشینی وشە) کاری فەرهەنگستانە.

بەڵام داوای بیروڕای منت سەبارەت بە وشەداتاشینەوە لێکردم دەبێ بڵێم کە بە بڕوای من هەموو وشە فارسییەکان وشەگەلێکی جوانن و بۆ وەرگێڕان گونجاون و پێویستیم بە وشەداتاشین نەبووە.

*مامۆستا قازی ئایا چاو بە کارەکانی پێشووت دا دەخشێنیەوە؟ راتان سەبارەت بە وەرگێڕانەکانی خۆت چیە؟

*بەڵێ، ئەگەر وەرگێڕ بتوانێ پاش ماوەیەك دووبارە چاو بە کاری وەرگێڕانەکانی خۆیدا بخێشێنێتەوە، زۆر باشە، بەڵام ئەمڕۆکە بە سەرنج دان بە پیتچنین کە نووسخەی سەرەکی رادەگیردرێ و دەپارێزرێ بۆ ئەوەی دووبارە لە ڕوویەوە چاپ بکەنەوە گۆڕینی ئەستەمە. بەڕاستی پێم خۆشە جارێکیتر لە سەرەتاوە تا کۆتایی وەرگێڕانەکانم بخوێنمەوە بەڵام ئیدی نە کاتی ئەوەم هەیە، نە چاوم ئەو ئیزنەم پێدەدا و نە تەمەنم بەشی ئەو کارە دەکا.

*ئایا تا ئێستا لە کتێبێك دا کە وەرت گێڕاوە، گۆڕأنکاری یا لابردنێکت بەجێگەیاندووە؟

* بە پێی پێویست بەڵێ، بۆ وێنە کتێبی "تێڕوانینك لە سرووشت و رازەکانی" یەکێك لە هاوڕێ زۆر خۆشەویست و زاناکانم لەساڵی ١٣٣٣ دا دامیێ، و چونکە کەم و زۆر ئاگاداری زەوق و ئۆگریم بە کاری وەرگێڕان بوو، پێشنیاری کرد بە وردی ئەم کتێبە بخوێنمەوە و بە مەرجێ کوڕی خۆی بم، وەریگێڕم منیش مانگێك و چەند رۆژێکی خۆم بۆ خوێندنەوەی "تێڕوانینێك لە سرووشت و رازەکانی" تەرخان کرد، کتێبێکی یەکجار سەیر و سەمەرە و فێریار بوو و هێندەم چێژ و کەڵك لە بابەتە باش و پڕنێوەڕۆکەکەی وەرگرت کە پێم حەیف بوو وەرینەگێڕم و پاش شەش مانگ زەحمەت وەرمگێڕایەوە سەر زمانی فارسی. لە وڵامی

پرسیارەکەت دا دەبێ بڵێم، لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە سوودمەندو بەنرخەدا تەنیا چەند بابەتێکی کورت کە بە بابەتەکەیان بە پێی بیروڕای خۆم بۆ خوێنەرانی فارسی زمان زۆر سەیر و سەرنج ڕاکێش نەبوون، لابرد و درێژەی کتێبەکەم بە شێوەیەکی کامڵ و تەواو وەرگێڕا.

هەڵبەت ئەم کارە بە پێچەوانەی ئەمانەت لە وەرگێڕان دایەو هەر وەك وەڵامی یەکێك لە پرسیارەکانت دا باسم کرد یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕی باش، لەبەرچاوگرتنی درێژی قسە یا کورتی قسەکردنی نووسەری بنەڕەتییە واتە وەرگێڕی دەروەست و ئەمانەتدار کەسێکە کە دەقەکە بە بێ کەم و کوڕی وەرگێڕێ. هەڵبەتە من لە وەرگێڕانی ئەم بەرهەمەدا باسم کردووە کە بە چ هۆیەك ئەم چەند بابەتە کورتانەم لەم کتێبە قرتاندووە و لام بردوون و خوێنەر وێڕای چێژ وەرگرتن لە بابەتەکانی کتێب، لە ڕێگای پڕ لە پێچاوپێچی سرووشت دا پیاسە دەکاو لە هەر سوچێکەوە مەلۆیەك دەچنێ و ئاگاداری ڕازە سەرسوڕهێنەرو ڕازدارەکانی دەبێ. دواتر لە وەرگێڕانی کتێبی "نالەوازەکان" یش دا ئاڵوگۆڕێکم بەجێ گەیاندووە کە پێتان دەڵێم، کتێبی "لە ئامێزی بنەماڵەدا"م لە پاش چەند کتێبی "دوورگەی پەنگوئێنەکان" و "دان چەرمۆ" و... وەك پشوودان و بە مەبەستی ماندوویی دەرکردن لە ساڵی ١٣٣٤ دا وەرمگێڕا.

"لە ئامێزی بنەماڵەدا" و "نالاوازەکان" هەردووکیان کتێبگەلێکن کە نووسەری ڕۆمانتیکی فەڕانسەیی، هێکتۆر مالو، نووسیوونی. بە هۆی ئەوەی کتیبی "لە ئامێزی بنەماڵەدا" تێر و تەسەل تر و ئاڵۆزتر لەوە بوو کە تایبەت بێ بە منداڵان و لاوەکان و چونکە من لە ساڵی ١٣٥٤ بە پێی ئەو ئەرکەی کە لە ناوەندی پەروەردەکردنی فیکری منداڵان دا هەمبوو مەجبوور بووم هێندێك کتێب بۆ منداڵان و لاوان وەرگێڕم و بنووسم. کورتەیەکم لە چیرۆکی "لە ئامێزی بنەماڵەدا" بە دەستێوەردان و لابردنەوە، کە بە پێی مەبەست و هەڵکەوتوویی،

تێیدا بە جێم گەیاندو لق و پۆپە زیادی‌یەکانم هەڵپاچی‌و بە ناوی " نالانەوازەکان" پێشکەش بە ناوەند کرد. ئەوە کە بۆچی "نالاوازەکان"م هەڵبژارد، چونکە پێشتر وەرگێڕانی کتێبێکی زۆر شیرین و سەرنج ڕاکێشم بە ناوی "لانەواز"(بی خانمان) خوێندبۆوەو ناوی کتێبەکەم بۆ ئەوەی هاوشێوەی "لانەوازەکان"بێ، بە ناوی لانەواز چاپ کرد. کەواتە "نالاوازەکان" پاش خەملاندن و جوانکاری چیرۆکی "لە ئامێزی بنەماڵەدا" و هاسانتر کردنی زمانەکەی، لە چاپ درا و لە گەڵ پێشوازی‌یەکی زۆری منداڵان و لاوان ڕووبەڕوو بۆوە، چونکە هێکتۆر مالو یەکێك لە نووسەرە ناودارەکانی فەڕانسەیە کە هونەرەکەی لە ڕێگای خزمەت بە منداڵان و لاوان دا زیاتر بە کار هێناوە و گەلێك چیرۆکی جوانی وەك "نالاوازەکان" و "لانەوازەکان"ی بۆ منداڵانی جیهان نووسیوە کە هەمووکەس بە سۆز و ئۆگری‌یەوە دەیانخوێنێتەوە و چێژی لێ وەردەگرێ.

*وەرگێڕ کێیە؟ ئایا پێناسەکەی: "یوجین نایداEugen  Nida" (١٩١٤) کە دەڵێ :"کەسێك کە نەتوانێ بەرهەمێکی بەرچاو بنووسێ، ئەستەمە بتوانێ بەرهەمێکی بەرچاو وەرگێڕێ"ت قەبووڵە؟ ئایا بەڕاستی وەرگێڕ دەبێ بەوشێوەیە بێ؟

*پێناسە کردنی وەرگێڕ کارێکی هێندە هاسانە کە پێم وا نیە کەس لە توانای دا نەبێ. وەرگێڕ کەسێکە کە لە مەبەستێك تێدەگات کە زمانەکەی دەزانێ و زۆرێك لە هاوڵاتیانی نایزانن و وەریدەگێڕێتە سەر زمانی خۆی، بۆ ئەوەی هاوزمانەکانیشی بیخوێننەوەو کەڵکی

لێ وەرگرن. بەڵام ئەوەی کە "یوجین نایدا" گوتوویەتی :"کەسێك کە نەتوانێ بەرهەمێکی بەرچاو بنووسێ ئەستەمە کە بتوانێ بەرهەمێکی بەرچاو وەرگێڕێ".

من بە تەواوی و سەد لە سەد ئەم قسەیەم قەبووڵ نیە. هەڵبەتە یەکێك لە مەرجەکانی وەرگێڕی باش ئەوەیە کە وەرگێڕ خۆشی خاوەن زەوق و قەڵەم بەدەست بێ و بەڕادەی پێویست لە داب و نەریتی نووسەری شارەزا بێ. بەڵام پێویست ناکا، هەر دەبێ شتێك بنووسێ و سەرەڕای ناوی وەرگێڕی، ناوی نووسەریشی هەبێ. شارەزا بوون لە سەر تێکنیکی نووسەری دەبێتە هۆی ئەوە کە وەرگێڕانەکانی باش و درووست لە ئاو دەر بێن. بەڵام بۆ وەرگێڕی باش پێویست نیە کە هەر دەبێ نووسەرێکی باشیش بێ. زۆرن ئەو وەرگێڕە باشانەی کە نووسەر نین. گەلێك نووسەری باشیش هەن کە تا هەنووکە قەڵەمیان لە رێگای وەرگێڕان دا نەخستۆتە سەر قاقەز و هەر لە بنەڕەت دا شارەزای کاری وەرگێڕان نین.

- تۆ بەردەوام خۆت لە وەرگێڕانی شێعر و دەقە تیۆرییە ئەدەبییەکان پاراستووە، هۆی ئەو کارە چیە؟

- بە گشتی من پێم وایە کە هیچ زمانێك خاوەنی شێعری زمانی فارسی نیەو لەو کاتەوە کە کۆمەڵێك کەس دەستیان بە وەرگێڕانی شێعری دەرەوەیی و بیانی کردووە بە هێنانی

بابەتگەلێکی ناڕوون و بێمەبەست زەمینە وبواریان بۆ هۆنینەوەی شێعری نوێ لە فارسیدا پێك هێناوە کە من بە هیچ شێوەیەك پەسندی ناکەم.

دەقە تیۆرییەکانیش شتێکی کەمتر لە شێعری نوێ نین و لەوانیش دا بابەتگەلێك هەن کە واتا و مەبەستێکی درووستیان نیە و ناکەونە بەردڵان. بە بوونی دەریایەك شێعری جوانی شاعیرانی کلاسیکی فارسی و شاعیرە باشە هاوچەرخەکان نە وەرگێڕانی شێعری بیانی بە پێویست دەزانم و نە پێویستی بە وتنی شێعری نوێ لە زمانی فارسیدا دەکا.

کەواتە نە وەرگێڕانی شێعر و دەقە تیۆرییەکان کاری منە و نە پێم خۆشە لەم ڕێگایەدا کە قازانجی بۆ پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی بیروبۆچوونە درووست و پێشکەوتووەکان نیە هەنگاو هەڵێنمەوە. لەم بوارەدا بە پێویستی دەزانم نوکتەیەك بگێڕمەوە بۆ خۆشی: دەڵێن بەرپرسی چاپخانەیەك لاپەڕەیەکی دا بە کارگێڕێکی پیتچن بۆ ئەوەی پیتچنی بکا و ئەوەش کارێك بوو کە زیاتر لە نیو کاتژمێری نەدەویست. کارگێڕ لاپەڕەکەی برد و کاتژمێرێکیشی پێ چوو هەر نەگەڕایەوە. بەرپرسی چاپخانە پێی وابوو کابرای کارگێڕە لێی داوە و ڕۆیشتووە. بە دوایدا چوو، کە چاو لێدەکا ئەوە کارگێڕ هەر خەریکی پیت چنینە.

پرسی: بۆچی هێندەت گنخاند. خۆ ئەو کارە نیوساعەتیشی نەدەویست.

کارگێڕ وتی: وردبینی دەکەم بۆ ئەوەی باش و بێ هەڵە پیتەکان بچنم.

بەرپرس وتی: کوڕی باش، هێندەی وردبینی ناوێ. ئەوە شێعری نوێیە. هەر چۆنێك دەیچنی، بیچنە"تووشی هیچ نابێ و هیچ لە واتای بابەتەکەی ناگۆڕێ.

• هێندێك کەس باوەڕیان بە وەرگێڕانی ئازادە. سەرەتا، ئەم ئازادیە چیە، ئایا سەلیقەی وەرگێڕ ناتوانێ دەقە سەرەکیەکە بڕووشێنێ؟ دووهەم ئەوەیە کە تۆ تا چ رادەیەك باوەڕت بە وەرگێڕانی ئازادە؟

* هێندێك وەرگێڕ کتێبێك دەخوێننەوە و پاشان تێدەکۆشن ئەو بابەتەی خوێندوویانەتەوە وەبیری خۆیان بێننەوە و بە شێواز و مرخی خۆیان بە فارسی بینووسنەوە. بەوە دەڵێن وەرگێڕانی ئازاد" واتە وەرگێڕ بە ئەرکی خۆی نازانێ کە رستە بە ڕستە پێڕەوی لە نووسینی نووسەر بکا و هەر ئەوەندە بە بڕوای خۆی مەبەستی بابەتەکەی لە چوارچێوەی فارسیدا داڕشت، ئەگەر هەموو دەقەکەش نەبێت، بە تەواوی دەزانێ.

بە بڕوای من ئەم جۆرە وەرگێڕانە کەم و کورتی هەیە و بەو شێوەی کە دەبێ ببێ بیرو بیرۆکەی نووسەر بۆ خوێنەر ناگوازێتەوە.

وەرگێڕانی باش ئەوەیە کە لە گەڵ ئەوەدا وەرگێڕ کەڵك لە رستە بە ڕستە لە وتن و دەربڕینەکانی نووسەر وەردەگرێ و ئەوانە لە چوارچێوەی درووستی زمانی فارسیدا دادەرێژێ لە خۆیەوە نە شتێك بە دەقەکەوە زیاد دەکا و نە کورتی دەکاتەوە یا هێندێك بەشی لێ لادەبات. وەرگێڕانی ئازاد هیچکات یارمەتیەك کە بۆ تێگەیشتن لە بیرو

ئەندێشەی نووسەر و بەو وردەکارییانەی ئەو پێویستی بە خوێنەر نیە، وەرگێڕی باش ئەوەیە کە لانیکەم پێڕەوی لە دەقی سەرەکی بکات و جگە لەو بەشانەی کە بەڕاستی پێویست نین، هیچ شتێکی لێ لە پێنووس نەخات و لێی کەم نەکاتەوە.

- لە کارنامەی وەرگێڕانی تۆدا پتر رۆمان هەیە و کەمتر سەرنجت بە کورتە چیرۆك داوە؟ هۆی ئەم هەڵبژاردنە چیە؟ ئایا بازاری باشی رۆمان خوێندن سەبارەت بە کورتە چیرۆك لەم هەڵبژاردنەدا دەور و رۆڵی هەیە؟

* هەڵبەتە لە ناو کۆمەڵی کارەکانم دا وەرگێڕانی کورتە چیرۆکیش هەیە کە یەکیان "تپلی"یە. کۆمەڵێك چیرۆك لە کورتە چیرۆکەکانی "گی دوو موو پاسان" نووسەری فەرانسەوییە، یەکی دیکەش بە ناوی "بێریشە" کە لە چەند چیرۆکنووسی جۆراوجۆری فەڕانسەیی و نافەڕانسەییە، بەڵام هەر وەك تۆش ئاماژەت پێکرد من کەمتر بە کاری کورتە چیرۆکەکانەوە خەریك دەبم. ئەم شتەش دوو هۆی هەیە:

یەکەم ئەوە کە من کەمتر بەرهەمی نووسەرانێك کە پتر کورتە چیرۆك دەنووسن و کەمتر خەریکی رۆمان دەبن دەناسم و ژمارەی ئەو کورتە چیرۆکانەش کە پەسندیان دەکەم و ئەوانە لە گەڵ پێوەرێك کە خۆم بۆ وەرگێڕانم هەیە هەڵسەنگێنم، کەم دەبینم، دووهەم: ئەوەیە کە بڵاوکەرە بەڕێزەکانیش پتر ئۆگری چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆمانن تا چاپی

کورتەچیرۆکەکان. بە هەر حاڵ جگە لەم دوو خاڵەی کە باسم کرد هۆیەکی دیکە بۆ بەرزتر نرخاندنی رۆمان بە سەر کورتەچیرۆک دا نابینم.

*لە بەرهەمە وەرگێڕانەکانت دا رۆمانی نوێ هیچ شوێنگەیەکی نیە، تۆ بۆچی بەرهەمی نووسەرانێکی وەك :"جویس، پرۆست یا کافکا" کە بەرهەمەکانیان خاوەنی ئاڵۆزیەکی زیاتری زمانی و تێکنیکین و وەرگێڕانی بە فارسی ئەو بەرهەمەگەلە پێویستیان بە وەرگێڕێکی وەك تۆ هەیە، بەڵام وەرت نەگێڕاون؟.

*یەکەم، من لە گەڵ بەرهەمی نووسەرە کلاسیکەکان کە شێوازێکی داڕشتنی روون و دیاریان هەیە و بەواتایەکیتر خوێنەر بە باشی لێیان تێدەگا کە دەڵێن چی و چ پەیام و رەسالەتێکیان هەیە، ئاشنام و زیاتر لەوانە تێدەگەم. لە ئاکام دا، ئەو کتێبانەی کە ئەوانە و ئەو بابەتانەی دەریان دەبڕن زیاتر وەبەر دڵم دەکەون و زیاتر ئۆگری و تامەزرۆی وەرگێڕانیانم.

هەر وەك تۆش دەڵێی بەرهەمی نووسەرانێکی وەك "جویس" و " مارسێل پرۆست" و "کافکا" هەر وەك تۆش ئاماژەت پێدان نووسینەکانیان لێڵ و ئاڵۆزن و وەك یەکێك لە هاوڕێیان دەڵێ زۆرجار بۆ خۆشیان نازانن دەڵێن چی. رای منیش تاڕادەیەك هەر بەم شێوەیە، واتە پێم وایە هەر وەك شاعیرە نوێخوازەکان بابەتەکانیان ناڕوون و بێ مەبەستە، نووسەرە نوێخوازەکانیش هیچیان لە شاعیرە نوێخوازەکان کەمتر نیە و مرۆڤ بە ئەستەمی لە

بیرو بۆچوون و وتەیان تێدەگا. شێوەکاری کوبیسم و سوررێئالیسم و هتدیش لە بەرامبەر شێوەکاری کلاسیك و لە هەمبەر بەرهەمەکانی مامۆستایانێکی وەك خوالێخۆشبوو "کەمالەلمۆلك" هەر ئەم شێوازەیان هەیە. بە کورتی سەرتان نەهێشێنم من لە نووسەرە دەروەست و خاوەن رەسالەت و پەیامە مرۆڤایەتیەکان زیاتر و باشتر تێدەگەم و لێمگەڕێن با هەر خەریکی وەرگێڕانی ئەوانە بم، و وەرگێڕانی بەرهەمگەلی نوێخوازەکان کە ناوت بردن بە نوێخوازەکان دەسپێرم.

• بارو دۆخی وەرگێڕانی ئەمڕۆی ئێران چۆن دەبینی و کاری کام وەرگێڕی لاو زیاتر پەسن دەکەی؟

* بێگومان بارودۆخی وەرگێڕانی ئەمڕۆ زۆر باشترە لە دە تا بیست ساڵ لەمەوبەر و هیوادارم رۆژ لە دوای رۆژ باشتر بێ. بەڵام من چونکە یەکەم بە هۆی کاری زۆر کە خۆم هەمە و دووهەم بە هۆی کزی چاوم و سێهەم بە هۆی ئەوە کە ئەمڕۆ (ئێستا) زیاتر لە ئینگلیزیەوە وەرگێران دەکەن نەك لە فەڕانسەییەوە، من زیاتر لە گەڵ کاری وەرگێڕەکانی زمانی فەڕانسەیی ئاشنام، بە کەمی رێ دەکەوێ کاری وەرگێڕە لاوەکان بخوێنمەوە و هەر بۆیە ناتوانم لەم بارەیەوە دادوەریەکی درووست بکەم.
ئێستا بە بڕوای من وڵامی ئەم پرسیارەی بەڕێزیشت تارادەیەك پێوەندی بە خوێنەرانی وەرگێڕانەکانەوەیە کە بڵێن ئایا کاری وەرگێڕان لە چاو رابردووەوە باشتر بووە یان نا؟
سەبارەت بە کاری وەرگێڕە لاوەکان دادوەری بکەن و بیر و رایان بڵێن. لە سەر یەك، کاری وەرگێڕانیش وەکو هەموو کارەکانی دیکە بە پرۆڤە و خوێندنەوەی زۆر و گوێگرتن لە رەخنەو کەم و کوڕیەکان باش دەبێ.

• لەم رۆژانەدا باسی ئەوە هەیە کە خەریکە گۆڕانکاری‌یەك لە ئەدەبییاتی چیرۆکی ئێمەدا بە تایبەتی لە رۆماننووسی‌دا روو دەدات، بە سەرنج دان بە ژمارەی ئەو رۆمانانەی لە چەند ساڵی رابردووددا بڵاوت کردوونەتەوە بیرو ڕای بەرێزت چیە؟

* بە بڕوای من رۆماننووسی بەشێکە لە ئەدەبییات کە ئێمە لەو بوارەدا زۆر لە دوای بیانی و فەرنگی‌یەکانەوە بووین و لە بنەڕەت دا لە ئاخر و ئۆخری‌یەکانی قاجاری‌یەوە ئێمە ئەم ژانرە لە ئەدەبییاتمان ناسیوە. کەواتە ئەوە قەبووڵ بکە کە ئێمە ئێستاش لەم ژانرە لە ئەدەبییات دا زۆر لە دوای نووسەرە دەرەوەیی‌یەکانین، بەڵام هەر وەك ئاماژەت پێکرد بەرەبەرە خەریکە دەچینە پێش و هیچ جێگای دڕدۆنگی‌یەك نیە کە دواجار رۆژێك دەگەینەوە بە دەرەوەیی‌یەکان.

ئەوانەی کە رۆمانگەلێکی باش و بژاردەی دەرەوەیی بۆ فارسی وەردەگێڕن خزمەتێك لەم رێگایەدا بە پێشکەوتنی هونەری رۆماننووسی و بە نووسەرەکانمان دەکەن. بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی کە شێعری بیانی‌یەکان وەردەگێڕن کاریگەری‌یەکی خراپیان لە سەر شێعری فارسی داناوە و بە بڕوای من هەر ئەوانەشن کە شێعری نوێیان ئەفراندووە. زمانی فارسی لە بواری دەوڵەمەندبوونی شێعری‌یەوە لە دنیادا بێ وێنەیە و شێعری نوێ نەتەنیا خزمەتی بە پێشکەوتنی ئەو نەکردووە بەڵکو بۆتە هۆی رووخانیشی، بەڵام رۆماننووسی ژانرێکی هونەری ئەدەبی‌یە کە ئێمە تا ئێستاکەش تێیدا لە سەرەتادایین و ناشێن و هەتا زیاتر رۆمان بنووسرێ یا وەرگێڕدرێ زیاتر کاریگەری لە سەر پێشکەوتنی دادەنێ. بە هیوای ئەوەی رۆژێك ئێمەش نوسەرگەلێکی بەرزی وەك ئاناتول فرانس و شکسپیر و هۆگۆ و نێودارانی دیکەی رۆژئاوامان هەبێ.

• بە هۆی ئەوە کە زمانەکەمان زمانێکی زانستی نیە لە هەمبەر زمانی تێکنۆلۆژی رۆژئاوادا شێوەیەکی خۆ بە دەستەوەدانی هەیە، ئایا دامەزرانی فەرهەنگستانی زمانی فارسی دەتوانێ لە بەرامبەر زمانی تێکنۆلۆژیای ئەمڕۆ دەست لە تیمار کردنەوەی ئەو کەم و کوڕی‌یە بدا و لە جێ کەوتنی وشە هاوتاکان لە ناو خەڵکی‌دا کاریگەردار بێ؟

* راست دەکەی، زمانەکەمان زمانێکی زانستی نیە بەڵکو زمانی ئەدەبی‌یە و شێوەی خۆبەدەستەوەدان ئاسای لە هەمبەر زمانی تێکنۆلۆژیای رۆژئاوا هەیە، وەك تۆ دەڵێی باس لە لاوازی ئەو لە بوواری زانستی دایە. لە سەردەمی بەر لە شۆڕش (١٣٥٧) واتە لە سەردەمی شاکانی پەهلەوی‌دا دامەزراوەیەك بە ناوی فەرهەنگستان دامەزرابوو کە لە بەرامبەر وشە پیشەیی‌یە دەرەوەیی‌یەکان دا، وشەگەلێکی درووست دەکرد کە بڵاوکراوە و رادیۆ و تەلەفزیۆنیش هەوڵیان دەدا ئەو وشەگەلە لە ناو خەڵکی‌دا بڵاوبکەنەوە. بەداخەوە تەمەنی ئەم فەرهەنگستانە هێندە درێژ نەبوو کە درێژە بە کارەکەی خۆی بدا. مەگین ئەوە کە ئەمڕۆکەش وەبیری ئەوە بکەوینەوە و درێژە بە کاری فەرنگستان بدەن. لە سەرێکەوە زاراوە پیشەیی‌یەکان گشتی‌یەتیان دەبێ کە بە گشتی ئەوانە لە چەندین زمان دا یەکن و هاوتایان نیە، بە بڕوای منیش گرفتێکی نیە کە لە هەموو زمانەکان دا دەستەواژە پیشەیی و زانستی‌یەکان یەك بن. ئەوە ئیدی پێوەندی بە بیرو ڕای پرسانی فەرهەنگی وڵاتەوەیە کە ئەگەر بە پێویستی بزانن لە بیری ئەوە دابن.

* چۆن دەکرێ لە وەرگێڕانی پەندەکان دا سەرکەوتوو بی؟

* من لە وەرگێڕانی دەقە جۆراوجۆرەکان دا بە تایبەتی لە وەرگێڕانی "دۆن کیشۆت"دا کە چەندین جار لە چاپ دراوە و لە بەرهەمگەلێکی وەك "ئازادی یا مەرگ"، "مەسیحی دووبارە لە خاچ دارو" و "قوربانی" دا و هەر وەها لە وەرگێڕانی "دێکامڕۆن" دا کە بەداخەوە هێستاش ئیزنی چاپ بوونیان نەداوە، تووشی گەلێك پەندی پێشینان دەبووم کە دەمبینی ئەگەر دەقی ئەوە لە دەقی وەرگێڕانەکەدا بێنم بۆ خوێنەرانی فارس زمان زەق و ناخۆشە، هەر بۆیە هاوتای ئەوم لە فارسی‌دا یا دەزانی یا کەڵکم لە "امثال و حکم" ی دێهخۆدا وەردەگرت و یان لە کەسانی‌ترم دەپرسی و لە دەق دا دەم گونجاند و ئەو جار لە پەراوێزی لاپەڕەدا دەمنووسی ئەم پەندە لە دەقە سەرەکی‌یەکەی کتێب دا بەم شێوەیە بووە و دەقی ئەو پەندە سەرەکی‌یەم کە بۆ فارسی زمانەکان زەق نیە لە پەراوێزدا دێنا.

ئەگەر چاو لە "دۆن کیشۆت"بکەی ڕەنگە لە پەنجا شوێندا ئەم کارەم کردبێ، مەگین تووشی پەندێك ببم کە لە فارسیدا هاوتای نەبێت. ئەو کات ناچار دەقی ئەوە لە دەقی وەرگێڕدراودا دێنم کە زۆر بە کەمی ئەو خاڵەم بۆ دێتە پێش.

• بۆ وەرگێڕانی دەقە کۆن و کلاسیکی‌یەکان بۆ پاراستنی داڕشتنی کۆن، دەبێ چی بکرێ؟

*ئەوەش یەکێك لە پرسیارە هەرە باش و سەیرەکانتە کە ئیزنم پێدەدا بە کاری خۆمەوە بنازم. باسی ئەوە کە من پێم وایە وەرگێڕ نە تەنیا دەبێ دەقی وتەکەی نووسەر بە شێوەیەکی ڕوون و شیاوی تێگەیشتن بۆ خوێنەری فارس زمان بگوازێتەوە بەڵکو لەم کارەدا دەبێ شێوازی داڕشتنی نووسەریش لەبەرچاو بگرێ.

"دۆن کیشۆت" و "دێکامرۆن" بەرهەمگەلێکی کلاسیکین و پێوەندی‌یان بە چەند ساڵ بەر لە ئێمەوەیە، و وەرگێڕ دەبێ لە وەرگێڕانیاندا هەمان و شێواز بەکار ببرێ کە ئەگەر لە سەردەمی نووسینی خودی ئەو بەرهەمەدا دەیانەویست بۆ فارسی وەریانگێڕن بەکاریان دەهێنا. لە یەکێك لە وتووێژەکانم دا پرسیاریان لێکردم کە دەقی فارسی "دۆن کیشۆت"م چۆن و لە کوێوە هێناوە؟ شتێکی ڕوونە کە لە کوێوە هێناومە، لە فارسی کلاسیکی‌یەوە کە موتالا و خوێندنەوەیەکی زۆرم تێیدا هەبووە و زۆرم لێ‌خوێندۆتەوە.

•شکی تێدا نیە کە تۆ یەکێك لە مامۆستایان و پسپۆڕانی وەرگێڕانی وەڵاتەکەمانی و دەتوانی لە گەڵ ژمارەیەکی‌تری وەك خۆت لە ئەنجام دانی ئەم کێبەرکێ‌یەدا تەواو سەرکوتوو و سەربەرز بی.

•ئێمە ئێستاش نەگەیشتووینە ئاستێك کە کێبەرکێی وەرگێڕان دانێین. دەبێ ناوەندی پەروەردەکردن و ڕاهێنان یا فەرهەنگ یا یەکێك لە گۆڤارە ئەدەبی‌یەکان یان زانکۆی تاران لقی زمانە دەرەوەیی‌یەکان ئەم کێبەرکێ‌یە دانێن و مامۆستایان یا ئەو کەسانەی کە دەستێکیان لە وەرگێڕان و زمانە دەرەوەیی‌یەکان دا هەیە داوەری لە بارەی ئەو وەرگێڕانانەوە کە دەدرێ بکەن. هەڵبەتە بە بڕوای من دانی خەڵات لە پلەی دووهەم دا بایەخی هەیە و گرینگ هەمان دیاریکردن و هاندانەی وەرگێڕێکە کە پلەی یەکەم وەدەست دێنێ.

*لە کۆتایی کاردا ئایا لە وەرگێڕانە تازەکانی خۆت پتر هەست بە رازیبوون دەکەی یان باوەڕت بە کارەکانی سەردەمێکی خۆت زیاترە؟

* لە سەردەمی لاویدا بەرهەمگەلێکی پڕ لە سۆز و زیندووترم وەرگێڕاوە، و سەردەمی ئێستا کە سەردەمی پیریمە بە پێی تەمەنم خۆبوێرتر و تەپەلۆس بووم، رەنگە لە بواری پیشە و تێکنیکی وەرگێڕانەوە لە کارەکانی ئێستای خۆم زیاتر رازی بم، هەتا زیاتر کارم کردوە و پتر بەرەو پێش چووم پسپۆڕتر بووم. بەڵام بابەتگەلی وەرگێڕانەکانی جارانم زیاتر پەسند دەکەم و زیاتر وەبەر دڵم دەکەون. پێم وایە ئەم حاڵەتە بۆ خوێنەری بەرهەمەکانیشم درووستە.

*بیرورات سەبارەت بە دیاردەیەك بە ناوی "زەبیحوڵڵا مەنسووری" چیە؟

* من پێم وایە زەبیحوڵڵا مەنسووری دەرەوەست نەبوو، وەرگێڕێك بوو کە زیاتر بۆ وەدەست هێنانی بژێوی وەرگێڕانی دەکرد. ئەو خاوەنی کەسایەتیەك بوو کە لە کاری وەرگێڕان دا ئەگەر بابەتێك کەم بووایە زیادی دەکرد وئەگەر بابەتێك زیاد بوایە، کەمی دەکردەوە. مەسەلەیەکی دیکە کە (هەڵبەتە سووکایەتی پێکردن نەبێ) دەبێ بیڵێم ئەوەیە کە ئەو بە هێچ شێوەیەکی دەربەستی شێوازی نووسەر نەبوو، هەموو کتێبێکی هەر بە هەمان شێوەی گۆڤار خوێندنەوەیی وەردەگێڕا. ئێستا ئەگەر دۆن کیشۆتیشی وەرگێڕابایە، هەر بەمشێوەیەی وەردەگێڕا.

*بە بڕوای تۆ کام وەرگێڕان باشە؟

* لە بنەڕەت دا ئامانجی سەرەکی و گرینگ لە وەرگێڕان دا ئەوەیە کە وەرگێڕ بتوانێ دەربڕی نووسەر بێ بە کەم و کوڕی و بە بێ پێوەنان و گۆڕینی لە چوارچێوەی فارسیەکی واتادار و پەتی و رەوان دا کە تێگەیشتنی بۆ خوێنەران سانا و ساکار بێ و وای دابڕێژێ کە خوێنەری فارس زمان بتوانێ لەو وەرگێڕانە لە مانایەکی درووست و بە بێ پێوە زیاد کردنی نووسەر لێی تێبگات. بۆ سەرکەوتن لەم رێگایەدا مەرجی یەکەم ئەوەیە کە وەرگێڕ لە زمانێك دا کە لەویەوە وەرگێڕان دەکا زۆر باش شارەزا بێ و بە بێ پێویستی بە فەرهەنگی وشە یا لانیەکەم پێویستیەکی کەمتر بە چاولێکردن لە واتا و زاراوەکانی تێبگات.

بەڵام مەرجی پێویست تر بۆ سەرکەوتن لەم کارەدا بوونی زاڵبوون و شارەزایی‌یەکی زیاتر بە سەر زمانی زگماکی‌یە. لەو روانگەوە شارەزابوونی زیاتر لە وردەکاری و شیرین کاری‌یەکانی زمانی فارسی(زگماک)دا پێویست ترە کە وەرگێڕ بتوانێ مەبەست و واتای وتەی نووسەر لە قاڵب و چوارچێوەی وشەگەلێك دا داڕێژێ کە خۆش و ئاهەنگ دار بێ و زیاتر وەبەردڵی خوێنەر بکەوێ. لە کتێبی دۆن کیشۆت دا لەم شێوە شرۆڤە و زاراوانە زۆر بوون کە من بە شێوەی وەرگێڕانی وشە بە وشەیان رازی نەدەبووم و هەمیشە پێم خۆش بوو دەربڕێن و رستەگەلێك بێنم کە لە گەڵ ئەوەدا لە روانگەی وەرگێڕانەوە درووست بێ و بە لای زەوق و زمانی خوێنەری فارسیشەوە خۆش بێ، بەداخەوە ئێستا هەموو ئەوانەم لە بیر نین کە لێرەدا بیانگێڕمەوە.

هەروەها لە کتێبی دۆن کیشۆت دا بە تایبەتی لە زمانی سانکۆ پانزای خزمەتکارەوە دۆن کیشۆت پەندگەلێکی زۆر دەگێڕێتەوە کە ئەگەر من دەقی ئەوانەم بە فارسی وەردگێڕابایە، بۆ خوێنەری فارسی زمان خۆش نەبوو و تەنیا دەرەوەیی و بیانی‌یەکان چێژی لێ وەردەگرن. هەر بۆیە چاوپۆشیم لەم کارە کرد و هەوڵم دا بۆ هەر پەندێك کە لە کتێبەکەدا هاتووە هاوواتاو هاوشێوەی ئەو لە ناو پەندەکانی خۆمان دا بە یارمەتی بەڕێزانی شارەزا لەم بوارەدا و بە یارمەتی "امثال و حکم"ی مامۆستا دێهخودا بدۆزمەوە و لە جیاتی ئەو پەند پێشینانە بێگانانەیە دایان نێم. لە گەڵ ئەوەش دا، لە پەڕاوێزیش دا باسی ئەوە بکەم کە بنچینەی ئەم پەندە لە زمانی فەڕانسەیی‌دا چی بووە.

لە قسە و دەربڕینی دۆن کیشۆت یا خودی نووسەریش دا زۆرجار رستەگەلێکی گێڕدراوە لە کتێبە کۆنە پاڵەوانی‌یەکان دا هاتووە کە کە داڕشتنی واتاکانیان لە گەڵ شێوازی نووسین و داڕشتنی خودی کتێبەکە جیاوازە و تەواو ئاشکرایە کە نووسەر ئەو واتایانەی لە کتێبەکانی دیکەوە گێڕاوەتەوە. منیش ئەگەر ویستبام ئەو رستەگەلە بە هەمان شێواز و داڕشتنەوە لە وەرگێڕان دا بێنم بەو شێوەی کە دەبێ ببێ ئەمانەتم نەدەپاراست، ئەوە بوو کە هاوتای ئەو رستانەم لە کتێبە پاڵەوانی‌یەکانی خۆمان دا وەکو ئەمیر ئەرسەلان و حوسێن کوردە و هتد دۆزی‌یەوە و هەر بە هەمان شێواز و داڕشتنەوە لە دەقی وەرگێڕدراودا گونجاندمن. ئەم

مەسەلەیە بە ڕادەیەك ئاشكرا و بەرچاوە كە لە پانزە تا بیست ساڵ لەمەوبەر جارێكیان لە لایەن گۆڤاری "كتاب امروز"ەوە وتووێژیان لە گەڵ كردم و بەڕێز نەجەف دەریابەندەری، وەرگێڕ و نووسەری نێودار هەر ئەم مەسەلەیەی لێ پرسیم كە :

یەكەم، من چۆن پەخشان و دەقی فارسی گونجاو لە گەڵ دەقی دۆن كیشۆتم دۆزیوەتەوە و دووهەم، ئەو رستە پاڵەوانی‌یانەی كە لە گەڵ شێوازی خودی دەقی كتێبەكەدا جیاوازن لە كوێوە و چۆن وەدەستم هێناون؟ لە وڵامی ئەو بەرێزەدا وتم: یەكەم دەقی دۆن كێشۆت هی سێ سەد ساڵ لەمەو پێشە و هەر بۆیە نابێ بە فارسی ئەمڕۆیی وەرگێڕدرێ بەڵكو پێویستی بە دەقێكی كلاسیكی‌یە، و بە هۆی ئەوەی كە ئەو رستەگەلە پاڵەوانی‌یانەش لە گەڵ خودی دەقی كتێبەكە جیاوازن كەڵكم لە هاوتاكانیان وەرگرتووە كە لە كتێبە پاڵەوانی‌یەكان دا دەكرێ بدۆزرێنەوە.

بەڵام لە وڵامی ئەم پرسیارەدا كە لە نێوان وردبینی لە ئەمانەت دا و رەوانی و روونی وەرگێڕان كامیان هەڵدەبژێری، بە بڕوای من ئەم دوو خاڵە دژایەتی و پێكناكۆكیان لە گەڵ یەكتری دا نیە و ئاشكرایە كە وردبینی لە ئەمانەت دا مەرجی سەرەكی وەرگێڕە و ئێستا ئەگەر وەرگێڕێك ئەم وردبینی‌یە لە پاراستنی ئەمانەت دا تێكەڵ بە رەوانی و روونی وتە بكا دەتوانێ بە خۆی بڵێ من وەرگێڕێكی بە توانا و لێهاتووم و ئەگەر نەتوانێ ئەم كارە بەجێبگەیەنێ دەكەوێتە ریزی دووهەمەوە. ئەگەر خوانەخواستە وەرگێڕێك ئەمانەت و وردبینی لە واتا و مەبەستی دەقەكەدا فیدای رەوانی وەرگێڕان بكا وەرگێڕانەكەی هەڵەیە و ناكرێ بە واتای درووستی وشە بە وەرگێڕ دانرێ بەڵكو دەكرێ بڵێین ئەو نووسینە هی خۆیەتی نەك هی نووسەری كتێبەكە و خستنە پاڵی بۆ نووسەر خیانەتە.

*بۆ زۆربەی تێكنیك و هونەرەكان جۆرێك پاوەند و بەستۆكی هەیە. ئایا ئەم بابەتە بۆ وەرگێڕانیش راستە؟ كاتێك وەرگێڕان دەبێتە تێكنیك، ئایا زەین، توانایی‌و هێزی ئاوەزی بە هێز دەكاو نەزم و رێك و پێكی پێ دەبەخشێ یا بە پێچەوانە سرووشتی كارەكە وەهایە كە زەین بەرەو ئاڵۆزی دەباو نەزم و رێك و پێكی فیكری لە نێو دەبات؟

*فەرمووت بۆ زۆرێك لە پیشەكان پاوانێكی تەمەنی هەیە، بەڵێ راست وایە و مرۆڤ هەتا بەرەو پیری دەڕوات هێزی جەستەیی و رۆحی خۆی لە دەست دەدا و لە كار و پیشەكەی دا لاواز دەبێ، بێگومان كاری وەرگێڕانیش لەم رێسایە ناوازە و بێبەری نیە. بەڵام بە گشتی پیشەی وەرگێڕان هێزی فیكری نەتەنیا ئالۆز ناكا بەڵكو هێزی نەزمیشی پێدەبەخشێ و هەتا زیاتر وەرگێڕ كار بكات لێوەشاوەتر دەبێ. تەنیا نەخۆشی چاوە كە لە كاری دەخات و ئیدی ناتوانێ درێژە بە كارەكەی بدات.

* ئایا ئێستاش هەر وەرگێڕان دەكەی؟ بۆچی؟ ئەمڕۆكە وەرگێڕان بۆ تۆ چ ئەستەمگەلێك و چ تام و چێژگەلێكی هەیە؟ گەر تۆ رۆژێك ئیدی نەتوانی درێژە بە كاری وەرگێڕان بدەی و بە واتایەكیتر بە هۆی نەخۆشی چاوەوە لە كار بكەوی چ هەستێكت دەبێ؟

* ئەو كات ئیدی من خۆم بە مردوو دەزانم، چونكە تا ئەو كاتە زیندووم كە بتوانم كار بكەم، و ئەگەر نەتوانم درێژە بە كارەكەم بدەم لە گەڵ مردووان هیچ جیاوازییەكم نابێ. سپاس بۆ خوا كە هەر چەندە پێم ناوەتە تەمەنی هەشتا ساڵییەوە هێستاش هەر وەرگێڕان دەكەم هەنووكەش چێژ لەم كارەیخۆم وەردەگرم، ئەگەر هەست بە گرفتێك بكەم لە قورسی دەقی نووسراوەی بیانیدایە كە بە یارمەتی "لاورس"ەكان یا بە یارمەتی مامۆستایانی پیشە چارەسەری دەكەم. بە كورتی مەرگی من ئەو رۆژەیە كە نەتوانم وەرگێڕان بكەم و هیوادارم بەم زووانە ئەو رۆژە دانەیەت.

* ئەو وشە و زاراوە و واتایانەی كە وەرگێڕ لە كاتی كاردا لە گەڵیان بەرەوروو دەبێ دەكرێ بە چوار بەش دابەش بكرێن: آ:وشە یا واتاگەلێك كە وەرگێڕ گومان لەوە دەكا كە لێیان تێدەگا و لەراستی دا دیاریكردنەكەی درووست دەبێ. ب: وەشەگەل یا واتاگەلێك كە وەرگێڕ پێی وایە لە ماناكەیان تێدەگات و بە پێی پێویستی نازانێ چاو لە فەرهەنگی وشە بكا، ئێستا گومانەكەی هەڵەیە و بە واتایەكیتر، وەرگێڕ نەیزانیوە كە نەیزانیوە. چ: وشەگەل یا واتاگەلێك كە وەرگێڕ لە درك و تێگەیشتنی درووستی ماناكەیان دڕدۆنگە. د: وشەگەل یا واتاگەلێك كە وەرگێڕ بە هیچ شێوەیەك لە ماناكەیان تێناگات. ئایا شێوەی دووهەمتان بۆ

هاتۆتە پێش؟ لە گەڵ شێوەکانی سێهەم و چوارەم دا چیت کردووە؟ دەتوانی نموونەیەکمان بۆ باس بکەی؟

* سەبارەت بەم پرسیارەوە روونە کە ئەگەر مەبەستت لە من بێت، بەچاو لێکردن لە فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان یا بە پرسیارکردن لە زاناگەلێك کە دەزانم خوێندەواری و زانیاریی‌یەکانیان لە من زیاترە، گرفتەکە چارەسەر دەکەم و مانای ئەو واتایانە وەدەست دێنم. سەبارەت بە بەندی "ج" یش ئەگەر دڕدۆنگ بم هەر بە هەمان شێوەی پێشوو کار دەکەم و بە لێکۆڵینەوە لە ئەم و ئەو یا بە چاولێکردنی دێکسیۆنێرەکان و لارووسەکان دڕدۆنگی‌یەکەم چارەسەر دەکەم. سەبارەت بە بەندی "د"، لە دۆن کیشۆت و لە دێکامرۆن دا تووشی رستەگەلێکی لاتینی دەبووم و بە سەردانی کلیسایەك لە شەقامی حافز بە قەشەیەك کە لەو زمانەدا زۆر شارەزا بوو گیرۆگرفتەکانم چارسەر دەکرد.

سەبارەت بە بەندی "آ"ش، قسەیەکمان نیە چونکە ئەگەر دیاریم کردبێ کە دروست تێگەیشتووم وەرگێڕانەکە دروستە و جێگای قسە و باس نیە. بەڵام لە بارەی بەندی "ب"،یوە جارێکیان لە گۆڤاری "ادینە"دا بەڕێزێك بە ناوی هەژیر سەنجەرخانی رەخنە و ئیرادگەلێکی لە وەرگێڕانێکم لە کتێبی رووخانی پاریس گرتبوو و ئەو رەخنە و ئیرادانە لە پێوەندی لە گەڵ دەستەواژەگەلێکەوە بوون کە من وشە بە وشە وەرمگێڕابوون. کاتێك رەخنەکانی ئەم رەخنەگرە خۆشەویستەم خوێندەوە تێگەیشتم کە قسەکەی راستە و من بە هەڵە لەوان تێگەیشتووم.

لە نامەیەك دا بۆ گۆڤاری "ادینە"، سپاسم لە رێنوێنی‌یەکانی بەڕێز سەنجەرخانی کرد و قسەکانی ئەوم پێ درووست بوو و زۆرم پێ‌خۆش بوو ئەو گۆڤارەم وەدەست بکەوێ و ئەو خاڵانە لێرەدا بێنم بەڵام هەرچەندی گەڕام پەیدام نەکرد. جارێکیش لە ساڵی ١٣٤٨ دا کتێبی "قەڵای مالویل"م بە هاندانی بەرێز دوکتور ئەبوولحەسەنی نەجەفی وەرگێڕابوو کە ئەو زۆری بەلاوە باش بوو بەڵام فەرموویان کە لە دوو شوێندا هەڵەم کردووە، تکام لێکرد ئەو دوو هەڵەیەم نیشان بدات. مامۆستا نەجەفی زۆر گەڕا و وتی نەمدۆزیوەتەوە و لە بیری چۆتەوە کە لە کام لاپەڕەدا بووە. بە هەر حاڵ هەر وەك پێشتر وتم من چونکە خوێندنی زمانی

فەڕانسەییم هەر لەم تارانەدا تەواو کردووە و بەختی خوێندن لە وڵاتی فەڕانسەم نەبووە دوور نیە کە دەبێ لە گەڵ هێندێك لە وردەکاری‌یەکان لە زمانی فەڕانسەیی‌دا و لە زاراوە و پەندەکانی شارەزا نەبم و لە وەرگێڕانیان دا هەڵە نەکەم. بەڵام ئەوەش بزانن کە هیچکات هەڵەکەی خۆم ڕەت ناکەمەوە و نەمکردۆتەوە، چونکە دەزانم هەر لەم ڕێنوێنی‌یانەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێ بە زانیاری‌یەکانی خۆی‌یەوە زیاد بکا.

• لە ڕووانگەی تۆوە وەرگێڕێکی باش خاوەنی چ تایبەتمەندی‌گەلێکە و ئەرکی ئەو لە بەرامبەر رۆڵە دوو لایەنەکانی زمانەوە چیە و ئایا تەنیا زاڵبوون بە سەر زمانی سەرەتا و مەبەست دا بۆ وەرگێڕێك تەواوە؟

• وەرگێڕی باش دەبێ خاوەنی ئەم تایبەتمەندییانە بێ: یەکەم لە زمانێك دا کە لەویەوە وەرگێڕان دەکا زۆر شارەزا بێ و چ باشتر ئەگەر بتوانێ خوێندنی خۆی لەو زمانەدا لە وڵاتێك دا کە بەو زمانە قسە دەکەن تەواو بکا، واتە بۆ وێنە زمانی فەڕانسەیی لە وڵاتی فەڕانسەدا، زمانی ئینگلیسی لە وڵاتی ئینگلستان، زمانی ئاڵمانی لە وڵاتی ئاڵمان دا و زمانی رووسی لە رووسیەدا فێر بووبێت. بەداخەوە من دەرەتانی وەدەست کەوتنی ئەو شانازی‌یەم بۆ نەڕەخساو زمانی فەڕانسە کە زمانی وەرگێڕانی منە، هەر لێرە خوێندوومە. دووهەم: لە سەر زمانی نیشتیمان و زێدەکەی کە دەقی دەرەوەیی پێ وەردەگێڕێ لە ئاستی شارەزابوون بە زمانی دەرەوەییش دا شارەزا بێ. باشی مەرجی یەکەم ئەوەیە کە هیچ بابەتێك نیە کە لێی تێنەگا و هەموو وەرگێڕانەکانی درووست دەبێ" باشی مەرجی دووهەم ئەوەیە کە وەرگێڕانەکە لە رستەگەلێکی فارسی درووست و بێ هەڵە دەداتە دەر و لە رستەکان دا ڕێزمان لە بەرچاو دەگرێ. سێهەم ئەوەیە کە شێواز و داڕشتنی نووسەر لەبەرچاو بگرێ لەگەڵ ئەوەش دا کە نووسەرە دەرەوەیی‌یەکان هەر کامێك شێوازێکی تایبەتیان لە نووسین دا هەیە.

وەرگێڕی باش ئەو کەسەیە کە لە وەرگێڕانی فارسیش دا ئەو زمان پاراوی و شیرین وێژی‌یە بپارێزێ و بە هەمان رادە کە خوێنەرانی یۆنانی بە نووسینەکانی نیکۆس کازانتزاکیس وەپێکەنین دەکەون و چێژی لێوەردەگرن من ئەگەر نەبێتە خۆ هەڵکێشان لە وەرگێڕانی

بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە وەك ئازادی یا مەرگ، مەسیحی دووبارە لە خاچ دراو و زۆربای یۆنانی بە تەواوی ئەم خاڵەم لە بەرچاو گرتووە و زۆر جار خوێنەران ئەم خاڵەیان بە گوێ دا چپاندوومەوە. بە داخەوە کۆمەڵێك وەرگێڕی بە ناوبانگی ئێمەش هەن یا بوون کە ئەم بابەتەیان لەبەرچاو نەگرتووە و هەموو کتێبەکانیان بە شێوازی ئینشای رۆژنامەیی وەرگێڕاوە بۆ وێنە ئاناتوول فرانس نووسەرێکی تەنز نووس و تەوس و تانەبێژە، رۆمن رۆلان نووسەرێکی وشك و قەڵەمیە و بە بێ هیچ چێژ و وردەکارییەك قەڵەم دەبزوێنێ، کەواتە دەبێ وەرگێڕیش لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی دا ئەو تایبەتمەندیگەلە لە بەرچاو بگرێ. بەڵام ئەوەی کە وەکو مەرجەکانی سێ لایەنە بۆ وەرگێڕ بوون زۆر پێویستن ئەوەیە کە ئەو کەسە خاوەنی زەوق و سەلیقەی وەرگێڕی بێ بەو واتایە کە ئۆگری ئەم کارە بێ. وردەکاری و شیرینکارییە پێویستەکان لە کارەکەی خۆیدا بە کار بێنێ و بەرهەمەکە بە شێوەیەك لێبکا کە هەر لە وەرگێڕان نەچێ و خوێنەر پێی وابێ کە وەرگێڕ خۆی ئەم کتێبەی نووسیوە.

- مەبەست لە وەرگێڕانی درووست چیە؟
- وەرگێڕانی درووست ئەوەیە کە مرۆڤ رستە بە ڕستەی کتێبەکە بخوێنێتەوە و دەقی هەمان رستە لە چوارچێوەی فارسیەکی پەتی و روون دا داڕێژێ بێ ئەوەی شتێکی پێوە زیاد بکا یا شتێکی لێ کەم بکاتەوەو ئەگەر تووشی پەندێکی پێشینانیش بێ کە دەقی ئەو لە فارسیدا نیە بەڵام هاوتاکەی ئەوی هەیە هاوتا فارسیەکەی لە دەقە وەرگێڕدراوەکەدا بێنێ و لە پەڕاوێزی لاپەڕەکەدا بنووسێ کە دەقی پەندەکە لە زمانی دەرەوەیی یا بیانیدا بە چ شێوەیەك بووە. من لە وەرگێڕانی دۆن کیشۆت دا ئەو کارەم کردووە و بە تەواوی ئەوەم لەبەرچاو گرتووەو گەلێك پەند لە ناو دەقەکەدابووە کە هاوتای فارسیەکەیانم هێناوەو لە ژێرەوە باسم کردووە کە لە بنەڕەت دا دەرەوەییەکەی چی بووە.

وەرگێڕ ئەگەر بخوازێ یەك یا دوو بەش لە کتێبەکە نەهێڵێ ئەم شێوە وەرگێڕانە نائەمانەتدارییە و دەبێ لە پێشەکیدا بنووسێ کە بۆ وێنە لە بەر فلانە هۆ ئەو بەشە

لەکتێبەکەی وەرنەگێڕاوە. بۆ لەبەرچاو گرتنی پاراستنی شێوازیش لە وڵامی پرسیاری سێهەمت دا هێندێك بابەتم پێ‌گوتی کە پێم وابێ هەمان شیکردنەوانە رای تۆ دابین بکات.

*بە بڕوای تۆ وەرگێڕان چ کاریگەری‌یەکی لە پێگەیشتوویی و بەرزبوونەوەی کولتووری نەتەوەکان دا هەیە؟

*بە بڕوای من وەرگێڕ وەکو دەلاقە یان درزێکە بەرەو کەشی کولتووری جیهانی رۆژئاوادا، و هەتا ئەم دەلاقە یا درز یا پەنجەرەیە گەورەتر و روونتر بێ خوازیاران و تامەزرۆیانی زمان فارس رووانگەیەکی باشتر و دیارتریان بەرەو رووی جیهانی کولتووری و هوونەری رۆژئاوا دەبێ. ئەوە بۆ گاڵتە و شۆخی نابێ کە ئێمە لە بواری کولتووری، هونەر، پیشەسازی‌و زانستەوە لانیکەم پێنج سەد ساڵ لە ئەورووپایی‌یەکان لە دواین و جگە لە بواری شێعر و شاعێری‌یەوە کە ئێمە لەوان زۆر لە پێشترین و لە لای ئەوان هەرگێز کەسانێکی وەك فێردەوسی‌و نیزامی‌و خەییام و سەعدی‌و حافز نەهاتوون و هەڵناکەون و لە بووارەکانی دیکەدا زۆر لەوان لە دواترین و دەبێ تێبکۆشین خۆمان بگەیەنینەوە بە ئەوان.

وەرگێڕ یەکێك لە کەرەسەکانی تێگەیشتن بەم مەبەستەیە. ئەوە وەرگێڕە کە دەبێ هاوزمانەکانی خۆی لە گەڵ شێوەی هزر و کولتووری و زانستی رۆژئاوا ئاشنا بکا و رێگای گەیشتن بەو پلەیە لە پێشکەوتن و بەرزی‌یە کە ئەمڕۆکە تەنانەت لە هەسارەی مانگیش دا دابەزیون و هێندێك لێکۆڵینەوەیان تێدا کردووە و ئێستاش خەریکی ئەوەن کە بچنە هەسارەی "مریخ"یش، بنوێنێ. بەم شیکردنەوەیەدا دەبێ قەبووڵ بفەرمووی کە وەرگێڕان کاریگەری‌یەکی زۆری لە پێگەیشتوویی و بەرزبوونی کولتووری نەتەوە باشەکان لە سەر ئێمە هەیە و ئەرکی وەرگێڕەکانمان ئەوەیە کە کتێبە رۆشنگەری‌یە راستی‌یەکان، رەتکردنەوەی لێڵی و ناروونی‌یەکان و خوارەفاتەکان و پارێزگاری لە ئازادی‌و دێمۆکراسی‌و مافی نەتەوەکان و بابەتگەلی بە سوودی‌تر بۆ زمانی فارسی وەرگێڕن و ئێمە زیاتر لە گەڵ شێوەی بیر، تێگەیشتن، زانیاری، زانست، هونەر پیشەسازی رۆژئاوا ئاشنا بکەن.

• رەمزی سەرکەوتنی خۆت لە وەرگێڕان دا لە چی‌دا دەبینی و چ رێنوێنی‌یەکت بۆ وەرگێڕە لاوەکانی وڵاتەکەمان هەیە؟

*بۆئەوەی کە بە سەرکەتوو لە وەرگێڕان دا ناوم دێنی سپاس و هیوادارم ڕوودەربایسی نەبێ. هەڵبەتە هاندانە زۆر و فرەکانیش کە چ لە لایەن خوێنەران و چ لە لایەن بڵاوکەرەوەکانەوە لە من دەکرێ تاڕادەیەك هومێدەواری فەرموودەی بەڕێزتە و نیشان دەدەن کە بەڕاستی تا چ ڕادەیەك لەم کارەی خۆم دا سەرکەوتوو بووم و لەم لایەنەوە منیش بە خۆم دەنازم.
بەڵام ئەوەی کە لیت پرسیم ڕەمزی ئەم سەرکەوتنەی من لە چی دایە و چ ڕێنوێنییەکم بۆ وەرگێڕەکان لەم بوارەدا هەیە پێم وایە بە گشتی لە کاتی وڵامدانەوە بە پرسیارەکانی پێشووت وڵامم بەم پرسیارەشت داوەتەوە، بەڵام بۆ ئەوەی وڵامێکی سەربەخۆشم بەم پرسیارەت دابێتەوە دەڵێم کە من رازی سەرکەوتنی خۆم لە چەند خاڵدا دەبینم:
لە وەرگێڕان دا بە مانای درووستی وشە ئەمانەت لە بەرچاو دەگرم و تاکو مەجبوور نەبم هیچ بەشێکی کتێب نابڕم و لای نابەم لە ئاکام دا نە شتێك لە دەقەکە کەم دەکەمەوە و نە شتێکی پێوە زیاد دەکەم و هەمان بابەتی لە بیر و نووسینی نووسەر بۆ فارسی وەردەگێڕم. سێهەم : شێواز و داڕشتنی نووسەر بە تەواوی مانا دەپارێزم. لە ئاکام دا تۆ دەبینی کە دەقی دۆن کیشۆتی من لە گەڵ دەقی ڕۆمانە کۆمەڵایەتیەکانم جیاوازە. دەقی شازادە بچکۆلەم لە گەڵ دەقی کتێبەکانی دیکەم زۆر جیاوازە. ئەو پێشینارانەش کە بە وەرگێڕە لاوەکانی دەکەم لە هەمووان پێویست تر ئەوەیە کە تێبکۆشن لە بابەتێك کە دەیانهەوێ وەریگێڕن باش لێی تێبگەن. پاشان بیکەن بە فارسیەکی پەتی و ڕەوان و تا دەتوانن لەم ڕێگایەدا زیاتر کەڵك لە وشە گەلی فارسی وەرگرن تاکو وشەگەلی عەربی. شتێکی دیکە ئەوەیە کە شێوازی نووسەر بپارێزن و ئەو حاڵەت و شێوە ڕۆحیەی ئەو ئەگەر جوان و ورد یا تەنزنووس یا روون وێژە، لە وەرگێڕان دا بپارێزێ.

- دەبێ ڕۆڵی بڵاوکراوەکان لە کاری وەرگێڕان دا چۆن بێ؟

•بەڕاستی دەبێ بڵاڤۆکەکان تا ئەو شوێنەی بۆیان دەڕەخسێ و بۆیان دەکرێ بەرهەمە وەرگێڕداروەکان بناسێنن و سەبارەت بەوان ڕەخنە و بیروبۆچوونی درووست و پێویست بە بڵاوبکەنەوە، ئەم کارە هەم ڕێنوێنی پێویست بۆ وەرگێڕە تازەکارەکان دەبێ و هەم

خوێنەران پتر لە گەڵ بەرهەمە دەرەوەییەکان ئاشنا دەکا. لە گەڵ ئەوەشدا بە ناساندنی وەرگێڕانە باش و وەرگێڕە باشەکان هەم خزمەتێکی شایستەی بە کولتوور و ئەدەبی فارسی کردوە و هاندانی پێویست لە مافی وەرگێڕە باش و زەحمەتکێشەکان دا بە جێ گەیاندووە.

*پەیامی تۆ بۆ توێژی لاوی ئۆگری بواری وەرگێڕان چیە؟

*من پێم وایە وەرگێڕ دەبێ دەرەوەست بێ واتە بە لە مەسەلەی پارەی وەرگێڕان لە بیری وەرگێڕانی بەرهەمگەلێك دابێت کە لەوان دا پارێزگاری و پشتیوانی لە ئازادی، دێمۆکراسی، ماف، دادوەری و دژایەتی لە گەڵ خورافات باسکراوە. ئەگەر کتێبێك تەنیا چیرۆکێکی سەرقاڵکەر یا پۆلیسی بێ و کاری بەو پرس و مەسەلانە نەدابێ نابێ وەرگێڕانەکەی قەبووڵ بکا، هەر بەو شێوەیەی کە من زۆرجار خۆم لە وەرگێڕانی ئەو جۆرە کتێبانە پاراستووە. کەواتە پەیامی من بۆ لاوانی ئۆگر بە کاری وەرگێڕانیش هەر ئەوەیە کە پێڕەوی لەم بنچینەیە بکەن و چاوپۆشی لە وەرگێڕان، تەنیا بە مەبەستی پارەی وەرگێڕان بکەن و تەنیا لە بیری ئەنجامی رەسالەت و پەیامی مرۆڤایەتیدا بن.

*چ پەیامێکت بۆ خوێندکارانی بواری وەرگێڕان هەیە؟

* پەیامی سەرەکیم بۆ خوێندکارانی بەشی وەرگێڕانیش هەر ئەوەیە کە لە وڵامی پرسیاری سەرەوەدا دەربارەی توێژی لاوی ئۆگری وەرگێڕانی بەرهەمەکان وتم. هەڵبەتە ئەو خاڵەش بە وتەکانمەوە زیاد دەکەم کە لە خوێندنی زمانی دەرەوەیدا نەتەنیا دەبێ هێندە پێشکەوتوو و جێگای شانازی بن کە بە شێوەیەکی باش لە رستەکانی نووسەر تێبگەن و هەڵەیەکیان لە وەرگێڕان دا نەبێت، بەڵکو دەبێ زۆر هەوڵ بدەن و تێبکۆشن بۆ شارەزابوون لە زمانی زگماکی خۆیدا واتە زمانی فارسی بۆ ئەوەی دەقە وەرگێڕدراوەکانیان بە فارسییەکی درووست، روون و پەتی و هاوسەنگ لە گەڵ رێساکانی رێزمانی بە ئەنجام بگا. درووست نووسی و لە بەرچاوگرتنی رێساکانی رێزمانی یەکێك لە مەرجە سەرەکی و پێویستەکانی وەرگێڕانێکی باشە. بەداخەوە هێندێك لە وەرگێڕە لاوەکانی ئێمە پێیان وایە کە بنەمای تەنیا ناسینی تەواوی زمان بە تەواوی ئەو زمانەیە کە لەویەوە وەرگێڕان دەکەن، ئەوە لە حاڵێك دایە کە ناسینی بە تەواوی زمانی خۆمان کە دەقی دەرەوەیی

وەردەگێڕدرێتەوە سەر ئەو، زۆر پێویست ترە. شارەزایی لە دەقی دەرەوەیدا هێندە بەسە کە مرۆڤ لە واتای ئەو وتە یا نووسینەی نووسەر تێبگا و لە چوارچێوەی فارسییەکی درووست و روون دا دایرێژێ، بە بڕوای من زۆر گرینگتر و پێویست ترە.

* کەم و کورتی راهێنانی بواری وەرگێڕان لە زانکۆدا چیە؟

* ئەمن خۆم لە زانکۆ، لە بواری وەرگێڕان دا نەمخوێندووە و ئەگەر نێوبانگێکم هەیە و بەڕاستی لەم بوارەدا بە خاوەن ئەزموون و پسپۆڕم دەزانن تەنیا لە بەر زەوق و ئەزموونی خۆم بووە و هەیە، بە هیچ شێوەیەك لەو سالآنەدا کە من بواری ئەدەبی خولی دواناوەندی "دارەلفنوون" و زانکۆی یاسام تەواو کرد زانکۆیەك بۆ وانە وتنەوەی تێکنیکی وەرگێڕان بوونی نەبوو و لە بەر ئەوەی کە لە گەڵ زانکۆ تازە دامەزراوەکانی ئەمڕۆیی ئاشنا نیم و نایانناسم ناتوانم سەبارەت بە کەم و کورتیان هیچ شتێك بڵێم.

*چ پەیامێکت بۆ بەرپرسانی زانکۆکان و بۆ باشتر بوونی رۆڵی ئەم بوارە هەیە؟

* بەو باسەی کە لە وڵامی پرسیاری سەرەوەدا کردم لە گەڵ بەرپرسانی زانکۆی وەرگێڕانەکان ئاشنا نیم بەڵام ئەوە تەواو سرووشتییە کە دەبێ مامۆستایانێکی پسپۆڕیان لەو زمانەدەرەوەییانەدا کە وانەیان دەوترێتەوە هەبێ، مامۆستایانێك کە خوێندنیان لەو زمانەدا لە هەمان ئەو وڵاتانەدا کە زمانەکە لەوێ باوە و کەڵکی هەیە بە ئەنجام گەیاندبێ. کاتێك مامۆستایەکی زمانی ئینگلیسی یان زمانی فەرانسی یان هەر زمانێکی دیکە خوێندنی خۆی لە زانکۆکانی لەندەن یا فەڕانسە یا شارەکانی دیکەی دەرەوەدا تەواو کردبێ زۆر باشترە لە کەسێك کە هەر لێرە فێری فەرانسەیی یا ئینگلیسی بووە. شارەزای رەمز و رازەکانی زمانە و باشتر دەتوانێ قوتابیانی خۆی لەم بوارەدا پەروەردە بکا.

ئاشکرایە کە بەردەوامی وانە وتنەوە و وردبینی لە پێشکەوتنی قوتابیان لەم بوارەش دا یەکێك لە مەرجەکانی سەرکەوتنە.

- وەرگێڕی باش کێیە؟
- بە بڕوای من وەرگێڕی باش کەسێکە کە ئەم تایبەتمەندییانەی هەبێت:

١)وەرگێڕانەکەی هێندە روون و شێرین بێت کە خوێنەر هەست نەکا خەریکە بەرهەمێکی وەرگێڕدراوە دەخوێنێتەوە و پێی وابێ کە ئەو نووسراوەیە نووسینە نەك وەرگێڕان.

٢) بەڕادەیەك وەفادار بە دەقی بنەڕەتی بێت کە وەرگێڕ نە شتێکی لێ کەم بکاتەوە و نە شتێکی پێوە زیاد کردبێ.

٣) شێوازی نووسەر لە وەرگێڕان دا پارێزراو بێ، بۆ وێنە نووسەر شۆخ و لەزەوقە و ئەویتر وشکە، یەکێك بە زمانی هەمووانی و ئاسایی کۆڵان و بازاڕ دەنووسێ و کەسێکیتر بە زمانێکی ئەدەبی دەنووسێ. وەرگێڕ دەبێ لە وەرگێڕان دا بە تەواوی ئەم خاڵانە بپارێزێ. ئەگەر وەرگێڕ دەرەوەست بێ واتە هەمیشە بە دوای وەرگێڕانی بەرهەمگەلێك دا بچێ کە پەیامێکی کۆمەڵایەتیان هەیە هیچکات هەڵبژاردنەکانی تاکەکەسیانە نابێت بەڵکو هەمیشە گشتیتر دەبێت. ئەگەر دەرەوەست نەبێت و تەنیا مەبەستی لە وەرگێڕان وەدەست هێنانی پارە و پووڵ بێ هەر لە سەرەتاوە هەڵبژاردنەکانی تاکەکەسیە و تا کۆتاییش تاکەکەسی دەمێنێتەوە.

بۆ دیاریکردنی وەرگێڕانی خراپ سێ نیشانە هەیە کە هەر کام لەوانە بەسە بۆ ئەوەی وەرگێڕانەکە بە خراپ دانرێ.

یەکەم: "نەبوونی بەراوردکردن لە گەڵ مەبەستی وتە". لە وەرگێڕانێك دا کە بڵاوکەرەوەیەك بۆ دووبارە بینی و پێداچوونەوەی دای بە من رستەیەکم خوێندەوە کە لە ماناکەی تێنەگەیشتم، بەم شێوەیە بوو: سێ دار هەنار لە رێگای فەڕانسەدا وشك دەبوون. چاوم لە دەقی فەرانسەییەکەی کرد بینیم وەرگێڕ لە مانای رستەکە تێنەگەیشتووە و بە هەڵە وەریگێڕاوە. رستەی بنەڕەتی ئەوە بوو کە: سێ نارنجۆك هاوێژی فەڕانسەیی دەگەڕانەوە. "گێرنادیە" لە زمانی فەرانسەییدا بە واتای دار هەنارە و بە واتای نارنجۆك هاوێژیشە و وەرگێڕ سەرنجی لە مانای دووهەمی وشەکە نەدابوو.

دووهەم:"لەبەرچاو نەگرتنی شێوازی نووسەر". بۆ وێنە: نیکۆس کازانتزاکیس نووسەرێکی شۆخ و قسەخۆشە و رۆمن رۆلان وشك و جیددییە و ئاناتوول فرانس تەنزنووس و نوکتەبێژە" و ئەگەر وەرگێڕ لە وەرگێڕانی بەرهەمەکانی ئەم نووسرانەدا حاڵەتی رۆحیان لە

وەرگێڕانەکەی خۆیدا نەپارێزێ وەرگێڕانێکی سەرکەوتوو و باشی نەکردووە. یان بۆ وێنە نووسەرانی دۆن کیشۆت و دێکامرۆن چەندین سەدە لەمەوبەر ژیاون و وەرگێڕانی بەرهەمەکانیان دەبێ بە فارسی کلاسیکی بەکەڵك وەرگرتن لە سەردەمی ئەوان دا بکرێ دەنا ئەگەر بە ئینشای رۆژنامەیی ئەمڕۆبێت وەرگێڕانێکی باش نابێ.

سێهەم: "لەبەرچاو گرتنی رەوانی و پەتی بوونی زمانی وەرگێڕان"، بە شێوەیەك کە کاتێك خوێنەری فارس زمان دەیخوێنێتەوە هێندە راحەت بیخوێنێتەوە کە نەتوانێ دیاری بکا ئەم بەرهەمە وەرگێڕانە و شێوەی رستەسازی‌یەکان تەواو لەگەڵ ئینشای فارسی هاوشێوە بێت. لە زۆرێك لە وەرگێڕانەکان دا دیومە کە داڕشتنی رستەکان دەقاو دەق وەکو داڕشتنی هەمان دەقی دەرەوەیی و بیانی‌یە کە لەگەڵ فارسی‌یەکەی جیاوازە و وەرگێڕانێکی‌ئەوتۆ باش نابێ و ئاشکرایە کە تایبەتی‌بوونی کاری وەرگێڕ ئەم هەڵانە کەمتر دەکاتەوە.

هەڵبەتە وەرگێڕانی ئەدەبییات ئەستەمترە چونکە ئەو وردەکاری و ئەو خاڵا پێوەری‌یانە کە لە دەقە ئەدەبی‌یەکان دا هەیە لە دەقە فەلسەفی و مێژوویی و پزیشکی‌یەکان و هتددا نیە. دەبێ بۆ وەرگێڕی ئەم بەرهەمانەی دوایی وەرگێڕ خۆی فەیلەسووف یا مێژووزان یان پزیشك بێ لە بەرئەوەی کە لە گەڵ زاراوە و زانیاری‌یەکانی پیشەکەی خۆی ئاشنایەو تێیاندا شارەزایە. باشتر لە دەقە بێگانە و بیانی‌یەکان تێدەگا و بە بێ گرفت وەرگێڕان دەکا. بەڵام دەقە ئەدەبی و هونەری‌یەکان، ئەگەر ئەو لایەنە ئەدیبیش بێ کاتێك زەوق و سەلیقەی تەواوی نەبێت ناتوانێ ئەو جوانی و وردەکاری‌یانەی نووسەر لە فارسی‌دا بەر پرچ بداتەوە.

بە گشتی زۆربەی نووسەران شێوازگەلێکی جۆراجۆریان هەیە و وەرگێڕی باش ئەو کەسەیە کە ئەو شێوازانە لە وەرگێڕانەکەی خۆیدا لە بەرچاو بگرێ. کەسێك کە کتێبەکانی ئازادی یا مەرگ، مەسیحی دووبارە لە خاچ دراو یان زۆربای یۆنانی وەرگێڕانی من بخوێنێتەوە لە شێوەی داڕشتن و لەبزی شۆخ و شیرین و تەنزئامێزی رستەکان تێدەگات کە هەر سێکیان بەرهەمی نووسەرێکن. ئەگەر نەبێتە خۆهەڵکێشان بەڕاستی دەڵێم کە وەرگێڕانی دۆن کیشۆت یا دێکامرۆن یا شازادە بچکۆلەی من لەگەڵ وەرگێڕانی کتێبەکانی دیکەم جیاوازە. بۆچی، چونکە لەوان دا شێوازی داڕشتنی نووسەرم پاراستووە و ئەوە کارێکە کە بەداخەوە

زۆرێک لە وەرگێڕەکانی ئێمە دەربەستی نین و هەمووان بە یەک شێوە و یەک ئینشا وەردەگێڕان.

لەبەر ئەوەی کە زمانی فارسی خۆی زمانێکی ئەدەبی زۆر جوانە بۆ وەرگێڕانی "وێنایی" و "وتوێژی"(محاوره)ی هەر دووکیان، زۆرباش دەتوانێ دەرەقەتیان بێ، پێدەچێ وەرگێڕانی بەرهەمێکی وێنایی لە زمانی فارسی‌دا لەدەقە سەرەکی‌یەکەش جوانتر بێت، هەر بەو شێوەیە بەرهەمێکی وتوێژیش. بەرهەمە پیشەیی‌یەکانی دیکە وەکو زانستەکانی پزیشکی، مکانیکی، فەلسەفی و هتد بێگومان وەرگێڕانیان بۆ فارسی بە باشی بەرهەمگەلی وێنایی و ئەدەبی دەرنایەت.

من خۆم دوو بەرهەمی وتوێژیم وەرگێڕاوە: یەکیان بەسەرهاتی پێشەوایەکی شەهید (مەسیحی‌یەکی هەژار) بەرهەمی ئینیاتسیوسیلونە نووسەری نان و شەراب،ە و ئەوی‌تر سێناریۆی دۆن کیشۆت کە لە کارەکانی سەردەمی سەرەتایی ژیانمە و ئەوی‌تر دوکتور کنووک لە نووسینی ژوول ڕۆمن کە شانۆنامەیە.

ئاشکرایە کە بە هۆی ئەدەبی‌بوونی زمانی فارسی، شیاوی و لێهاتوویی ئەو بۆ وەرگێڕانی بەرهەمەکانی سەردەمی ڕۆمانسی‌یەت گونجاوترە.

گەیاندنی دەقێکی دە دێڕی بۆ بیست دێڕ یان بە پێچەوانە بۆ پێنج دێڕ نیشاندەری ئەوەیە کە لە شێوەی یەکەم دا وەرگێڕ لە خۆیەوە بە دەقەکەی زیاد کردووە و لە شێوەی دووهەم دا لێی کەم کردۆتەوە، و هەر دوو کارەکە ناپەسەند و دوور لە ئەمانەتن. وەرگێڕ بەو پەڕی تواناوە وێڕای پاراستنی واتای دەق دەبێ تا ئەو شوێنەی کە زەربە لە ڕوونی و ڕەوانی وەرگێڕان نادات وشەگەلێك کە نووسەر بە کاری بردووە لە وەرگێڕان دا بێنێت و ئەمانەت بپارێزێ.

ئەوە سەبارەت بە دەرەوەیی‌یەکان درووستە کە بیانهەوێ دەقە فارسی‌یەکان بۆ زمانەکانی خۆیان وەرگێڕن چونکە ئەو وردی و جوانی‌یەی کە لە زمانی فارسی‌دا هەیە و کاری وەرگێڕان، ئەستەم دەکات لە زمانە ئەورووپایی‌یەکان و هتددا نیە. نازم حیکمەت شاعیر و نووسەری تورک ڕستەیەکی جوانی لەم بارەوە هەیە کە دەڵێ:

"کەسێك کە بیهەوێ حافز بۆ زمانی خۆی وەرگێڕێ وەکو ئەوەیە کە بیهەوێ بولبوولێك لەبەر گۆشتەکەی بکوژێ. بولبوول گۆشتێکی بەرچاوی نیە و هەمووی هەر ئاهەنگ و ئاوازە".

وەرگێڕانی حافز یا خەییام یا سەعدیش لە بەر وردەکاریەك کە لە وتەکانیان دا هەیە، لە هیچ زمانێك دا وەکو دەقە سەرەکیەکە نابێت.

بێگومان وەرگێڕانە باوەکان لە سەرەتاوە تا ئێستا لە زمانی ئەدەبی و هەمووانی فارسیدا بێ کاریگەری و بێباندۆرنەبوون و وشەگەلێکی زۆر لەم رێگایەوە هاتوونە ناو زمانی فارسیەوە کە بە بڕوای من ئیرادێکی نیە چونکە زمان بە پێزتر دەکات. تەنیا لەم رێگایەوە زەربەیەك لە شێعری فارسی دراوە چونکە وەرگێڕانی شێعرگەلێکی دەرەوەیی بە زمانی فارسی شێعری نوێ کراونەتە زمانی ئێمە کە بێ جوانی و مانایە و ئەوە خۆی زەربەیەکە کە لە شێعری جوانی زمانی فارسی دراوە.

لە بوارەکانی دیکەدا بە تایبەتی لە شێوەی دارشتنی رۆمان و شانۆنامە و هتددا زۆریش بەسوودبووە و زمانەکەمانی بە پێز و دەوڵەمەند کردووە.

*ئایا وەرگێڕانی هاوبەش پەسند دەکەی؟ و ئایا پێت وایە ئەوە کارێکی درووستە؟

* کارێکی زۆر سەیر نیە. منیش لەبەر بەڕوواکەوتن و ڕوودەربایسی کاری سێ کتێبم بە هاوبەشی کردووە. ئەویش بەم هۆیە کە کتێبەکانم پەسن کردن.

*ئایا تۆ لە وەرگێڕان دا چڵکنووس و پاکنووسی دەکەی و ئایا خەت پێداهاتن لە دەقی وەرگێڕدراوی تۆدا زۆرە؟

*سەرەتا بە قەڵەم رستە بە رستە وەرگێڕان دەکەم. پاشان ئەگەر بەش یا پاژێکم تەواو کرد، دەست بە پاکنووس کردنەوەی دەکەم. لە پاکنووس دا دووبارە رستەکان لە گەڵ دەقەکە بەراورد دەکەم کە نەکا شتێك لە قەڵەم کەوتبێت. لە کاتی پاکنووس دا ئەگەر وشەیەکی جوانترم بە مێشك بگات دەیگۆڕم. ئەوەیە کە بە گشتی زۆربەی ئەو کارانەی بە بڵاوکەرەوەکانی دەدەم خەت پێدانەهاتوو و زۆر خاوێنن. چونکە لە راستیدا دووبارەنووسی دەکەم.

*وەرگێڕ دەبێ تا چ رادەیەك لە ئەدەبییاتی کۆنی نیشتیمانەکەیبزانێ کە لە مەرجە بنەڕەتیەکانی وەرگێڕانە و تەنانەت من پێم وایە کە وەرگێڕی باش ئەو کەسەیە کە زمانی زگماکی خۆی باشتر لە زمانە بێگانەکان، تەنانەت لە زمانێکەوە کە لەویەوە وەرگێڕان دەکا. بە بڕوای من زانینی زمانی زمانی دەرەوەیی لە ئاستێك دا کە بتوانرێ لە بیروڕای نووسەر تێبگەی تەواوە و لەوەودوا کاری بنەڕەتی وەرگێڕ، داڕشتنی ئەو بیرە بە زمانی زگماکیـیە، دەست پێ دەکات" ئەگەر وەرگێڕ بە باشی زمانی زگماکی نەزانێ و لە گەڵ ئەدەبییاتی کۆنی فارسی، کە مەرجی سەرەکی زانینی فارسیـیە، ئاشنا نەبێت، ئەو چوارچێوەگرتنەیە لاواز، ناڕوون و کەم و کورتی دەبێ و مەجبوور هەمان بێ سەرەو بەرەیی دێتە پێش کە بەداخەوە ئەمڕۆکە بە سەر کاری وەرگێڕان دا زاڵ و دەسەڵاتدارە و بڵاوکەرەوە بێ زەوق و نەخوێندەوارەکانیش کە تەنیا لە ڕووانگەی کەرەسەیی و کاڵاوە لە کتێب دەڕوانن دەرێژەی پێ دەدەن. ئاشنایی لە گەڵ ئەدەبییاتی کۆنی فارسی ئاستی زەوق و مرخ و سەلیقەی هونەری وەرگێڕ دەباتە سەر و ئەگەرچی لێهاتوویی هونەری خۆی شتێکی زاتی و دەروونیـیە، بەڵام ئەگەر وەرگێڕێك خاوەنی ئەم گەشەکردنە بێت، ئاشنایی لە گەڵ خەزێنەی ئەدەبی فارسی ئەو بە پێزتر و بە سوودتر دەکا.

*بە بڕوای تۆ ئەو کەسانەی کە ئۆگری کاری وەرگێڕانن و لە سەرەتای ڕێگادان بۆ پێشکەوتنی خۆیان دەبێ چ کارێك بکەن؟

*پێشنیارم بۆ وەرگێڕە تازەکارەکان ئەوەیە کە بەر لە دەستپێکردن بە کاری وەرگێڕان بکەن تا دەتوانن ئاستی زانیاری خۆیان لە زمانی بێگانەدا ببەنە سەر و ئەگەر بکرێ، یەك دوو ساڵ لە دەورووبەری ئەو زمانەدا، بۆ وێنە لە فەڕانسە یا ئینگلستان یا ئاڵمان یا لە هەر وڵاتێك دا کە دەیانهەوێ بە باشی زمانەکەی فێر بن، زمان بخوێنن و بە وتووێژی ڕۆژانەی خەڵکی ئەو دەڤەرە ئاشنا بن. لە گەڵ ئەوەدا لە خوێندنەوەی بەرهەمە ئەدەبیـیەکانی فارسی، لە شێعر و پەخشان، خافڵ نەبن. بەڵام وەك یەکێك لە نووسەر و وەرگێڕەگەورەکانی هاوچەرخ، بەڕێز دەریابەندەری دەڵێ هێندە لە دەریای ئەدەبی فارسیـدا تل بخۆنەوە کە قوم نەبن. شتێکی دیکە ئەوەیە کە بەرهەمە وەرگێڕانە

سەرەتاییەکانیان خێرا چاپ نەکەن و یەک دوو جار، لە ماوەی یەک دوو مانگ دا، دووبارە و سێجارە پێیدا بچنەوە و لە گەڵ دەقە سەرەکییەکەدا بەراوردی بکەن و پاش ئەوەی بە تەواوی دڵنیا بوون لەوەی کە لە کاری خۆیان رازی بوون، خەریکی کاری چاپکردنی بن. شەرم نەکەن لە پرسین و وەدەست هێنانی ئەزموون لە کەسانێک کە لەم رێگایەدا کراسێکیان دڕاندووە و بە مایەی کەم و کوڕی نەزانن، سەعدی شیرازی چەند بە شیرینی و جوانی وتوویەتی:

بپرس انچە ندانی کە ذل پرسیدن          دلیل راە تو باشد بەعز دانایی

• بەراورد کردنی بەرهەمێك لە گەڵ وەرگێڕدراوەکەی تا چ رادەیەك لە وەرگێڕان دا یارمەتیدەرە؟

• بەراورد کردنی بەرهەمێك لە گەڵ وەرگێڕانەکەی لە بەکارهێنانی وەرگێڕان دا یارمەتی زۆر دەکا. چونکە فێری ئەوەت دەکات کە شێوەی دروستی کار چۆنە و لە گەڵ ئەوەدا کە وشەیەك مانا و واتاگەلێکی جۆراوجۆری هەیە. لە وەرگێڕانی لە بەرچاوگێراودا بە چ شێوەیەك گونجاوترین واتا بەکار هاتووە. سەرەڕای ئەوە قوتابی، لە بەراوردکاریدا، درووست لە هەڵە و ناشیرین لە جوان جیا دەکاتەوە و تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی خۆی پێڕەوی لە شێوەیەکی درووست تر و جوانتر بکا.

من بۆ نموونە پێشنیاری بەراوردکردنی شازادە بچکۆلە دەکەم کە دەقێکی وردتر و ساناتری هەیە و هەر بەو پێیەش وەرگێڕانی بە فارسی ئەستەمترە و بێلایەن و ئاسانە.

## ٢

## وەرگێڕانی

## دۆن کیشۆت*

"... هەنووکە پتر لە سی ساڵ بە سەر بڵاوبوونەوەی یەکەمین وەرگێڕانی قازیدا تێپەڕ دەبێ و لە گەڵ ئەوەش دا بە ئۆگری و پشت ئەستووری لاوێکی هەڵسووڕ سەرقاڵی کارە. بەرهەمگەلێك کە محەممەدی قازی لە فەرەنسیەوە کردوونی بە فارسی، رەنگە بایەخ گەلێکی جۆراوجۆریان هەبێ، بەڵام هەموویان لە رەهەندی تۆکمەیی پێکهاتەی زمان، زۆری وشەو وشەلێکدراوەکان و... کەم وێنەن. لە نێوان ئەم بەرهەمانەدا و بگرە لە نێوان هەموو

ئەو بەرهەمانەدا کە لە سەردەمی نوێدا کراون بە فارسی، دۆن کیشۆت پلەیەکی بەرزی هەیە.بەڕێز قازی تا ئێستا دوو لێدوانی لە سەر دەقی کاملی دۆن کیشۆت بلاوکردۆتەوە. تاوتوێ کردنی شێوەی کاری قازی وەکو وەرگێڕ و تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕانی دۆن کیشۆت و جیاوازییەکانی دوو گێڕانەوەکەی ئەو، بابەتێکە کە بۆ خوێنەران و بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەك ئۆگری کاری نووسین و وەرگێڕانن، دەکرێ سەرنج راکێش بێ. مەبەست لەو وتووێژەی خوارەوە یەکەم رێزدانانێکە بۆ تێکۆشانی سی ساڵەی محەممەدی قازی لە پێناو وەرگێڕان دا، دووهەم، هەوڵدانێکە بۆ ئاشنایی و ناسینی رابردوو و حەزە فیکرییەکان و شێوەکاری وەرگێڕێك کە بەرەبەرە گەورەترین بەرهەمی وەکو دەقە سەرەکییەکەی (دەقە ئیسپانیاییەکەی) دەبێتە بەرهەمێکی کلاسیکی".

حەسەن مەرەندی: بەرێز قازی، چۆن بوو بیرت لە وەرگێڕانی دۆن کیشۆت کردەوە؟

محەممەدی قازی: لە ساڵی ١٣١٧دا سێناریۆی دۆن کیشۆتم وەرگێڕابوو کە ناوەندی "ئەفشار" لە بەرامبەر چل تمەن دا مافی لە چاپدانی کڕی. هەڵبەتە چل تمەنی ئەو کات پوولێکی کەمیش نەبوو.

ئەبوولحەسەنی نەجەفی: گۆیا تۆ هەر لەو ساڵەدا کتێبێکیشت نووسیوە؟

قازی: بەڵێ، کتێبێك بە ناوی"زارا یا "ئەوینی شوان"(زارا یا عشق چوپان)، کە چیرۆکێکی کوردی بوو. بەڵام با بچینە سەر کتێبە ئەسڵییەکەی دۆن کیشۆت. ئەوەی من وەرم گێڕابوو سێناریۆیەك بوو کە فیلمی بێدەنگی "دۆن کیشۆت"یان لە ڕوویەوە درووست کردبوو. کاتێك "دەزگای چاپەمەنی نیل" کەوتە کار، رۆژێك پێشنیاریان پێکردم کە دۆن کیشۆت وەرگێڕم. تا ئەو کات هەر پێم وابوو دۆن کیشۆت هەمان سێناریۆیە. بەرپرسانی نیل گوتیان ئەو سێناریۆیە بە کەڵك نایە. ئەم وەرگێڕانەی لویی ڤیاردویان لە دەرەوە هێناو دایانمێ.

جەهانگیر ئەفکاری: چەندەی پێ چوو تا دۆن کیشۆتت وەرگێڕا؟

قازی: چوار ساڵ دواتریش، لە کێبەرکێیەك دا وەرگێڕانەکەی منیان قەبووڵکرد. بەڵام یەکێك لە مەرجەکانی ئەم کێبەرکێیە ئەوە بوو کە کتێبەکە لە دەقە سەرەکییەکەوە وەرگێڕدرابێ. ئەم کتێبە کە لە دەقی ئیسپانیوولیەوە وەرگێڕدرابوو، نامەیەکم بۆ

داوەرەکان نووسی کە مەرجەکەی ئێوە دەتوانێ زمانەکانی وەك ئینگلیسی، فەرانسەیی، رووسی و عەرەبی‌و...بگرێتەوە.

بەڵام ئێمە وەرگێڕێکمان نیە بتوانێ ئەو کتێبانەی بە زمانەکانی یۆنانی یان چینی یا پۆرتۆغالی نووسراون، لە زمانە سەرەکی‌یەکەوە وەریانگێڕێتەوە سەر زمانی فارسی. (هەر ئەم زۆربای یۆنانی‌یە، ئەگەر بڕیار وابووایە لە زمانی سەرەکی‌یەوە وەرگێڕدرێتە سەر زمانی فارسی، کێ وەریدەگێڕا؟) داوەرەکانیش بیروبۆچوونەکەی منیان بە درووست زانی و مەرجەکەیان لابرد و وەرگێڕانەکەی من بوو بە یەکەم.

نەجەفی: ئەگەر هەڵەم نەکردبێ هەمان لێژنە ساڵی پێشووش خەڵاتێکیان دابوو بە تۆ؟

قازی: بەڵێ، وەرگێڕانی کتێبی "دوورگەی پەنگۆئێنەکان"ی بە دووهەم دانابوو. بەڕێز دوکتۆر خانلری دەیگوت چونکە هێندێك خاڵت لەبەرچاو نەگرتبوو وەرگێڕانەکەت پلەی دووهەمی وەدەست هێنا. بۆ وێنە بەشێك لە وشەکانی ئاناتوول فرانس کە پێت وابووە ناڕوونە، ویستووتە شیان بکەیتەوە و روونکردنەوەت لە سەر داون. وەرگێڕانەکەی لە رەسەنایەتی خستبوو.

نەجەفی: کەواتە کێ بەر کێکە هی گۆڤاری "سخن" بوو؟

قازی: بەڵێ گۆڤاری سخن، یەکەمجار دۆن کیشۆتی ناسی. بەڵام رۆژێك ئاغای ئەفکاری پرسیارێکی جوانی لێکردم، وتی: چۆن توانیت بەو شێوەیە دۆن کیشۆت داڕێژیتەوە. چۆن بەو زمانە گەیشتیت؟ پرسیارێکی زۆر سەیر و جوان بوو. من پێم وایە هەمیشە زمانی بەرهەم، رێنوێنی وەرگێڕە. بۆ وێنە رۆژێك چوومە لای مەحموود ئێعتمادزادە(بێ ئازین). وەرگێڕانی نان و شەڕابی منی خوێندبۆوە.

پرسیم چۆن بوو؟ گوتی باشە. تەنیا رەخنەیەکم هەیە: هێندێك شوێنی دەقی کتێبەکە ئەدەبی و بەرزە، بۆچی هێندێك شوێنی تاڕادەی قسەپێکردنی کۆڵان و بازاڕ دابەزیوە؟ وڵام دایەوە هۆیەکەی هەمان پەخشانی دەقەکەیە کە منی بەم شێوەیە رێنوێنی کردووە. دۆن کیشۆتیش چونکە خاوەنی دەقێکی کۆن و کلاسیکی‌یە، بیرم لێکردەوە کە دەبێ دەقێکی بۆ هەڵبژێرم کە لە گەڵ دەقی سەرەکی یەکتری بخوێنێتەوە.

نەجەف دەریابەندەری: من پێم وایە ئەوەی گوتت تەواو ڕاستە. بەڵام بە باشی وڵامی پرسیاری ئەفکاریت نەداوەتەوە. مەبەستی ئەفکاری ئەوەبوو کە زمانی ئەم وەرگێڕانەت بە پشت بەستن بە دەقەکانی زمانی فارسی دۆزیوەتەوە؟ تۆ گوتت بە ڕێنوێنی پەخشانی دەقی فەرانسەیی هەوڵت داوە، باشە هەر لە هەمان ئاست دا لە فارسی‌دا شتێك بدۆزەوە.

قازی: بەڵێ ڕاستە لە دەقی قورسی بەرهەمەکەش تێپەڕیوە، هێندێکیش بە هۆی پاراستنی ڕێنوێنی‌یەکانی من بووە. هاوسەنگی سەردەم و کاتیش دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ. کتێبەکە پتر لە سێ‌سەد ساڵ بەر لە ئێستا نووسراوە، واتە هاوکات لە گەڵ سەردەمی سەفەوی‌یە. لەو سەردەمەدا لە وڵاتی ئێمەدا تا ڕادەیەك دەقێکی ئەوتۆ سوود و کەڵکی هەبووە.

دەریابەندرەی: ئەوە مەسەلەیەکی زۆر سەیر دێنێتە ئاراوە. من وەك خۆم لە گەڵ ئەم بە ناو بیروبۆچوونەدا نیم نەك ئەوەی دژ بە دەقی دۆن کیشۆت بم. بەر لە هەموو شتێك دەبێ بڵێم کە وەرگێڕانی دۆن کیشۆت یەکێك لە وەرگێڕانە زۆر سەرکەوتووەکانە. لە زمانی فارسی‌دا کەمتر وەبەرچاو کەوتووە کە وەرگێڕانێك زمانی گونجاوی خۆی وەکو دۆن کیشۆت دۆزیبێتەوە. بەڵام گەر گریمانەی ئەوە بکرێ بەرهەمی فەرەنگی (بیانی) فڵانە سەردەم بە فارسی هەمان سەردەم وەرگێڕی و بۆ وێنە بگەڕێیەوە و چاو لێبکەی لەو سەردەمەدا فارسی‌یەکی چۆن کەڵکی لێ‌وەرگیراوە. لە هەموو خاڵ و شێوەکان دا ناتوانی کار بەم بیروبۆچوونە بکەی. وای دانێ دەتهەوێ "ئیلیاد"ی "هۆمێر" بکەی بە فارسی. زمانی سێ هەزار ساڵ لەوە پێشی فارسی چۆن بووە؟ و چ سوودێکی بۆ ئەمڕۆکە دەبێ؟ ناکرێ وەك هەیە زمان و ڕەوتەکانی کامڵبوونی کولتووری جۆراوجۆرەکان بەم شێوەیە بەراورد بکرێ.

قازی: بەڵێ درووستە، بە هیچ شێوەیەك بەراورد ناکرێن.

دەریابەندەری: کەواتە بگەڕێینەوە سەر باسی بنەڕەتی" بۆ دۆزینەوەی زمانی تایبەتی دۆن کیشۆت لە وەرگێڕان دا سەرنجت بە چ جۆرە بەرهەمێك بووە؟

قازی: ڕاستی‌یەکەی بڵێم، دەقی کتێبێکی تایبەتیم لەبەرچاو نەگرتووە. جگە لەوەی کە من دەقە فارسی‌یەکان دەخوێنمەوە. بۆ وێنە کاتێك قسە لە سەر ئەوە بوو کە دۆن کیشۆت کتێبە کۆنەکانی پاڵەوانی دەخوێنێتەوە، و هەر ئەوانە بووە هۆی ئەوە کە ئەم جۆرە

بەخۆداهەڵگوتنانە بکات، نووسین بۆ کتێبەکانی حوسێن کوردە، ئەمیر ئەرسەلان و سەرجەم کتێبەکانی پاڵەوانی هاوشێوە بووە کە من هەموویانم خوێندبوونەوە. بۆ وێنە ئیزن بدەن ئەم بەشە لە رووی خودی کتێبەکەوە بخوێنمەوە.

نەجەفی: لەڕووی چاپی دووهەمەوە؟

قازی: بەڵێ، چاپی دووهەم.

"لەو کاتەدا کە هەر دووکیان راست بەرەو پێش دەڕۆیشتن ساونکۆ بە ئاغاکەی خۆی وت: گەورەم، ئیزن دەفەرمووی چەند قسەیەکت بە خۆمانەیی لە گەڵ بکەم؟ لەو کاتەوە بەڕێزت فەرمانی زاڵمانەی پاراستنی بێدەنگیت لە سەر من داوە زیاتر لە چوار باس لە دڵم دا ماونەتەوە و ڕزیون. بەڵام ئێستا یەکێك لەو بابەتانە لە سەر زمانمە کە حەیفە بە نەوتراوی بمێنێ و لەنێو بچێ". دۆن کیشۆت وڵامی دایەوە:" بیڵێ، بەڵام زۆر درێژدادڕی مەکە چونکە هەموو قسەیەك لە کورتی خۆشە و ئەگەر درێژ بێتەوە بێ تام دەبێ."

ساونکۆ گوتی:" کەواتە دەیڵێم: لەم چەند رۆژەدا چاوم لێیە کە سەر لێشێواوی زۆر بەڕێزت بە دوای بەسەر هاتەکان لەم کەند و لەندە و لەم پێچ و پەناو جادانەدا تا چ رادەیەك بێسوود و کەم بەهرە بووە و لە ئەوەش دا، مەترسییە بە هەڵکەوت و بەرهەمی سەرکەوتنەکانیش هەر چییەك بێ، چونکە کەس نیە کە ئەوانە بە چاو ببینێ و ئاگاداریان بێ، سەرەڕای نییەتی خێر و باشی هونەرنوێنییەکانی زۆر بەڕێزت، نرخ و بایەخی ئەوانە لە تاریکی هەتا هەتاییدا دەنێژرێن.

کەواتە بە بڕوای من، لە حاڵێك دا کە بەڕێزت بۆچوونێکی باشترت نەبێت، باش وایە کە ئێمە هەردووکمان بچینە خزمەتی ئێمپراتۆریان شازادەیەکی بەرز کە لە شەڕێك دا تووش بووبێت تاکو زۆر بەڕێزت لە خزمەتی ئەو گەورەیەدا تواناییەکانت، هێزەزاتی و زۆر لە سەر و بان دەروونییەکانی خۆت کە لە سەرووی هەموانەوەیە نیشان بدەی. بێگومان کاتێك ئەو بەڕێزە کە دەچینە خزمەتی پەی بە گەورەییەکانی زۆر بەڕێزت دەبات و بەڕادەی لێوەشاوەیی خۆمان پاداش بە هەرکام لە ئێمە دەدا، جگە لەوە لە کۆشکەکەیدا گەلێك قشەی نووسەریشی لێ دەبن کە چیرۆکی دلێرییەکانت بنووسنەوە بۆ ئەوەی یادی ئەوانە

لە بیر و یادەوەریەکان دا وەمێنن. من لە خۆمەوە شتێك نالێم چونکە هونەرەکانی من لە رادەی شانازی‌یە بەرزەکان زیاتر نین، هەر بۆیە بە غیرەت و بوێری‌یەوە دەڵێم کە ئەگەر لە ئایینی پاڵەوانی‌دا ئەوە باو بووایە کە دلێری مەزنەکان بنووسن پێم وایە شاکارەکانی منیش نەدەکەوتنە قەراخ و پەراوێزەوە.

نەجەفی: بۆ وێنە من هەڵسەنگاندنێکم کرد لە نێوان وەرگێڕانە کۆنەکان و وەرگێڕانە دووبارە پێداچووەکەتان دا. لە وەرگێڕانی یەکەم دا و لە شوێنێك دا بەم جۆرە هاتووە: "چیرۆکی کوڕە، کز و لاواز و پێکەنیناوی‌یەکە" و لە جیاتی ئەوە لە وەرگێڕانی دووهەم دا ئەوەت داناوە:

"چیرۆکی کوڕە کزە و لاوازە ، پەشۆکاو و ناتەواوەکە". دەڵێی ویستووتە کز و پەشۆکاو یا لاوازە و ناتەواوە قافیەدار بکەی.

قازی: بەڵێ.

نەجەفی: ئایا پێت وایە لە دەقە سەرەکی‌یەکەش دا سێرڤانتێس ئەنقەستێکی ئەوتۆی هەبووە؟

قازی: نا، لەم خاڵە تایبەتی‌یەدا، من ویستوومە وشە زیادی‌یەکانی وەرگێڕانی یەکەم نەهێڵم، لە وشەی هاوئاهەنگیش دا بێ‌پاڕادایم نەبووم.

دەریابەندەری: دەمهەوێ پێت بڵێم، وەرگێڕانی یەکەمی تۆم خوێندۆتەوە، زۆر بە کورتیش چاوم بە چاپە تازەکەی‌دا خشاندۆتەوە، ئێستا ئاڵوگۆڕی تازە تا چ رادەیەکە، چەندە بێ جێ و چەندە زیادەیە، نازانم. بەڵام شتێکم بە بیر دا دێ و نازانم هاوڕێیان لە گەڵ من هاوبیرن یان نا؟

بە گشتی من وەرگێڕانی یەکەمتانم پێ باشترە. رەنگە بەم هۆیە بێت کە لە گێڕانەوەی یەکەم دا، تۆ بەڕاحتی و بە تەواوی و بەروونی دەرووونی واتە وەك خۆت دەڵێی بە رێنوێنی دەق و زەوق چوویە پێش و لە هەر شوێنێکیش بە پێویستت زانیوە کورتەیەکی پیشەییت لە هاوئاهەنگی یا قافیەییت بەکار هێناوە.

لە وەرگێڕانی دووهەم دا گرفت ئەوەیە کە سەرنجدان بە هاوئاهەنگی، تا رادەیەك کڵاوی لە سەر ناوی و فێڵی لێ کردووی و دانیشتووی کارت لە سەر رستەکان کردووە. لە ئاکام دا خۆشی و سۆزی خود بە خودی واتاکان تا رادەیەك لە نێوچووە، تووشی دەسکردی و ئەرکایەتی بووی. من پێم وایە لە سەر هەر بەرهەمێکی هونەری، جا چ پەخشان، یان شێوەکاری یان هەر بوارێکی دیکە بێ، ئەگەر هونەرمەند لە رادەبەدەر کار بکا ئەم دەستێوەردانانە چوونایەتی زیندووی بەرهەمەکە لە نێو دەبات. بە بڕوای تۆش وانیە؟

قازی: هەوڵی من بۆ ئەوە بووە کە وشە سووکەکان کە لە گەڵ پەخشانی(نثر)ی کتێبەکە یەکیان نەخوێندۆتەوە لابەم و وشەگەلێکی قورستریان لە جیاتی دانێم و بەکاریان بێنم. لە گەڵ هەموو ئەم کارانەدا دەبێ ئەوەش وەبیر بێنمەوە کە لە سەرانسەری دوو بەرگی وەرگێڕانی دووهەم دا تەنیا ٢٠ لاپەڕە لە وەرگێڕانی یەکەم کەمتر بۆوە. بۆ وێنە ئەگەر لە چاپی یەکەم دا "دەشت"(بیابان) بووە، "دەر"(برهوت)ێکیشم پێوەزیاد کردووە.واتە (دەشت و دەر). لێرەدا هەر ئەم وشە زیادەیەم لابردووە.

نەجەفی: پرسیارێکم لە ئاغای قازی هەیە. مەسەلەکە بە گشتی بێنینە گۆڕێ: ئەگەر وەرگێڕی ئەم سەردەمە بیهەوێ دەقێکی کۆن وەرگێڕێ بۆ پاراستنی رستەسازی و داڕشتن دەبێ چی بکا؟ شیدەکەمەوە: ئایا دەبێ وشەگەلێکی ئەدەبی کۆن و کەم بە کار هاتوو و رستەگەلێکی هاوکێش و هاوقافیە بەکار بێنین، یان ئەوەی کە ئەگەر داڕشتنی واتاکان کۆن بێت بەسە؟ چونکە دەزانین کە نەتەنیا وشەکان بەڵکو داڕشتنی واتاکانیش دەگۆڕدرێ.

دەربارەی کاری دووهەمی تۆوە، لە گۆڕینی وشەکان دا تۆ راست دەکەی و وشەگەلێکی باشترت دۆزوەتەوە، بەڵام رستەگەلێکی لەم شێوەیە کە "لە بەر هیچ شتێك تەشەنەت نەکرد، چیت لەو کرد". "ئەم "یا" گەلی رابردووی دووپاتکراوە کۆنانە، ئەمڕۆکە بە بڕوای من زۆر بۆنی دەسکردیان لێ دێ، بێ ئەوەی کۆن بوونی شێوازەکە بپارێزێت. بە نزیکتر بوونەوەی وەرگێڕان لەدەق، کارەکە کۆتایی پێنایەت. لەم دوو وەرگێڕانەدا هیچکام لە رستەکان هەڵە نین و هیچ کامیان لە دەقی بنەڕەتی فەڕانسەیی دوور نین، بەڵام دوو دەربڕین و بەیانی دەستووری سەریان هەڵداوە کە دووهەمنیان دوورکەوتەو هەڵپەرتاوتراوە.

قازی: من تێکۆشاوم وەرگێڕانەکەم هەم جوان و هەم وەفادار بێ. بە پێچەوانە ئەو پەندە پێشینانە بەنێوبانگە: وەرگێڕان وەکو ژنە، ئەگەر جوان بێ وەفادار نیە و ئەگەر وەفادار بێ جوان نیە. ( بەڕێز عەبدوڵڵا حەسەن زادە قسەیەکی لەم شێوەیەی هەیە کە دەفەرمێ: "پیاوی وەرگێڕ رەنج بە خەسارە" واتە ئەگەر وەرگێڕانەکەی جوان بوو دەڵێن دەستی نووسەرەکەی خۆش بێ جوانی نووسیوە و ئەگەر وەرگێڕانەکەی ناشیرین بێ دەڵێن خراپی وەرگێڕاوە کە زۆر لە واتای ئەو پەندە نزیکە. و.).

کەریم ئیمامی: دەمهەوێ پشتیوانی لە بەڕێز قازی بکەم. پێم وایە وەرگێڕانی دۆن کیشۆت زۆر بە لایەوە خۆشەویستە و پێم وایە وەرگێڕانەکەی ئەویش وەکو بنچینەیەکی سەدان ساڵە دەمێنێتەوە. پێم وایە بەڕێز قازی ویستوویەتی بە شێوەیەك بیڕازێنێتەوە کە ئەگەر کەسێکیش لە گەڵ دەقە سەرەکی‌یەکەی هەڵیان سەنگێنێ پێویستی بە دەستێوەردان نەکاتەوە.

قازی: لە وەرگێڕانی یەکەم دا پێم وابوو مافی خۆمە هێندێك بە ئازادی کار بکەم. دەزانین کە درووست نیە وەرگێڕ بەهەرمێك بە ئازادی وەرگێڕێ. دەبێ دەق بەبێ کەم و کوڕی بۆ زمانەکەی دیکە وەرگێڕدرێ. هونەری وەرگێڕان هەر لەوەدایە کە وەرگێڕ نە شتێك لە بەرهەمەکە کەم بکاتەوە و نە شتێکی پێوە زیاد بکات.

دەریابەندەری: دەبێ بڵێم مەبەست دادگایی کردنی بەڕێز قازی نیە کە رەخنەی لێ بگرین، بۆچی ئەم کارەت کرد یا ئەو کارەت نەکرد. دەبێ بزانین کە ئێمە دەتوانین هەر کاممان لە هەمان حاڵ دا بیروبۆچوونی خۆمانمان هەبێ. واتە پێویست ناکا هەر دەبێ بە رازی‌بوون بە ئاکامێك بگەین. ئێستا لە سەر دوو پرس دەدوێین: یەکیان وەفاداربوون بە وەرگێڕانە کە من بە ئامادەیی‌بوونێکی تەواوەوە قسەکەی ئاغای قازی تەئید و پەسن دەکەم و قەبووڵمە کە بە لابردنی وشەگەلێکی زیاد یا هاوتا، وەرگێڕانەکەی لە دەقەکە نزیکتر کردۆتەوە. لە گێڕانەوەی دووهەم دا وەرگێڕانەکە وەفادارتر بووە.

بەڵام وەرگێڕان تەنیا پرسی وەفاداربوون بە بنچینەوە نیە بەشی بەرچاوی دەربڕین و بەیانی بابەتەکەیە. بەو مانایە کە ئەگەر کەسێك هاتبایە وردترین وەرگێڕانی دۆن کیشۆتیشی

خستبایەڕوو بەڵام ئەم زمانەی کە تۆ دۆزیوتەتەوە و بە کارت هێناوەی نەدۆزیبایەوە، زۆر ئەستەم بوو وەرگێڕانێکی سەرکەوتووی ئەوتۆی بێ. هەموو رەمزی سەرکەوتن و بایەخی راستی دۆن کیشۆتی قازی هەر لێرەدایە. لە زمانی فارسیدا گەلێك وەرگێڕان هەیە کە راست هەر بەم هۆیە کە وەرگێڕ زمانی گونجاوی بۆ دەق نەدۆزیوەتەوە بە شوێنێك نەگەیشتووە و پێویستیان بە وەرگێڕانێکی تازە و شایستە هەیە، واتە کارێك کە دەبێ لە سەرڕاوە بکرێتەوە(کاری دوو کارە).

قازی: چاولێبکەن، بۆ وێنە لە وەرگێڕانی یەکەم دا ئەوەمان هەیە: "هاواری کرد کە ئەی پاڵەوانانی ناو کۆشك بۆ دانیشتوون، ئەم گوڵی سەر سەوەتەی پاڵەوانانە دێ، بێدەرنگ بە پێشوازییەوە بچن و هاتنی بە پیرۆز بزانن." "بۆچی دانیشتوون" و "هاتنی بە پیرۆز بزانن" رستەگەلێك بوون کە لە دەق دا نەبووە و من لە وەرگێڕانی دووهەم دا لام بردوون.

نەجەفی: لە وەرگێڕانی یەکەم دا ئەوەت هەیە: " ماچی ئاشتی لە روومەتی کرد، پاشان دەستی..." لە وەرگێڕانی دووهەم دا ئەوەت داناوە: " ناوچاوانی ماچ کرد..." رەنگە ئەوە وردتر و راست تر بێ. بەڵام جوانی رستەی وەرگێڕدراوی یەکەمی نیە.

دەریابەندەری: ئیزن بدەن. رەنگە بەڕێز قازی هەر وا باوەڕی بە گێڕانەوەی دووهەم هەبێت کە لە دەق نزیکتر بۆتەوە. لێرەدا پرسێکی سەیر دێتە گۆڕێ: لە وەرگێڕانەکەی یەکەم دا رستە یا واتاگەلێك هەن کە تۆ زیادت کردوون. هەر ئەوانە جوانی و چێژێکی تایبەتیان بە وەرگێڕانەکە داوە کە کاتێك خەریکی وەرگێڕان بووی بە بیرت دا هاتوون بەجێن و ئەوانەی پێوە زیاد بکەی.

قازی: ئافەرین، هەر وایە!

دەریابەندەری: لە ئاکام دا وەرگێڕانەکە زیاتر رەنگی فارسی بەخۆوەگرتووە و زیاتر دەکەوێتە بەر دەڵی من یا کەسانیتر. هەر بۆیە وەرگێڕانی دووهەمی تۆ هێندێك وشك و بێتام بووە. ئەمە ئیدی بە تەواوی پرسی مرخ و سەلیقەیە. ئەگەر لە من بپرسی من یەکمینیان زیاتر پەسن دەکەم، بیروڕای بەڕێز نەجەفی چیە؟

نەجەفی: منیش یەکەمینم پێ باشترە.

ئەفکاری: ڕێگاچارەی ئەم پرسە ئاسانە. بەڕێز قازی دەڵێ لە دەقی فەڕانسەیی‌دا " بۆدانیشتوون؟"ی نیە. فەڕانسەیی هەر "بۆ دانیشتوون"ی نیە. ئەم هاوارە وەکو "ئەی هاوار"(ای داد و بیداد) و هاوشێوەکانی ئەگەر بێنە ناو وەرگێڕانەوە دەبێتە زمانی خۆمانەیی و خۆماڵی.

دەریابەندەری: کەواتە ئازادی وەرگێڕ لە چی‌دایە؟

ئەفکاری: ئەها، بنچینەکە ئەوەیە کە ئەوەی بدۆزینەوە چ شتگەلێك دەتوانن بە بێ گۆڕین، گیانی ڕستە بە وەرگێڕان زیاد بێ بۆ ئەوەی بنچینەی بابەتەکە هاسانتر بکەوێتە بەردەستی خوێنەری زمانی دووهەم.

قازی: لە ڕاستی‌دا ئێوە هانم دەدەن لە چاپی سێهەم دا هێندێك لە واتا لابراوەکان بگەڕێنمەوە سەر شوێنی خۆیان!

ئەفکاری: بەڵێ، باش هەستی پێ دەکرێ کە جێگای "بۆ دانیشتوون" لە وەرگێڕانی دووهەم دا خاڵی و چۆڵە: کەسیش ناتوانێ بڵێ ئێرادێکی هەیە. کۆی هەموو ئەمانەیە کە دەبێتە زمان.

دەریا بەندەری: ئەمن پێم وایە مانای ورد و دروستی وەرگێڕان بە هیچ شێوەیەك ئەوە نیە کە بۆ وێنە دوو ڕستە لە بەرامبەر یەکتردا دانێین و بزانین هەموو ڕستەکان لە گەڵ وشەگەلێك کە لە دەق دا هەیە لە وەرگێڕانیش دا هاتووە و ڕەنگە شوێنی ئەوان لە گەڵ یەکتریش هاوکێش و هاوسەنگ بێ.

مەرەندی: مەگین لە هێندێك لە هێندێك بەرهەمی وەکو دەقە کۆنە ئایینی‌یەکان دا کە لەبەر هێندێك هۆی تایبەتی بەو شێوەیە نووسراون، ئەگەر کەسێك بتوانێ هەمان شێوە بدۆزێتەوە، باشترە.

دەریا بەندەری: بەڵێ، ئەفراندنی شێوازی فارسی لە بەرامبەر شێوازی فەرەنگی(بیانی)دا کارێکی ئەستەمە. من لە بنەڕەت دا هەر پێم وانیە وشە بنەڕەتی‌یەکان دەبێ دەقاو دەق لە وەرگێڕان دا بێن. ڕەنگە گریمانی سەرەکیمان لە وەرگێڕان ئەوە بێ کە وشەکانی فلانە واتای ئینگلیسی بێنین و بە پێی ڕێزمانی فارسی لە نێوانیان دا پێوەندی دروست بکەین.

دەبێ چاو لێبکەین مەبەستی رستە لە گەڵ رۆحی وشەکان یەکسانە یا نا. لێرەدایە کە وەرگێڕ ئەویش وەرگێڕێکی بە توانای وەك بەڕێز قازی دەتوانێ هێندێك بەڕواڵەت لە کە بچێتەدەر. لە ڕاستیدا ئەوە لادان و داگیرکردن نیە. نە بەو شێوەیە کە هێندێك کەس ئیزنی ئەوە بە خۆیان دەدەن بە هەر جۆرێکی بیانهەوێ وەرگێڕان بکەن و کەم و زیادی بکا.

نەجەفی: کەسانێك هەن وشەیەك لە دەق کەم ناکەنەوە، رەخنەش لە وەرگێڕانیان ناگیردرێ، بەڵام واتاکان نە فارسین و نە ڕەوان و روون.

ئیمامی: ئەمن بە پێی ئەزموونی تاکەکەسی خۆم کە وەرگێڕی دوو زمانەم، تێگەیشتووم کە وەرگێڕە لاوازەکان زیاتر بە دەقەوە دەنووسێن و وشەیەك کەم و زیاد یان پێش و دوا ناخەن. وەرگێڕانێکی وەکو حاجی بابا ئیسفەهانی لە بەرچاو بگرین. وەرگێڕ بە ڕاستی بەسەر هەر دوو زمانەکەدا زاڵ بووە. من لە وەرگێڕان لە فارسیەوە بۆ ئینگلیسی نەمتوانیوە شتێك کە بە فارسی نووسیبووم دەقاو دەق بە ئینگلیسی وەرگێڕم. بابەتەکە جۆرێکی دیکەی لێدەهات. راست، نووسینی بە زمانی ئینگلیسی دەبوو، نەك وەرگێڕان. باشە من مافی ئەوەم هەبوو نووسینەکەی خۆم بە هەر شێوەیەك کە پێم خۆش بایە کەم و زیادی بکەم. لە کاری وەرگێڕان دا ئەو گرفتە هەیە کە (وەرگێڕ) ئەم بوێری و غیرەتە وەربەرخۆی نانێ.

دەریا بەندەری: بۆچی نابێ وەرگێڕی لێهاتوو ورەیەکی ئەوتۆ وەبەر خۆی نێ؟ لەم رووداوەوە دەکرێ بە بنچینەیەك بگەین. ئەگەر نووسەرێك کە بە دوو زمان دەنووسێ بە ئینگلیسی بە جۆرێك و بە فارسی بە جۆرێکی دیکە بابەتەکە دەردەبڕێ و بەیانی دەکا ئایا وەرگێڕی لێهاتوو ئیزن و توانایی ئەوەی نیە هەر ئەم کارە بکا؟ مەبەستم لێهاتوویيەکە کە کۆمەڵگای خاوەن کولتوور قەبووڵی بکا نەك خودی وەرگێڕ یا بڵاوکەرەوە. تازە دەبێ ئەمەش ئاست و رادەیەکی هەبێ کە وەرگێڕی لێهاتوو خۆی ئەوانە بە درووستی دیاری بکا.

ئەفکاری: بەر لە دەست پێکردن بە وەرگێڕانی دۆن کیشۆت چەند جارت خوێندبۆوە تا چوویە ناو چوارچێوە و ناخیەوە؟

قازی: جارێك، بەڵام هەر لە وەرگێڕانی هەمان رستەی یەکەم دا Lecteur inoccup`e کە بە شێوەی کورتکراوە "خوێنەری بێکار"ە سێ رۆژی رەبەق گیرم کرد. قەڵەمەکەم لە سەر قاقەز مایەوە و دواجار ئەوەم بۆ دۆزیەوە: "ئەی خوێنەری بێ دەرد و مەینەت".

نەجەفی: بەڕاستی وەرگێڕانیشی دژوارە.

ئەفکاری: دەبێ ئەوە بۆ وەرگێڕە فارسەکان ببێتە وانەیەك کە هێندێك جار وشەیەك بایەخی تەرخان کردنی چەند کاتژمێر و رۆژی هەیە کە بۆ ئەوەی هاوتا فارسی‌یەکەی بدۆزرێتەوە. ناکرێ ئەمانە لە ناو دیکسیۆنێرەکان دەرهاوێژی. وەرگێڕان لە پێوانە و هەڵسەنگاندنێکی گشتیدا دۆزینەوەی زمانە.

قازی: جارێکیش لە نێوەڕاستی چاپ دا جێگای وشەیCorps – mortم بە خاڵی جێ هێشتبوو. هەر چەندی ویستم مەیت(جسد)دانێم، دیتم ناگونجێ. پاش دوو حەوتوو کتوپڕ وەبیری "تەرم"(جنازە) کەوتمەوە و چووم لە چاپخانەدا شوێنەکەییم پڕ کردەوە. دوو حەوتووی تەواو چاپی ئەو فۆرم و نەسەنەم لە چاپخانەدا راگرتبوو.

دەریا بەندەری: ئاغای قازی، پێم خۆشە بزانم تۆ بە چ شێوەیەك کار دەکەی؟ سەرەتا رستەکە دەخوێنیەوە دواتر دەینووسی؟

نەجەفی: یان وەکو هێندێك وەرگێڕ یەکەم جار دەنووسی، پاشانیش نایخوێنیەوە؟

قازی: باشترین کاتی کارکردنی من بەیانیانە. پاشان، لە (کاتژمێر) حەوتی پاش نیوەڕۆوە تا دە و یازدەی شەو رستەکان تا کۆتایی دێرەکە دەخوێنمەوە، پاشان لە چوارچێوەی فارسی‌دا دایدەڕێژم. پاشانیش جارێك پاکنووسی دەکەمەوە.

نەجەفی: لە کاتی هەڵەگرتنی چاپخانەش دا دەیگۆڕی؟

قازی: بەڵێ، ئەگەر بێڵن و شتێکی باشترم بە بیردا بێ.

ئەفکاری: تۆ لە کوێ فێری زمانی فەڕەنسی بووی؟

قازی: لە قوتابخانەی دارەلفنوون. باشە، کتێبیشم زۆر خوێندۆتەوە.

دەریا بەندەری: لە کوێ فێری فارسی بووی؟

قازی: فارسیش هەر لە قوتابخانە.

دەریا بەندەری: لیسانس(بەکالۆریۆس)ی چیت هەیە؟

قازی: دەرچووی یاسا، بەڵام دیپلۆم(ئامادەیی)ئەدەبیم.

مەرەندی: لەو لیسانس و دەیپلۆمە قەدەیمانە.

نەجەفی: خوێندنی سەرەتاییت لە کوێ تەواو کردووە؟

قازی: لە مەهاباد. لە ساڵی ١٣٠٧دا پلەی سەرەتاییم وەرگرت.

ئەفکاری: باشە با بپرسین قازی چەند ساڵی تەمەنە؟

قازی: ٥٨ ساڵ.

دەریا بەندەری: من مەبەستم فارسی سانا و ساکار نەبوو. دەمویست بپرسم ئەو پسپۆڕییەی کە هەتە و دەتوانی بە شێوازە جۆراوجۆرەکان بنووسی لە کوێوە فێری ئەمە بووی؟

قازی: ئەمن کوردم. لە ساڵی ١٣٠٨ ك. کە هاتمە تاران لە زۆر قسەی کۆڵان و بازاڕی تێنەدەگەیشتم. بە کتێبی(زمانی کتێبی واتە زمانی نووسین و رەسمی،و.) قسەم دەکرد. بۆ وێنە بەئاوخواردنەوەم دەگوت "ئاو خواردن" (آب نوشیدن). شێعریشم دەوت، هەڵبەت بە فارسی. ئەم شێعرەم لە ساڵی ١٣٠٧ واتە لە تەمەنی پانزە ساڵی دا لە مهاباد هۆنیبۆوە:

فلك چو گرگ به قتلم فشرده دندان را  زند ز هر طرفم پنجه‌های برّان را

اگر چه جدی و حمل، ثور و حوت دارد  چرخ ولی ز حرص خورد جوجه‌های بیجان را

ئۆگری ئەدەبیات بووم. لە سەر داوای خاڵم چوومە بواری زانستییەوە، رەتبوونەوەو پاشان کەوتم و گەڕامەوە بۆ بەشی ئەدەبی. کتێبی شێعر و پەخشانیشم دەخوێندەوە. کلیلە، قابووسنامە، سیاسەتنامە، سەعدی، حافز...

ئەفکاری: بەڕێز قازی لەو بیست و دوو کتێبەی تۆ وەرتگێڕاون کامیانت زۆرتر خۆش دەوێ؟

قازی: مەبەستت لە بابەت یا وەرگێڕانە؟

نەجەفی: هەردووکیان.

قازی: دوای "دۆن کیشۆت" دوو کتێبم زۆر خۆش دەوێن: یەکیان شازادە بچکۆلەیە، یەکیشیان مرۆڤەکان و قرژاڵەکان،ە سەبارەت بەم کتێبە نوکتەیەکم وەبیرکەوتەوە کە خراپ

نیە بۆ هاوڕێیانی بگێڕمەوە. لەم دواییانە لە تاران سیمینارێك بە ناوی "جیهانی سێهەم لە ساڵی ٢٠٠٠دا" پێك هات، بەرپرسایەتی ئەم سیمینارە بە نووسەری مرۆڤەکان و قرژاڵەکان واتە پرۆفسۆر خوزەدۆکاسترۆ بوو. کۆمەڵێك ناسیاو کە خۆشیان لە کتێب و وەرگێڕانەکەی هاتبوو هانیان دام کە لە گەڵ نووسەری کتێب چاومان پێك بکەوێ. منیش بە تەلەفوون داوام لێکرد و سەرەنجام چاوم پێی کەوت. داوای نوسخەیەکی لە وەرگێڕانەکەشمی کردبوو بۆم برد. پرسی پیشەت وەرگێڕانە؟ کوتم: لە ئێران کەس ناتوانێ لە رێگای نووسین یا وەرگێڕانی بەرهەمە زانستی یا ئەدەبی‌یەکانەوە بژی. هەر ئەوەیە کە هەمووان ئیش یا پیشەیەکی دیکەیان هەیە کە لەو رێگایەوە نان پەیدا دەکەن.

نەجەفی: بە فەڕانسەیی قسەت دەکرد؟

قازی: بەڵێ. ناتوانم بە ئینگلیسی بدوێم. زاراوەی فەڕانسەیی ئەو سەیر بوو. پرسی بۆچی وایە؟ گوتم لەبەر کەمی تیراژی کتێب و کەمی خوێنەر. پرسی لەبەرچی کتێبەکەمت وەرگێڕاوەتەوە؟ گوتم لەبەرئەوەی خاوەنی کۆمەڵێك خاڵە لە بوارەکانی دێمۆکراسی و مرۆڤایەتی‌یەوە، لە گەڵ ئەوەش دا دەربڕینی شاعیرانەی کتێبەکە بە خۆوەی گرتم وسەرنجی راکێشام.

ئیمامی: ئەم بەڕێز دۆکاسترۆیە ئاگادار نەبوو کە وەرگێڕانێکی دیکەش لە کتێبەکەی بە فارسی کراوە؟

قازی: خۆی گوتی وەرگێڕانێکی دیکەش لە کتێبەکەم کراوە. وتم: بەڵێ. لە لایەن خاتوو منیرە مێهران ەوە. دوایە پرسیارێکی پێکەنیناوی لێکردم و پرسی وەرگێڕانەکەی تۆ باشترە یا هی ئەو؟ وتم بۆچی ئەم پرسیارە لە من دەکەی؟ دەبێ لە خوێنەر بپرسی. لە گەڵ ئەوەش دا ئاماژەم بەوە کرد کە وەرگێڕانی دۆن کیشۆتی من خەلاّتی وەرگرتووە. یانی ها بەڵێ... لە بواری بابەتیشەوە لە نێوان ئەو کتێبانەی کە وەرمگێڕاون زۆرم خۆشی لە نان و شەڕاب و دوورگەی پەنگوئێنەکان دێ.

نەجەفی: کاتێك کتێبێکت بۆ وەرگێڕان لە بەردەست دایە بەرهەمی کاری رۆژانەت چەندە؟

قازی: بە شێوەی نێونجی ئەگەر حاڵم باش بێ ٧ یا ٨ لاپەڕە لە دەق، واتە کاتژمێرێک یەک لاپەڕە.

ئیمامی: زۆر باشە.

نەجەفی: منیش لەوە زیاتر ناتوانم.

قازی: لەوە زیاتریش هەر ناکرێ.

ئەفکاری: بۆچی، پێوەندی بە کەسەکەوەیە.

قازی: بەڵێ، بەڕێز گیورگیس دەیگوت بە ٥ ڕۆژ کتێبێکی ٢٠٠ لاپەڕەیی تەواو کردووە. چۆن کار دەکا نازانم. وەرگێڕێکی دیکەش کە ناوی ناهێنم دەیکوت ڕۆژی ٦٠ لاپەڕە وەرگێڕان دەکا. سەر و دەری لێدەرناکەم. مەگین ئەوەی دەقێکی ئاسان بێ.

ئەفکاری: دەقی ئاسان وەکو چی؟

قازی: وەک شازادە بچکۆلە.

ئەفکاری: تێگەیشتن لە شازادە بچکۆلە ئاسانە، بەڵام وەرگێڕانی کارێکی زۆر ئەستەمە. لەو ڕووانگەوە کاری وەرگێڕەکان ئەستەمتر و هێدیتر لە نووسەرانە. ڕەنگە ئەو وەرگێڕگەلە کاری نووسینیش بکەن.

قازی: بەڵێ، داڕشتنی چوارچێوەی فارسی گونجاو لە گەڵ فەڕانسەییەکەی ئەستەمە. ڕەنگە وەرگێڕانی ڕۆمانە پۆلیسییەکان ئاسان بێ. قەڵەمەکە هەر چۆنێک بگەڕێ، دەگەڕێ.

ئەفکاری: وەڵڵا من لەوانیش دوودڵم.

قازی: دەبێ تێکردن بێ. زۆر ئەستەمە باوەڕ بە ڕۆژی ١٠ لاپەڕە وەرگێڕان بکەم.

ئەفکاری: کاتێک کتێبێکت تەواو کرد، ماوەیەک پشوو(ئانتراکت)دانت هەیە تا کتێبی دواتر بە دەستەوە دەگری؟

قازی: هێندێک جار وێڕای وەرگێڕانی کتێبێک "کتێبێکی" دیکەشم بە دەستەوە گرتووە. بۆ وێنە لە گەڵ وەرگێڕانی "ئازادی یا مەرگ"، وەرگێڕانی " مەبەستی ئینجیلەکان"م دەست پێکرد.

نەجەفی: تۆ کاری کامێک لە وەرگێڕەکانت پێ باشە؟ جگە لە ئامادەبووانی ئەم کۆڕە.

قازی: بێ هیچ رووده‌ربایستی‌یه‌ك ناتوانم ناوی به‌رهه‌مه‌كانی نه‌جه‌فی نه‌به‌م.

نه‌جه‌فی: به‌ده‌ر له‌ ئاماده‌بووانی ئه‌م كۆبوونه‌وه‌یه‌.

قازی: من كارم به‌ ئاماده‌بوو و نائاماده‌بوو نیه‌. وه‌رگێڕانه‌كانی به‌ڕێز نه‌جه‌فی سه‌رتۆپی ئه‌و وه‌رگێڕانانه‌یه‌ كه‌ له‌ فه‌ڕه‌نسی‌یه‌وه‌ كراون به‌ فارسی. ده‌بێ ئه‌وه‌ش له‌به‌رچاوبگرین كه‌ ئێمه‌ی وه‌رگێڕ ده‌رفه‌تی ئه‌وه‌مان نیه‌ دانیشین و وه‌رگێڕانه‌كانی یه‌كتری بخوێنینه‌وه‌. كۆمه‌ڵێك وه‌رگێڕانیش هه‌ن كه‌ خوێندنه‌وه‌یان سه‌رسوڕمان دێنن. من زۆر كه‌م وه‌رگێڕان ده‌خوێنمه‌وه‌. جاران ده‌مخوێنده‌وه‌.

ئیمامی: به‌ڕێز قازی ئایا كتێبێك هه‌یه‌ كه‌ پێت خۆش بێ وه‌ریگێڕی به‌ڵام ئێستاش ئیراده‌ و وره‌ی ئه‌وه‌ت په‌یدا نه‌كردبێ تاوی بده‌یتێ؟

قازی: كتێبێك به‌ ناوی Les Etats-D,esunis.

نه‌جه‌فی: بۆ وێنه‌ "وڵاته‌ یه‌كگرتووه‌كان".

ئه‌فكاری: پرسیاری به‌ڕێز ئیمامی له‌ روانگه‌ی كۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسی‌یه‌وه‌ نه‌بوو. مه‌به‌ستی ئه‌و گرفت له‌ وه‌رگێڕان و تێگه‌یشتنی زمانه‌وه‌ بوو.

ئیمامی: به‌ڵێ، بۆ وێنه‌ پێم خۆشه‌ یه‌كێك له‌ به‌رهه‌مه‌كانی شكسپێر به‌ فارسی وه‌رگێڕم. دامناوه‌ تاكو ئه‌زموونم زیاتر بێ، ئه‌و كات ده‌چمه‌وه‌ سه‌ری.

قازی: به‌ڵێ، منیش پێم خۆشه‌ پاش زیاتربوونی ئه‌زموونم بچمه‌ سه‌ر رابله‌Rabelais، هێستاش غیره‌تی ئه‌وه‌م نه‌بووه‌ ده‌ستی بده‌مێ.

ئیمامی: له‌ ناو نووسه‌رانی ئێرانی‌دا كێت زیاتر له‌ هه‌مووان خۆش ده‌وێ؟

قازی: نووسه‌ری هاوشانی نووسه‌رانی رۆژئاوامان نیه‌.

نه‌جه‌فی: "ئالی ئه‌حمه‌د" یش؟

قازی:" له‌ شوێنی كۆبوونه‌وه‌دا گه‌رده‌لوله‌"(خسی در میقات) و " رۆژئاواخوازی"(غرب زدگی)یم خوێندۆته‌وه‌.

نه‌جه‌فی: "بێزاری خاك"(نفرین خاك)، "به‌رپرسی قوتابخانه‌"(مدیر مدرسه‌) و به‌ تایبه‌تی "كۆمه‌ڵه‌ وتار"(مجموعه مقالات)ه‌كه‌ییت پێ‌چۆنه‌؟

قازی: بەداخەوە ئەوانەم نەخوێندوونەوە. بەڕاست ڕۆژێك لە پەرتووكخانەی "نیل" تووشی "ئالی ئەحمەد" بووم. بەڕێکەوت شێعرێکی نوێم دەخوێندەوە "کارتم لە قاوەڵتوونی خۆم دا" لە جەلال(ئالی ئەحمەد)م پرسی: ئەمە یانی چی؟ وتی:" بابە! ئێمە چاومان بە وەرگێڕانەکانی تۆ لە کتێبت کراونەتەوە. ئێستا تۆ دەڵێی لێی تێناگەم؟" کوتم"بەڕاستی، هەر بە جیددی وا دەڵێم." شەوێکیش لە کۆڕی نووسەرانی جیهانی نوێدا، قسەی "گەڵای هەنجیری تاریکی داوێن پاکی بەرد بڵاو دەکاتەوە"م هێنایە بەرباس. ئاغای ئەفکاری وتی: "سس، هێواش". بەڵێ شاعیرەکەی لەوێ بوو و گوێی لێبوو و شیکردەوە. بەهەرحاڵ بۆ من هیچ خۆشییەکی نەهێنا. وەکو "ئەی زاری پڕ لە دیمەن" یان "کورسی لە ناو قسە سەوزە ئەستێرەیی‌یەکان دا دانێ". بەڵام شێعری باشیش هەن کە بەردڵ دەکەون: "جێ خەوی پیشۆك (صدف) ی من چۆڵی تەنیایی‌یەکە، و تۆ وەکو دوڕ، ئاوێزەی ملی کەسانێکی‌تری". ئەوەیە شێعر، جوانە، بەڵام خۆ هەموو هاتەران پاتەرانێك نابێتە شێعر.

ئەفکاری: کەواتە بە شێعری نوێ و دڵڕفێن و واتادارەکان رازی، هەر چەندە کە بە پێچەوانەی رێسا و خووخەدەشت بێ؟

قازی: بەڵێ، شێعری "ترێ"(انگور)ی "نادرپوور" بەڕاستی شێعرە. "کەندوو هەتاو لێدارو لاتەنیشت کەوتبوو — منیش هەنگوێنەکانم نەوروزگەڕ هەڵاتبوون" بیرێکی بە پێز و بەنرخە. زۆربەی شێعرەکانی فرووغ(فەرۆخ زاد)یش باشن. "لە دایکبوونێکی‌تر" پڕە لە بابەت و مژارگەلێکی بایەخدار.

ئیمامی: هەر لەم "لە دایکبوونێکی‌تر"ەدا هێندێك شێعری تێدایە لە شێعری سۆهرابی شپێهری قورسترو بەقووەتترە. ئەگەر ئەوەت قەبووڵە دەبێ بپرسین بۆچی ئەمەت قەبووڵ نیە؟

قازی: من زۆرتر پێ لەسەر شێعرە واتادارەکان دادەگرم. با بێ واتاکان وەلایەك نێین. واتە شیرین و خۆش ئاهەنگ بێ باشە. و هەر لە هەمان کۆبوونەوەی "جیهانی نوێ" دا شاعیرێك کە رووی قسەی لە من بوو کوتی سەبارەت بە شێعری حافزەوە دەڵێی چی:

" ماجرا کم کن و بازار مرا مردم چشم ، خرقه از تن بەدر آورد و به شکران بسوخت"

گوتم: یەکەم، لە هەموو (شێعری)حافزدا ژمارەی ئەم جۆرە کۆپلە شێعرانە ناگەنە دە دانە. دووهەم، ئەم زاراوەی "جل و بەرگ لە لەش داکەندن و بەشوکرانە سووتان"ە ئەو کات واتاو چەمکێکی باش بووە. ئەمڕۆکە لە بازنەیەکی بەرتەسکی تایبەتی لە دەروێش و سۆفیی‌یەکان دا لێی تێدەگەن. ڕەنگە لە سەردەمی حافزیش دا لەو شێعرانە تێنەگەیشتبن. بەهەر حاڵ خەڵك لە زمانی حافز تێگەیشتوون و لەبەریان کردوون، هەرچەندە خەڵکی ئاسایی لە ماناکەیان تێنەگەیشتوون.

ئەفکاری: لێرەدا حاڵەتێکی تەواو روون ئەوەیە کە هەمیشە لە سەردەمی خودی شاعیردا باشتر لە شێعرەکەی تێدەگەن تا پێنج سەد ساڵ دواتر. بە بڕوای من خوێندەوارانی ئێستا لە سەردەمی حافز زیاترن. بەڵام بێگومان شێعری حافز بۆ سەردەمی خۆی هۆنراونەتەوە. ئەگەر هەنووکەش ئێمە لێیان تێدەگەین و حەزیان لێدەکەین ئەوە هونەری حافزە و هیچ هۆی ئەوە نیە کە لە سەردەمی خۆیدا کەمتر لێی تێگەیشتوون. بە پێچەوانەوە من پێم وایە خوێندەوارانی سەردەمی حافز، لە حافز باشتر تێیگەیشتوون.

قازی: بەو زیرەکی‌یەوە کە بوویانە دەبێ باشتریش لێی تێگەیشتبن.

ئیمامی: بەڕێز قازی کتێبێکت بۆ وەرگێڕان لە بەردەست دایە؟

قازی: کتێبێکە بە ناوی "مەندینگۆ" لەنووسەرێکی ئەمریکایی بە ناوی "کایل ئانستۆت". لە زمان گۆڤارێکی فەڕانسەیی‌یەوە "کتێبێك کە مرۆڤ شێت دەکا". ڕۆمانێکی هێماپێکەرە بۆ ڕەوشتی سپی پێستەکان لە گەڵ ڕەش پێستە کلۆڵەکانی سەدەی نۆزدە، کۆیلە دلێر و بەهێزو شەرمێونەکان. ئاخر لە کۆیلەداریش دا وەك ئاژەڵداری ڕەگەز زۆر گرینگ بووە!

ئەفکاری: بەڵێ هەم بەهێز بن هەم سەرکۆنە خۆریش.

قازی: بەڵێ، سەرکۆنەخۆریش، چونکە "مەندینگۆکان" لە فارسی‌دا نەناسیاوبوون. ناوی "کۆیلە ڕەشەکان"م لە سەر داناوە کە چاپەمەنی "ڕۆژ" (روز) خەریکی لە چاپدانی‌یەتی. ئەم کتێبە بە بڕوای من بە چەندین پلە لە "کالیتی مامە تۆم" کە ڕۆمانسی و"روضـــە"خوێنی (بە خوێندنەوەی شێعر یا وتەگەلێك کە لە شیوەن و شین گێڕان دا

دەخوێندرێنەوە. و.)یە باشترە. کتێبێکی شاد و زیندوویە... هێندێك شوێنی، خوێنەر بۆ ئەوەی لە دەست خۆی دا بێ وەپێکەنین دەخا.

نەجەفی: کام وەرگێڕانت لە هەموویان باشتر پێشوازی لێکراوە؟

قازی: "دان چەرمۆ" ی جەك لەندەن کە حەوت جار چاپ بووە. پاشان "شازادە بچکۆلە" و "شازادە و گەدا". تا هەنووکەش ١٥٠٠٠ نوسخە لە گاندی فرۆشراوە. بەهەرحاڵ کتێبم نیە کە بە چاپەکانی سێهەم و زیاتر نەگەیشتبێ مەگین ئەوەی کە تازە دەرچوو بێت.

# سەرچاوە و ژێدەرەکان

ا: بابەت و وتوێژەکان:

١) وەرگێڕان ئەرکێکی گەورەی کومەڵگایی — وتووێژ لە گەڵ م. ئیسفەندیار، رۆژنامەی کەیهان،٣ی خەزەڵوەری ١٣٥٥ك، ژمارە٩٩٩٨، لاپەڕە١٧.

٢) من فانووسێکی هەڵکراوم — وتووێژ لە گەڵ هادی سەیف، گۆڤاری "فردای ایران"، رێبەندانی ١٣٥٩، ژ٢، ل٥.

٣) وەرگێڕانی ئەدەبییات و وەرگێڕی ئەدەبی "وتووێژ لە گەڵ محەممەدی قازی دەربارەی وەرگێڕانی ئەدەبی"، رۆژنامەی "اطلاعات"، ژ١٨٦٩، سێشەممۆ ٢٣ی بانەمەڕی ١٣٦٦، ل ١١.

٤) محەممەدی قازی و پەنجا ساڵ وەرگێڕان، گۆڤاری "مترجم"، بەهاری ١٣٧٢ك، ساڵی ٣، ژ٩، ل٧.

٥) سپاسگوزاری مامۆستا محەممەدی قازی، وەرزنامەی "مترجم"، ژ٩، ساڵی٣، بەهاری ١٣٧٢.

ب: کتێبەکان:

٦) ئەحمەد مەهدەوی، رووخسارەکان و ئەندێشەکان. "بەشی یەکەم، وتووێژ لە گەڵ محەممەدی قازی"، چاپی دووهەم، تاران، بڵاوکراوەی دامەزراوی عەتایی، ١٣٥٧.

٧) حەریری، ناسر، دەربارەی هونەر و ئەدەبییات" بەشی وتووێژ لە گەڵ محەممەدی قازی"، چاپی یەکەم، پەرتوکخانەی بابۆل ١٣٦٦.

٨) ساڵحی، سەید عەلی، محەممەدی قازی کێیە و چی کرد؟، چاپی یەکەم، تاران، بڵاوکراوەی قەقنووس، ١٣٦٨.

٩) سەفارزادە، تاهیرە، بنچینە و بنەماکانی وەرگێڕان، چاپی پێنجەم، تاران، بڵاوکراوە "همراە"، ١٣٧٠، ل١١و١٢.

١٠) قـانعی فـەرد، عێرفـان، سـاتێك لـە گـەڵ قـازی و وەرگێـڕان، چـاپی یەکـەم، تـاران، بڵاوکراوەی ژیار،١٣٧٦.

# ٣

# بیرۆکە

# و

# ڕووانگەکان

ناوم محەممەدە و ناوی دایکم ئامینە، ئەگەر ناوی باوکیشم عەبدوڵڵا بووایە مێژوو دووپات دەبۆوە، هەرچەندە عەبدولخالقیش جیاوازییەکی ئەوتۆی لە گەڵ عەبدوڵڵا دا نیە!! هەر وەك لە کتێبی "بیرەوەرییەکانم"دا بە تێرو تەسەلی باسم کردووە باوکم کە ئیمامی جومعەی شاری مهاباد بوو زۆری پێخۆش بوو کوڕێکی "محەممەد" ناوی هەبێ. پێش من خوا دوو کوڕی "محەممەد" ناوی پێ دا کە هەردووکیان لە منداڵیدا مردن و من محەممەدی سێهەم بووم. باوکم سەرەڕای دژایەتییەکانی دایکم کە پێی وابوو ناوی محەممەدمان پێوە نایەو تا ئێستا دوو محەممەدمان مردوون، پێی لە سەر قسەی خۆی داگرت و منیشی ناو نا محەممەدو ئێستا ٨٤ ساڵ لە تەمەنم تێپەڕ دەبێ و هێستاش هەر نەمردووم و بەم زووانەش بە تەمای مردنێ نیم.

ناوبانگی من قازییە هەڵبەت مەبەستم لە نێوبانگی بنەماڵەییە. من لە بنەماڵەی قازییەکانی مهابادم کە یەکێك لە نێودارترین بنەماڵە رەسەنەکانی ئەو شارەن. لەوەڕا کە بنەماڵەی قازییەکانی مهاباد زۆر بەربڵاو و لق و پۆپ دارن نەدەکرا کە هەموان ناوبانگی قازی لە سەر خۆیان دانێن و بە پێی لقە جۆراوجۆرەکانی هەر کامێکیان بە هۆی ناوی باوك و باپیرانەوە بە ناوی قازییەوە زیاد دەکرد وەکو "سەیفی قازی"، "هۆمام قازی"، "فەتاحی قازی"و هتد" منیش چونکە باوکم ئیمامی جومعە بوو سەرەتا ناوبانگم "ئیمامی قازی" بوو کە دواتر بوو بە قازی و ئێستا پتر لە سی ساڵە کە ناوی بنەماڵەیی یا نێوبانگم هەمان قازییە.

ناوی باوکم خوالێخۆشبوو عەبدولخالەقە کە کوڕە گەورەی خوالێخۆشبوو ئاغا شێخ جەلالی قازی مهاباد بوو. ئەو پاش ماوەی خولی خوێندنی سەرەتایی کۆن لە مزگەوتی شادەرویێشی مەهاباد زانایەکی بەرز لە فیقە و سەرف و نەحو و لۆژیك (منطق) و لە زانا بەرزکانی ئەهلی سوونەت و جەماعەت بوو بە پلەی ئیمام جومعەی شاری مەهاباد گەیشت.

ناوی دایکم ئامینەیە و کچی ئاغا میرزا جەلیل هەر لە هەمان بنەماڵەی قازییەکان بوو. ئەو دوو کوڕ و کچێك، تەنیا من و سوغرای خوشکمی لە باوکم، پاش مردنی، بەجێ هێشت و

دوای مردنی باوکم شوی بە یەکێك لە خانەدانەکانی فەیزوڵڵا بەگی بە ناوی مەحموود بەگ کرد کە لەویش خاوەنی شەش کوڕ و کچێك بوو. لەو منداڵانە تەنیا کچێك و دوو کوڕ واتە رەشید خان و محەممەد ئەمین خان کە لە دایکەوە براین زیندوو ماون و هیوادارم سەد ساڵ زیاتریش بژین.

باوکم لە رۆژی لە دایك بوونی من دا لە نامەیەك دا کە بۆ خوالێخۆشبووی مامم میرزا جەوادی قازی لە ئاڵمان نووسیبووی مژدەی لە دایکبوونی منی دابوویە.

ئەو رێکەوتە هەتاوی بوو و من ئێستا لە بیرم چۆتەوە بەڵام لە سەردەمی لاوی کە ماوەیەك لە وەزارەتی دەرەوەدا کارم دەکرد لە رووی نامیلکەیەکەوە کە رێکەوتی هەتاوی و کۆچییەکانیان لەڕوویەوە بەراورد دەکرد تێگەیشتم کە رێکەوتی درووستی لە دایکبوونی من رۆژی دوازدەی گەلاوێژی ١٢٩٢ی کۆچی بووە، کەواتە من لە ١٢ی مانگی گەلاوێژی ١٢٩٢ی کۆچی لە دایکبووم و تا چەند رۆژی دیکە کە دەبێتە ١٢ی گەلاوێژی ١٣٧٦ی هەشتاو چوار ساڵی تەواوم.

شوێنی لە دایکبوونم شاری مەهابادە، کە سەردەمی منالیم لە دێهاتی چاغرلو لە لای دایکم بەسەر برد بەڵام لە حەوت ساڵی بە دواوە گەڕامەوە بۆ مەهاباد و لە ژێر سەرپەرستی خوالێخۆشبوو قازی مەهابادو لە ژێر سەرپەرستی خوالێخۆشبوو قازی عەلی، باوکی قازی محەممەدی مەزن (پێشەوا)، چوومە قوتابخانەی "سەعادەت"ی مەهاباد. لە ساڵی ١٣٠٧دا قوتابخانەی سەرەتاییم تەواو کرد و کارنامەی شەشی سەرەتاییم وەرگرت، هەڵبەتە قوتابی یەکەمیش بووم بەڵام چونکە مەهاباد دواناوەندی نەبوو ناچار بێکار و دەستەوەستان مابوومەوە کە چ کارێك بکەم، لاوێك بە ناوی عەبدوورەحمانی گیو تازە لە کوردستانی عێراقەوە هاتبووە مەهاباد و تاڕادەیەك زمانی فەڕانسەی دەزانی. پۆلێکی دانا و بە پووڵێکی مانگانە وانەی زمانی فەڕانسەیی دەگوتەوە.

بەردەوام نامەم بۆ خوالێخۆشبووی مامم میرزا جەوادی قازی دەنووسی کە دوکتۆرای یاسای هەبوو و لە ئاڵمانەوە گەڕابۆوە تاران، کە من بۆ لای خۆی بۆ تاران ببات بۆ ئەوەی درێژە بە خوێندن بدەم.

ئەو کە راوێژکاری دادگای پارێزگا و پاشان، راوێچکەی دیوانی بەرز بوو ئەرکی تەواو کردنی خوێندنی منی وەئەستۆ گرت و منی بۆ تاران برد. لە گەلاوێژی ساڵی ١٣٠٨ بۆ لای مامم هاتمە تاران و چوومە دواناوەندی دارالفنوون. ئەو کات خولی دواناوەندی شەش ساڵ بوو. سێ ساڵی دووهەم بە دوای بە دوو بواری (بەشی) ئەدەبی و زانستی و چونکە سەرکەوتوو نەبووم گەڕامەوە بۆ بەشی ئەدەبی و ساڵێك لە تەمەنم لە خۆوە بە فیڕۆ چوو. لە ساڵی ١٣١٥دا بە گرتنی دیپلۆم (ئامادەیی)ی ناوەندی لە بواری ئەدەبیدا سەرکەوتم، ئەم بەسەرهاتە چیرۆکێکی تێروتەسەلی هەیە کە لە کتێبی بیرەوەرییەکانم دا هێناومە.

هەر وەك لە سەرەوە گوتم لە جۆزەردانی ١٣١٥دا توانیم دیپلۆمی ناوەندی لە بواری ئەدەبیدا بگرم و لە مانگی رەزبەری هەمان ساڵدا چوومە زانکۆی یاسا، بەشی دادوەری.لە ساڵی ١٣١٨دا توانیم لیسانسی یاسا لە زانکۆی یاسا وەرگرم و دەست بەجێ چوومە سەربازی. ساڵی یەکەمی سەربازیم لە زانکۆی ئەفسەری تێپەڕ کرد. بۆ ساڵی دووهەم چونکە لیسانسی یاسا بووم بە پلەی ئەفسەری و دەرەجەی ستوان دووهەمەوە لە دادگای ئەرتەشیدا خەریکی خزمەت بووم. لە مانگی رەزبەری ساڵی ١٣٢٠دا خزمەتی سەربازیم کۆتایی پێهات و لە خزمەتی وەزارەتی داراییدا دامەزرام. لە ساڵی ١٣٢٠دا کە کارگێڕی وەزارەتی دارایی بووم لەگەڵ کیژۆڵەیەکی رەشتی بە ناوی فاتمە دیزانی ژیانی هاوبەشم پێك هێنا. لە گەڵ ئەم خاتوونە ٢٥ ساڵ واتە ساڵی ١٣٤٧ەوە ژیام لەویەوە بوومە خاوەنی پێنج مناڵ کە دوو کوڕ و کچێکم واتە حەمید و فەرزاد و ستارە لە منداڵیدا مردن و کوڕ و کچێکم واتە فەرهاد و مریەم زیندوون. بەڵام ناوی نەوەکانم: فەرهادی کوڕم کە لە ئاڵمان دەژی وەك خۆم کوڕ و کچێکی هەیە. ناوی کوڕەکەی فەرزادە و ناوی کچەکەی ستارەیە. کچەکەم کە لەگەڵ مێردەکەی و منداڵەکانی لە ئەمریکا دەژین ناوی مریەمە، وەکو خۆم و "فەرهاد"ی کوڕم، کوڕێکی هەیە بە ناوی "راما" کە بەم زووانە دەبێتە دوکتۆر و کچێکی هەیە ناوی "سەفورا"یە.

لە سەرەوە ئاماژەم بەوە کرد کە لە مانگی رەزبەری ١٣٢٠ی کۆچی دا لە خزمەتی وەزارەتی داراییدا دامەزرام و زیاتر لە بوارە تایبەتییەکانی ئەودا وەك بەڕێوەبەری یاسایی

و دادپەروەری ئیداری خزمەتم دەکرد. باسی خزمەتەکانی خۆم بە تێرو تەسەلی لە کتێبی بیرەوەری‌یەکانم دا هێناومە. من لە دوایین ساڵەکانی دواناوەندی و سەردەمی زانکۆدا واتە لە سی و حەوت ساڵ لەمەوبەرەوە ئۆگری ئەم کارە بووم و زۆربەی کاتەکان کاری نووسینم دەکرد و وەرگێڕانم دەکرد و شێعرم دەهۆنیەوە بەڵام جگە لە چەند شێعرێکم لە گۆڤارە جۆراجۆرەکان و وەرگێڕانی سێناریۆیەك لە "دۆن کیشۆت" و "کلوودی خوێڕی"ی ویکتۆر هۆگۆ و چیرۆکێکی خۆم بە ناوی "زارا" هیچم لە چاپ نەدا و تێدەکۆشام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چوونایەتی کارەکەم باشتر بکەم و پەی بە گیروگرفتی کارەکەم ببەم. لە ڕاستی‌دا یەکەمین کتێب کە من لە فەڕانسەیی‌یەوە بۆ فارسی وەرمگێڕا کە سەرەتا و یەکەمین هەنگاو بوو کە من لەم ڕێگا دوور و درێژەدا هەڵم هێنایەوە "کلوودی خوێڕی" نووسینی ویکتۆر هۆگۆ بوو چونکە یەکەم: کتێبەکە ئەستوورایی کەم بوو و لە چل و پێنج لاپەڕەی فارسی زیاتر نەدەبوو، لە بەر ئەوەی چاپەمەنی "ئەفشاری" کە لە شەقامی "چراغ" بوو پوولێکی زۆری نەدەدا و ئەو کتێبانەی کە کەم و چووکە بوونی لە چاپ دەدا  ناچار من ئەو کتێبە بچووکەم هەڵبژارد. دووهەم، دەقی کتێبەکە لە ئاست زانیاری‌یەکانی من سانا بوو و چیرۆکەکەشی زیاتر وەبەر دڵ دەکەوت، ئۆگری‌یەکی تایبەتیشم بە ویکتۆ هۆگۆ بە خوێندنەوەی کتێبی "بێنەوایان"ی پەیدا کردبوو.

دژکردەوەکان لە بەرامبەر ئەم یەکەمین وەرگێڕانەم دا باش بوو و باشیش پێشوازیان لێکرد و گیروگرفتیشم بۆ چاپەکەی نەبوو چونکە پێشتر سەنتەری چاپەمەنی "ئەفشار" داوای وەرگێڕانەکەی لە من کردبوو و گرێ بەستیشی کردبوو. دواتر گیروگرفت درووست بوون. وەرگێڕانی "کلوودی خوێڕی" لە ساڵی ١٣١٩ی کۆچی‌دا کرا.

لە هەمان ساڵ و لە ساڵی ١٣٢٠ یش دا سەرەتا چیرۆکێك بە قەڵەمی خۆم بە ناوی "زارا" و پاشان وەرگێڕانێك لە سێناریۆی دۆن کیشۆتم (نەك لە خودی بەرهەمە تەواوەکەی) ئامادە کرد کە ئەویش چاپەمەنی ئەفشاری چاپی کرد. پاش بڵاوبوونەوەی ئەم سێ بەرهەمە ئیدی بە هۆی خافڵان بە کار لە وەزارەتی دارایی لە ساڵی١٣٢٠ بە دواوە و ئیدی بە هۆی پێکهاتنی ژیانی هاوسەرایەتی‌یەوە لە ساڵی ١٣٢٢ ەوە هەڵسوکەوتم لە گەڵ کەسانێك دەستی پێکرد

که نێوانیان لە گەڵ قەڵەم و کتێب نەبوو و زۆرتر ئیداری بوون کاری وەرگێڕانم وەلا نا. لە ١٣٢٨ بە دواوە کە بەرەبەرە هەستم کرد کارەکەم بایەخی خستنەڕووی هەیە و دەتوانم لە چاپی بدەم دووبارە ئەوین و ئۆگری بە کارەکەم وەدەست هێنایەوە و بڕیارم دا درێژە بە کارەکەم بدەم و چونکە کتێبی دوورگەی پەنگۆئێنەکانی ئاناتوول فرانسم خوێندبۆوە و زۆرم خۆشی لێی هاتبوو بڕیارم دا کارەکەم بە وەرگێڕانی ئەم کتێبە دەست پێبکەمەوە. لە ساڵی ١٣٢٩دا کتێبەکەم تەواو کرد و بۆ بڵاوبوونەوەی دەچوومە لای هەر بڵاوکەرەوەیەك دەیوت: یەکەم ئاناتوول فرانس بازاڕی نیە و تا ئێستا هەر کتێبێکی ئەو لە چاپ درابێ لە ئەنبارەکان دا ماوەتەوە و دووهەم کەس تۆ ناناسێ کە بە هەوای تۆ و لە بەر تۆ کتێبەکە بکڕێ. هەرچەندی دەمگوت: ئاخر ئەم کتێبەی ئاناتوول فرانس لە گەڵ کتێبەکانی دیکەی جیاوازە و زۆر شیرین تر و بەتامترو لەبەردڵان ترە و پاش چاپ بوونی کاتێك خوێندیانەوە و وەرگێڕانەکەیان پەسن کرد منیش دەناسن، بێسوود بوو و قسەکەمیان قەبووڵ نەدەکرد.

دواجارچاپەمەنی ئەمیرکەبیر بەم مەرجە ئامادەی چاپی ئەم کتێبە بوو کە من شەش مانگ راوەستم و چاوەڕێ بم، چونکە دەیگوت زۆر کاری دیکەی بۆ چاپ لە بەردەست دایە و تا شەش مانگ سەرەی کتێبەکەی من نایەت. ناچار سەردانی چاپەمەنی "سیف عەلی شا"م کرد و تا ئەو کاتە دە مانگ بوو کە بێ ئاکام دەچوومە لای ئەم و ئەو و بەئەنجام نەدەگەیشتم. بە خۆشییەوە بەرپرسی چاپەمەنی سەیف عەلی شا خودی موشەفیق هەمەدانی بوو کە لە وەرگێڕە بە ناوبانگەکانی ئێران بوو و کتێبەکەیان بۆ دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا بۆ چاپ دەبێ یان نا دابوو بەو کە بیخوێنێتەوە. حەوتووی دواتر کە سەردانم کرد بۆ ئەوەی وڵامی ئەرێ یا نەرێی ئەم چاپەمەنیە وەرگرم بردیانمە لای خودی بەڕێز موشەفیق. بێڕوودەربایستی تاریفی کارکەمی کرد و تەنانەت بە منی وت کە یەکێك لە وەرگێڕە زەق و بەرچاوەکانی داهاتوو لە تۆدا دەبینم، بەڵام هەر وەك بڵاوکەرەوەکانیتریش پێیان وتووی ئاناتوول فرانس بازاڕی نیە. تۆ سەرەتا کتێبێك لە نووسەرێکی بازاڕ پەسن هەڵبژێرە بۆ ئەوەی ئێمە ئەوی لە چاپ بدەین و خەڵکی لە گەڵ ناوت ئاشنا بکەین. دواتر کتێبی دوورگەی پەنگۆئێنەکانیش لە چاپ دەدەین و ئەو کات دڵنیام کاتێك خەڵك لە گەڵ ناوت

ئاشنا بوون ئەو کتێبە ئەگەر لەبەر ئاناتوول فرانسیش نەبێ لەبەر ناوی تۆ دەیکڕن. وتم نووسەرانی بازاڕ پەسن وەك كێ؟ ناوی چەند نووسەرێکی هەڵدا کە جەك لەندنیشیان لەگەڵ بوو. بە هەڵکەوت من کتێبی "دان چەرمۆ"ی (ئەم کتێبە لە لایەن مامۆستا عبدوڵڵا حەسەن زادەوە وەرگێڕداروەتە سەر زمانی کوردی و ناویشی دان چەرمۆیە، بۆیەش هەر بەو ناوە ناوی دەبەین.و.) جەك لەندەنیشم هەبوو و خوێندبوومەوەو خۆشیشم لێی هاتبوو.

گوتم کتێبێکم لە جەك لەندەن بەم ناوە هەیە. وڵامی رازیبوونی دایەوە و ناردمیە لای براکانی کە لە پەرتووکخانە لە گەڵ کڕیارەکان مامەڵەیان دەکرد بۆ ئەوەی لە سەر "دان چەرمۆ" گرێ بەست بکەم. برای بەڕێز موشەفیق کە پێم وابێ ناوی مەنسوور بوو و بڕیار بوو گرێ بەستەکە بنووسێ کوتی: مەگین جەك لەندەن کتێبی بە ناوی "دان چەرمۆ"ش هەیە؟ وتم: بەڵێ. گوتی: من شتی وام نەبیستووە. هەستا و یەکێك لە وەرگێڕانەکانی جەك لەندەنی هێنا و چاوی لە پێشەکییەکەی کرد بۆ ئەوەی ببینێ ئایا ئاماژە بە کتێبێك بە ناوی "دان چەرمۆ" کراوە. لە پڕ راچەڵەکی و جووڵەیەکی کرد و وتی:

کاکی بەڕێز تۆ کتێبی دیان سپی دەڵێی؟ لێرەدا ناوەکەی ئەوەیە و ناوی دیان سپییە نەك دان چەرمۆ. کوتم: نا بەڕێز، خۆ جەك لەندەن ددانساز نەبووە بەڵکو نووسەر بووە و دان چەرمۆش ناوی سەگێکە. ئەو وەرگێڕە بەڕێزەی ئێوە خراپیان فەرمووە. بەخۆداشکاوە و گرێ بەستەکەی بەشێوەی پەیماننامەی تورکمەن چای نووسی بەڵام چونکە سەرەتای کارم بوو و دەمویست لە بێ ناوونیشانی بێمەدەر ئیمزام کرد.

لە ماوەی چوار مانگ دا وەرگێڕانی "دان چەرمۆ"م تەواو کرد و سەیف عەلی شا چاپی کرد. پێشوازییەك کە لە کتێبەکە کرا بێ وێنە بوو و هەر بە قسەی خودی بڵاوکەر خەڵکی دەهاتن و دەیانگوت: کتێبی دیکەتان لەم وەرگێڕە نیە؟ ئەم پێشوازییە بووە هۆی ئەوە کە کتێبی دوورگەی پەنگوئێنەکانیش بە هۆی سەیف عەلی شاوە لە چاپ بدرێ، دواتر وەرگێڕ و نووسەری گەورە بەڕێز نەجەف دەریا بەندەری لە رۆژنامەی "اطلاعات"دا بابەتێکی لەسەر پەسن کردن و تاریفدانی ئەم کتێبە لە ژێر ناوی: "وەرگێڕێك کە ئاناتول فرانسی رزگار کرد"ی نووسی و خۆشەویستی و گەورەییەکی زۆری بۆ منی خزمەتکار و چووکەی دەربڕی

بوو. بەم شێوەیە لە بەندی بێ ناو و نیشانی هاتمەدەر و دوای ئەوە ئیدی پێویست نەبوو من بۆ چاپی کتێبەکانم داوا لە بڵاوکەرەوەکان بکەم بەڵکو ئەوان بوون کە بەردەوام داوای کاریان لە من دەکرد.

هەر وەك لە سەرەوە ئاماژەم پێدا تەنیا لە ساڵەکانی ١٣٢٠ تا ١٣٢٨ی کۆچی، لە بەر هۆگەلێك کە باسم کردن راوەستانێك لە کارەکەم دا کرا. بەڵام لە ساڵی ١٣٢٩ و ٣٠یەوە کە دووبارە خەریکی کار بوومەوە تا هەنووکە هیچکات پشوودان نەکەوتۆتە کارەکەمەوە و جگە لەو کاتانەی کە لە سەفەر بووم هەمیشە خەریکی کار بووم. لەو کاتەوە تا ئێستاکە چل ساڵ دەبێ بەردەوام کارم کردووە و ئێستا ژمارەی وەرگێڕانەکانم گەیشتوونە شەست و چوار کتێب کە زۆربەشیان وەکو "کلیم سامگین" چوار بەرگ و "دۆن کیشۆت" دوو بەرگ و "بیست وڵاتی ئامریکای لاتین" سێ بەرگین.

لە زۆربەی وەرگێڕانەکانی سەرەتام دا وەکو دوورگەی پەنگوئێنەکان و دۆن کیشۆت و شازادە بچکۆلە و هتد دووبارە پێیانداچوومەوە و دەستم تێوەرداون و بە بڕوای خۆم باشترم کردوون بەڵام لە بیست ساڵ لەمەوبەرەوە ئیدی نە تاقەتی ئەم کارەم هەبووە و نە بە پێویستیشم زانیوە. خۆشحاڵم کە هەمیشە هەموو وەرگێڕانەکانم پەسندی خوێنەران بوون و کارەکانمیان وەکو نموونەیەکی باش لە وەرگێڕان دا، چ لە بواری رەسایی و رەوانی وتەو وەرگێڕانەوە و چ لە بواری وەفاداربوون بە دەقی سەرەکی‌یەوە جێگای تاریف و پەسن بوون.

سەبارەت بە کتێبەکان دەبێ بڵێم لە کارەکانی خۆم رازیم و خۆشم دەوێن. چونکە کتێبگەلێکن کە لە بواری پەیامی کۆمەڵایەتی و رۆشنگەری فیکری خوێنەرەوە بایەخدارن و نووسەر لەو کتێبانەدا درێژەدەری پڕۆپاگەندەی بیرێکی مرۆڤایەتی واتە ئازادیخوازی و خەبات لە دژی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری و پارێزگاری و پشتیوانی لە ماف و راستی و ئازادی و رەتکردنەوەی خوارافات و ناڕوونی‌یەکان بووە.

تێکۆشانم لە وەرگێران ا هەر لە هەمان سەرەتاوە بە ئەنگیزەی خزمەتکاری‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانەوە بووە و لەم حەفتا کتێبەی کە وەرمگێڕاون زۆربەیان خاوەنی پەیامی

کۆمەڵایەتی و هزرین و ژمارەیەکی کەم لە وەرگێڕانەکانم پەیامی هونەری و کولتووریان پێ نیە. کەواتە پێوانەو پێوەری باوی منیش بۆ وەرگێڕان هەڵبژاردنی بەرهەمگەلێکە کە پەیامی کۆمەڵایەتی و سیاسیان هەیە و لە سەرەتای کارەوە تا هەنووکەش ئەم پێوانەیە نەگۆڕاوە.

وەرگێڕانم وەکو بنچینە لە ساڵی ۱۳۳۱ەوە دەست پێکرد و تا ئێستا درێژەم پێداوە و بە مەرجێك توانایی رۆحی و جەستەیی ئیزنم بدەن، دەرێژەی دەدەم. من خزمەت لە رێگای وەرگێڕانی بەرهەمە دەرەوەیی‌یەکانم کردۆتە ئامانجێك بۆ ژیانی خۆم و روونە کە تا زیندووم و مێشك و چاو و دەستم کار دەکا دەرێژە بەم خزمەتە دەدەم. بەڕاستی هەرچەندە پێم ناوەتە ناو شەست و چوارەمین ساڵی تەمەنمەوە ئێستاش توانایی کار و بەردەوامبوون لە کاری خۆم دا هەیە و ئەوەش زیاتر بەرهەمی هاندانێکە کە خەڵکی چ لە ئارایی (حضور) و چ لە پێوار(غیاب)ی من لە کارەکانمیان کردووە و دەیکەن، و هەر وەك دەزانن هاندان خۆی باشترین پاڵنەری کارە.

تا ئەمڕۆکە کە لە لای تۆ دانیشتووم زیاتر لە حەفتا بەرهەمم لە بەرهەمە ئەدەبی و مێژوویی و لێکۆڵینەوەیی دەرەوەییم بە زمانی فارسی وەرگێڕاوە و بە بڕوای خۆم (ئەگەر راست بێ) خزمەتم بە کولتوور و زمانی فارسی کردووە و هیوادارم ئەم خزمەتە لەشوێنێك حیسابی لەسەر بکرێ.

• وەکو یەکەمین پرسیار، ئایا پێت وایە تۆ نووسەرگەلێکی نەناسراو و بێ ناو نیشانت بە ئەدەبیاتی فارسی ناساندووە؟

• نووسەری زۆربەری بەرهەمەکانم نەناسراو نەبوون بەڵام خوێنەرانی فارس زمان نەیانناسیون. چونکە کتێبیان بە فارسی لێ وەرنەگێڕدرابوو تا بناسرێن. کاتێك من کتێبم لەوانەوە وەردەگێڕا و خوێنەرانی زمان فارس لە ڕووی وەرگێڕانەکانی منەوە لە گەڵیان ئاشنا دەبوون وەرگێڕەکانی دیکەش وەدوای کتێبەکانی دیکەیان دەکەوتن و وەریاندەگێڕان و ئەوانیش ناویان دەرکرد و ناسران. نیکۆس کازانتزاکیسی یۆنانی و ئینیاتسیوسیلونەی ئیتالیایی و ئیڤان ڤازوفی بۆلغاری لەو نووسەرانەن کە یەکەمجار بە هۆی وەرگێڕانەکانی منەوە لە ئێران دا ناسران و دواتر وەرگێڕەکانی دیکەش کتێبەکانی‌تریان وەرگێڕان.

• لە سەرەتای کاردا رووت لە نووسین کرد بەڵام نووسینت وەلا نا و باشترین ساڵەکانی تەمەنت بۆ وەرگێڕان تەرخان کرد. بۆچی نووسینت وەلا نا و بۆ خەریکی وەرگێڕان بووی؟

* دەفەرمووی لە سەرەتای کاردا رووم لە نووسین کردوە و هەنووکە وانیە، من لە سەرەتای کارەوە بە وەرگێڕانی کتێبی کلوودی خوێڕی بەرهەمی ویکتۆر هۆگۆو پاشان بە وەرگێڕانی سێناریۆیەك لە دۆن کیشۆت رووم لە وەرگێڕان کرد و ئۆگری ئەو کارەش بووم، هەڵبەتە پاش ئەو دوو وەرگێڕانە خۆشم کتێبێکم بە ناوی "زارا یا ئەوینی شوان" نووسی و بەڵام داوات لێدەکەم چاو لە پێشەکی چاپە تازەکانی کتێبی "زارا" بفەرموو بۆ ئەوەی بزانی من بە چ ئەنگیزەیەکەوە ئەو کتێبەم نووسیوە، کەواتە من هەر لە هەمان سەرەتاوە ئۆگری وەرگێڕان بووم و لێتان ناشارمەوە سەردەمێکیش دەمنووسی و شێعریشم دەهۆنیەوە، لەو نووسینانەی کە چاپ نەبوون چیرۆکێك بوو کە بەداخەوە ون و هار بووەو چیرۆکێکییش لە چاپ دراوە کە ناوی "زارا"یە و ناوەندی "ئەفشاری" لە ساڵی ١٣٢٠ یا ١٩ ی کۆچیدا چاپی کرد. چونکە زۆریش ئۆگری ئەدەبییاتی فارسی بووم لە زاتی شێعریش بێ بەش نەبووم، سەرەتا رووم لە شاعیری کرد و زۆربەی شێعرەکانم لە گۆڤارو رۆژنامەکانی خەرمانانی ساڵی بیست(١٣٢٠)دا چاپ دەبوون. ئەمڕۆکە هێندێکیان لەبەردەست دان و هێندێکیان لە بیرکراون و بە بۆنەگەلێکەوە هێندێکیانم لە کتێبی "بیرەوەرییەکانی وەرگێڕێك"دا هێناوە.

دواتر زانیم دەتوانم بە وەرگێڕان خزمەتێکی زۆر و باشتر بە کۆمەڵگاکەم بکەم و زەوقێکی زۆریشم بە وەرگێڕان هەبوو، لە گەڵ ئەوەش دا هەستم دەکرد لە وەرگێڕان دا لە شاعیری زیاتر دەتوانم گەشە بکەم و بدرەوشێمەوە، هەڵبەتە لە کتێبی بیرەوەرییەکانم دا ئامازەم بەوە کردووە و گوتوومە کە ئەگەر درێژەم بە شێعر و شاعیری دابایە، رەنگە شاعیرێکی پلە یەکەم نەبوومایە، بەڵام ئێستا هەمووان دەڵێن وەرگێڕێکی پلە یەکەمم" ئەگەرچی ئەوەش زۆر روون نیە. بەڵام بە هەر حاڵ دەمویست پلە یەك بم. هەر بەم هۆیەوە لە ساڵی ١٣٣٠ بە دواوە بەرەبەرە رووم لە وەرگێڕان کرد و بە بڵاوبوونەوەی کتێبەکانی دان چەرمۆ و دوورگەی پەنگۆئێنەکان و شازادە بچکۆلە تیگەیشتم کە هەڵەم نەکردووە و خوێنەرانی بەڕێز، محەممەدی قازی وەرگێڕیان زیاتر لە محەممەدی قازی شاعیر لە ئامێز گرت. بەڵام لەوەڕا کە

هەمیشە هەستم دەکرد هیچکات لـە نووسـین و شـێعر هۆنینـەوەدا لـە پلەیـەکی بـەرزدا بم و لێهاتوویەکی ئەوتۆم زیاتر بۆ وەرگێڕان لە خۆم دا دەبینی، هەر بۆیە زیاتر رووم لە وەرگێڕان کرد، چونکە سەرکەوتنی خۆم لەم کارەدا زیـاتر دەبینـی. بـە ئـۆگری و زەوقێکـەوە کـە بـە وەرگێڕانم هەیە بە دوورم نەدەزانی رۆژێك ببمە وەرگێڕێکی ناسراو و خەڵك پەسن، ئەوە بـوو کە وەدوای زەوق و ئۆگری خۆم کەوتم و پێم وابێ بـە هەڵـەش دا نەچـووم و بـە ئـاواتی دڵـی خۆم گەیشتووم، ئەو قسە راستە کە وتوویانە:

"کوێخایەتی دێهات خاس تـرە لـە نەناسـراوبوون لـە شـاردا."(کدخـدا بـودن در ده بهـتر از ناشناس ماندن در شهر است).

پێم وابێ خراپ نیە ئەگەر چوار کۆپلە لە شێعرەکانمتان بۆ بخوێنمەوە و ئەوە نیشانی دەدا کە ئەگەر شێعریشم گوتبا، شاعیرێکی باش دەبووم.

| | |
|---|---|
| منکر معجز طبعت کیـــــــــست | که دل من نشان قـــدرت اوست |
| شیشه‌ای ساخت تنـــگ و گنجانید | اندر آن بحـری از محبت دوست |
| گر چه یارش هزار بــــــار شکست | از جـفا و ستم که او را خوست |
| ذره‌ای کم نگشتـــــــه از آن بحر | شیشه امّا سالم است و نکوست |

مـن زەوقـی شـێعر و شاعیریشـم هـەبوو و شـێعرگەلێکی زۆرم هۆنیوەتـەوە بـەڵام هـەر بـەو هۆیەش درێژەم بە شاعیری نەدا کە دەمزانی شاعیرێکی بەرز و پلە یەك نـەدەبووم. بـە هـەر حاڵ ئەمڕۆ هەمووان محەممەدی قازی وەك وەرگێڕێکی باش دەناسن نەك بە ناوی نووسەر یا شاعیرێکی باش و ئەوە هەمان  ئەو دیاریکردن و هەڵبژاردنە درووستە بوو کە من دابووم نەك وەکو نووسەر یا شاعیرێکی باش کە بە بڕوای خۆم پێی گەیشتووم.

*لە نێوان ئەو کتێبانەی وەرتگێڕاون بە دڵنیاییەوە یەکێکیانت لە هەمووان خۆشتر دەوێ، ئەم کتێبە کامەیە؟

*وەرگێڕانـەکانم وەك منداڵـەکانمن و درۆ نیـە ئەگـەر بڵـێم هـەموویانم بـەڕادەی مناڵـەکانم خۆشدەوێن. کەواتە چۆن دەتوانم جیاوازی لـە نێـوان مناڵـەکانم دا دانـێم و یـەکیانم لـەوانیتر خۆشتر بوێ. هەموو باوکێك گشت مناڵـەکانی خـۆش دەوێ" بـەڵام دوور نیـە لـە نێوانیـان دا

جیاوازی‌یەك دانێ. منیش هەموو وەرگێڕانەكانم خۆش دەوێ، هەر كام لە وەرگێڕانەكانم لەبەر هۆیەك هەڵبژاردووە، هەر وەك ئەوە كە هەر كام لە منداڵەكانم پێدەچێ تایبەتمەندی‌یەكیان هەبێ كە بە هۆی ئەوەوە سەرنج راكێش تر بێ. بەو حاڵەش ئەگەر ئیزنی ئەوەم هەبێ بەوەی كە هەر دەبێ یەكیان بە سەر ئەوانیتردا دانێم، ئیزنم بدەن بڵێم كە لە رەهەندی نەفسی وەرگێڕانەوە "دۆن كیشۆت" و "بەسەرهاتی مەسیحی‌یەكی هەژار" و لە رەهەندی مژار و بابەتەوە "نان و شەڕاب"، چونكە رێنوێنی فیكری زیاتر بە خوێنەران دەبەخشێ، زیاترم خۆش دەوێن. نان ۰ شەڕاب بەرهەمی نووسەری هاوچەرخی ئیتالیایی ئینیاتسیوسیلونەیە كە لە ساڵی ۱۹۰۰ لە دایك بووە و ئێستا تەمەنی ۷٦ساڵە. سیلونە لە لوتكەی تێكۆشانە هونەری‌یەكانی‌دا لە گەڵ دەوڵەتی فاشیستی موسوولینی لە ئیتالیا رووبەڕوو بوو و لە گەڵ ئازادیخوازانی وڵاتەكەی خۆی خەریكی خەبات لە دژی ئەو رێژیمە خوێنخۆرە بوو. زیندان و ئازار و ئەشكەنجە و تاراوگە بەشێك بوو كە لەو خەباتەدا پێی بڕابوو. بەو حاڵەش، لە غەریبیش دا دەستی لە خەبات هەڵنەگرت تا ئەوەی رژیمی فاشیستی ئیتالیا لە كۆتایی شەڕی جیهانی دووهەم دا رووخا. رەنگە خودی سیلونە پاڵەوانی نان و شەڕاب بێ، چونكە زۆربەی تایبەتمەندی‌یەكانی لە گەڵ خودی نووسەر یەك دەگرنەوە و یەك دەخوێننەوە. لە بارەی مەبەست و واتاوە "مەبەستی ئینجیلەكان" و "ساویلكە" و "بەسەرهاتی مەسیحی‌یەكی هەژار"، و لە بواری رۆحی شێعری و وردەكاری و هزری‌یەوە "شازادە بچكۆلە" و "مرۆڤەكان و قرژاڵەكان"، و لە بواری تێكنیكی چیرۆك نووسینەوە "ئازادی یا مەرگ" و "مەسیحی دووبارە لە خاچ دراو" و لە بواری مێژوویی‌یەوە "ناپێلئۆن" و "كارەساتی سوورپێستەكانی ئەمریكا" پەسن دەكەم.

*چۆن لە زمانی فارسی‌دا شارەزا بووی؟ بۆ ئەوەی ئۆگرانی وەرگێڕان لە فارسی‌نووسی‌دا لێهاتوو بن چ پێشنیارێك دەدەی؟ چی بخوێننەوە؟ چی نەخوێننەوە؟ دەزانی كە ئۆگران و تامەزرۆیانی ئەوینی بە وەرگێڕان زۆرن بەڵام رەنگە هەموویان نەزانن كە بۆ گەیشتن بە سەركەوتن لەم رێگایەدا دەبێ دەست و پەنجە لە گەڵ چ ئەستەمی‌و گیروگرفتگەلێك نەرم بكەن. هەڵبەتە ئەمڕۆ بارودۆخی كار لە گەڵ بارودۆخی چل، پەنجا ساڵ لەمەوبەرەوە زۆر

جیاوازه بۆ وەرگێڕبوون لە هەموو کات و ساتێك دا پێویستە تاکەکەس مایەی سەرەتایی، پشت ئەستوورن و هەڵبەتە تا رادەیەك هیممەت و پلەخوازی هەبێ. چ پێشنیارگەلێك بە ئۆگرانی وەرگێڕان کە پێیان خۆشە وەرگێڕێکی ناودار بن،دەکەی؟ چ کەسانێك لە وەرگێڕان دا خاوەنی بەختێکن و چ کەسانێك ئەو بەختەیان نیە؟

*بە پێچەوانەی پێداگرتنی مامم کە خەرجی ژیان و خوێندنی منی لە سەر شان بوو لە سەرەتا سەردەمی خوێندنمەوە نەچوومە بەشی زانستی و ئۆگری ئەژمێر و زانستەکان و فیزیا و شیمی نەبووم و تەنیا عاشقی ئەدەبییات و زمان بووم و شێعریشم دەکوت، ئەوەبوو کە چوومە بەشی ئەدەبیی‌یەوە و بە نمرەی بەرز و بێوێنەوە کارنامەی شەشی ئەدەبیم لە دواناوەندی دارەلفنوون وەرگرت، سەرەڕای ئەوەش لە کتێبەکانی ئەدەبی کلاسیکی خۆمان وەکو گوڵستانی سەعدی، کلیلە و دەمنە، سنووردارا‌ن، مێژووی بەیهەقی و سەدان کتێبی دیکەدا زۆرم مۆتالا و خوێندنەوە دەکرد، لە لایەکیشەوە هێندەم شێعر لە شاعیرانی کلاسیکی خۆمان دەخوێندەوەو لەبەرم دەکردن کە بە بێدرۆ سەردەمێك لە ساڵەکانی ٢٦ و ٢٧دا کە من ٣٤یا٣٥ ساڵە بووم، زیاتر لە ٥٠٠٠ کۆپلە شێعری خۆمانم لەبەر بوو.

بۆ وێنە شەوێك لە گەڵ هێندێك لە هاوڕێیان لە ساڵی ١٣٢٦دا شێومان لە هۆتێلێکی دەربەند خواردو کاتژمێر ٩ی شەو کە لە هۆتێل هاتینەدەر بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ شار لە سەر پێشنیاری یەکێك لە هاوڕێیان بڕیار دار بە پیادە بێینەوە و گوتیان هەر کەس حەقایەت یا بەیتێك بگێڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی رێگادا سەرقاڵ بین، وتم: پێویست بەو کارە ناکا چونکە من دەمهەوێ شێعرتان بۆ بخوێنمەوە. باوەڕیان نەدەکرد، بەڵام لە کاتژمێر ٩ەوە کە لە هۆتێل هاتینەدەر و بە پیادە بەرەو شار دەڕۆیشتین، کاتژمێر ١٢ی شەو کە گەیشتینە بەر کۆشکی مەڕمەڕ لە چوار ڕێیانی پەهلەوی،. من هەروا بەردەوام شێعرم دەخوێندەوە و هەموویانم سەرسوڕماو کردبوو.

بەڵێ خوێندنەوەی بەرهەمگەلی کلاسیکی فارسی و بە تایبەتی لەبەرکردنی شێعری شاعیرانی کلاسیك بۆ زاڵ بوون بەسەر زمانی فارسی‌دا یارمەتی‌یەکی زۆر دەدات و وەرگێڕ لە گەڵ وردەکاری‌یەکانی زمان ئاشنا دەکا.

*لە کوێ فێری زمانی دەرەوەیی بووی؟ جگە لـە زمـانی فەڕانسـەوی بـە سـەر چ زمـانێکی دیکەدا، جگە لە فارسی، زاڵ و شارەزای؟

*زاڵبوون بەو واتایەی کە تۆ دەفـەرمووی هیچـکەس بـە سـەر هـیچ زمانێـك دا نیـەتی و بـە شێوەی یەکەمین لە، زاڵبوون، بە سەر فەڕانسەیی دا، بەڵام من لە ئاستێك دا کە لە دەقەکان تێدەگەم فەڕانسەیی دەزانم و دەتوانم لە چوارچێوەی فارسی‌دا دایڕێژم. من هـەر لـە هـەمان سەرەتای خوێندن لە قوتابخانـەی(سـەرەتایی)دا ئـۆگری زمـانی فەڕانسـەیی بـووم و لـە لای عەبدوڕەحمانی گیو هێندێك فێری فەڕانسەیی بووم و لە لای ئەو کتێبی لێکتۆر تەواو کرد تـا بە گەورەیی و خۆشەویستی مامی خوالێخۆشبووم دوکتۆر جـەوادی قـازی لـە سـاڵی ۱۳۰۸ی کۆچی‌دا لـە مـانگی پووشـپەڕ هاتمـە تـاران و چـوومە پـۆلی حـەوتی قوتابخانـەی ناوەنـدی "دارەلفنوون". بەر لە چوونم بۆ دواناوەندی خەریکی فێربوونی ئەم زمانە بووم. لە ئاکام دا، لە سەردەمی شەش ساڵەی دواناوەندی سێ ساڵەی زانکۆدا هەمیشە لە زمانی فەڕانسـەوی‌دا قوتابی‌یەکی زۆر باش بووم.

ئەو کات بە خۆشی‌یەوە زمانی دەرەوەیی قوتابخانە ئێرانی‌یەکان فەڕانسەیی بوو و من بـەو پێشینەی کە لە مـەهاباد لـەم زمانـەدا وەدەسـتم هێنـابوو باشـترین قوتـابی پـۆل لـە زمـانی فەڕانسـەیی‌دا بـووم و ئـەم جیاوکـەم هـەتا کۆتـایی خـولی زانکـۆی یاسـا لـە سـاڵی ۱۳۱۸دا پاراست. خوێندنەوەم لەم زمانەدا منی خستە ناو ڕێگای وەرگێڕانەوە و ئەم ئەوینەی لە مـن دا پێـك هێنـا کـە خـەریکی ئـەم کـارە بم و بەڕاسـتی دەتـوانم بڵـێم کـە ئـۆگری بـەم کـارەم وەدەست هێنا. ڕاستە بارودۆخی ڕاهێنان لەو کاتەدا بەڕادەی ئەمڕۆ پێشکەوتوو نەبوو بەڵام هەر منیش ئەو کات قوتابی‌یەکی ئۆگری بە تایبەتی لە زمانی فەڕانسەیی‌دا بووم و سەرەڕای ئەوەش لە ماوەی سەردەمی زانکۆدا ماوەیەك لە کۆمپانیایەك بـە نـاوی " ئێـران متـۆڕ" کـە نووسراوەکانی بە زمانی فەڕانسەیی بوو کارم دەکردو دوای خزمەتی سەربازیش ماوەیەك لـە کۆمپانیای کامپێساکس کە ئەویش لە سـەرەتادا نووسـینەکانی بـە زمـانی فەڕانسـەیی بـوو خزمەتم کرد و ئەم سەردەمە لـە بـەرەو پێشچـوون و زیـادبوونی زانیاری‌یـەکانم لـەم زمانـەدا یارمەتی‌یەکی کاریگەردار و باندۆرداری هەبوو.

ئەو کات دەقە دەرەوەیی‌یەکان ئاسانتر لە ئەمڕۆکە وەدەست دەکەوتن ، چونکە یەکەم، دۆخی ژیان بەم ئەستەمی و گرانی‌یە نەبوو و کتێبیش لە دەرەوەی وڵات زۆر لە ئێستا زیاتر دەهاتنە ئێران و زۆریش هەرزانتر لە ئەمڕۆ بوون و ئەگەر کتێبێکیش لە ئێران دا دەست نەکەوتبایە داوامان لە ناسیاو یا کتێبخانە باوەڕ پێکراوەکان دەکردو زووش دەیانهێنا یا بۆیان دەناردین.

کەواتە لە زمانە دەرەوەیی‌یەکان دا تەنیا فەڕانسەیی دەزانم و زیاتر لە فەڕانسەیی‌یەوە کاری وەرگێڕان دەکەم و ئەگەر بەرهەمێکی، کە بۆ وەرگێڕان هەڵیدەبژێرم فەڕانسەیی نەبێ لە دەقی فەڕانسەیی‌یەکەیەوە تا ئەو جێگایەی بکرێ‌و دەرەتان هەبێ بە بەراوردکردن لە گەڵ دەقە ئینگلیسی‌یەکەی، واتە لە زمانی ئینگلیسیش دا تا ئەو رادەیە بەتوانا نیم بەڵام دەتوانم دوو دەقی ئینگلیسی و فەڕانسەیی لە گەڵ یەك هەڵسەنگێنم. باشترین رێگای فێربوونی زمان ئەوەیە کە مرۆڤ لە ناو ناخی ئەو زمانەدا بێ‌و لە گەڵ خەڵکی کۆڵان و بازاردا بەو زمانە قسەو هەڵس و کەوتی هەبێ کە قوتابخانەی کۆمەڵگا خۆی زۆر بە نرخترە لە قوتابخانە. بەداخەوە من ئەو بەختەوەری‌یەم نەبووەو هەر لێرەو لە قوتابخانەو لە رێگای کتێبەوە فێری فەڕانسەیی بووم و تا ڕادەیەك دەیزانم کە بتوانم کتێبێکی ساکارو سانای ئەدەبی وەرگێڕم.

*کەواتە بەو ئەنجامە دەگەین کە لەم ڕووانگەوە لە ناو ئەو وەرگێڕە دەگمەنە هاوشانە یەکەمەکان دا تاکەکەسی‌و بە بڕوای من کاتێك ئەم مەسەلەیە بایەخی دەبێ کە دەبینین هێرشی لە ئەستەمترین نەخۆشی‌یش نەیتوانی تۆ بە چۆك دا بێنێ‌و کەمترین کەم و کوڕی و ئیراد لە کارەکەتان دا پێك بێنێ. ئەم ئیرادەو ورەی خۆڕاگری‌یە هی خۆتانە، تاکەکەسی‌یە، پێوەندی بە دۆخی ژیانی سەردەمی منداڵی‌یەوەیە یا ئەگەر راستم گوتبێ بەرهەمی شتێکە کە باوەڕی تۆ بە کارو لە ئامانجێکی بەرزەوە سەرچاوە دەگرێ؟ کۆتایی‌یەکە لە ژیان دا پێی پێ‌بەندو وەفاداری؟

*هەر وەك گوتم من مرۆڤێك دڵتەڕو لەزەوق وتامەزرۆی ژیانم، پێم وایە ئێمە کە لە هەر بارودۆخێك داین و هەرچی هەین ئاکامی کرداری خۆمانەو مەزنایەتی ژیان مەزنی خۆمانەو

ئەوە ئێمەین کە ئەگەر پێمان باش نەبێ، دەبێ قەزا و قەدەر بگۆڕین، کەواتە نەخۆشی من کە بێگومان ئاکامی دەرهەستانەی شێوەی ژیانی خودی من لە دەوروبەرێك دایە کە تیایدام بۆچی دەبێ ئیرادەی من ماندوو و کز و لاواز بکا. هەڵبەتە پێم خۆش بوو کە بەمشێوە و بەو شێوەیە بێ بەڵام ئەگەر نەخۆش کەوتم و یان بەم شێوەیەو بەوشێوەیە کە دەمویست نەبووە ئیدی ترچی چی! خۆ نابێ خۆ بکوژی! هەموو کەس دەبێ لە ژیانی خۆیدا ئامانجێکی پیرۆزی هەبێو رێگایەك بۆ گەیشتن بەو ئامانجە هەڵبژێرێو تەنانەت نەخۆشیش نەتوانێ ئەو لەو رێگایەدا پەکی پێبخات.

*هێندێك جار بیرت کردۆتەوە وەکو مرۆڤێك کە هەوڵی داوەو هیچکات تا هەیە دەست لە تێکۆشان هەڵناگرێ، کام خشتە لە حەساری ئەم جیهانە بێ حەسارەت گۆڕیوەو یان رێگاو رچەشکێنی کرانەوەی کام بەنەگرێ لێدراوانە بووی؟

*دەپرسی چ خشتێکم لە حەساری ئەم جیهانە بێ حەسارەدا گۆڕیوەو یا بە واتایەکیتر بەهەمی ژیانی من چی بووە و چ هەنگاوێکم هەڵێناوەتەوە. یەکەم، هەڵقەندن یا گۆڕینی هەر خشتێك لە حەسارەکانی ئەم دنیا بێ حەسارە هۆی ئاوەدانکردنەوە نیە. زۆر کەس "خشتەکانیان گۆڕی" و ئەو بینایانەی هەبوون رووخاندیانن، بە نیازی ئەوەی کە ئاوەدانکردنەوەیان کردووە و ئەوە لە حاڵێك دایە کە جگە لە خراپی هیچ کارێکیان نەکردووە، چەنگیز و نادر و ناپلێئۆن خشتەکانیان هەڵکەند و کارەکەیان جگە لە خراپی و کاولکاری هیچ سوودێکی نەبوو بەڵام فێردەوسی و سەعدی و ئەبوو عەلی سینا و وێنەکانی ئەوان هیچ خشتێکیان هەڵنەکەند و جیهانیان بە تیشکی زانست و هونەری خۆیان پرشنگدار و روون کردەوە.

ئێمە کارمان بە خشتەکان نیە، من بینا نیم، من چرای داگیرساوم و کارم ئەوە بووە کە لە سەردەمی تەمەنی کورتی خۆم دا مێشك و بیرەکان بە خستنەڕووی بەرهەمی ئازاد هزرەکانی جیهانی روون بکەمەوە و راستیەکانی ژیان کە ژینی بە ئازادی و بە ئازادی بیرکردنەوە و خۆشەویستنی هاوڕەگەز و خۆشویستن و مرۆڤدۆستی و دیمۆکراسی و کار و تێکۆشان بۆ باشتر کردنی ژیانی خود و کۆمەڵگایە، بە هەمووان رابگەیەنم. دووهەم، لەم رێگا

ناسەرکەوتووەدا زەریفی دەیکوت، بە ڕاستیش قسەکەی جوان بوو کە دەیگوت، وێنەی ئێمەی وەرگێڕە دەروەست و نووسەر و شاعیرانی دەروەست، نم و شێی بەر دیوارەکانی کۆشکی سەرڕۆیی و زۆردارین.

ئێمە هەموو ڕۆژێك بە وەرگێڕانە ریسواکەرەکانی خۆمان، بە نووسینە رەخنەیی و بە شێعرە چزوودارەکانمان بەر دیواری ئەم کۆشەمان تەڕ و شێدار کردووە و شێدارمان کرد تا ئەو ڕۆژەی کە قولێنگ بەدەستان ئەگەر هاتن زۆر بە هاسانی ئەو بینایە بڕووخێنن. ئەگەر بەرنامەکانی دە شەوی ناوەندی نووسەرانی ئێرانی لە حەوشەی ئەنجوومەنی ئێرانی و ئالمانیت لە بیر بێ قسەکەم بەڕاست دادەنێی کە چۆن ئەم نم و شێداریەیە، شێداریەیە هیچ و کەمە لەو شەوانەدا ئەرکان و کۆڵەکەکانی ئەو کۆشکەی وەلەرزین هێنابوو و چۆن هێندەی نەخایاند کە کۆشکی زوڵم لە ژێر زەربەی قولێنگی شۆڕش دا رووخا. خراپ نیە چیرۆکێکی کورت لەم پێوەندیەیەتان بۆ بگێڕمەوە:

لە ڕۆژەکانی سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش لە گەڵ هاوسەرەکەم لە ناو سەیارەکەی خۆم دا لە سەر پێچی شمشێران لە ڕێگای شەقامی دوکتۆر شەریعەتی بەرەو ماڵەکەم کە لە سەرەوەی قەلهەکە دەڕۆیشتم. دوو لاو بە چەکەوە بەریان بە سەیارەکەم گرت و تکایان کرد تا لە ڕێگای خۆم دا بۆ هەر شوێنێك دەلوێ بیانگەیێنم. خێزانم ترساو پێی گوتم رانەوەستم بەڵام من سەیارەکەم راگرت و هەر دووکیانم سوار کرد بەو دەزگا تایبەتیەیەوە کە قسەی پێدەکەم، شوێنی چوونیانم لێ پرسین. سەریان لەو دۆخی بێ تواناییەیەم لە قسەکردن دا سوڕما و شتەکەیان لە هاوسەرەکەم پرسی، هاوسەرەکەم بۆی باس کردن کە تووشی شێرپەنجەی قوڕك بووم پاش نەشتەگەری ناچار بووم بەم دەزگایە قسە بکەم. بەزەییان پێم دا هات و گوتیان ئێمە کەسێکیتریش دەناسین کە هەر تووشی ئەم دەردە بووە و ئەو کەسە محەممەدی قازی وەرگێڕی نێودارە، نازانین دەیناسن یا نا؟

*هاوسەرەکەم زۆر بەم قسەیە خۆشحاڵ و شاد بوو و وتی: "ئەم بەڕێزە کە ئێوەی سوار کردووە هەمان محەممەدی قازیە کە ئێوە باسی دەکەن" من خەریکی شۆفێری بووم و لە گەڵ ئەوەدا گوێم لە قسەکانیان راگرتبوو.

لـه پـڕ بینـیم یـەکێکیان وا باوەشـی بـە شـان و ملـم دا کـرد و ماچـی کـردم کـە کرِنترۆڵـی سەیارەکەم لە دەستی دەرچوو و خەریك بوو خۆپێکدادان بکەم.

باوەڕ بکە ئەو دوو لاوە ساتێکی کورتیش لە تاریفکردنی و ستایشم رانەوەستان و بەردەوام دەیانگوت: "تۆ حەقێکی گەورەت بە سەر کۆمەڵگاکەمانەوەیە، تۆ مامۆسـتای بـەرەی لاوی، ئێمـە ل کتێبـەکانی "نـان و شـەڕاب" و " ئـازادی یـا مـەرگ" و "بیسـت وڵاتـی ئـەمریکای لاتـین"ی تـۆوە فێـری وانـەی شـۆڕش بـووین. بـە کـورتی هێنـدەیان شـەرمەزار کردمـەوە و گەورەیی و خۆشەویستی خۆیان نواند کە ماندوو بوونی تەمەنێك زەحمەتم لە لەش دەرچوو. لە تەجریش کە دامبەزاندن دەستیان ماچ کردم و بە هیوای چاوپێکەوتنێکیتر رۆیشتن.

پێم وانیە کەس لە ماوەی تەمەنی خۆی دا خاوەنی سـوودێکی بـەم روونـی و شـانازییەوە بووبـێ. ئـەوە ئـەنجامی تەمەنێکـە کـە بـە بێهـوودە تێنەپـەڕیوە بـەڵکو لێوانڕێـژ لـە کـار و دەروەستبوون بووە.

- زۆر کەس لە سەر ئەو باوەڕن بەو هەموو تێکۆشانە ماندوو نەناسەتان بەشی خۆت لـە دەربڕین و بە جێ گەیاندنی ئەرك بۆ کۆمەڵگاکەت بە بەراورد لە گەڵ ئەوانەی کە دەیانتوانی کارێك بکەن و نەیانکرد، بە ئەنجام گەیاندووە. لەوەڕا کە ئەمڕۆ بە سەرنجدان بـە بـارودۆخی جەستەیی و تەمەنی تۆ، مرۆڤ پێـی وایـە، خـەریکی جۆرێـك شـەڕ و خـەبات، بۆ بـە ئـەنجام گەیاندنی دەروەستی و بە جێ گەیاندنی ئەرك دەکەی.
- بە بڕوای من هیچکەس ناتوانێ هەموو ئەو بەشەی کە قەرزداری کۆمەڵگا و ژیانە بە جـێ بگەیـەنێت، و ئەگـەر بـە بـڕوای مـن ئـەرکێکی ئـەوتۆم بەجێگەیانـدووە لـە رەهەنـدی بەراوردکارییەوە دەیفەرموون. بەڵێ، رەنگە من بە بەراورد لە گەڵ زۆر کـەس ئـەرکێکی زیاترم لە پێناو قەرزداربوونم دا بۆ کۆمەڵگا بەجێگەیاندبێ، بەڵام ئەوە تـەنیا رێژەییـە و نـەك هـەموو ئەرکەکـە. و بـەڵام ئـەوەی کـە دەفـەرمووی هەوڵـەکانی دیکـەم شـەڕە، هەوڵەکانی پێشووشم شەڕ بووە. مـەگین بـە ئـەنجام گەیانـدنی دەروەسـتی و تێکۆشـان بەگشتی شتێك نیە جگە لە شەڕ و خەبات بۆ ژیان؟

*بەو حیسابەی ئەگەر ڕۆژێك نەتوانی بە هەر هۆیەك وەرگێڕان بکەی، ئەو ڕۆژە ئایا هۆگەلێکی دیکەت بۆ شەڕ، بۆ بوون و دەروەست مان دەبێ؟

* دەپرسی ئەو ڕۆژەی کە محەممەدی قازی ئیدی وەرگێڕانی نەکرد چ ڕۆژێکە، بە شێوەیەکی ساکار پێت بڵێم ئەو ڕۆژە ئیدی محەممەدی قازی مردووە. زۆرن ئەوانەی مردوون، لە گەڵ ئەوەش دا کە بە ڕێگادا دەڕۆن و دەخۆن و دەخەون و زۆریشن ئەوانەی زیندوون ئەگەرچی مردوون. هەڵبەت پێدەچێ ڕۆژێك دابێ کە چاوی خوێندنەوەو دەستی نووسین و مێشکی بیرکردنەوەم نەبێ و تەنیا هەناسەیەك هەڵکێشم، من ئیدی ئەو ڕۆژە خۆم بە زیندوو نازانم و مردنی ڕاستی خۆم بە چاوی خۆم بینیوە و هەستم (مردنم) کردووە. من خۆم بە درز یا پەنجەرەیەك دەزانم(پێوەندی بە گەورەیی ئێوەوەیە کە من درزێکی بچووك یان بە پەنجەرەیەکی گەورە بزانن) بەڕووی باخی کولتوور و هونەری ڕۆژئاوای گۆی زەوی و مێشکم چرایەکە لە پشت ئەم پەنجەرەوە کە ڕووناکی دەکاتەوە. خوێنەرانی فارسی زمان لەم درز یا پەنجەرەوە لە باخی کولتوور و هوونەری ڕۆژئاوای زەویيە دەڕوانن و چێژی لێ وەردەگرن.

ئەو ڕۆژە کە ئیدی نەتوانم یا نەمهەوێ وەرگێڕان بکەم (شق اخیر غیر ممکن) (دوایین لەتبوونە و نالواو) ئەم درز یا پەنجەرەیە کوێرەوە بووە، داخراوە، و هەر ئەمە خۆی خراپترین مردنە. بە پێی ئەوەی لە سەرەوە وتم هەرگێز وا هەست ناکەم کە نابێ وەرگێڕان بکەم. کاری وەرگێڕان بۆ من وەك هەناسە هەڵکێشان وایە و بە بێ ئەو دەمرم.

*تۆ زۆر کار دەکەی. من هەتا لە بیرم بێ تۆم لە گەڕان بە دوای دۆزینەوەی کتێب دا بینیوە. لە کاری وەرگێڕان دا بینیومی. تا ئەو شوێنەی کە ئەگەر تۆ لە تای شانەکیلۆیەك دا و کتێبەکانت لە تایەکی دیکەدا دانێن بێگومان قورسایی کتێبەکانت زیاتر دەبێ.

* منت لە تای شانەکیلۆیەك و کتێبەکانمت لە تایەکی دیکەدا دانا و بە هاوکێش دەرچووینو لەوەوە بەو بەرئەنجامە گەیشتی کە زۆرم کار کردووە" بەڵام من پێم وایە زۆر نیە بەڵکو بەڕادەی ئاسايیيە، بە ڕادەیەکە کە مرۆڤێکی دەروەست دەتوانێ و دەبێ هەر ئەوەندە کارە بکا.

تۆ لە چاو کەسانیترەوە کارەکانی من بە زۆر دەزانی و کەمی کەسانیتر بە هۆی پڕکاری من دادەنێی. خۆزگە هەمووان لە هەر کارێك دا کە ئەرکی سەرشانیانە و دەبێ بە جێی بگەیێنن بەردی تەواویان دانابایە تاکو دەرکەوتبایە کە هەمووان لە ئاست ئەنجامدانی ئەرك دا کاریان کردووە نەك زیاتر. بە هەر حاڵ من ئەوەش بە نیشانەیەك لە مەزنی و خۆشەویستی بەڕێزت و بە باشی بیروبۆچوونتی دەزانم کە بۆ منی خزمەتکار دەری دەبڕی. دۆعا بکە، چەندین ساڵی دیکەش زیندوو بم و بتوانم کار بکەم بۆ ئەوەی ژمارەی بەرهەمەکانم بە ژمارەی ساڵەکانی تەمەنم بگەیێنم.

- پشت ئەستوور بوونی تۆ، هاندەری وەرگێڕ و نووسەرە لاوەکانە. هەڵبەتە زاڵبوونی تۆ بە سەر زمانی فەڕانسەییش دا خۆی رۆلێکی هەیە؟

*دەبێ لە کاردا بکوڵێی. من هەمیشە لە کاری وەرگێڕان دا کوڵاوم. تۆ ناوی پشت ئەستووری لێ دەنێی. من ناوی دەنێم بیر و باوەڕ. بۆ مرۆڤێکی وەك من کە زمانێکی بیانی و دەرەوەیی وەك فەڕانسەیی لە رێگای قوتابخانە و کتێبەوە ناسیوە، زاڵبوون بە سەر زمان دا رووەدەربایستییە. نا بە هیچ شێوەیەك لۆژیکی نیە. من تێکۆشاوم لەو زمانە تێبگەم و لە چوارچێوەی زمانی خەڵکەکەم دا بیگونجێنم.

* لە کاتی ساڵی تازەدا چ ئاواتێکت هەیە و بۆ پێگەیشنی چی دەکەی؟ – لە بواری کۆمەڵایەتیدا – بۆ ساڵی داهاتوو چ ئاواتێکت هەیە؟

*ئاواتی من بۆ هەر ساڵێك لە داهاتوودا ئەوەیە کە یەکەم، شەڕ وماڵوێرانی لانیکەم بە بیر و نییەتی باشی تەواوکردنەوە بە واتایەك کە زەرەرێکی بۆ ئێمە لە دوا نەبێت کۆتایی پێ بێ. دووهەم، ریشەی تەشەنەی داربەدەستە تورە و بێ شەرمەکان کە دوژمنی هەموو زەحمەتکێشانێك و نەتەوەن بە یەکجاری وشك بێ و ئێمە بۆ هەمیشە لە بەڵای ئەم بە ڕوواڵەت پارێزەری مافی مرۆڤە کە خۆی پێشلکەری مافی تاکەکانی مرۆڤانییە، رزگاریمان بێ. سێهەم: کولتوور بە مانای جیهانی وشە لە هەموو شوێنی وڵاتانی دواکەوتوو و بێبەش لە کولتووری راستەقینەی ئێمە پڕ بێت و ریشەی نەخوێندەواری لە وڵات دا هەڵقەندرێ و نەتەوەکەمان لە گەورەیی و زانست دا بە پلەیەك بگا کە تێبگات چەمکە کولتوورییەکان

جگە لەو شتانەیە کە خۆی بیری لێدەکاتەوە و بەرەو خودمۆختاری زانستی و تێکنیکی و ئابووری ڕێنوێنی بکرێ. چوارەم: شێوەی دەوڵەت لە جاران زیاتر بەرەو دێمۆکراسی راستەقینە و بە ئازادی بیرکردنەوە و سیاسی و کۆمەلایەتی سوسیالیسمی بڕوات.

*هەموو سالێك چ ئاواتێکت لە بوارە تایبەتییەکەی خۆت دا هەیە؟

* ئەگەر مەبەستتان لە بواری تایبەتی من وەرگێڕانە ئاواتەخوازم ئەو کتێبانەی وەرگێڕانیانم لە بەردەست دایە لە سالی داهاتوودا بتوانم وەرگێڕانەکانیان کۆتایی پێ بێنم و بۆ چاپی کتێبە کۆتایی پێهاتوو و بێ وێنەو دەگمەنەکانم قاقەز دەست بکەوێ و خەلکی دەرفەت و توانایی تەواویان بۆ خوێندنەوەو کڕینی کتێب هەبێ و کتێبە وەرگێڕدراوەکانی منی بچووکی خۆیان کە راگیراون لە راگیراوی بێنە دەر و بلاوببنەوە.

*بیرو ڕات سەبارەت بە سانسۆڕی بلاوکراوەکان چیە؟

* باوکان و دایکانی ئێمە هەزاران سال لەمەوبەر پێیان وابوو کاتێك کە هەتاو دەگیرێ هێزە ئەهریمەنیو دل ڕەشەکان شەیتانییەکان لە خۆی دەگرن. لەم رووەوە زۆر بە سەختی دەترسان کە نەکا ئەم سەرچاوە هەتا هەتاییەی بوون و ژیان بە یەکجاری خامۆش بێ و دنیا کۆتایی پێ بێ. ئەوان بۆ چارەسەری گرفتەکە، واتە رزگارکردنی هەتاو لە دەست هێزە ئەهریمەنییەکان بە تیر و کەوان، بەرەو حەوا و ئاسمان تیریان دەهاویشت، یان تەپل و دەهۆلیان دەکوتا یا هۆتاقیان دەکێشا تا ئەوەی بەرەبەرە هەتاوگیراوی (کسوف) لادەچوو و جیهانی هەبوون جارێکی دیکە بە تیشکی دەروشاوەی هەتاو روون دەبۆوە.

بێگومان بلاوکراوەکان هەتاوی درەوشاوەی ژیانی سیاسی و چرای ڕێگای بوون و مانەوەی نەتەوەکەمانن. کە ئەوان لە ڕێگای دێمۆکراسی و ئازادیدا ڕێنوێنی دەکەن، هۆگەلێکم کە بە بێ بوونی ئەوان ژیانی راستەقینە ناکرێ. ئەزموون نیشانی داوە کە هەر کاتێك ئەم هەتاوە دەروشاوەیە لە پشت هەوری دلڕەشی سانسۆڕدا شاردراوەتەوە، تاریکی سێبەری بە سەر رۆح و بوونی نەتەوەدا کێشاوە و بەرەو ترسناکی گیان ئەستێن و سیس هەلگەڕاوی دیکتاتۆری پال پێوەناوە. بەداخەوە هەتاوگیراوی بلاقۆکە خۆشەویستەکەمان سالیانی سال درێژەی کێشا تا ئەوەی بە هێزی مانگرتنی پالەوانانەی نووسەران و زەحمەتکێشانی

بڵاوکراوەکان کە تەپڵی نارەزایەتیان کوتاو هاواری دژایەتی لە گەڵ سانسۆڕیان بەرز کردەوە، چارەسەر بوو و ئێستا بەڕووالەت تیشکە ڕووناکەکانی خۆی جارێکیتر بە سەر دەورووبەری ئێمە و ژیانی کۆمەڵایەتیمان دا بڵاوکردۆتەوە.

خۆشەویستانە و دۆستانە پیرۆزبایی ئەم سەرکەوتنە شادی هێنەر و پیرۆزە بە هەموو هاوکاران و بڵاڤۆکە ئازادەکانی ئێرانی دەڵێم و هیوادارم نووسەرە بوێرەکانی بڵاوکراوەکان بە یەکێتی و یەکگرتنی خۆیان ئیدی نەهێڵن هەورە ڕەشەکانی سەرەڕۆیی، بەری ئەم هەتاوە بگرێ و جارێکیدیکە ئێمە لە تاریکی زەرەرمەندی خۆیدا بشارێتەوە.

تەنانەت من نامەیەکم کە لە گەڵ ١٣٤کەس لە وەرگێڕان، نووسەران و شاعیرانی ئازادیخوازو دێمۆکراسیخواز ئیمزا کرد بە مەبەستی خوازیاربوونی ئازادی زیاتر بۆ بڵاڤۆکەکان بوو، هەر چەندە من پێم وایە دەبێ بڵاوکراوەکان بەڕاستی ئازاد بن، بەڵام بەداخەوە لە لایەکەوە کەڵك وەرگرتنی سیاسی و پڕۆپاگەندەیی و لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵێك گڤاژ و هەڕەشە کە پێدەچوو ببێتە هۆی لە چاپ نەدرانی بەرهەمەکانی من مەجبوور بووم بۆ رزگار کردنی بەرهەمەکانم کە هەموویان لە ڕاستاو ڕەوتی بەرز بوونەوەی ئازادیدایە، پاشەکشە بکەم. لە بنەڕەت دا من کارم بە سیاسەت نیە و لەوەش کە دەڵێن مەبەستی سیاسی بووە، تێنەگەیشتووم! بەڵام هیچکات وشەیەکم لە سەر ڕەتکردنەوەی ئامانج و بیر و باوەڕیش خۆم یا ئەو ١٣٤کەسەدا نەهێناوەتە سەر زمانم و نایهێنم.

*بڕەوی کولتووری وەرگێڕان بە شێوەیەك پێوەندی لە گەڵ سانسۆڕ و لە چاپ نەدرانی بابەتی نووسەرانەوە هەیە. ئایا کولتووری وەرگێڕان تا چ پلەیەك پێویستییە کولتووریيەکانی ئێمە دەستەبەر دەکا؟

*لە وڵامی پرسیاری یەکەم دا گوتم کە لە بنەڕەت دا لە سەردەمی "خەفەقانی" سانسۆڕ و خەفەکردنی بڵاوکراوەکان دا – کە تەنانەت بەکار بردنی وشەگەلێکی وەك "گوڵی سوور" و "لاو لاوی خوێناوی" و "ئاڵاگ و "شەوگەڕ" و هتد قەدەغە بوو – بێگومان کولتووری وەرگێڕان تاڕادەیەك کەمتر لە کولتووری خۆمانە لە ژێر گڤاژی ڕێسا و بەندی سانسۆڕدا بوو هەر بۆیە زیاتر توانیوویەتی خزمەت بە ڕۆشنگەری بیرو ڕا و ڕێنوێنی خەڵکی بکا و ئەوان لە

گەڵ ڕاستی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان و پێویستی‌یەکانی ژیان ئاشنا بکا. بەمشێوەیە ئەگەر بڵێم کولتووری وەرگێڕان تا ڕادەیەك زۆر لە کولتووری خودی زیاتر پێویستی‌یە فەرهەنگی و بە تایبەتی فیکری‌یەکانی ئێمە دابین و دەستەبەر کردووە درۆم نەگوتووە.

لە بنەڕت دا بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستی‌یە کولتووری‌یەکانی کۆمەڵگایەك لە ڕێگای وەرگێڕانەوە، بە بڕوای من وەرگێڕ دەبێ تایبەتمەندی و پێوەرگەلێکی مرۆڤایەتی تایبەتی هەبێ کە بە سەرنج دان بەوان بەرهەمی پێویست بۆ وەرگێڕان هەڵبژێرێ. بە بڕوای من دەبێ ئەم پێوەرانە، گەشەکردن و پەرەسەندنی هزری و بیرو بۆچوونی خەڵکی لە ڕێگای ناساندنی بنچینە درووستەکانی ژیانی ئەمڕۆیی گونجاو و بە پێی ئەندێشەی مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی هەموو مرۆڤە باش و تێگەیشتوو و ئازاد و دوور لە بەند و گرێ گەلێکی دەمارگرژانەی وشك و هەڵەی توێژانە بێ، هەر ئەو تایبەتمەندی‌یانە کە هاندەری سۆز و ئۆگری بۆ ژیانێکی ئازاد و دابینکراو دوور لە "خەفەقان" ی دیکتاتۆر و پشت ئەستوور بوون بە بنچینەکانی یەکسانی و برایەتی بێ، تایبەتمەندی‌گەلێکی بەسوود بۆ کۆمەڵگایەکە کە لەوێدا دەژین و بۆ حاڵی جیهانێك کە لەوداین. بە بڕوای من هەموو ئێمە بە وڵاتەکەمان، بە کۆمەڵگاکەمان و بە جیهانی خۆمان قەرزدارین و دەبێ هەموو کەسێك ئەم ئەرکەی خۆی لە هەر ڕێگایەکەوە کە بۆی دەلوێ و بۆ دەکرێ و دەتوانێ بەجێ بگەیەنێ، و من ڕێگای وەرگێڕان کە هاسانترین شێوەیەم هەڵبژارد. دیاری شوانە وێڵە، ئاڵەکۆکەیە(چه کند، بینوا همین دارد). بێ ئەوەی ببێتە هەڵگری قورسایی و فریودان و تێکۆشان لە دڵەوە پێم وایە کە لە بنەڕەت دا ناوەندی "ئێرشاد" دەبێ نییەتی باشی پێش هاتن و بەختەوەری بۆ کولتووری وڵات بێ و نووسەران و وەرگێڕانێك کە زەحمەتی وەدەست هێنانی کولتوور و ئەدەبی جیهانی دەکێشن و ئاواتی چاپکردنیانن ئەم ناوەندە ئاسانکاری و ئیمکاناتی باش دابین بکا تاکو ئامانجی ئاواتی ئەوان دەستەبەر بکا.

بەڵام دەبێ بفەرموون زۆربەی بەڕێوەبەرانی ناوەندی "ئێرشاد"لە گەڵ هێندێك لە کتێبەکانی من دژایەتیان کرد، بۆ وێنە وەرگێڕانی سەمەرقەند، ئیزنی چاپی دوو وەرگێڕانی دیکەیان دا، بەڵام بەڕادەیەك تووشی سەرسوڕمان بووم کە وێنەی نەبوو لە حاڵێك دا هەموو

وەرگێڕانەکەی من نووسینی ئەمین مەعلووفە و دەقی سەرەکی ئەم نووسراوانە هیچ جیاوازی‌یەکیان لە گەڵ یەك نیە. لە بنەڕەت دا ئیزن نەدان بە چاپی کتێب، زۆر حەیفە و زوولمێکی بێ هۆ و جیاوازی‌دانانێکی بێ هۆیە.

- باسی تێکهەڵچوونەکانی خۆتان لە کاتی کاری وەرگێڕان لە ماوەیەك دا کە کاری وەرگێڕانت هەبووە لە گەڵ دەزگای سانسۆڕ بکەن.

* من هیچکات بۆ خۆم و راستەوخۆ لە گەڵ دەزگای سانسۆڕ تووشی شەڕ و تێکهەڵچوون نەبووم چونکە خودی بڵاوکەرەوەکان کتێبەکانی منیان بۆ ئیدارەی سانسۆڕ دەنارد و وڵامدەری رەخنە و ئیرادگرتنە بنی ئیسرائیلی‌یەکانیان دەبوون. بەو حاڵە لە کاتی چاپی یەکەمی کتێبی "نان و شەراب" لە چاپخانەی رۆژنامەی "**اطلاعات**" دا مەئموورەکانی سانسۆڕ نەسەن و فۆڕمێك کە لەودا لەبارەی باسی "شای خاج" لە یاری پاستۆڕدا بوو کۆکردبۆوە و پاش پێداچوونەوەی و گۆڕینی بە "ئاسی خاج" کە تەواو دەقە نووسراوەکەی بێ مانا کرد ئیزنی دووبارەی ئەو فۆڕمەیان دایەوە. لە بەرگی سێهەمی " بیست وڵاتی ئەمریکای لاتین" یش دا کە لەوێدا باسی دیکتاتۆری تێروخیلو لە وڵاتی دێمێنیکن و شۆڕشی فیدل کاسترۆ لە کوبا کرابوو، ماوەیەکی زۆر ئیزنی لە چاپدرانیان نەدەدا تا دواجار بە هۆی یەکێك لە کاربەدەستانی جێگای باوەڕی دەزگا کولتوورو بە پاساو هێنانەوە و پشت بەستن بەوە کە کتێبەکە بەرهەمێکی مێژوویی و جوغرافیایی و بێ‌لایەنانەیە کە دوو بەرگی لە چاپ دراوە و بە بێ بەرگی سێهەم بە کەم و کوڕی دەمێنێتەوە، کە بەرگی سێهەمیش چاپ و بڵاوبێتەوە.

من لە کەش و هەوایەك دا خەریکی کاری نووسین و وەرگێڕان بووم کە خەفەقان و سانسۆڕ بە سەر ئەم وڵاتەدا زاڵ بوو. نەدەکرا هەموو کتێبێك وەرگێڕی، نەدەکرا هەموو شتێك بنووسی. کەشێکی وەك کەشی زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم، وڵاتانی ژێردەسەڵاتی دیکتاتۆری و خەفەقان.

*بە بڕوای تۆ بۆچی لە وڵاتی ئێمەدا تیراژی کتێب هێندە زۆر نیە و بۆ ئۆگرکردنی لاوان بە خوێندنەوە دەبێ چ بکرێ؟

* له خوارەوەبوون و کەمبوونی تیراژی کتێب له وڵاتەکەمان دا دەگەڕێتەوە بۆ گەلێك هۆ، بۆ وێنە: گرانی کاغەز و پارەی خەرجی چاپ و بەرگ، نەبوونی ئۆگری خەڵکی بە خوێندنەوە، بە هۆی سەرقاڵی لە ڕادەبەدەر بۆ وەدەست هێنانی بژیوی" کەمبوونی نووسەرانێکی باش و وەرگێڕگەلێکی باش که کتێبگەلێکی باش بنووسن یا وەرگێڕن" گرانی کتێب، به هۆی کەمبوونی تیراژەکەی" نەبوونی یارمەنی بۆ بردنی هەرچی زیاتری کتێب بۆ ناو خەڵك.

تەواو نەبوونی کتێبخانە گشتیەکان و نەبوونی بەراوردکاری کاتی کار لە گەڵ کاتە بێکاریەکانی ئۆگرانی خوێندنەوەو دواجار بڕەوبوون و کەڵکی زۆری ڕۆژانەی رادیۆ و تەلەفزیۆن و سینەما و شتی لەمشێوەیە. رەنگە هۆیەکی دیکەی کولتووری و ئابووری و سیاسی که تەنیا شارەزایانی ئەو بوارگەلە دەزانن و دەتوانن لەم بوارەدا روونکردنەوە بکەن.

بار و دۆخی نرخی کتێب، ئێستا بەڕادەیەك ناجۆر و خراپ و گرانە که ئیدی بەڕاستی کتێب کڕین بۆ خەڵکی ئەستەمە. کاغەز زۆر کەمە و بە گران تەواو دەبێ و کتێب بەوشێوەیە کە دەبێ ببێ زۆر چاپ ناکرێ. کاتێك تیراژی کتێبەکان دەخوێنینەوە، تاڕادەیەکی زۆر جیگای داخە.

*هێرشی ئەو وەرگێڕگەلەی کە وەك دەڵێن دەستی دووهەم چۆن پاساو دەدەی؟

* هۆی هێرشی وەرگێڕ، بریتی لە دەستی یەکەم و دووهەم لە پێویستیەکانی کۆمەڵگا بە کتێبە بەسوود و فێریار و ئامۆچیاری رۆژئاوا و ناڕوون بوونی زەمینە و بواری زانستی و ئەدەبی لە وڵاتەکەمان دایە و ئەوە شتێك نیە کە جێگای نیگەرانی و داخ بێ. قەبووڵی بکە و بزانە کە خودی خەڵك باشترین دادوەرن و لە هەموو کەس باشتر دیاریکەرن، وەرگرتن یا رەتکردنەوەی خەڵکی بەرە بەرە ئەوان بۆ لایەك لادەبات. و باشەکان دێنێتە پێش. ئێوە بڕواتان بە خەڵکی بێ.

* سەبارەت بە ناوەندی نووسەران بیروڕات چیە؟

* ئێمە ناوەندی نووسەرانمان نیە و ئەگەر هەشمان بێ دەبێ بەدرووستی نووسین، ئازادی دەر ببڕن و بابەتە سەرەکی و بنەڕەتی بەسوودەکان بخەنە بەردەستی کۆمەڵگا و بە بڕوای من ناوەندی نووسەران، زەرەرێکی بۆ حاڵی کۆمەڵگا نیە.

*واتە هەر کەسێکی نووسەر، شاعیر و وەرگێڕ بێ، دەتوانێ لە ناوەندێکی ئەوتۆدا تێکۆشانی هەبێ؟

*ئەگەر مرۆڤاگەلێکی باش بن، دەبێ هەوڵ بدەن و بتوانن باش بنووسن، بەڵام لە زاتی دەروونیان دا ئێمە ناتوانین دڕدۆنگی بکەین و دەبێ بایەخەکانی کۆمەڵگا لە بەر چاو بگرن، واتە ئەمنییەتی نەتەوەیی، داوێن پاکی گشتی و ڕێز بۆ بیروباوەڕی خەڵکی دانێن.

* ڕەنگە ئەم پرسیارە بۆ ئەو کەسانەی کە دەستێکیان لە وەرگێڕان دا هەیە، سەیر بێ، ڕۆژی چەند لاپەڕەت لە یەکەمین کتێبەکانت وەردەگێڕا و ئێستا ڕۆژی چەند لاپەڕە وەردەگێڕی؟

* لەڕاستی دا ئەو سەردەمە کۆنانە جگە لە کاری وەرگێڕان، کاری ئیداری یان ماڵەوەشم هەبوو هەر بۆیە کەمتر پێ ڕادەگەیشتم وەرگێڕان بکەم. بەڵام ئێستا مرۆڤێکم کە جگە لە کاری وەرگێڕان کارێکیترم نیە. پێوەندی بە دەرفەت و کاتی بێکارییەوەیە بەڵام ئەوە گرینگە کە چونکە ئۆگری ئەم کارەم، هێندێك جار بووە کە دە کاتژمێری تەواو بێ پسانەوە کارم کردوە، بێ ئەوەی تۆسقاڵێك هەست بە ماندوویی بکەم. لە کاتی سەرقاڵ بوون بە کاری وەرگێڕان، بە هیچ شێوەیەك هەست بە تێپەڕینی کات ناکەم و کات و لای منەوە ڕادەوەستێ و تێپەڕ نابێ. ئەوە سرووشتییە کە مرۆڤ لە سەرقاڵبوون بە کارەوە خوازیار و تامەزرۆیی خۆی نەتەنیا ماندوو نابێ، بەڵکو ماندوویی و بێکاریشی چارەسەر دەکا، ئێستا ڕۆژی هەشت کاتژمێر کار دەکەم. زۆرتر سێ ، چوار لاپەڕەیەك لە ڕۆژدا وەردەگێڕم. بەڕاستی زۆر ئۆگری کاری وەرگێڕانم و لە گەڵ ئەوەدا کە لە کاری چاپ و فرۆشتنی کتێب دا بە هێندێك هۆ هاتنەخوارەوەیەك بەرهەم هاتووە، هیچ ڕۆژێك کەمتر لە شەش کاتژمێر کار ناکەم و هەر پێم وایە ئەگەر کار نەکەم لە بێکاری زیاتر ماندوو دەبم.

هیچ کات ئەم پەندی پێشینانە دەرەوەیی‌یەم لە بیرناچێ کە دەڵێ: "کار بکە بۆ ئەوەی بە سوود بی، بە سوود بە بۆ ئەوەی خۆشیان بوێی و خۆشەویست بە بۆ ئەوەی بەختەوەرانە بژی". و هیوادارم ئەم پەندە بەنرخە ببێتە سەرمەشقی هەموو خوێندکاران و قوتابی‌یە خۆشەویستەکان بۆ هەر کارێك کە لەودا زەوق و ئۆگریان هەیە و لە ژیان دا لە ڕێگای کارکردن و بەسوودبوونەوە بەختەوەر بن.

پاش تێپەڕینی هەشتا ساڵ ژیان و وەرگێڕانی دەیان کتێب لە ماوەی ساڵیانێك بە بەردەوامی، چاوەکانم زۆر لاواز بوون و ئەوەیە کە مەجبوورم کەمتر کار بکەم و جاران، بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستام، بۆ کاری وەرگێڕان دادەنیشتم تا قاوەڵتوونی و پاش خواردنی نان و پشوودان دووبارە دەستم بە کار دەکردەوە، بەڵام ئێستا ناتوانم لە زەمینە و بواری بڵاوبوونەوەی بەرهەمە تازەکان دا بەوشێوەیە کار بکەم. هەر چەند لە گۆڕەپانی کولتووردا هیچ کەس خانەنشین نابێ.

- ئایا تا ئێستا کتێبێك هەبووە کە لە وەرگێڕانەکەی پەشیمان بووبێتیەوە؟

*پرسیارێکی سەیرە، نا، چونکە من تا کتێبێك نەخوێنمەوە و پەسندی نەکەم و تا ئەو لە گەڵ ورە و ئیرادە و شێوەی بیرکردنەوەی خۆم بە هاوسەنگ نەبینم، بە هیچ شێوەیەك دەست بۆ وەرگێڕانی نابەم. لەوەش گەڕێ  کە هیچکات لە کاری وەرگێڕان دڵسارد نەبووم، نەتەنیا دڵسارد نەبوومەوە بەڵکو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دڵگەرمتریش بووم و زیاتر ئۆگریم بەم کارە وەدەست کەوتووە. کتێبێکم نیە کە لە وەرگێڕانەکەی پەژیوان بووبێتمەوە.

*رات سەبارەت بە هەڵبژادنی کتێبی ساڵ چیە؟

* بە بڕوای من کتێب لە روانگەی ئەدەبی و لە ڕووانگەی جوانی داڕشتنەوە، بە مەرجێ کتێبی وەرگێڕان بێ لە رەهەندی جوانی وەرگێڕانەوە سەرنجڕاکێش بێ، نووسەر یا وەرگێڕەکەی شیاوی خەڵاتی کتێبی ساڵە.

* ئەگەر بڕیار وا بووایە ڕۆمانێکی فارسی بە فەڕانسەیی وەرگێڕی، چ ڕۆمانێکت بەلاوە باش دەبوو؟

* لەبارەی ئەم پرسیارەشتانەوە دەبێ شیکردنەوەیەك بدەمە خزمەتتان. زۆرتر کەسانێك دەتوانن ئەم کارە بکەن کە خوێندنیان لە وڵاتی فەڕانسەدا بە جێ گەیاندبێ. بۆ وێنە ڕەنگە دوکتۆر ئەبولحەسەنی نەجەفی بتوانێ ئەم کارە بکا. بەڵام من بەداخەوە خوێندنم هەر لێرە تەواو کردووە و هەر لەم قوتابخانانەی خۆمان دا فێری زمانی فەڕانسەیی بووم و هەر لەم رووەوە هێستاش توانایی‌یەکی ئەوتۆم نیە کە بتوانم رۆمانێکی فارسی بە فەڕانسەیی وەرگێرم. بەڵام ئەگەر شارەزایی و زاڵبوونێکی ئەوتۆم هەبووایە، کتێبی زارای خۆم بە فەڕانسەیی وەردەگێڕا.

* لە نێوان نووسەرانی گەورەی جیهان دا کە بەرهەمەکانیانت وەرگێڕاوە، کەسایەتی کام نووسەرەت بەلاوە سەیر و سەمەرە بووە؟

*لە نێوان نووسەرە دەرەوەیی‌یەکان دا کەسایەتی نیکۆس کازانتزاکیس زۆر بەلامەوە سەیر بووە.

* لە نێوان کەسایەتی چیرۆکی ئەم نووسەرانە، کام کەسایەتیت پێ باشە؟

* پاڵەوانی رۆمانی نان و شەڕاب.

* لە کاری وەرگێڕان دا، بەرهەمی کام وەرگێڕ پەسن دەکەی؟

* لە وەرگێڕانە هاوچەرخەکان تەنیا ئەوانەی کە هی وەرگێڕە بەرز و بەرچاوەکانە دەخوێنمەوە. ئەگەرچی بەداخەوە بۆ ئەوانیش کاتێکی زۆرم نیە.

بەڵام وەرگێڕە باشەکانی سەردەمی ئێمە خوالێخۆشبوو دوکتۆر خانلری، بەڕێز دوکتۆر ئەبولحەسەنی نەجەفی، بەڕێز نەجەف دەریابەندەری، بەڕێز کاوە دێگان و بەڕێز میر عەلائی هەن و من بەرهەمی ئەم وەرگێڕگەلەم زۆر پێ باشە.

- چۆن کتێبی "دۆن کیشۆت" بوو بە باشترین وەرگێڕانی ساڵ؟

- کتێبی دۆن کیشۆت بۆ بەشداری‌کردن لە کێ بەر کێی باشترین وەرگێڕان خستەڕوو، ئەوان سەرەتا کتێبەکەیان وەرنەگرت و گوتیان مەرجی قەبووڵی کتێب لە کێ بەر کێ‌دا ئەوەیە کە کتێب لە دەقی سەرەکی‌یەوە وەرگێڕدرا بێ و ئێستا تۆ لە دەقە بنەڕەتی‌یەکەوە وەرتنەگێڕاوە. نامەیەکم نووسی و وتم ئەگەر بڕیار بووایە کە دۆن کیشۆت لە دەقی

بنەڕەتی‌یەوە وەرگێڕدرێت لە هەموو ئێران دا رەنگە زیاتر لە پێنج کەس زمانی ئیسپانیۆلی نەزانن. چی جای ئەوە کە بۆ وێنە شاکارێکی ئەدەبی لە نەتەوەیەکی ئەفریقایی‌یەوە بێ و مرۆڤ هیچ لە زمانەکەی نەزانێ دەبێ چی بکا؟

هەر دەبێ بچێ و فێری زمانەکەی بێ؟ جگە لەوە من ئەو کتێبەم لە ڕووی دەقێکەوە وەرگێڕاوە کە زانایەك لە نێوان پەنجاو شەش وەرگێڕانی فەڕانسەیی‌دا، ئەوەی بە ناوی باشترین وەرگێڕان هەڵبژاردووە و پاشان هەموو دەقە بنەڕەتی‌یە ئیسپانیۆلی‌یەکەی لە گەڵ ئەو بەراورد و هاوسەنگ کردووە و لە هەر شوێنێك دا کە ئیرادێکی بە بیردا هاتبێت هێناویەتی و من بە لەبەرچاوگرتنی تێبینی‌یەکانی ئەو مامۆستایە، ئەم کتێبەم وەرگێڕاوەتەوە. هەر بۆیە پێم وا نیە لە وەرگێڕانی دەقی بنەڕەتی کەمتر بێ. کە نامەکەم دانێ کتێبەکەمیان وەرگرت و خەلاتی یەکەمم وەرگرت. رەنگە ئەوە یەکێك لە باشترین رۆژەکانی ژیانم بوو بێت.

- به سەرنج دان بەوە کە زیاتر خەریکی وەرگێڕانی رۆمان بووی، پێت وایە ئەگەر رۆمان نەبووایە لە دنیادا چ رووداوێك رووی دەدا؟ ئایا جیهانێکی باشترمان دەبوو یا جیهانێکی خراپتر؟

*یانی تۆ پێت وایە باندۆری رۆمان تا ئەم ڕادەیە کە ئەگەر رۆمان نەبووایە جیهانێکی باشتر یا خراپترمان هەبووایە؟ بەهەر حاڵ ئیستاتیکا و جوانکاری‌یەکە بۆ ژیان و بە بڕوای من رۆمان زۆر باشە و دەکرێ لە ناویدا زۆر وانەی فێریار بە کۆمەڵگا بدەی، لەم رووەوە ئەگەر رۆمان نەبووایە خۆشتر و باشتر لەوە نەدەبووین کە هەنووکە هەین.

* وەکو وەرگێڕێکی بەساڵاچوو و بە مانای وردو پڕ بە پێستی وشە بەئەزموون، چ مەترسی گەلێك لە سەر رێگای وەرگێڕەکان دەبینی کە دەبێ خۆی لێ بپارێزن؟

* یەکیان بە هەڵە تێگەیشتنی رستەکانە. وەرگێڕ دەبێ هەوڵ بدات کە خوانەکا شێوەیەکی ئەتۆ بۆ بێتە پێش. هەر بۆیە ئەگەر شکم لە شتێك بێ زۆربەی کاتەکان پرسیار لە دوکتۆر نەجەفی یا لە کەسانێك دەکەم کە پێم وایە فەرانسەیی‌یەکان زۆر باشە. بەڵام ئەگەر واهات و دەستم بە کەس رانەگەیشت، ئیدی ناتوانم هیچ کارێك بکەم.

*سەرەڕای ئەوە کە لە مێژە وەك وەرگێڕێکی خاوەن بەرپرسیار و جێگای متمانە ناسرابووی و ناوی تۆ لە سەر بەرگی وەرگێڕانەکە فرۆشی کتێبەکەی گرەنتی دەکرد، بە چ هۆیەك وەرگێڕانت وەکو پیشەیەکی تەواو وەخت هەڵنەبژاردو سی ساڵ لە تەمەنت وەکو کارگێڕێك خەریکی کاربووی کە پێوەندیی‌یەکی بە وەرگێڕانەوە نەبوو؟ هەڵکەوتوویی کۆمەڵایەتی و ئابووری وەرگێڕێکی پیشەیی لە رابردوو و ئێستادا چۆن دەبینی؟

* کاری دەوڵەتیم ئەو کات بۆ دابین کردنی خەرجی ژیانم بوو و کاری وەرگێڕان بۆ بە قەناعەت گەیشتن و رازی‌بوونی ئەوین و ئۆگریم بەم کارەیە. هەڵبەتە لە رێگای وەرگێڕانیشەوە نەك لە سەرەتاکان دا بەڵکو دواتر و ئێستاش داهات و پارەیەکم هەبوو و هەیە بەڵام ئەم پارەیە هێندە زۆر نیە کە دابینکەری خەرجی ژیانم بێ.

لە وڵاتێك دا کە نزیکەی شەست ملوێن حەشیمەتی هەیە بەڵام کتێبی من یا وەرگێڕەکانی‌تر تەنیا سێ هەزار و ئەوپەڕی پێنج هەزار نەسك و دانەی لێ چاپ دەبێ و لەم پێنج هەزار دانەیە زیاتر لە سەدا پانزە و ئەوپەڕی هەژدە لە سەدا نادەن بە وەرگێڕێکی ناسراو، و تازە ئەم کتێبەش تا یەك دوو ساڵ دووبارە چاپ نابێتەوە چۆن چاوەڕوانی ئەوەتان هەیە کە لە رێگای وەرگێڕانەوە نان بخۆی؟

هەڵبەت هەڵکەوتوویی کۆمەڵایەتی وەرگێڕی ناسراو خراپ نیە خاوەنی رێزێکە کە شیاوی‌یەتی، بەڵام دۆخی ئابووری بەو شێوە نیە کە بتوانێ تەنیا لەو رێگایەوە بژیوی دابین بکا و داهاتی وەرگێڕان بۆ وەرگێڕی باش تەنیا پێدەچێ ناڕەسایی‌یەکانی داهاتەکەی دابین بکا و یارمەتی خەرجی ئەو بێ.

- به گیر و گرفتی مادی لە ژیانی ئەمڕۆدا خاوەن قەڵەم و خامەکان دەبێ چۆن بژین؟

- سەبارەت بە مەسەلەی مادیش دەبێ بڵێین" لە بنەڕەت دا کارە کولتووری‌یەکانی وەك نووسەری و وەرگێڕان لە بەراورد لە گەڵ تێکۆشانەکانی‌تر خاوەنی سوودێکی ماڵی و دارایی جیاوازە. لەم رووەوە ئەگەر بڕیار بێ ژیان تەنیا لەم رێگایەوە دابین بکرێ، وەرگێڕ و نووسەر بێ گرفت نابن. لە پێوەندی لە گەڵ کاری بڵاوکردنەوەو بڵاوکەرەوەدات دەکرێ بوترێ بە شێوەیەکی گشتی ئەوەندەی کە هێندێك بڵاوکەرەوە لە بیری سوودی ناڕەوای

مادی له نووسراوه و وەرگێڕانی نووسەران و وەرگێڕەکانن، خودی نووسەران و وەرگێڕەکـان — به تایبەتی ئەگەر جگه له خامەلێدان کارێکی دیکەشی هەبێ — لەبیری ئەوەدا نین. هـەر ئەوەش دەبێته هۆی ئەوه که هێنـدێك لـه بڵاوکـەرەوەکان — بـه تایبـەتی ئەوانـەی هـەر لـه بنەڕەت دا به درووستی کار ناکەن — چ له تیراژی چـاپ دا و چ لـه دانـی مـافی نووسـەر یـا وەرگێڕدا باش نەبن. من بۆ خۆم خۆشحاڵم که لـه سـەردەمی خزمـەتی بـه کولتـوورم دا زۆر کەم له گـەڵ ئـەو کەسـه ناکەسانەدا ڕووبەڕووبوومـەوه. لـه گـەڵ ئـەوەش دا کـه جگـه لـه وەرگێڕان خەریکی کارێکی دیکەش بۆ دابین کردنی ژیانم بووم. له راستی دا ژیانم لـه رێگـای وەرگێڕانەوه دابین نەکردووه.

- کەی دەتهەوێ خانەنشین بیت؟

- یەکەم: له گۆڕەپان و بواری کولتووردا هیچ کەش خانەنشـین نابـێ. ئەگـەر مەبەسـتت خانەنشـینی ئیداریـیە، مـن لـه سـاڵی ١٣٥٥ەوه خانەنشـین بـووم و هـەر ئێسـتا کـارگێڕی خانەنشینی وەزارەتی دارایـم.بـەڵام ئەگـەر مەبەسـتتان لـه خانەنشـینی، پشـوودانی کـاری وەرگێڕانه پێم وابێ ئەم خانەنشینیـیەش نزیك بۆتـەوه چـونکه مـن هـەر دوو چـاوم کـه ئـاو مرواریـیان هێنابوو نشتەرگەریم کردن. چاوی چەپم که زیاتر کەم بین ببوو هەنووکه باشـتر بووه و من هەموو شتێك هەر بەو چاوه دەبینم و دەخوێنمەوه و دەنووسم. چاوی راستم که پێشتر باشتر بوو ئێستا به نەشتەرگەری خراپتر بووه و هەر هیچی پێ نابینم. بـەڵێ ئەگـەر من خوانەکا رۆژێك بینینی چاوی چەپیشم له دەست بـدەم ئیـدی لـه وەرگێـڕان خانەنشـین بووم و ناتوانم کار بکەم. ئەو کات خۆم به مردوو دەزانم چونکه رۆژێك که نەتوانم خزمەتێك به فەرهەنگ بکەم و کارێك بکەم له گەڵ مردووان هیچ جیاوازیـیەکم نیه. زیندووبوون تـەنیا به خواردن و خەوتن نیه. کەسێك که له ژیان دا کەڵك و سوودی بۆ کۆمەڵگاکەی نەبێ دەبێ به مردووی بزانی نەك زیندوو.

- ئەگەر وەرگێڕ نەبوویتایه پێت خۆش بوو چ پیشەیەکی دیکەت هەبووایه؟

- له ساڵی ١٣٠٧دا که پلەی شەشی سەرەتاییم له مەهاباد وەرگرت ئەگەر نەمتوانیبایـه بۆ درێژەدانی خوێندنم بێمه تاران ناچار هەر لەو شارەدا دەمامەوه و به پێی بڕیـاری تـۆپزی

(سرووشت) یا دەبوومە مامۆستای قوتابخانەی سەرەتایی هەمان شار یا خەریکی کار و کاسبی‌یەکی وەك وردەواڵە فرۆشی دەبووم. رەنگە کارێکی لاوەکی ئیداریشم وەدەست کەوتبایە. بە هەر حاڵ ئەوە بارو دۆخی ژیان بوو کە منی مەجبوور بە هەڵبژاردنی پیشەیەك دەکرد و خۆم دەسەڵات و ئێختیارێکی ئەوتۆم لە هەڵبژاردنی‌دا نەدەبوو، بەڵام جگە لە وەرگێڕی خۆشیم لە پیشەیەکی دیکە نایەت.

- بۆچی زۆربەی وەرگێڕەکان نەناسراون؟

- زۆربەی وەرگێڕەکانی ئێستای ئێمە کەسانێکی تازەکارن کە یا هێشتا هەموو خوێنەران لە گەڵ کارە کەمەکانیان ئاشنا نەبوون و یا شێوەی وەرگێڕانەکەیان وەبەردڵ ناکەوێ و بە سەر فارسی‌یەکی روون و رەوان دا زاڵ نیە و هەر بۆیە نێوبانگیان دەرنەکردووە" بەو حاڵەش هێندێك وەرگێڕی بەتوانامان هەیە کە نێوبانگێکی زۆریان هەیەو ئێستا هەموو کتێب خوێنەکان لە گەڵ ناوی وەرگێڕگەلێکی بە توانای وەك "ب. ئازین" و "کاوە دێهگان" و"ئیبراهیم یونسی" و خوالێخۆشبوو "خانلێری" ئاشنان و هەر وەها هەموو کەس بەڕێز "سرووش حەبیبی" دەناسن. پێشینەی دوور و درێژ لە کاردا و روونی و ئەمانەت لە وەرگێڕان دا هۆکاری بەنێوبانگ بوونن.

- بۆچی زۆربەی "بەڕوواڵەت هوونەرمەندان"، عاشقی پرچی بڤن، مل پێچی درێژ و بارانگیری فشن؟

*لە سەر ئەم خاڵە ئەزموون و خوێندنەوەم نیە و هێندەم بیر لەم بابەتە نەکردۆتەوە، بەڵام وێدەچێ لاسایی کردنەوە لە رۆژئاوا بێ.

* چ نووسەر یا وەرگێڕێك شایستەی ئەوەیە کە خەڵك خۆشیان بوێ؟

* وەی وەی لەو پرسیارە باشە!کەسێك کە دەروەست بێ واتە تەنیا لە بەندی و پاوەندی نووسین و وەرگێڕانی بابەتگەلێك دا بێ کە لە رێگای ئازادی، پاراستنی مافی رەوای خەڵك، دێمۆکراسی و خەبات و دژایەتی لە گەڵ زوڵم و سەرەڕۆیی و خورافات دا بنووسێت، نووسەر یا وەرگێڕ کە بە بابەتی نووسراو یا وەرگێڕدراوی بێت و تەنیا مەبەستی وەرگرتنی پارەی نووسین و مافی وەرگێڕانە، مرۆڤێکی دەروەست نیە.

* هێندێك له وەرگێڕەکان دەڵێن زمانی فارسی توانایی واژەیی ئەوەی نیه کە بتوانرێ هێندێك بابەتی پێ وەرگێڕدرێ، واتە ئەوە کە هێندێك لە زمانەکان بۆ گەڵاڵەکردنی هێندێك پرس و مەسەلەی تایبەتی خاوەنی واژەگەلێکی بە پێزتر و دەسکردی گونجاوترن، رای تۆ چیە ؟

* لە سەر ئەوە کە زمانی فارسی ئەو پەرەسەندن و پانتاییی زمانە دەرەوەیی‌یەکانی، بە تایبەتی زمانی فەڕانسەیی، نیە شکی تێدا نیە بەڵام نابێتە بەربەستی ئەوە کە لەو زمانەدا بابەتێك وەدەست بکەوێ کە نەتوانی بە فارسی وەرگێڕدرێ. بەهەر حاڵ وەرگێڕ لە وەرگێڕان دا یان دەقی هەمان شت بەکار دێنێ و لە پەڕاوێزدا شی دەکاتەوە کە چونکە لە زمانی فارسی‌دا هاوتایەکی بۆ نەدۆزاروەتەوە دەقی ئەوی بە کار هێناوە و بە شیکردنەوەی زیاتر روونی دەکاتەوە کە مەبەستی دانەر (نووسەر) چیە. و یان خۆی بە زەوق و زانیاری‌یەکەوە کە هەیەتی وشەیەکی بۆ درووست بکات و واتاکەی لە پەڕاوێز دا شرۆڤە بکا.

به هەر حاڵ بەداخەوە زمانی شیرین و بە پێزی فارسی بە هۆی هێرشی عەرەبەکان لە چواردە سەدە لەمەو پێشەوە و تێکەڵبوونی لە گەڵ زمانی عەرەبی زەربە و زیانێکی زۆری لێداوە ئەگەر هونەرمەندانێکی وەك "فێردەوسی" و "روودەکی" و "فەرخی" و "دەقیقی" و هتد نەبوونایە بەو شێوەی ئێستاش نەدەمایەوە، لە خۆوە نیە کە "فێردەوسی" بە سی ساڵ زەحمەت لە رێگای هۆنینەوەی شانامەدا دەفەرمێ:

بسی رنج بردم در این سال سی          عجم زنده کردم به دین پارسی

- ئایا تۆ ئەو زاڵبوونەی کە لە وەرگێڕانی زمانی فەڕانسەیی بۆ فارسیت هەیە، دەتوانی لە فارسی بۆ فەڕانسەییش دا هەبێت؟ ئەگەر نا بۆچی؟ بۆ وێنە بە زمانی فارسی باشتر قسە دەکەی یا فەڕانسەیی؟ بە گشتی زمانی فارسی لە بەراورد لە گەڵ زمانی فەڕانسەیی تا چ ئاستێك بە توانا دەبینی؟

- پێشتریش پێم وتی من زمانی فەڕانسەیی لە وڵاتی فەڕانسەدا فێر نەبووم بەڵکو هەر لەم تارانە و لە لای مامۆستا فارس زمانەکان فێر بووم، کەواتە بە هیچ شێوەیەك ناتوانم ئەو ئاشناییی‌یە سرووشتی و زگماکی‌یەی لە گەڵ زمانی فارسی هەمە لە گەڵ زمانی فەڕانسەییش

هەمبێت و ئەو وردەکاری و قسەخۆشانەی کە لە زمانی فارسی‌دا هەیە و من لە ساڵەکانی خوێندنم لە قوتابخانە و دواناوەندی و زانکۆدا لە گەڵیان ئاشنا بووم ئەگەر لە زمانی فەڕانسەیش دا هەبێ من بە تەواوی لە گەڵیان ئاشنا نیم.

لە لایەکەوە، هیچکات نەهاتۆتە پێش کە دەقێك لە زمانی فارسی‌یەوە بە فەڕانسەیی وەرگێڕم و وەها پێویستی‌یەکیش نەهاتۆتە پێش. تەنیا لە یەك دوو سەفەری کورت کە بۆ ئۆرووپا کردوومە لە فەڕانسەدا یەك دوو جار نوکتە یا قسە نەستەکانی کە بە فارسی دەمزانی بە فەڕانسەیی بە شێوەی زارەکی بۆ فەڕانسەیی‌یەکانم گێڕایەوە و ئەوان پێکەنین، بەڵام بە هەر حاڵ هیچکات ئەو زاڵبوونی وەرگێڕان لە فەڕانسەیی بە فارسی‌یەکە وەك تۆ دەڵێی هەمە لە فارسی بە فەڕانسەیی‌دا نیمە و بە پێویشتیشی نازانم.

ئاشکرایە کە هەموو کەس بە زمانی زگماکی خۆی باشتر لە زمانێکی دەرەوەیی کە فێری بووە قسە دەکا. بەڵام من هەر چەندە فەڕانسەییش بەو باشی‌یەی بە فارسی قسە دەکەم بەڵام لە سەریەك خراپ قسە ناکەم. لە فەڕانسە کاتێك لە گەڵ فەڕانسەیی‌یەکان قسەم دەکرد لە قسەکانم رازی بوون.

بەڵام زمانی فارسیش بە توانایە، بەڵام ئاشکرایە کە بەو بەتوانابوونەی زمانی فەڕانسەیی نیە و لە یەك دوو سەدەی دوایی‌دا بۆ وەدەست هێنانی دەسەڵات لە دەربڕینی بابەت دا زۆر وشەی لە زمانی دەرەوەیی وەرگرتووە و کردوونیە فارسی. بە خۆشی‌یەوە من تا ئێستاش لە کاری وەرگێڕان دا تووشی شتێك نەبووم کە لە فارسی‌دا نەبێت و یەکێك لە ئاواتە وەدی نەهاتووەکانم ئەوە بوو کە زمانی فەڕانسەیی لە وڵاتی فەڕانسە فێر بوومایە بۆ ئەوەی راست وەکو زمانی خەڵکی ئەو وڵاتە قسە بکەم، بەڵام بەداخەوە وام بە نەسیب نەبوو!

*ئایا ئەم سۆز و ئۆگری وەرگێڕانە کە لە تۆدا هەیە، لە منداڵەکانیشت دا بوونی هەیە؟

* لە خێزانی خوالێخۆشبووم خاتوو فاتمە دیزانی، بووم بە خاوەنی پێنج مناڵ کە دوو کوڕ و کچێك واتە حەمید و فەرزاد و ستارە لە منداڵی دا مردن بەڵام ئێستا کوڕ و کچێکم واتە فەرهاد و مریەم زیندوون.

فەرهادی کوڕم کە لە ئەڵمان دەژی، لە گەڵ ژنێکی دەرەوەیی ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و وەکو خودی من کوڕێکی بە ناوی فەرزاد و کچێکی بە ناوی ستارە هەیە کە بەداخەوە مناڵەکانیان لە گەڵ زمانی کوردی و فارسی ئاشنا نین چونکە لە گەڵ زمانی زگماکی (دایکی) یان جیاوازە، کوڕەکەم ڕێگایەکی تەواو جیاواز لە وەرگێڕان و نووسین، کە ڕێگای منەی گرتۆتە بەر و لە ئەڵمان تێکنیسیەنی پیشەسازی سەیارەیە و مریەمی کچم، کە بەکالۆریۆسی زانستی پەروەردەیی هەیە، لە گەڵ مێرد و مندالەکانی لە ئەمریکادا دەژین، ئەویش وەکو من و براکەی کوڕ و کچێکی هەیە کە کوڕەکەی لە بواری پزیشکیدا دەخوێنێ و سەفورای کچی هێستاش قوتابیە، هەروەها مریەم کچێکی زۆر بە زەوق و خوێندەوارە، هەم شێعری باش دەڵێ و هەم بە شێوەکارێکی باشیشە.

قانێعی نازدار! بە گشتی دەبێ بڵێم، هیچکام لە مندالەکانم بەو شێوەی کە من پێم خۆشە لە ئاو نەهاتنەدەر و درێژەیان بە ڕێگای باوکی پیریان نەداوە، هەڵبەتە ڕێگای وەرگێڕان پتر دەروونی و زاتیە تاکو تۆپزی، ڕاستە لە ڕێگای تۆپزی و سەپێنەری و ئەزموونەوە مرۆڤ کامڵ دەبێ بەڵام دەبێ خۆی ئەو سۆز و تامەزرۆیی و ئۆگریەی سەرەتایی هەبێ و بە خوێندن و زەحمەتکێشان و وەك باوە و دەڵێن بە خواردنی دووکەڵی چرای زانست و زانیاری پێویست، وەدەست بێنێ. هەڵبەتە مرۆڤ زۆرتر وەدوای خوێندنی بوارێك دەکەوێ کە خوازیار و ئۆگری بێ و خۆشی بوێ. من خۆم عاشقی وەرگێڕانم و ئێستا پەنجاو پێنج ساڵەکە تەمەنم لە گەڵ ئەم دڵبەرەم دا تێپەڕ دەکەم و بەڕاستی ئەم ئاورە لە قووڵایی بوونمەوە بڵێسە دەدا چونکە کارەکەمم خۆش دەوێ.

هەر چاوەڕوانی ئەوە نیم کە مندالەکانیشم دەبێ ڕێگای من درێژە پێ بدەن. بەڵام قانێعی خۆشەویست، ئێستا هومێدم بە ئێوە لاوانی بەزەوق و پڕ سۆز و ئۆگریە کە ڕێبوارانی ڕاستەقینەی ئەم ڕێگایە بن و ئەویندارانە و بە ئۆگریەوە درێژە بەم ڕێگای خزمەت بە کۆمەڵگاو کولتوورەی ئێرانی خۆشەویست بدەن.

- ڕەنگە ئەم پرسیارە یەکانگیری و هاوئاهەنگی لە گەڵ پرسیارەکانیتردا نەبێت، بەڵام مامۆستا، پرسیارێك کە هێندێك لە هاوڵاتیانی کورد زمان لە کاتی کۆکردنەوەی ئەم

بەرهەمەدا دەیانپرسی، ئەوە بوو کە بۆچی تا هەنووکە بە زمانی کوردی وەرگێڕانت نەکردووە؟ و پرسیارەکەی من ئەوەیە کە ئەگەر ئێستا ٥٠ ساڵ لەمەوبەر بووایە ئایا بە زمانی کوردی وەرگێڕانت دەکرد؟ باشە هەر لە بنەڕەت دا رووانگەی تۆ سەبارەت بە ئەدەبییاتی کوردی چیە؟

*قانعی خۆشەویست، هاوڵاتیان تەنیا پرسیاریان لە تۆ کردووە بەڵام گلەیی و گازندەی زۆریان لە من کردووە کە باسی ئەوم لە بەشی بیرەوەری‌یەکانی وەرگێڕانی کورد و کوردستان و سەلاحەددین دا روون کردۆتەوە و تا هەنووکە تەنیا شێعرێکی خوالێخۆشبوو ئەبولقاسمی حالەت "قافلە سالاری تەنزی ئێران"م بە زمانی کوردی وەرگێڕاوە کە لە گۆڤاری "سروە" لە چاپ دراوە و هەروەها کتێبی "ژانی گەل"، لە ساڵی ١٣٥٧ بەڕێز ئەحمەدی قازی ئامۆزای خۆشەویست و زانام، کە خۆشی لە وەرگێڕە نێودارەکانی زمانی ئینگلیسی‌یە، دای بە من و پێشنیاری کرد کە لە زمانی کوردی‌یەوە بۆ فارسی وەرگێڕم و منیش بە گیان و دڵەوە رازی بووم و لە تێگەیشتن و درکی زۆرێك لە رستە کوردی‌یەکانی عێراقی کە لە گەڵ زمانی کوردی ناوچەی ئێمە جیاوازە، زۆری یارمەتی دام و ئەوە یەکەم جارە کە بەرهەمێکی ئەدەبی بە شێوەی رۆمان یا چیرۆکی درێژی کۆمەڵایەتی لە نووسەرێکی کورد زمان کە بەرهەمی خۆی بە کوردی نووسیوە، بە زمانی فارسی وەرگێڕدرێ.

ئیزن بفەرموو بەشی دووهەمی پرسیارەکەتان لە کۆتایی‌دا وڵام بدەمەوە، بەڵام لە وڵامی پرسیارە جوانەکەی بەڕێزیشت دا دەبێ بڵێم“ سەبارەت بە ئەدەبییاتی کوردی لە گەڵ ئەوەدا کە هێستاش تازە پێ دەگرێ و شێوەی نەگرتووە، بەڵام لە بواری کۆنی و پانتایی داوێنی لە گەڵ ئەدەبییاتی بە پێز و کۆنی فارسی هەڵناسەنگێندرێ، بەڵام ئەدەبییاتی کوردی لە ڕادەی خۆی‌دا پێگەیشتوو و زۆر جوانە.و شیاوی سەرنج دان و لێ ورد بوونەوەی زیاترە.

سەرچاوەکانی ئەدەبییاتی کوردی لە چوار بەشی جیاواز لە یەکتری ئەدەبییاتی فۆلکلۆریك، شێعری عەروزی، شێعری نوێ، رۆمان و چیرۆکنووسی پێك هاتووە. بەشی یەکەم،

ئەدەبییاتی فۆلکلۆر یا هەمووانی کولتووری نەتەوەی کورد کە بە شێوەی پەخشان یا شێعری حینجەیی ناعرووزیـیە و بە شێوەی ساناو ساکار پێیان دەڵێن " کۆپلە" یا "چریکە"، بەڵام بە هۆی نەبوونی بابەتگەلێکی کۆکراوە، هۆنراوە و پێکهێنەرانی ئەم کۆپلانە نەناسراون و تەنیا سینە بە سینە و لە باو و باپیرانەوە گێڕدراونەوە. ئەو راوییانەی کە هێستاش ماون و دەژین و ئەم کۆپلە یا چریکە کوردییانەیان لە بیر ماوە، ئەوانە بە ئاوازێکی خۆش و دلڕفێن و ئاهەنگی تایبەتی وەکو "حەیران" و "لێ لێ"ەوە کە هێندێك جار بە بێ ساز و هێندێك جار بە دەنگ و ئاوازێکی دلڕفێنی شمشاڵ دەیچڕن. کۆنی راستەقینەی ئەم کۆپلە یا چرکانە روون نیە و دیار نیە کە لە چەند ساڵ لەمەوبەرەوە گەیشتوونەتە تۆرەمە و بەرەی ئێمە.

بابەتی چیرکەکان جۆاوجۆرن و هەر کامیان گوتنەوەی چیرۆکێکی ئەویندارانە، شەڕ یا ئایینین کە بە شێوەی دیمەنگەلێکی نێوان ئەویندار و دڵبەر یان دوو ڕکەبەر لە شەڕی تەن بە تەن و... دا هۆنراونەتەوە و کۆپلەکانیان بە پێی بایەخی بابەت و نێوەڕۆکی وتار بەرز و کورتن و هەردووکیان حەوت یا هەشت کۆپلەیەك قافیەییان هەیە.

هەڵبەتە ئەم بەیتانە، بە تایبەتی ئەوانەی کە ئەویندارانەن زۆر لەبەردڵان و سۆزهێنەرن و لە گەڵ ئەوەدا کە ساکار و نەخەملاون لێوڕێژی زەوق و جوانی و رازاوەیی تایبەتی شاعیرانەن، هەر وەك (کۆپلە شێعرییە) دوو بەیتییەکانی بابا تاهیری عۆریان.

جوانترین و بە نێوبانگترینی ئەم بەیتانە بریتین لە " لاس و خەزاڵ"، "مەم و زین"، خەج و سیامەند"، "قەڵای دم دم"، "برایمۆك" کە ئۆسکارمانی رۆژهەڵات و ئێران ناسی نێوداری ئاڵمانی لە ساڵەکانی ١٩٠٦ و ١٩٠٧ی زایینی هاتۆتە شاری خۆشی مەهاباد (زێدەکەم) و بە ئۆگرییەکی زۆرەوە کە بە زمانی کوردی هەیبووە فێری بووە و بە لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاو لە زمان و بەرهەمگەلی ئەدەبی ناکۆکراوەی کوردیدا، بەکار هێناوە و دەقی، دەقی کوردی بە خەتی لاتینی و پەیماننامەگەلێکی لە راستای زاراوە تایبەتی زمانی کوردی هێناوە و ئەم کتیبە بێ وێنەیەی بە ناوی " تۆحفەی موزەفەرییە" لە بێرلین لە چاپ دا و ئەمڕۆکە

یەکێك لە سەرچاوە جێگای متمانە لە بەردەستەکانی خەزێنەی جوانی هونەر و زمانی کوردیی‌یە.
جگە لە ئۆسکارمان رۆژە لێسکۆی رۆژهەڵات ناسی فەڕانسەیی‌یە ( کە شرۆڤەی چاوپێکەوتن لە گەڵ ئەو لە بەشی بیرەوەری‌یەکانی وەرگێڕانی کورد و کوردستان و سەلاحەددینی ئەیوبی شیکردۆتەوە) کە بە زمانەکانی فاری‌س و کوردی ئاشنا بووە و کتێبی بە نێوبانگی سادق هیدایەت "بوف کور (کوندە پەپووی کوێر)یشی بە زمانی فەڕانسەیی وەرگێڕاوە و هەر وەها چەند دانەیەك لە "بەیتە" بە نێوبانگەکانی کوردی وەك "مەم و زین"ی کۆ کردۆتەوە و لە گەڵ وەرگێڕانی فەڕانسەیی‌یەکی بڵاوی کردوونەتەوە.
بەشی دووهەم، شێعرە عرووزی‌یەکانی زمانی کوردی‌یە کە بە لاسایی لە غەزەل بێژان و بێژەرانی زمانە تازەکان و فارسی هۆنراونەتەوە و زۆرتر لە شێوازی هیندی و عەرەبی دەچن. ئەم بەشە لە ئەدەبییاتی کوردی پێشینەیەکی نزیك بە دوو سەدەی هەیە و گەورەترین بێژەران و غەزەل بێژانی ئەحمەدی خانی، نالی، وەفایی، مێسباح، شێخ رەزا، مەولەوی و هتدن. لەم دواییانەش دا شاعیرانێکی بەرزی وەك مەلا محەممەدی کۆیی، گۆران، سەیفی قازی (سەیفولقووزات)، هێمن و هەژار کە شێعرگەلێکی کوردیان بە شێوازی نوێش هۆنیوەتەوە و بە سروودگەلێکی زۆر جوان خۆیان بە پێزبوونی ئەم زمانە یا نەوە زیاد کردووە. لێرەدا دەبێ سەرنج بدرێ کە ئەدەبییاتی کلاسیکی کوردی، بە تایبەتی شێعری عرووزی لە بواری عێرفانیش دا زۆر پێشکەوتووە و "مەم و زین" ی ئەحمەدی خانی نموونەی کامڵ و تەواو و بەرچاوی ئەم پێشکەوتن و نێوەڕۆك و مژاری بەرزی عێرفانی‌یە. "مەسنەوی" مەولەوی (ئەم مەسنەوی‌یە بە زمانی کوردی‌یە و لە گەڵ مسنەوی مەولانا جەلالەدەینی رۆمی بە هەڵە نەگیردرێ و تاوەگووز (Tawaguez)ە دێهاتێکی کوردستانی عێراقە کە مەولەوی کورد خەڵکی ئەوێ بووە.) تاوەگوزیش لەم زەمینەدا زۆر شیاوی سەرنج پێدانە.
لە هۆنراوەی عارفانەی "مەم و زین"ی ئەحمەدی خانی، شاعیر بە خەیاڵ و فانتازیا جوانی‌یەکانی خۆی هەموو قۆناغەکانی ئەوین عێرفانی لە قۆناغی عاشق بوونی "مەم"دا تا

قۆناغی لە نێوچوون وێنا کردووە و بەرهەمێکی خولقاندووە کە لە گەڵ لەیلی و مەجنوونی نیزامی گەنجەوی و چیرۆکە هاوشێوەکانی یەکسانە.

بەشی سێهەم، شێعری نوێیە کە بە بڕوای من پێشکەوتن و گەورەییەکی زۆر زیاتری لە شێعری نوێ لە زمانی فارسیدا وەدەست هێناوە و لە کۆمەڵگاکانی کورد زمان دا لە گەڵ پێشوازییەکی زۆرتر بەرەو روو بووە. دەبێ هۆی ئەمەش لە دەوڵەمەندی و بە پێزبوونی ئەدەبییات و شێعرگەلی کلاسیکی زمانی فارسی بزانین کە گۆڕەپانێکی خۆنوێنی زۆر بە شێعری نوێ نادا و هەتاو گەلێکی دەرەوشاوەی وەك حافز و سەعدی و مەولانا و... ناهێڵن کە ئەستێرەکانی دیکە تیشك و رووناهییەکیان هەبێ. بەڵام لە زمان و ئەدەبییاتی کوردیدا بە پێچەوانەوە، بە هۆی ئەوەی کە پێشینەیەکی دەرەوشاوەی ئەوتۆ بوونی نیە و "بەیتەکانی" فۆلکلۆریش هەمووان بە شێوەی ناعرووزی و بە شێوازی شێعری نوێن و شێعری نوێ بێ رکەبەر بووە و زۆرتر جێگای خۆی کردۆتەوە و وەبەر دڵی خەڵکی کەوتوون. هۆیەکی دیکەی بریتییە لەوە کە بۆچی شێعری نوێ لە زمانی کوردیدا زیاتر جێگای بۆ خۆی کردۆتەوە نەبوونی پێوەندی بنچینەکانی عرووز و قافیە لە گەڵ زمانی نزمی کوردییە.

لە بنەڕەت دا کوردی، زمانێکی کێش دار و بڕگەدارە کە کەمتر لە زمانی فارسی کەوتۆتە ژێر کاریگەری زمانی عەڕەبییەوە و سازان و پێکەوەهەڵکردنێکی زیاتری لە گەڵ شێعری ئازاد هەیە. ئاهەنگە عرووزی و ئاهەنگدار و قافیەدارەکان کە لە زمانی عەڕەبییەوە بە ناروونی وەرگیراون زمانی کوردی تووشی دەسکردی و ئەرك داری دەکا. هەر بۆیە گۆڕانی زماناس و شاعیری گەورەی کورد بۆ هەمیشە دەست لەم لاسایکردنەوە و دەسکردییە هەڵدەگرێ و شێعری نوێی کوردی بەو پەڕی گەورەیی و مەزنی هونەر دەگەیەنێ.

بەشی چوارەم، رۆمان و چیرۆکنووسییە کە نوێترین بەشی ئەدەبییاتی کوردییە و رەنگە تەمەنی هەر پەنجا ساڵ بێ و لەوە زیاتر تێپەڕنەبێ. هەر بۆیە دەکرێ بگوترێ کە زمانی کوردی لە بواری رۆمان دا زۆر لە سەرەتادایە و هێشتا زوویە لە بواری تێکنیکی چیرۆکنووسی و ئەفراندنی پاڵەوان لەم بوارەدا بگاتە ئەدەبییاتی بە پێز و دەوڵەمەند و لەمێژساڵەی ئەورووپایی.

بەڵام لە وڵامی بەشی دووهەمی پرسیارەکەی بەڕێزت دا کە ویستم لە کۆتاییدا وڵامت بدەمەوە، لە بەرە ئەوەی یەکەم، من بە هۆی ئاشنانەبوونی تەواو لە گەڵ بەرهەمگەلی ئەدەبی و زانستی کوردی و لە گەڵ بڵاڤۆکە کوردییەکان و خەتەکەی کە هێندە لە تەمەنی تێپەڕ نابێ بەو شێوەی کە دەبێ و نەبێ خوێندەواری خوێندنەوەو نووسینی زمانی کوردیم نەبووە و نیمە و ناتوانم لەم ڕێگایەدا خزمەتێك یا یارمەتییەك بە هاوڵاتیانی کورد بکەم و دووهەم، لە ٥٠ ساڵ لەمەوبەردا زمانی کوردی هێندەی بڕەو نەبوو کەواتە وەرگێڕان بە کوردی سوودێکی ئەوتۆی نەبوو بەڵام ئەگەر کارایی و کەڵکی ئێستا ببووایە، بێگومان تێدەکۆشام بە زمانی کوردیش وەرگێڕان بکەم. هەر چەندە لە ساڵی ١٣٠٨ەوە هاتوومە تاران و تەنیا بۆ سەفەر گەڕاومەتەوە بۆ کوردستان، بەڵام تا ئێستاش زمانی شیرین و جوانی کوردیم لە بیرنەچۆتەوەو گەلێك شێعرم لە شاعیرانی کورد لەبەرە و ئێستا دەبینی کە بەروونی و رەوانی بە زمانی کوردی قسە دەکەم ،"مەگین وا نیە؟" (ئەم رستەیە لە دەقە سەرەکییەکەش دا هەر بە کوردی هاتووە کە فارسییەکی دەبێتە "مگر اینطور نیست؟".و.)

هەڵبەتە سەرەڕای ئەوەی کە شانازی بە کوردبوونی خۆمەوە دەکەم، شانازی بەوەشەوە دەکەم کە لە ناو کوردەکان دا مرۆڤگەلێکی پلە بەرزیش هەڵکەوتوون، گەورە پیاوانێکی دڵپاك و پیرۆز و بایەخدار کە خۆزگە بۆ ناساندن و لێکدانەوە لە سەریان هەوڵێك داربایە، بەڵام بەداخەوە لە ناو نەتەوەکەی خۆمان دا پێزانین و نرخ و بایەخزانی لە ماوەی ژیانی کەسەکەدا ماناو واتای نیە.

هەڵبەتە یەکێك لەو کتێبانەی کە لەم بارەیەوە دەتوانێ ڕێنومایەکی باش بۆ مرۆڤە پلە بەرزەکانی کورد بێ مێژووی ناودارانی کورد (تاریخ مشاهیر کرد)، نووسینی: بابا مەردوخی رۆحانییە و بە تێرو تەسەلی و راڤەوە باسی بەرهەمەکانیانی کردووە کە من شانازی ئاشناییم لە گەڵ یەکێك لەم ناودارانە هەبوو و ئەویش خواڵێخۆشبوو مامۆستا هەژار، زاناو شاعیری ناوداری هاوچەرخە کە زۆر جار دەچوومە زیارەتی کە لە دووی رەشەممەی ١٣٦٩ی

کۆچی بە هۆی ناڕاحەتی دڵەوە ماڵئاوایی لە ژیان کرد، لە ڕۆژی مردنی دا بارانێکی توونـد دەباری و ئەم شێعرەم هۆنیوە:

شگفت نیست که ئاسمان بگرید زار    ز داغ مرگ عزیزی همچون هژارد

هزار مرد شریف و بزرگوار که بود    فچل و کمالش برون ز حد حساب

نهاد داغ بزرگی به قلب مردم کرد    پس از هزاران داغ این سپهر کج زفتار

- مامۆستا، بە سەرنج دان بەوە کە هێندێك لە وەرگێڕانەکانت بە شاکارەکانی ئەدەبییاتی ئینگلیزی دەژمێردرێن، ئایا کتێبێکت لە زمانی ئینگلیسی‌یەوە بە فارسی وەرگێڕاوە؟

*نا ، چونکە هێندە بەسەر زمانی ئینگلیسی‌دا زاڵم، یا بە واتایەکی‌تر شارەزام، کە ئەگەر دەقی سەرەکی کتێبێك بۆ وێنە ئیتالیایی یا ئیسپانیایی یا ئاڵمانی یا ڕووسی بێ و من هەوڵدەدەم جگە لە وەرگێڕدراوی فەڕانسەیی، وەرگێڕدراوە ئینگلیزی‌یەکەیشم هەبێ و لە گەڵ ئەوەدا کە لە دەقی فەڕانسەیی بەرهەمەکەوە بۆ وەرگێڕانی فارسی کەڵك وەدەگرم، دەقی وەرگێڕدراوی فەڕانسەیی لە گەڵ دەقی وەرگێڕدراوی ئینگلیسی‌یەکەی بەراورد دەکەم و هەڵیدەسەنگێنم و ئەگەر بە پێی هەڵکەوت جیاوازی‌یەك لە نێوان دوو دەقەکەدا ببینم لە پەڕاوێزدا باسی دەکەم و ئەم کارەم لە هێندێك لە وەرگێڕانەکانی خۆم دا وەکو " مەسیحی دووبارە لە خاچ دراو" ، "ئازادی یا مەرگ" و بە تایبەتی لە وەرگێڕانی "دێکامرۆن" دا کردووە، بۆ وێنە بۆ وەرگێڕانی کتێبی "نان و شەڕاب" کەڵکم لە دوو دەقی ئینگلیسی و فەڕانسەیی وەرگرت و دەقی فەڕانسەیی کتێب بە هۆی کاملبوونی زیاتر و پێڕەوی وردتر لە شێوازی داڕشتنی نووسەر و هەروەها بە هۆی شارەزارتربوونی من لە زمانی فەڕانسەیی‌دا، بووە پێوەری کار و وەکو ڕێنوێنی‌دەر کەڵکم لە دەقی ئینگلیسی‌یەکەی وەرگرت.

* هەروەها مامۆستا قازی، تۆ لە ٦٠ نووسەری نێوداری جیهانی وەرگێڕانت کردووە، راتان سەبارەت بە نووسەرانی بەرهەمەکانت چیە؟ بۆ وێنە ئاناتوول فرانس، مارك تواین، ڤۆڵتێر، چارلێز دیکێنز، ماکسیم گورکی و...

* هەر وەك پێشتر وتم یەکێك لەو کتێبانەی کە لە ساڵی ١٣٢٨دا وەرمگێڕا، کتێبی دوورگەی پەنگۆئێنەکان بەرهەمی ئاناتوول فرانس، نووسەری نێوداری تەنزنووسی فەڕانسەیی بوو کە

خوالێخۆشبوو دوکتۆر جەوادی قازی مامم دابوومیە و بە تایبەتی پێشنیاری کردبووکە بە وردی بیخوێنمەوە و وەریگێڕم و ئەگەر لە تێگەیشتنی هێندێك بابەتیش دا گرفتم هەبوو پرسیار لەو بکەم. چێژێك کە من لە خوێندنەوەی ئەو کتێبەم وەرگرت زەوق و ئۆگری وەرگێڕانێك کە هەشت، نۆ ساڵ بوو لە من دا مردبوو ژیاندەوە و بڕیارم دا وەریگێڕم، بە شێوەیەك کە مامیشم بۆ ئەم کارە هانی دام.

لە کتێبی دوورگەی پەنگۆئێنەکان کە لەڕاستیدا روانینێکی کورت و رەخنەیی لە مێژووی نەتەوەی فەڕانسەیە، مەبەستێك کە ئەو لە نووسینی ئەم بەرهەمەدا بوویەتی لە ڕاستیدا ویستوویەتی رووداوەکان نەك بەو شێوەی کە مێژووزانان پاساویان کردووە بەڵکو بەوشێوەیەی کە پێوەرێکی لۆژیکی و نەتەوەیی بڕیار دەداو کەسایەتیە مێژوویی‌یەکان نەك بەو شێوەیەی کە رووداونووسەکانی سەردەم بە زۆر هۆ و لایەن و تێبینی‌یەوە ستایش کردووە یا رەخنەیان لێگرتووە بەڵکو بەو شێوەیە کە کردەوەکانیان نیشان دەدات پاساو و لێك بداتەوە. لە گەڵ ئەوەدا زیاتر خەریکی رەوتی پێشکەوتن و گۆڕانی شارستانییەت و ئابووری و کولتووری ئەو نەتەوەیە بێ.

دەربارەی مارك تواین نووسەری کتێبی شازادە و گەدا کە بە بێ ترس دەکرێ بە بێرنارد شاوی ئەمریکایی و سێرڤانتێسی ئێستا (سەردەم) دانرێ، نووسەرێکی بەتوانا و کارجوانە کە بە پێنووسێکی ئەفسووناوی و فێریار هەم دنیا وەپێکەنین دەخا و هەم دەیباتە ناو بیرکردنەوەو ڕامانەوە. لە کتێبی زۆر خۆش و بەتام و پڕبایەخی شازادە و گەدا، مارك تواین لە ناو دێڕەکانی دا بە گیانێکی شۆخ و قسەخۆشی‌یەوە هەزاران بریەتی و تانە و تەشەری پڕمانای بەکار هێناوە و نە تەنیا لاپەڕەگەلێکی تاریکی لە مێژووی پێنج سەدەی رابردووی ئینگلیسی روون کردۆتەوە بەڵکو ناشیرینی و پیسی‌یەکانی کۆمەڵگاکەشی لەم ئاوێنە روون و سافەدا بە خوێنەرە خۆشەویستەکان نیشان داوە.

هەڵبەتە دەبێ بڵێین کە مارك تواین ئەو کات کە شەڕە نێوخۆیی‌یەکانی ئەمریکا دەستی پێکرد (١٨٦١ی زایینی)، دەستی لە پاپۆڕوانی هەڵگرت و بە ئاواتی دۆزینەوەی زێڕ وەك گەلێك لەو کەسانەی کە لە زێڕ دەگەڕان رووی لەسەرچاوەکانی "نەوادا" کرد. بەڵام لەوێ لە

دۆزینەوەی زێڕ دا سەرکەوتوو نەبوو و بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوانی دەکرد سامانی کۆنەکردەوەو هەر بەوەی باش بوو کە مارك زێڕی نەدۆزییەوە، دەنا بە قسەی یەکێك لە نووسەرانی ئەمریکایی رەنگە ئەمڕۆ ئێمە لە خەزێنەی بەرهەمە بەنرخە ئەدەبییەکانی بێبەش دەبووین. بەڵام بە هەر حاڵ مارك توانی لە سەردەمی دوور و درێژی ژیانی خۆیدا هیچکات لە نووسین ماندوو نەبوو و نزیکەی نیو سەدە هەمیشە لە گەڵ پێنووس و کاغەز و کتێب سەروکاری هەبوو، تەنانەت ژیانی شایانەشی کە بە هۆی خزمایەتی لە گەڵ بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند پێکهاتبوو و سامانێك کە لە رێگای فرۆشتنی بەرهەمەکانییەوە وەدەستی هێنابوو دەستی پێ لە نووسین و رەخنەگرتن و رێنوێنی بیروبۆچوونی خەڵکی سەردەمی خۆی هەڵنەگرت.

یا دەربارەی "هێکتۆر مالو" کە یەکێك لە نووسەرە رۆمانسییەکانی فەڕانسەیە و بەرهەمە بە ناوبانگەکەی، واتە "لانەواز" خەڵاتی ئەدەبی لە لایەن فەرهەنگستانی فەڕانسەوە وەرگرت. ئەو کتێبی "لە ئامێزی بنەماڵەدا" سەرەڕای ئەوە کە بەتام و چێژ و شیرین و شیاوی خوێندنەوەیە، خۆشەویستی و هەستیاری پاکی خوێنەریش وەخەبەر دێنێ و لە هەموو حاڵێك دا بەرەو کاری باش و بە ویژدانی و مرۆڤایەتییەوە پاڵ پێوە دەنێ و لەم کتێبەدا کە نیشاندەری بەهێزی خەیاڵ و فانتازیایی نووسەرە تابلۆ و دیمەنگەلێکی زۆر سەیر و زیندوو لە هەژاری و دەستکورتی توێژی سێهەمی کۆمەڵگا شێوەکاری کراوە و رووخسارەکانی ناحەزی دێوزمەی پێویستی و هەژاری بە شێوەیەکی ناشیرین و ناپەسەندترین شێوە هاتوونەتە سەرپەردە. بۆ وێنە سەبارەت بە "ڤۆڵتێر". نووسەری بەرزی سەدەی هەژدەی فەڕانسە دەبێ بڵێم "ڤۆڵتێر" بیست ساڵی دوایی تەمەنی خۆی لە "فرنەی" بەسەر برد. لەوێ خانووبەرەیەکی گەورەی بۆ نێشتەجێ بوونی خۆی درووست کرد و ژیانێکی شایانە و خۆشی بۆ خۆی رێك و پێك کرد. لە دواین ساڵەکانی تەمەنیدا بە پیاوێکی دەوڵەمەند دەژمێردرا و لەوپەڕی رابواردن و خۆشی بە شێوازی شازادە و دەوڵەمەندە پلە یەکەمەکان دەژیا. لە گەڵ ئەوەدا پارە و سامانەکەی خۆی تایبەت بۆ دابینبوون و ئاسایشی خۆی تەرخان نەدەکرد بەڵکو بۆ هەژار و دەستکورتەکانیشی خەرج

دەکرد. یارمەتی وەرزێر و جوتیارە هەژارەکانی دەدا و بە پێکهێنانی هێندێك کاری پیشەسازی خەڵکی بۆ کارکردن هان دەدا. بە کورتی "ڤۆڵتێر" یارمەتیدان بە ئەفرێندراوەکانی خوای بە ئەرکی بێ ئەم لا و لای خۆی دەزانی و جگە لە یارمەتییە دراوی و ماڵییەکان خەریکی رێنومایی و رێنوێنیشان بوو. کۆشکی "ڤۆڵتێر" بەو هەموو گەورەیی و مەزنییەوە لە ڕاستیدا خانەقای خەڵکی رزگار و ئازاد و پەرستشگای خاون دڵان و بیرمەندان بوو و لەوێدا لە پێشەوا، بەتوانا و دەروێش، زانا و ئاسایی، خراپ و دڵپاك، وەبەرچاو دەکەوت.

"ڤۆڵتێر" لە ملکی "فێرنەی" دا بەردەوام درێژەی بە نووسینی شاکارە ئەدەبییەکانی خۆیدا. دەبێ بزانین کە هەوڵ و تێکۆشانەکانی "ڤۆڵتێر " یا بە شێوەیەك لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا کە ناویان ریش سپی "فێرنەی"یان لێ نابوو، تەنیا بەوەوە نەبسترابۆوە کە پێنووسەکەی خۆی بۆ خزمەتی ئازادی هزر و بیروبۆچوون و بەرگری و پاراستنی مرۆڤایەتی و دادپەوەری تەرخان بکات بەڵکو ئەم پیرەپیاوە زانایە، راناوی چەندین جار بە تایبەتی لە سەردەمێك دا کە لە "فێرنەی" دەژیا، روویدا کە بە مەبەستی نەهێشتنی زۆرداری زۆردار لە زوڵم لێکراو، درێغی لە پاراستنی ماڵ و گیانی نەدەکرد و لە گەورەیی و نفووزێکی لە ڕادەبەدەر کە بە لای گەورەکانی سەردەم و لە ناو بیروڕای گشتیدا وەدەستی هێنابوو کەڵکی وەردەگرت و یارمەتی کلۆڵ و بێتوانا و لاوازەکانی دەدا.

خاڵی شیاوی سەرنج ئەوەیە کە "ڤۆڵتێر" لە سەردەمێك دا باسی دادپەروەری و ئازادی و مرۆڤایەتی دەکرد کە لە بنەڕەت دا وشەگەلێکی ئەوتۆ لە کولتووری دەوڵەتی سەرەڕۆ و زاڵمی فەڕانسەی بەر لە شۆڕشی گەورە، بوونی نەبوو و قسەکردنی لەم جۆرە بنچینەیە بە هەر شێوەیەك بێ بە نرخی گیانی بێژەر تەواو دەبوو. لێرەدایە کە کەسایەتی بێ وێنەی "ڤۆڵتێر" و بەرزی هیممەت و گیانی دادپەروەریخوازی ئەو بە شێوەیەکی بەرچاو خۆ دەنوێنێ. "ڤۆڵتێر" نە تەنیا نووسەرێکی بەتوانا و شاعیرێکی پلەبەرز و ئەدیبێکی گەورە و بەهادار بووە بەڵکو لە مێژوو و لە فەلسەفە و زانستیش دا بە بژاردە و بەرزتر لە هەموانی سەردەمی خۆی دەژمێردا. کەمتر نووسەرێك هەن کە چەندایەتی و چوونایەتی بەرهەمەکانی

تا ئەم پلە و دەرەجەیە لە بیروڕای گشتی و لە سەر گۆڕانکاری‌یەکانی سەردەمی خۆی کاریگەری دانابێت، شتێك کە لە بەرهەمەکانی " ڤۆلتێر"دا شایانی سەرنج دانە ئەوەیە کە لە هەموویان دا بریتی لە ئەدەبی و مێژوویی و فەلسەفی و لە شێعر و پەخشانی نووسەردا، لە هەموو شوێنێك پارێزگاری و بەرگری لە ئازادی بیروڕا و لە مافی مرۆڤایەتی بەوپەڕی بڕواو متمانە و بیروبۆچوونەوە کردووە و لە دژی خوارافات و ترس و بیروبۆچوونی کۆن کە بەربەستێکی گەورە لە سەر ڕێگای پێشکەوتن و بەرزبوونەوە و پێشکەوتنی ڕۆحی و هزری خەڵکە خۆڕاگری کردووە، ماف و ڕاستی و کەتواری بە ڕوونترین شێوە نیشان داوە و هیچ و پووچ و هەڵەی بە توونترین لەبز کوتاوە.

لە هەموو کاتێك دا پێنووسەکەی بت شکێن بووە. لەڕاستی دا "ڤۆلتێر" بانگەواز و بڵاوکەرەوەی بیروبۆچوونی مرۆڤدۆستی و یەکێك لە ڕاهێنەرە گەورەکانی جیهانی مرۆڤایەتی‌یە. پیاوێك بوو کە بە جیددی بە لایەنگری ماف و دادپەروەری دەژمێردرا و خۆی لە پێداگری لە نەهێشتنی زوڵم و چەوساندنەوە نەدەپاراست. دۆستانە باوەڕی بە ڕووناکی زانست و زانایی و زەرەکانی نەزانی و تێنەگەیشتن و پێویستی دابین کردنی زانست و زانایی و زەرەکانی نەزانی و تێنەگەیشتن و پێویستی دابینکردنی پێداویستی‌یەکانی پێشکەوتن و بەرزبوونەوەی مرۆڤایەتی بوو و لە وتەکانی دا تایبەتمەندی باشی تاوتوێ‌کردن و نرخاندنی خاڵەکان و هێندێك قسەی خۆشی هەبوو کە قسەکانی زۆر دڵگر و لەبەردڵان دەکرد. یا "چارلێز دیکێنز" نووسەری ڕیئالیست و ڕۆمان نووسی نێوداری کۆمەڵگای ئینگلیسی، کە پاڵەوانی بەرهەمەکانی زۆرتر لە ناو خەڵکی ئاسایی‌دا هەڵبژێردراون و ئەو مایەی نووسینی ڕۆمانەکانی لە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی وەرگرتووە و لە باس و وێناکردنی هەموو شتێك دا وردبینە و لە بەرهەمەکانی‌دا ئەوینی بە ژیان و هەستی مرۆڤدۆستی شەپۆل دەدا.

یا"ماکسیم گورکی" نووسەرێکی شۆڕشگێڕی ڕووسیەیە و بەرهەمە سەرەتایی‌یەکانی هەر لە هەمان سەرەتاوە بەرپرچدانەوەی پێوەندی نوێی بریتی لە زوڵم و زۆرێك بوون کە لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو بە پەرەگرتنی خێرای سەرمایەداری لە کۆمەڵگای ڕووسی‌دا پێی دەگوت. بێگومان گورکی لە سەرەتادا تەنیا لە دڵەوە سوسیالیس بوو، بەڵام ستایشێك لە

سەرنجدانێکەوە بۆ بەرژەوەندی تاکەسی، لە دڵاوایی و جوامێری، لە فیز ویژدانی مرۆڤایەتی و لە پاڵەوانەکانی تاکەکەسی بە قازانجی هەموو کۆمەڵگا، لە یەکەمین چیرۆکەکانی ئەودا وەکو "چیلکاش" و "پیرەژنی ئیزرگیل" و "سروودی شاهین" و هتددا، دەربڕی پەروەردە بوون و پێگەیشتوویی هەستێکی شۆڕشگێڕانە، لەودا بوو، و تەنانەت هێندێك لە بەرهەمەکانی ئەو وەکو "لاسایی‌کەر" باسی خۆشەویستی و دڵدانی نووسەر بۆ یەکەمین نوواندنی هەستی کرێکاری‌یە.

- ئایا تا ئێستا لە گەڵ نووسەرانی بەرهەمەکانت چاوتان پێك کەوتووە؟

*نووسەری کتێبی "مرۆڤەکان و ئاژەڵەکان"، دوکتۆر خوزەئە دوکاسترۆ، خەڵکی برزیل بوو و پێم وابێ لەساڵی ١٣٤٩ی کۆچی بوو کە بۆ بەشداری کردن لە سیمینارێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی "جیهانی سێهەم لە ساڵی دوو هەزاردا" هاتبووە تاران و من وەك وەرگێڕی کتێبێکی ئەو بە زمانی فارسی بووم بە تەلەفوون لەو هۆتێلەی کە لەوێ بوو پێوەندیم لە گەڵی گرت و ئیزنی ئەوەم لێوەرگرت کە چاوپێکەوتنێکمان لە گەڵ یەکتری هەبێ. خوزەئە دۆکاسترۆ بە هۆی ماندووبوونی ئەو رۆژە داوای لێبووردنی لە چاوپێکەوتن کرد، بەڵام تکای لێکردم کە دوو رۆژ دواتر، بەیانی زوو، لە شوێنی سیمینار لە تالاری "موزە"(ئەنتیکەخانە)ی ئێرانی دێرین بچمە سەردانی بۆ ئەوەی بەر لە پێکهاتنی کۆبوونەوەی سیمینار چەند خوولەکێك لە گەڵ یەکتری چاومان پێك بکەوێ.

کتێبێك کە من لەویم وەرگێڕابوو هەر ئەم کتێبی "مرۆڤەکان و قرژاڵەکان" بوو کە رۆمانێکی کاریگەرداره و باس لە هەژاری و برسێتی و ژان و رەنجی کۆمەڵانی هەژار و زەحمەتکێشی برزێل دەکا و گۆیا هاوکات لە گەڵ من خاتوونێك بە ناوی منیرە جەزەنی ش ئەو کتێبەی لە ژێر ناوی "ئینسانەکان و قرژاڵەکان" وەرگێڕابوو و لە لایەن چاپەمەنی ئەمیر کەبیرەوە چاپ کرابوو، بێ ئەوەی هیچکات ئاگاداری کاری یەکتر بین. دوو رۆژ دواتر، بەیانی زوو چوومە"تالاری موزەی ئێران باستان" لە شەقامی سپاه، سەرەتاکانی شەقامی قەواموسەڵتەنە، و چونکە دەمویست بچمە ناو تالار پێشیان پێ گرتم، بەڵام کاتێك گوتم لە سەر داوای مامۆستا خوزەئە دوکاسترۆ هاتوومە سەردانی ئیزنیان دام، و چوومە ژوور.

له ناو تالاردا مێزێکی زۆر درێژم بینی کە نزیك بە پەنجا، شەست کورسی لە دوو لای دانرابوون و هەر لە ئێستاوە ژمارەیەك لە نوێنەران، کە پێدەچوو هەر کامێکیان لە لایەن وڵاتێك لە وڵاتانی جیهانی سێهەمەوە نوێنەرایەتیان هەبێ، دانیشتبوون. من لە تەنیشت کورسی پلەی بەرپرسایەتی سیمینار کە خۆی ئێستاش نەهاتبوو جێم گرت، رەنگە نوێنەرانی ئامادە لە کۆبوونەوەدا پێیان واتبوو کە منیش نوێنەری وڵاتێك لە وڵاتانی جیهانی سێهەمم و تازە ئەمڕۆ لە رێگاوە گەیشتوومە جێ.

چارەگێکی نەخایاند کە بەرێز خوزەئەدوکاستڕۆ هاتە ژوور لە پشت کورسی بەرپرس کە منیش لە تەنیشتی دانیشتبووم دانیشت، خۆم ناساند و بەرگێك لە کتێبی وەرگێڕانەکەی خۆم کە بۆ یادگاری بۆم بردبوو و پشتەوەییم پێشکەش و ئیمزا کردبوو پێشکەشم کرد. چونکە من بە زمانی فەڕانسەیی قسەم لە گەڵ دەکرد و پۆرتۆغاڵی کە زمانی دەقی سەرەکی کتێب و زمانی وڵاتی بڕازیلیشەم نەدەزانی، پرسی کتێبەکەییم لە ڕووی چ دەقێکەوە وەرگێڕاوە. وتم لە رووی دەقی وەرگێڕداروی فەڕانسەیی‌یەکەی. پرسی: ناوی وەرگێڕی فەڕانسەیی‌یەکەی چی بوو؟

من چونکە سەرنجی ئەوەم نەدابوو و ناوی وەرگێڕی فەڕانسەیی‌یەکەم لە بیرنەبوو، پرسیم: مەگین هێندێك کەسی جۆراوجۆر ئەویان بە فەڕانسەیی وەرگێڕاوە؟

گوتی: بەڵێ، تا ئێستا چوار وەرگێڕانم بە زمانی فەڕانسەیی و پێنج وەرگێڕانم بە زمانی ئینگلیسی لەم کتێبەی خۆم دیوە، و باشترین وەرگێڕانی فەڕانسەیی‌یەکەی بە قەڵەمی فیسارەکەسە(ناوی وەرگێڕەکەی هێنا بەڵام من لە بیرم چۆتەوە). ئەوەبوو کە لە تۆم پرسی ناوی وەرگێڕەکەی چیە. گوتم دەقی وەرگێڕداوەکەی من لە رووی دەقێکی زۆر شیرین و رەوانەوەیە، و لێرەوە گومان دەکەم کە دەبێ هەمان باشترین وەرگێڕانە فەڕانسەیی‌یە بێ.

گوتی: بیستوومە جگە لە تۆ خاتوونێکیش بە زمانی فارسی وەرگێڕاوە، ئێستا دەمهەوێ بزانم کە وەرگێڕانەکەی تۆ باشترە یا وەرگێڕانەکەی ئەو.

پێکەنیم و گوتم: نابێ من ئەم دادوەرییە بکەم بەڵکو دەبێ هێندێك کەسی بێ لایەن کە هەر دوو دەقی وەرگێڕدراوی خوێندنێتەوە ئەوەی بڵێن. هەر بۆیە تکات لێدەکەم ئەم

پرسیارە لە ئێرانی‌یەکانی دیکە بکە کە هەر دوو دەقەکەیان خوێندبێتەوەو یا لانیکەم پێداچوونەوەیەکی بە کورتی و بەسەرپێوەیان لە هەردووکیان کردبێ. من ئەگەر شتێك لەم بارەوە بڵێم رەنگە دوور نەبێ کە بە خۆم دا هەڵبڵێم.

قسەکەمی پێ راست بوو و پرسی: ئەنگیزەی تۆ بۆ وەرگێڕانی ئەم کتێبە چی بووە؟ گوتم: ئێمە لێرە ناتوانین راستەوخۆ باس لە کلۆڵی و بێعەداڵەتی‌یەکانی ناو وڵاتەکەمان بکەین، چونکە تووشمان بە تووشی ساواك و زیندانو ئازار و ئەشکەنجەوە دەبێ و پێوە دەبین. بەڵام ئەگەر نووسەرێك — بۆ وێنە تۆ — ژان و کلۆڵی‌یەکانی خەڵکی زووڵم لێکراوی وڵاتەکەی خۆی لە کتێبێك دا خستبێتەدەر و ئێمە هەست بەوە بکەین کە ئەوەی بە سەر خەڵکی وڵاتەکەی ئێمەدا دێ دەقاو دەق یا تاڕادەیەك هەر ئەوەیە کە لەو کتێبەدا شرۆڤە و باس کراوە خەریکی وەرگێڕانی دەبین بۆ ئەوەی ئارامی‌یەك بە ژانی دڵمان بدەین. خۆ ئەگەر کەوتیشینە بەر نارەزایەتی و بەدواداگەڕانی دەزگای سانسۆڕیش، دەڵێین ئەمانە پێوەندییان بە فلانە وڵاتەوەیە و پێوەندی‌یەکیان بە وڵاتی ئێمەوە نیە... بەواتایەکی‌تر، ئێمە لە پەنا ناوی ئێوەوە قسەکانی خۆمان دەکەین و لە پەنا ناوی ئێوەش لە بەدواگەڕان و ئازاریش دوو دەبین، هەرچەندە وەك پەندێکی بەناوبانگ دەڵێ: "بووکە لە گەڵ تۆمە، خەسوو گوێت لێ بێ"(پەندە فارسی‌یەکەی ئەوەبوو "بە در می‌گویم، دیوار، تۆ گوش کن".و.) مەبەستمان نیشان دانی حاڵ و دۆخی خۆمانە.

پرسی: تۆ خۆت کتێب نانووسی؟ وتم: تا بکرێ لە زمانی ئێوە و وێنەکانی تۆوە قسە بکەین چ پێویست بەوە دەکا لە زمانی خۆمانەوە قسە بکەین و ژانە سەر بۆ خۆمان درووست بکەین؟ ئەوەی دەتوانین بە هۆی زمانی ئێوەوە بیڵێین ناتوانین بە زمانی خۆمان بیڵێین، و رەنگە ئەوە خۆی یەکێك لەو هۆیە پاساو هێنەرانە و گونجاوانە بێ کە ئێمە نووسەرانێکی باشمان لە شێواز و داڕشتنی نوێدا وەك نووسەرانی ئێوە نیە.

لەم کاتەدا کتێبی وەرگێڕداروی من کە پێشکەشم کردبووی لە بەردەمی خۆی هەڵگرتبوو و چونکە خوێندەواری فارسی نەبوو بە پێچەوانە واتە سەراوبنی گرتبووی و خەریك بوو چاوی لە ناوی کتێب کە بە خەتێکی خۆشی نەستەعلیقی نووسرابوو دەکرد. پرسی: ئەم نووسراوە

گەورەیە ناوی کتێبەکەیە؟ تکایە بۆم بخوێنەوە با بزانم بە فارسی دەبێتە چی. گوتم: مرۆڤەکان و قرژاڵەکان. هەستم کرد وتنی ئەوە بۆ ئەوان زۆر ئەستەمە، و لە پڕ هەستم بە خاڵێکی ورد کرد: بینیم خەتنووسێك کە ناوی کتێبەکەی بۆ دیاریکردنی بە خەتێکی نەستەعلیقی جوان نوسیوە، لە رووانگەی رێسای خەت و نووسینەوە تووشی هەڵەیەك بووە، بەو واتایە کە وشەی مرۆڤەکان (آدمها)ی بە جیا لە یەك و بە شێوەی مرۆ ڤەکان(آدم ها) نووسیوە، بەڵام وشەی "قرژاڵەکان"ی درووست و بەسەریەکەوە نووسیوە.

بابەتەکەم بۆ بەڕێز خوزەئە دوکاسترۆ شرۆڤە کرد و وتم: رێسایەکی دروستی شێوەی خەتی فارسی ئەوەیە کە "ها" (ان) یا "ان" کە بە نیشانەی کۆ دێ دەبێ بە ناوەکەوە بلکێندرێ، واتە بەسەریەکەوە بنووسرێ، هەر وەك S کە نیشانەی کۆیە لە زمانەکانی فەڕانسەیی و ئینگلیسیش دا دەبێ بە خودی وشەکەوە بچەسپێ، بەڵام لێرەدا خەتنووسی شەیتان، لەم هەڵە ئەنقەستیەی خۆی دا کە "مرۆڤەکان" ی بە هەڵە و جیا لە یەك نووسیوە و لە حاڵێك دا وشەی "قرژاڵەکان"ی دروست و بەسەریەکەوە نووسیوە، مەبەستێکی هەبووە و ویستوویەتی ئەوە بگەیەنێن کە مرۆڤەکان پێکەوە یەکگرتوو نین و هەر ئەم لە یەکتری جیابوون و چەند گرووپیە کارەکانی خراپ کردووە، بەڵام قرژاڵەکان لە گەڵ یەك یەکێتی و یەکگرتووییان هەیە.

خوزەئە دوکاسترۆ زۆری خۆشی لەم نوکتەیە هات و تێرو پڕ پێکەنی. لە دوایی‌دا گوتی: خۆزگە گوتبام وێنەگرێك بێ و وێنەیەکمان لە گەڵ و پێکەوە بگرێ!

چونکە ئیدی دەبوو کۆبوونەوەی سیمینار رەسمی‌یەتی هەبێ مەجبوور لە یەکتری جیابووینەوە و بەڵێنی پێدام کە بۆ کۆبوونەوەکانی یۆنسکۆ کە لە پاریس لە ژێر چاوەدێری خۆی‌دا پێك دەهات بانگهێشت بکا. بەداخەوە چەند مانگێك لە رۆیشتنی لە ئێران تێنەپەڕیبوو کە هەواڵی مردنیم بیست و لەم بانگهێشتنەش وەکو بانگهێشتنی بۆ ئیسپانیا بێبەش بووم. بەڵام سەبارەت بە بابەتی خودی کتێبەکە، نووسەر لە پێشەکی‌یەکەی‌دا کەم و زۆر باسی ئەوە دەکات و دەڵێ: چیرۆکێك کە من دەیگێڕمەوە چیرۆکێك وشك و لاوازە، و هەر بەن هۆیەوە بڕیارم داوە کە پێشەکی‌یەکی کامڵ و پوخت بە چاشنی‌یەکەوە بکەم بۆ

ئەوەی هێز و توانایەك بە کتێبەکە بدا و یارمەتی خوێنەران بدا کە برسێتی واتە هەوەسی توند و زۆری رۆمانخوێنی خۆی فریو بدا. رەنگە ئارەزوو و هەوەسی کردنەوەی بوغزی هەموو تاکەکانی نەتەوەیەکی برسی کە هەمیشە لە بەندی شاردنەوە و پەردەپۆشکردنی برسێتی خۆیانن، منی بۆ ئەوە هان دا بێ تاکو ئەم پێشەکییە پڕمایە بایەخدارە بۆ ئەم رۆمانە لاوازە بنووسم کە پاڵەوانی سەرەکی ئەو خودی برسێتییە. بەداخەوە دەرەتانی چاوپێکەوتنم لە گەڵ نووسەرێکیتر ب نەسیب نەبووە. سیلونەی نێودار، نووسەری کتێبی نان و شەڕاب، بوو کە ئەم نووسەر مەزنە لە کاتێك دا کە من خەریکی وەرگێڕانی کتێبی "نان و شەڕاب" بووم، واتە لە ساڵەکانی ١٣٤٥و١٣٤٦ی‌کۆچی، هێستاش هەر زیندوو بوو و ٦٦ ساڵی تەمەن و و لەمەزرای تاکەکەسی خۆی لە نزیکی و دەورووبەرەکان شاری رۆم سەردەمی پیری بەسەر دەبرد. من کە لە ساڵی ١٣٤٨دا سەفەرێکم بۆ ئەورووپا و بۆ وێنە بۆ ئیتالیا و بۆ شاری رۆم کردبوو و زۆر تامەزرۆی ئەوە بووم کە زیارەتی ئەم نووسەرە گەورەیە بکەم، بەڵام تکام لە کاربەدەستانی پێوەندیدار کرد کە ئەگەر دەکرێ بمبەنە لای ئەو و وەکو وەرگێڕی دوو کتێبی بە زمانی فارسی بمناسێنن. بەڵام ئەوان پێشنیاریان پێکردم کە لە چاوپێکەتنێکی ئەوتۆ خۆش بم، چونکە پێدەچێ یەخەت بگرێ و داوای پارەیەك لە بەر کەڵك وەرگرتن لە وەرگێڕانی کتێبەکانیت لێ بکا.

ئێستا نازانم ئەم پێشنیارە تا چ ڕادەیەك درووست و بە جێ بوو، و من چونکە پوولێکی زۆرم نەبوو چاوپۆشیم لەو چاوپێکەوتنە کرد. چەندین ساڵ دواتر هەواڵی مردنیم بیست و زۆری بۆ بەداخ بووم، پێم وابێ ساڵی ١٩٧٨ی زایینی لە ژانوا بوو.

- تۆ لە وەرگێڕان دا چۆن خوێنەرت لە بەرچاو گرتوە؟ چ هەستێکت بەرامبەر بە خوێنەری بەرهەمەکەت بووە؟ ئایا تا هەنووکە وێڕای وەرگێڕان، خۆت لە جێگای خوێنەری بەرهەمەکەت داناوە؟

- من لە وەرگێڕان دا هەمیشە ئەوەم لەبەرچاو گرتووە کە دەبێ خوێنەری کتێبەکەشم وەکو خۆم تامەزرۆ و شەیدای پاراستنی ئازادی و دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ بکا و پێڕەوی لە ماف و راستی و خەبات و دژایەتی لە گەڵ خورافات و ناروونی و لێڵییەکان بێ و هەر کاتێك

پێوەندیم لە گەڵ خوێنەرانی بەرهەمەکانم هەبوو و بیروڕایانم سەبارەت بە کارەکەم پرسیوە دەست بە جێ تاریفی ئامانجەکانی وەرگێڕانی من کە بۆ خۆیان پێیان خۆش بووە و لە گەڵ زات و دەروونی ئەوان سازگار و گونجاو بووەیان کردوە و هاندەریان بوون و چونکە هەمیشە زیاتر خوێنەرانم بە هاوڕێ و هاوبیر بە ئیدئالی وەرگێڕانەکانم بینوە، خۆشم وەکو خوێنەرێك چێژ لە کار و بەرهەمەکانی خۆم وەردەگرم.

- پەنا بردنی تۆ بۆ دنیای وەرگێڕان و هەستی رازیبوونی تۆ لە سوچێکی چۆڵ کە پێنووسی لەبەردڵانت دەبزوێنی، باس لە حەقایەتی خۆشەویستی‌یەکی داگیرساو لە دڵی تۆدا دەکا، ئەوینێك کە بلێسە دەدا و هێچکات نانیشێتەوە، بەڵام لە رێگایەك دا کە لە وەرگێڕان دا پێواوتە، چ کەم و کورتی گەلێك لە خۆت دا دیوە و چۆن لە چارەسەرکردنیان دا هەوڵ و تێکۆشانت داوە؟

- ئۆگربوونی من بە کاری وەرگێڕان هەر لە هەمان سەرەتاکانەوە کە لە مەهاباد دەستم بە فێربوونی زمانی فەڕانسەیی کرد درووست بوو و ئێستا وەك تۆ دەڵێی نزیکەی پەنجا ساڵە کە ئەوینێکی داگیرساوەوە خەریکی ئەم کارەم و لەم رێگایەدا قەڵەم دەبزوێنم. باوەڕکە تەنیا چێژێك کە ئێستا لە ژیانی وەردەگرم هەر ئەم چێژ وەرگرتن لە کارکردن لە وەرگێڕانە کە بە خزمەتێکی گەورە بە کولتووری نیشتیمانەکەمی دەزانم و شانازی پێوەدەکەم کە لەم رێگایەدا کەمتەرخەمیم نەکردووە. هەر وەك لە یەکێك لە وتوێژەکانم دا گوتم: "رەنگە تەنیا کەسێك بم کە کارێك کە شیاوی ئەوین و ئۆگری‌یەتی بە جێ بگەیەنێ"، "تەمەنی من تا ئەو رۆژەیە کە بتوانم کار بکەم، ئەو رۆژەی کە نەتوانم ئیدی کار بکەم، خۆم هەست دەکەم ئیتر مردووم و ئەوە راستی و کەتوارێکە. من ژیان و ژینی خۆم پێوەندیدار بەم کارەوە دەزانم. کارێکم کە پێخۆشە بە جێی دەگەیەنم". ئەوە دەربڕی راستی‌یە، ئیرادەشکێنی نیە، لە ساڵی ١٣٥٤دا کە قوڕگمیان نەشتەگەری کرد و لە زمان کەوتم و تا ئێستا بەم دەزگایە دەدوێم ئەم چوارینەیەم بۆ خۆم درووست کرد.

قازی کە بە راه ترجمە جوکی شد     از بس کە نوشت چون قلم دوکی شد
دیدم کە عاقبت بە دست جراح     تبدیل بە یك عروسك کوکی شد

دەربارەی کەم و کورتی‌یەوە دەبێ بڵێم کە هەموو کەس لە کارەکانی خۆیدا کـەم وکـورتی هەیە و منیش بە پێی ئەم یاسایە خاوەنی کەم و کورتی‌گەلێکم و هیچکات رەتم نەکردونـەوە و نایانکەمەوە، هەر چەندە کە ٥٥ ساڵە وەرگێڕان دەکەم بەڵام هیچکات بـە خـۆم نـازانم کـە تووشی هەڵە نەبووم، بەڵام بەڕاستی ئەگەر لە خاڵێك و لە شتێك تێنەگەم یا لە سەرچاوەکان دا لێی دەکۆڵمەوە یا لە مامۆستایان دەپرسم، بۆ ئەوەی باش لەو خاڵە و لە ناڕوونی‌یەکـەی تێ‌بگەم و لە هیچ کاتێك دا چاوپۆشی و کەمتەر خەمی ناکەم.

- ئایا لەو ٥٥ ساڵەی تەمەنت کە لە رێگای وەرگێڕان دا تێپەڕت کردووە رازی؟ کاتێك لە بەرهەمەکانی خۆت دەڕوانی و ئەو ساڵانەی کە لـەم رێگایـەدا تێکۆشـان و رەنجـت کێشـاوە، ئایا پێت وایە بەڕاستی ئەرکی خۆتت بۆ کۆمەڵگا بە جێ گەیانـدووە؟ ئەگـەر لـەو دنیـا لێـت بپرسن کە قازی لە دنیادا چیت کردووە؟" چ وڵامێك دەدەیەوە؟

- وەی وەی لەو پرسیارە باشە! ئەمن خۆم، کاتێك بیر لەوە دەکەمـەوە ئـەم پـەنجا یـا پەنجاو پێنج ساڵەی تەمەنم کـە لـە رێگـای وەرگێـڕان دا تێپـەڕم کـردووە بـە پووچـی تێپـەڕ نەکردووە و بەڕاستی بە شێوەیەکی باش کەڵکم لە تەمەنی خۆم وەرگرتبێ، من لە باسـێك دا کە لە کتێبی "بەسەرهاتی وەرگێڕانەکانم" نووسیوە لەم ماوەیەدا تا ئێستا حـەفتا بەرهـەمی باش و ئامۆچیارم لە روانگەی سیاسی و مێـژوویی و زانسـتی‌یەوە بـە فارسـی وەرگێـڕاوە و ئەمە کارێکی کەم نیە. بچووکترینی ئەم حەفتا کتێبە شـازادە بچـکۆلەیە کـە لـە ١٥٠ لاپـەڕە کەمتر نیە و کتێب گەلێکی دوو بەرگی و سێ بەرگی و چواربەرگیشم هەیە کە هەر بەرگێکیان ٧٠٠ لاپەڕە کەمتر نیە. بەو پێیە تا ئێستا زیاتر لە سەد هـەزار لاپـەڕەی کتێـبم وەرگێـڕاوە و رام وایە کە دەبێ زۆر لەم کارە رازی بم و بـزانم کـە تەمـەنم وەکـو زۆر کـەس بێ‌سـوود و لـە خۆوە بە فیڕۆ نەچووەێ، جارێکیان بۆ نەشتەرگەری چاوم کە کز ببوو چوومە لای دوکتـۆری چاو و پێشنیاری پێکردم کە کەمتر کار بکەم و کـەمتر بخوێنمـەوە و بنووسـم. گـوتم دوکتـۆر بەڕێز مەگین نازانی کە شاعیری مەزن، سەعدی چی دەفەرمێ: لە شێعرێك دا گوتوویەتی:

دیده را فایدهٔ آن است که دلبر بیند    گر نبیند چه بود فایده بینایی را

دلم جز مهرویان طریقی بر نمی‌گیرد    زهر دری می‌دهم پندش و لیکن در نمی‌گیرد

خدا را رحمی ای منعم که درویش سرکویت      دری دیگر نمی‌داند رهی دیگر نمی‌گیرد

بەڵێ هاوڕێی خۆشەویست، پێم وایە کە بەڕاستی ئەرکی خۆم بۆ کۆمەڵگا بە جێ گەیاندووە، ئەویش "دەین" و ئەرکی راستەقینەی خۆمە. لە بنەڕەت دا ئەندامبوونی کۆمەڵگایەك وادەخوازێ کە ئەو ئەندامە دەبێ خزمەت بە کۆمەڵگاکەی بکا، خزمەتێك کە بۆ دۆخ و حاڵی ئەو کۆمەڵگایە بە سوود بێ و کۆمەڵگا ستایشکەری ئەو خزمەتە بێ. زۆرێك لە مرۆڤەکان هەر کارێك دەیکەن سەرەتا دابین بوونی بژێوی و دابین بوونی خۆی لە ژیان دا لە بەرچاو دەگرن و ئامانجیان ئەوە نیە کە کۆمەڵگا کەڵك لە کارەکەیان وەرگرێ.

بەڵام خزمەتی من کە ناساندنی کۆمەڵگاکەم لە گەڵ کولتوور و ئەدەب و شێوەی بیر و هزری وڵاتە خاوەن شارستانییەتەکانە زۆری بایەخ هەبووە و من لە گەڵ ئەوەدا کە دەتوانم خەریکی گەلێك کار بم کە سوودێکی زیاتریان بۆ خۆم هەبێ و زیاتر خۆم بە بژێوی و دابینبوون بگەیەنێت، بە پێچەوانەوە زیاتر لە بیری کۆمەڵگای خۆم دا بووم و ئەوەندەی کە لە روانگەو رەهەندی کولتووری و هزرییەوە یارمەتی ئەوم داوە لە روانگەی ماددی و ماڵییەوە بە خۆمم نەگەیاندووە. هەر بۆیە هەمووان دەزانن و دەڵێن کە کارەکەی من باشە و لێی رازین و خۆشم لێی رازیم و هەست بە فیز دەکەم. دووبارە ئەو رستەگەلە کە لە یەکێك لە وتووێژەکانم دا وتم دووپات دەکەمەوە: رۆژێك کە نەتوانم لەم رێگایەدا خزمەت بە کۆمەڵگا بکەم، مردووم و نرخێك بۆ ژیانم دانانێم.

لە سەردەمی لاوێتی دا هەرگیز سەرنجم بە مردن نەداوە، بەڵام ئێستا هەست دەکەم کە بەرە بەرە مردن خەریکە لێم نزیك دەبێتەوە و رەنگە هەر لەم مانگانەدا هەواڵی مردنم ببیستن و هەر وەك لە یەکێك لە وتووێژەکانم دا گوتم: پێم خۆشە لە سەر بەردی گۆڕەکەم بووسن:

خفته اینجا محمد قاضی      که از او کس نبوده ناراضی

*هێدێك جار پێشوازی لە وەرگێڕانێك و بەگوڕ و تین بوونی کتێبێك لە بەر ناوی نووسەرە،بەڵام دواتر لە باشی وەرگێڕان و شایستەیی و لێهاتووی وەرگێڕدا شك و دردۆنگی پێك دێ و هەڵە و پەڵەکان ئاشکرا دەبن، بەڵام سەبارەت بە تۆ بە پێچەوانە، ئەگەر ناوی تۆ بە کتێبەکەوە بێ خەڵك بە گیان و دڵ دەیکڕن، چونکە پێیان وایە قازی وەرگێڕێکی

نێوداره، هەموو کتێبێك وەرناگێڕێ، تەنیا لە بەر ئەوە کە کتێبەکە بە زێڕ و زیوەری پێنووسی وەرگێڕێکی بەتوانای وەك تۆ رازاوەتەوە، بە بێ سەرنج دان بە ناوی نووسەرەکەی دەیکڕن! یەکەم: لە بەرامبەر ویترینی پەرتووکخانەکان کە ناوی خۆت دەبینی، چ هەستێکت هەیە؟ خۆشحالی؟ چەندە؟ دووهەم: لە رووبەرووبوونەوە لە گەڵ خەڵکی کە رێز و حورمەتێکی بەرچاوت بۆ دادەنێن چ هەستێکی عاتفیت هەیە؟ چۆن دەتهەوێ ئەوەی دەربڕی؟

* هەڵبەتە زۆربەی خوێنەرانی فارسی زمان بە هۆی ئۆگرییەك کە بۆ بەرهەمی نووسەر هەیانە، تامەزرۆ دەبن و تاڕادەیەك بۆ هەموویان وەرگێڕ گرینگ نیە. بەڵام من بە هۆی سەلیقەیەك کە لە هەڵبژاردنی کتێب گەلی باش دا بە کاری دەبەم و لەبەر رەسایی و رەوانی پەخشان یا دەقێك کە لە وەرگێڕان دا باوەڕم پێیەتی بە شێوەیەك سەرنجی خوێنەرانی خۆشەویست بۆ لای خۆم راکێشاوە کە کتێبەکانم بازاڕێکی باشیان هەیە و تەنانەت چەندین بڵاوکەر و پەرتووك فرۆشیش پێیان گوتووم کە کاتێك کڕیارەکان بۆ کڕینی کتێب دێن، دەپرسن کە لە وەرگێڕانەکانی قازی چیتان هەیە؟ و هەر ناوی نووسەر نابەن. کەواتە ئەوە شانازییەکی گەورەیە بۆ من، بە بێ هیچ جۆرە مەبەستێکی خۆویستانە دەڵێم: چ شتێك لەم بەختەوەرییە باشترە کە ئەمڕۆکە ناوی من لە سەر کتێب لە ناوی نووسەر زیاتر سەرنج راکێشە و روون و ئاشکرایە کە خۆم بە شانازییەکەوە دەنازێم و شاد و خۆشحاڵم و هەر بە هۆی ئەم هاندان و تامەزرۆیییەیە کە رەنجی نەخۆشی و ژانی پیری فەرامۆش دەکەم.

باش تا جان برود در گلب جانانم    که به کاری به ازین باز نیاید جانم

- تۆ لە سەرەتای کاری وەرگێڕان دا لە گەڵ چ گیر و گرفتێگەلێك بەرەوڕوو بوووی و چۆن ئەوانت لە سەر ڕێ لابردن؟

- گیر و گرفتەکانی کاری من لە سەرەتادا نەناسراوبوونم بوو کە هیچ بڵاوکەرەوەیەك ئامادەنەدەبوو وەرگێڕانەکەم، تەنانەت بە خۆڕایی و بەلاش چاپ بکەن. لەم بارەوە لە کتێبی بیرەوەرییەکانی وەرگێڕێك بە تێرو تەسەلی ئەوەم روونکردۆتەوە کە بە هومێدی خوا پاش تەواوبوون وچاپی دەیخوێنیەوە. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم گرفتە ئەمڕۆکە بۆ

وەرگێڕە تازەکان کەمتر و ئەو هەڵوەداییانەی بە سەر من هاتن بە سەر ئەوان نایەت. بە گشتی گیرو گرفتی وەرگێڕان تێگەیشتن لە دەقەکانە، کە دەبێ بە خوێندنەوەی زۆر و بردنە سەرەوەی ئاستی خوێندەواری خود و پرس و ڕاکردن لە مامۆستایانی تێکنیك و پیشە چارەسەر بکرێ.

لە گەڵ ئەوەدا پێشنیار بەو وەرگێڕە خۆشەویستانە کە تازە لەم ڕێگایەدا هەنگاو هەڵدێننەوە دەکەم کە کاری وەرگێڕان تەنیا لە بوارێك دا کە هەیانە و خوێندوویانە بکەن نەك لە بوارگەلێك دا کە پێوەندییەکی بە بواری خوێندنی ئەوانەوە نیە، چونکە لە بواری شیاوی خوێندنی خۆیانە کە لە گەڵ وردەکاری و زاراوەگەلێکی بەکار براو لە دەق دا ئاشنان و لە ئاکام دا وەرگێڕانەکەیان درووست و ڕەوان دەردەچێ.

- لە سەرتاوە تا هەنووکە، وەرگێڕان چ کاریگەرییەکی لە سەر ئەدەب و کولتووری نیشیتمانەکەمان هەبووە؟

- بە گشتی وەرگێڕان لە سەرەتاوە تا ئێستا و لەمەودواش کاریگەرییەکی قووڵی لە سەر ئەدەب و کولتووری نیشتیمانی ئێمە هەبووە و هەیەتی و دەی بێ. ئەگەر بێڕوودەربایستی قەبووڵی بکەین کە لە کولتوور و شارستانییەتی ڕۆژئاوایییەکان لە دوایین پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە جگە لە شێوەی وەدەست هێنانی زانست و زانیاری و بیرو هزری ئەوان ناکرێ و دەبێ ئەم کارە بە هۆی وەرگێڕانی بەرهەمە زانستی و تێکنیکی و کولتووری و هونەری و زەوقی و هزرییەکانی ئەوان بکرێ.

بەداخەوە هێستاش لەم ڕێگایەدا قوتابییەکی ساوایان بین و ئێستاش دەبێ زۆر کار بکەین و هیچکات بێپێویستی نابین. تاڕادەیەك هەر چیم هەڵبژرادووە لە گەڵ پێوەرگەلێك کە خوێنەرانی لاو و رووناکبیرانی وڵات خوازیاریانن هاوئاهەنگن و لە گەڵ ئەوان پێشنیاری فلان بڵاوکەرەوە یا فیسارە کەس وەرنەگێڕاوە و ئەوەی هەڵمبژرادووە گرەنتی هزری و ڕێنوێنی بۆ کۆمەڵگاکەمان بووە. پێوەری من بۆ قەبووڵکردنی کتێبێك بە مەبەستی وەرگێڕانی، هەمان پێوەرە مرۆڤایەتییانە و مرۆڤدۆستییانەی هەموو مرۆڤە باش و تێگەیشتووە و ئازاد لە بەستراوەیی بە دەمارگرژییە بێ سوود و نادرووستەکانە و هەر ئەوانەن کە هاندەری سۆز

و ئۆگری و تامەزرۆیی بە ژیان و باشتر ژیانکردن و بەسوودبوون بۆ کۆمەڵگایە کە لەوێدا دەژین و بۆ دنیایەکە کە لەوداین.

- بەڕێز قازی لە کاتێك دا کە نووسەر و بە شێوەی یەکەم وەرگێڕی باش لە وڵاتان دا نرخ وبایەخی دوڕ و مرواری دەریایان هەیە و یان باشتر بڵێم گوڵی ناو سەحرا" سرووشتیەیە و بێگومان ئەرکی وەرگێڕ ئەستەمتر دەبێ. وەرگێڕ دەبێ شوێنی بۆشایی نووسەر پڕ بکاتەوە، واتە هەم وەرگێڕان بکا و هەم ئەفراندن، لە باروودۆخێکی ئەوتۆدا بوونی وەرگێڕگەلێکی بەتوانای وەك تۆ و چەند کەسێکی تر کە ژمارەیان لە ژمارەی قامکەکانی دەست کەمترە، چاوەڕوانیەکانی خوێنەر دەباتە سەر. مەبەستم لەو پێشەکیەیە کە گوتم ئەوەیە کە سەرقاڵ بوون بە کارەکانی حکومەتی یا نیمەحکومەتی چۆن دەتوانێ لە گەڵ ئەم ئەرکە گەورەیە خۆ ڕێك بخات؟

- بەداخەوە لە کۆمەڵگایەك کە ئێمە تیایدا دەژین هێستاش بە پلە و رادەیەك نەگەیشتووین کە کەسێك بتوانێ لە ڕێگای نووسەری یان وەرگێڕانەوە دەتوانێ بەواتایەك کە من و تۆ دەڵێین بژی، هەر بۆیە وەرگێڕان یان نووسین دەتوانێ کارێکی زەوقی و کامڵکەری بۆ کاری بنەڕەتی بژیوی دەرهێنان بێ. خزمەت لە کاروباری دەوڵەتی یا وەك تۆ دەڵێی نیمەدەوڵەتی کارێکە بۆ تێرکردن و بەڕێوەبردنی زگ و خەریك بوون بە وەرگێڕان یا نووسەریەوە پشوودانێکە بۆ گیان و دڵ و مێشکی خۆمان و کەسانیتر، ئەم دووانە مەجبوورن لە تەنیشت یەکتری بڕۆنە پێش و لە گەڵ هەمووان دژایەتی و جیاوازییان پێکەوە نەبێ.

- لە هەڵبژاردنی بەرهەمێك بۆ وەرگێڕان چ پێوەر و ڕێسایەك بوونی هەیە؟

- پێوەر و ڕێسای من لە وەرگێڕان دا هەمان پێوەری مرۆڤایەتیو مرۆڤدۆستانەی هەموو مرۆڤە باش و تێگەیشتوو و ئازاد و رزگار لە بەستراوەیی دەمارگرژییە بە بێسوود و نادرووستەکانە. لەم بارەشەوە هەم بۆ خۆم پێوەرگەل و بەراوردگەلێکم هەیە کە دەزانم شیاوی قەبووڵی و پێداگرتنی زۆربەی رووناکبیری خێرخوازی کۆمەڵگایە و ئێستا بە کورتی

سەرەتایەك لەم پێوەرانە دەڵێم بۆ ئەوەی بزانن کە چلۆن بەرهەمەکان بۆ وەرگێڕان هەڵدەبژێرم:

ڕێساکانی من هەمان ڕێساگەلێکن کە هاندەری ئۆگری و تامەزرۆبوونی ژیان و باشتربوونی ژیان و بەسوودبوون بۆ دۆخی کۆمەڵگایە کە لەوێدا دەژین و بۆ جیهانێکە کە تێیداین.

بە بڕوای من ئێمە هەمووومان قەرزداری وڵات و کۆمەڵگاکەی خۆمانین و ئەم ئەرك و قەرزداربوونە، دەبێ هەموو کەس لە هەموو ڕێگایەکەوە کە دەتوانێ بۆ نیشتیمانەکەی بە جێ بگەیەنێ و من پێم وایە ئەرکی خۆم بە وەرگێڕانەکانم بۆ کۆمەڵگاکەم بە جێگەیاندووە و دەبێ درێژە بدەم و بیکەم، منی فانووسی داگیرساو و کتێب ساز، کارم ئەوەبووە کە لە سەردەمی کورتی تەمەنی خۆم دا، مێشك و هزرەکانم بە خستنەبەردەستی بەرهەمە بەرچاوەکانی ئازادبیرانی جیهان ڕوون بکەمەوە و ڕاستی‌یەکانی ژیان کە بە ئازادی ژیان و بە ئازادی بیرکردنەوە و دوور لە دەمارگرژی‌یە وشك و هەڵەکان و ڕوونکردنەوەی هزرەکان و بانگەوازی بۆ ئەوینی بە هاورەگەز و مرۆڤدۆستی و کار و تێکۆشان بۆ باشترکردنی ژیانی خودی کۆمەڵگایە، بە هەمووان ڕابگەیەنم. بەم حاڵەوە من زیاتر تامەزرۆی وەرگێڕانی ڕۆمانە کۆمەڵایەتی‌یەکانم و کارەکانی دیکەی وەك بابەتە مێژوویی، فەلسەفی، ئایینی یان زانستی‌یەکان لە دەروەی هەرێمی دەسەڵات و لێهاتوویی خۆم دەزانم. هەڵبەتە ڕەنگاڵەیی بەرهەمەکانی من کە بەڕێزت ئاماژەت پێکرد، گرینگ نیە کە دژایەتی و جیاوازی‌یەکی لە گەڵ نەزمی کارەکەم هەبێ. لە هەموویان دا لە "دۆن کیشۆت"ەوە بگرە تا "ناپلیئۆن" مێژوویی و "لە بارەی مەبەستی ئینجیلەکان"ی لێکۆڵینەوەیی، مەبەستێکچ لە بەرچاو گیراوە کە ئاگاکردنەوەی مرۆڤ بۆ ئەرکی مرۆڤایەتی خۆی و بەڕاستی‌یەکانە، حافز دەڵێ:

"غەمی ئەوین لە خاڵێك زیاتر نیە و سەیر ئەوەیە کە لە هەر زمانێکەوە کە دەیبیستم دووپاتە نیە".

- باردۆخ و چوونایەتی وەرگێڕان لە ئێران دا چۆنە؟
- ئەمن بەداخەوە دۆخی وەرگێڕان لە ئێران دا زۆر بە دەروشاوەیی و گەش نابینم و جگە لە چەند وەرگێڕێکی باش کە دەکرێ لێیان تێبگەی کە چی دەنووسن و دەڵێن چی،

نووسـینەکانی دیکـە کـە لـە گـەڵ پێوانـە سـوونەتی و نـەریتی و پێـوەرە رەسـەن و بنەچەیی‌یەکانی زمانی فارسی هەڵناسەنگێنێ، بەزحمەت دەکرێ درکی پێ بکرێ. هۆی ئـەم شتە بە بڕوای من تەنیا ئەوەیە کە ئەو چەند وەرگێڕە کەم و باشە، زمانی شیرینی "فارسی دەری" یان لە مامۆستایانێکی وەکو ئەوبولفەزلی بەیهەقی، نەسروڵڵا مەنێشی، فێردەوسی، عۆنسـۆری، مەنوچـێهری، خـەیام، سـەعدی و حـافزەوە فێربـوون، بـەڵام زۆربـەی وەرگێـڕە هاوچەرخەکان لە جیاتی "فارسی دەری" فارسی ئاتەران پاتەرانی دەزانن و پێـی دەنووسـن و ئەوەش لـە فەرهەنگـەکانی وشـەی بیـانی بـە فارسـی وەکـو فەرهـەنگی نەفیسـی و حییم و...ەوە فێربوون و هەر بۆیە سوودی کارەکەیان هەر ئەم وەرگێڕانە هەڵە و بێ واتایانەیە کە دەیبینین.

*لە وەرگێڕان دا توانایی و پسپۆڕی و زەوقێکی بەرچاوت هەیە.

* دووبارە لە هاندانێك کە سەبارەت بە کارەکەی من دەیفەرمووی، لە ناخی دڵەوە سپاس و هەر ئەم هاندانە لە جیاتی ئەوەی بە فیز و دەعیەم زیاد بکەن و بەر بە پێشـکەوتنم بگـرن، پاڵنەرم بوون کە رۆژ لە دوای رۆژ بـە چـوونایەتی کارەکـەم زیـاتر بکـەم و ئەگـەر جوانی و باشی‌یەك لە وەرگێڕانەکانی منی خزمـەتکاردا هـەبێ هـۆی خۆشەویسـتی و دڵاواڵەیی‌یـەکی بەردەوامە کە لە گەڵ ئەدەبییاتی شیرین و پڕنێوەڕۆکی و هزری فارسی بە تایبەتی لە گـەڵ شێعری فارسی بوومە و هێستاش هەمە.

* وەرگێڕانی "دۆن کیشۆت" چەندەی خایاند؟ و ئایا لە کاتی وەرگێڕانی "دۆن کیشۆت" دا تووشی گیرو گرفتگەلێکیش بووی؟

* وەرگێڕانی "دۆن کیشۆت" سێ ساڵ (لە ساڵی ١٣٣٣ تا ١٣٣٦ی کۆچی) ی درێژە کێشـا. بەڵام دەبێ ئەوەش وەبیر بێنمەوە کە لـەم ماوەیـەدا کارگـەلێکی بچـووکی وەك "سـاویلکە" (نووسینی ڤۆڵتێر) و "شازادە بچکۆلە" (بەرهەمی ئێگزوپری) و "شازادە و گەدا" (بەرهەمی مارك تواین)یشم وەرگێڕا. نا، لە گەڵ گیروگرفتێك کە زۆر گرینگ بن، بەرەوڕوونەبووم. جگـە لە واتای هێندێك شێعر کە لە دەقی کتێبەکـەدا بـە زمـانی لاتینی هـاتبوون. بـۆ دۆزینـەوەی مانـای ئەوانـە زۆر جـار چـوومە کلیسـای کاتۆلیکـەکان لـە شـەقامی فەڕانسـە و چـاو بـە

قشەگەلێکی خوێندەوار دەکەوت کە هەواڵیانم لە دەفتەری کلیسا وەردەگرت و بە یارمەتی ئەوان مانای ئەم شێعرانەم دەدۆزیەوە.

هێندێك لەو شێعرانە نەك بەزمانی لایتنی، بەڵکو زمانی ئیتالیایی سەدەی دەیەم و یازدەهەم و دوازدەهەمی زایینی بوون کە ئەوانیشم بە یارمەتی قسەی شارەزاکان لەو زمانەدا، چارەسەر دەکرد. گرفتێکی دیکەی من پەندی پێشینانە زۆرەکان بوون کە جارو بار لە زاری "ساونکۆ پانزا"ی خزمەتکاری دۆن کیشۆت یا کەسانێکی دیکەوە دەردەپەڕین و ئەم پەندانە بۆ ئێمەی ئێرانی بەرهەست نەبوون و بڕیارم دا هاوتای ئەوانە لە زمانی شیرینی خۆمان دا بدۆزمەوە و لە دەق دا بیانهێنم و پەندە بنەڕەتیە بیانیەکە لە خوارەوەی لاپەڕەکەدا بێنم. ئەو گرفتەشم بە چاولێکردنی بەردەوام بە کتێبی "امثال و حکم"ی دێهخۆدا و بە کەڵك وەرگرتن لە ئەزبەریەکانی خۆم و راوێچکە لە گەڵ شارەزایانی تێکنیك و پیشە چارەسەر دەکرد.

- ئیزن بدە هەر لەم بوارەدا پرسیارێکی دیکە دارێژم. بە بڕوای زۆربەی خاوەن بیروبۆچوونەکان وەرگێڕانی دۆن کیشۆت لە جۆری خۆیدا شاکارێکە. دەقەکەی بەهێز و لێکگریدارو بەرز و لە هەمان کاتدا زۆر لە بەردڵان و جوان و رەوانە و هەر وەك دەقە سەرەکیەکەی شیاوی مانەوەیە. دەکرێ بڵێی چۆن ئەم پەخشان و ئەم زمانە کە شێوازە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبیاتی فارسی لە خۆیدا بەرپرچ داوەتەوە، وەدەست هێناوە؟
- لە هاندانێك کە سەبارەت بە وەرگێڕانی دۆن کیشۆت دەیفەرمووی سپاس. بە کورتی شیدەکەمەوە کە بە بڕوای خۆم دەقێکی نووسراو کە وەرگێڕ لەویەوە وەرگێڕان دەکا، باشترین رێنوێنیە بۆ هەڵبژاردنی دەقێك کە وەرگێڕان دەبێ لەو چوارچێوەدا دارێژێ. لە لایەکەوە هەر بەو شێوەی کە پێشتر گوتم هەر وەك بەڕێز دەریا بەندەری دەڵێ من لە ئەدەبیاتی کۆن و کلاسیکی فارسیدا زۆرم تل داوە بێ ئەوەی بەیەکجاری تێیدا نوقم بووبم.

هەر لە بنەڕەت دا ئۆگری ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسیم و هەمیشە تێدەکۆشم تا ئەو جێگایەی کە زەربە لە رەوانی و سلامەتی فارسی هاوچەرخ نادات، کەڵك لە بنەچەی زمانی

پێشینان وەرگرم. پێڕەویان بم. لە لاوێتیش دا زۆرم کتێبی پاڵەوانی وەك ئەمیر ئەرسەلان، ئەمیر هەمزە و حوسێن کوردی شەبەستەری و ئەسکەندەر نامە و... خوێندبۆوە و چی جا ئەوە کە دیمەنەکانی خۆویستانە و تاریفەکانی پاڵەوانیم لە بیر بوو. بیرم بۆ راگرتنی شێعریش بەهێز بوو، بێ درۆ و دەلەسە تا پانزە، بیست ساڵ لەمەوبەر لانیکەم ٥٠٠٠٠ کۆپلە شێعری فارسیم ئەزبەر دەزانی کە ئێستا بە تاڵانکاری‌یەك کە دەستی سەردەم و کات لە بیری منی کردووە، رەنگە زیاتر لە پێنج هەزار کۆپلە شێعرێکم لە مێشك دا بەجێ نەمابێ. ئەم هۆکارانە، هەموویان دەست دەخەنە ناو دەستی یەکتر و من بەرە و دەقێکی ئەوتۆ کە بەڕێزت تاریفی دەکەی، رێنوێنی دەکەن.

* دۆن کیشۆت پێویستی بە لێکدانەوەیەکی قووڵ و بەربڵاو و راڤەکاری‌یەکی قووڵ و فرە رەهەندی‌یە و تا هەنووکە وەها لێکدانەوەیەك لە زمانی فارسی‌دا بە ئەنجام نەگەیاندووە. تا شێوەگرتنی لێکدانەوەیەکی ئەوتۆ بەربڵاو، پێدەچێ خۆت، کە ئۆگری و تامەزرۆیی بووی لێکدانەوەیەیەکی کورت و رەسای لێ بخەیتە بەردەست؟

* ئەوە شتێکی ئەوتۆ نیە کە بکرێ بە پرسیار و وڵام کورتەکان وڵامی کۆ و بەربەستی پێبدرێ. لە گەڵ ئەوەدا، تێدەکۆشم لەم بوارەدا گەڵاڵەیەك بخەدەر. دەبێ ئەوەت پێ بڵێم کە لە دنیادا هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی یا نائەدەبی بوونی نیە کە وەکو دۆن کیشۆت توانبێتی نێوبانگ و شایستەیی خۆی بنوێنێ. ئەمڕۆکە بە بێ درۆ و دەلەسە هێندەی کە دۆن کیشۆت و دۆن کیشۆتیشم بۆ جیهان و جیهانی‌یەکان ناسراوە. خودی سێرڤانتێش نەناسراوە، و هیچ کتێبێك لە جیهان دا نیە کە بارودۆخێکی ئەوتۆی هەبێ. دۆن کیشۆت لە کۆتایی‌یەکانی سەدەی شانزدەهەم واتە لە سەردەمێك دا داڕێژراوە کە نیزامی کۆنی ئەشرەف زادەیی و پاڵەوانی بە شێوەی خوێڕی‌یەکانی کۆن بەرەو نزمبوونەوە بووە و هێندێك کەس بە پێچەوانەی هەر جۆرە لۆژیك و ئاوەزێکی ساخ و سڵامەتی‌یەك، ئەنگیزە و ئیرادەی ئەوەیان هەبووە کە بە چاوپۆشی کردنی راستی‌یە دەست هەستەکانی سەردەمی خود و بە بێ سەرنجدان بەوە کە رێساکانی سەردەمەکەیان ئیزنی دووپاتبوونەوەی ئەو گاڵتەجاڕی‌یانە نادات ئەو سەردەمە زیندوو بکەنەوە. ئەوانە خەڵکانێك بوون، تووشی نەخۆشی خۆبەزل زانی

که لافی بێ جێیان لێدەدا و هەر وەك کەوسەریان لە بن بەفری دەنا و سێرڤانتێس بۆ کوتانی ئەمانە بوو کە خەریکی ئەفراندنی شاکارە گەورەکەی خۆی دۆن کیشۆت بوو. دۆن کیشۆتەکان نەمردوون و رەنگە هێچکاتیش نەمردن، چونکە وەك بلینیسکی دەڵێ هەموو کەس هێندێك دۆن کیشۆتە.

سانا و ساکارە کە لە سەردەمی سێرڤانتێس دا، هەر ئێستاش کە لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەفەری مرۆڤ بۆ گۆ و هەسارە ئاسمانییە، پاڵەوان پەمۆ گەلێك هەن کە راستە بە شێوەی خوالێخۆشبوو دۆن کیشۆت سواری بۆن و بەرامی فیزەونی و دەعیە بوون و بە تەنیا رێسای دژایەتی لە گەڵ دێوزمە و بەدکاران و رزگاری زوڵم لێکراو و چەوساوەکانیان هەیە و تەواو بێ خەبەرن لەوەی کە سەردەمی ئەم رێسایانە و ئەم جۆرە خونواندنانە نەماوە.

بەسەرهاتەکانی دۆن کیشۆت کۆمەڵێکە لە وێنە جۆراوجۆرەکان کە لە سووچ و لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە لە شێتی و دێوانەیی پاك و بێگەردی مرۆڤ هەڵگیراوەتەوە و تەنیا جیاوازییەك کە ئەو دۆن کیشۆتە لە گەڵ دۆن کیشۆتەکانی ئەمڕۆیی و ئێستایی هەیەتی رەنگە تەنیا هەر ئەوە بێ کە لە کاتی شێت بوونی خۆیدا خۆبەزل زانی مرۆڤی دڵپاك و دڵساف و خاوەنی ئامانجگەلێکی مرۆڤدۆستانە بووە، و ئێستا دۆن کیشۆتەکانی سەدەی ئێمە زۆربەیان بێ هەستیاری پاکی مرۆڤدۆستین و هەر بۆیە ناتوانن لە گەڵ ئەوەدا کە پێکەنیناوین، ئەو ئەوین و خۆشەویستی و ئەو خۆش ویستنەی کە دۆن کیشۆت لە خوێنەرانیدا هەڵدەگیرسێنێ، داگیرسێنن.

سێرڤانتێس لە دۆن کیشۆت دا، جیهانی خەیاڵی و فانتازیایی و ئیدەئالیسم کە لە بوونی کەسایەتی دۆن کیشۆت دا بەرپرچ دەداتەوە لە گەڵ جیهانی واقیع بینی و رێئالیسمی، کە سانکۆپانزای خزمەتکاری پاڵەوان نوێنگەی ئەوە، لە هەمبەر یەکتردا دادەنێ و تێدەکۆشێ بۆ ئەوەی دژایەتی ئەم دوو جیهانە لە گەڵ ئەوەدا کە لە گەڵ یەکتر و لە تەنیشت یەکتری بن، بەڵام یەکەمین دەروات بۆ ئەوەی شوێنی خۆی بە دووهەمێن بسپێرێ، نیشان بدات. دۆن کیشۆت نوقمی خەون و خەیاڵ و بەدبینییەکانی خۆیەتی و خەیاڵ و دەمارگرژییەکانی

ناهێڵن لە ڕاستییەکانی سەردەمی خۆی تێبگات. سانکۆ بە پێچەوانە، وێڕای نەزانی و گەمژەبوونی، کە لە نەخوێندەواری و دنیانەدیدەیی و سەرچاوە دەگرێ دڵپاك و واقیعبینە و هەموو شتێك بەو شێوەی کە هەیە دەبینێ و هەمیشە لە هەوڵ و تێکۆشان دایە کە ئاغاکەی خۆی لە هەڵە بێنێتە دەر و ئەو لە بیرکردنەوە خراپە و نەزانانەییەکانی بگێڕێتەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەدەبوو. و چونکە خۆی تووشی هەڵەکانی ئاغاکەی نەبووە زۆر کەمتر لە ئەو ئازار دەچێژێ و تا ڕادەیەك لە هەموو بەسەرهاتەکان دا باشتر لە ئەو وەخۆدەکەوێ و تەنیا ئاغاکەیەتی کە داری بە هەڵە بیرکردنەوەکانی خۆی دەخوات. بەو حاڵەش دەبینین کە هەر ئەم مرۆڤە واقیعبینە چونکە دڵساف و ساویلکە و لە هەمان کات دا چاوچنۆکە فریوی بەڵێنە پووچ و خەون و خەیاڵە شێتانەییەکانی دەخوات و بە تەماحی حکومەتێك کە ئاغا خۆش خەیاڵەکەی بلێنی پێداوە لە ژن و منداڵ و ماڵ وحاڵی خۆی دەستی هەڵگرتووە و هەڵوەدای دەشت و دەرەکان بووە. سانکۆ لە گەڵ ئەوەدا کە واقیع بینە ئەگەر مرۆڤێکی خوێنەوار و تێگەیشتوو بوایە و کرمی چاوچنۆکی و تەماح لە گیانی نەکەوتبایە لەوانەیە فریوی نەخواردبایە و دڵی بە بەڵێنییە بێ جێیەکان خۆش نەکردبایە، و چەندە باش دەبوو ئەگەر خەڵکی ساویلکەی ئەمڕۆییش فریوی بەڵێنییە هەڵخەڵەتێنەرانەی دۆن کیشۆتەکانی سەردەمیان نەخواردبایە و لە جیاتی خزمەتکاری و نۆکەری بە ژیانی ساکار و بێڕازاوەی خۆیان دەسازان!

پێش هاتنی دیمەنی حکومەتی سانکۆ لە کۆتاییەکانی کتێبیش دا تارادەیەك چاوی زیرەکی و زانایی دەبەستێ و بەڕاستی بیردەکاتەوە کە قسەکانی ئاغاکەی هێندەش کە خۆی پێی وابوو بێ پایە و پڕ و پووچ نەبوو.

ئەم ناڕوونی ولێڵییە بەڕادەیەك لەودا هێز دەگرێ کە لە کۆتایی کاردا ئەگەرچی پەردەی لێڵی لە بەرچاوی خودی دۆن کیشۆت لادەچێ و ئەو بە تۆبەکردن لەوەی کە گوتبووی و کردبووی تازە سانکۆ تووشی لێڵی و ناڕوونی بووە و تۆبەکردنی ئاغاکەی وەرناگرێ و لێی تێناگات و چاوەڕێی ئەوەیە کە ئەو شێتە نەخۆشە لە سەرەمەرگە دووبارە باش بێتەوە و هەر دووکیان پێکەوە لە بەرسەهاتە پاڵەوانی و حکومەتییەکان بگەڕێن.

بەڵێ سێرڤانتێس بە نووسینی دۆن کیشۆت تراژیدیەکی زۆر خەمناکی مرۆڤێکی شێت و تێکچوو بە کۆمێدیایەکی زۆر پێکەنیناوی کەسانێك کە ئیدی لە کۆمەڵگادا هیچ شوێنێکیان نیە و خەنەکەیان رەنگی نیە، مامۆستایانە ئاوێتە و تێکەڵ بە یەکتری کردوون و شاکارێکی پێك هێناوە کە سنوورەکانی هەموو کات و شوێنەکانی پێواوە و هەر وەك ئەستێرەیەکی گەش و دەرەوشاوە بە شێوەیەك لە سەر شان و ملی ئەدەب و کولتووری مرۆڤایەتی دانیشتووە کە تا دنیا دنیایە دەدرەوشێتەوە. دۆن کیشۆتی بە حەیا و دڵۆڤات و مرۆڤدۆست لە هەمان کات دا کە بە کردار و وتەکانی خۆی وەپێکەنینمان دەخا بە ناکامیەکانی بەرهەم و هۆی گەمژەییەکانی خۆشی دەمانگرییێنێ، کەواتە دەبینین کە بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی زۆر کەس کە دۆن کیشۆت بە بەرهەمێکی تەواو کۆمێدیایی دەزانن، تراژیدیایەکی تاڵ و ناخۆشی هێنەریشیان بە شیرین کاری و گاڵتەجاڕیەکانیەوە چەخماخە لێداوە.

- بە بڕوای تۆ وەرگێڕانی بەرهەمی منداڵان و مێرمنداڵان دەبێ چ تایبەتمەندی گەلێکیان (چ لە بواری نێوەڕۆك و چ لە بواری شێوەی دەربڕینەوە) هەبێ؟
- بە رای من نێوەڕۆکی کتێبگەلی منداڵان و مێرمنداڵان دەبێ بە شێوەیەك بێ کە فێریان بکا ئازادی و دێمۆکراسی چیە و بەختەوەری نەتەوە لە ناو توێی چ رێژیمێك دا دابین دەبێ؟ بەداخەوە لە سەردەمی رەشی پەنجا ساڵەی حکومەتی سەرەڕۆیی خانەدانی پەهلەوی بە سانسۆڕی توند بڵاوکراوەکان دەبوونە بەربەست بۆ چاپ بوونی کتێبە باشەکان و گۆڤارە بەسوود و رۆشنگەریەکان و لە بنەڕەت دا لە بڵاوبوونەوە و پەرەگرتنی کولتوور لە ناو کۆمەڵانی خەڵك دا دەترسان. لە ئاکام دا زیاتر لە نەوەد لە سەدی خەڵك نەخوێندەوار مانەوەو ئەوە تەنیا هۆی هەژاری و دواکەوتووییمانە. تەنیا پەرەپێدان و بڵاوبوونەوەی کولتوور و روونکردنەوەی زەین و بیری منالان و مێرمنالانە کە فێریان دەکا ئێرانی خۆشەویست  ماڵ و مڵکی نەتەوەیی خۆشەویستی ئێرانە، کە تا هەنووکە بە پشتیوانی و بە زۆری سەرە نێزەی رێژیمە خوێنخۆر و خۆویستەکان بۆتە هۆی تالانکاری و دزینی وڵاتانی داگیرکەری رۆژئاوا و تەنیا تۆرەمەیەکی روون و بەئابڕوو

و ئاشنا لە گەڵ بنچینەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی واقیع و راستی بینانە دەتوانێ بیکاتە خاوەنی بێ ئەملا و لا و و بێگومانی وڵات و نیشتیمانی پڕ خێر و بەرەکەتی خۆی. زانست و تێگەیشتن چارەسەری هەر ژانە کۆن و نوێیەکانی ئێمەیە.

ئەگەر بەڕاستی وەرگێڕ و نووسەرانی ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵان بیانهەوێ خزمەت بە شۆڕش بکەن دەبێ هەرچی زیاتر لە روون کردنەوەی زەین و بیری منداڵان و مێرمنداڵان و ئاشناکردنیان بە راستی‌یەکانی ژیانی جیهانی شارستانی‌یەت و هەوڵ بدەن و بنچینەی پێویست بۆ سەربەخۆیی راستەقینەی وڵات کە لە پلەی یەکەم دا ئابووری خۆماڵی و خۆدابینکاری و زانست و زانیاری و تێکنیکی خود دابینکەری‌یە بانگەواز بکەن، رازاندنەوەی بیرو هزری لاوان و منداڵان، لە خۆرافات و لێڵی‌یەکان و دەمارگرژی‌یەکانی چینایەتی خزمەتێکی پێویست و بەنرخە کە تەنیا لە دەستی نووسەران و وەرگێڕەکان دێ و چەمکی ئەوانیش جگە لە پێنووسەکەیان هیچ شتێك نیە.

- بەرهەمی نووسەران و هوونەرمەندانی ئێرانی لەم سی ساڵەی دوایی‌دا تا چ رادەیەك لە ژێر تەشەنە و کاریگەری کولتووری وەرگێڕان دا بووە؟

- لێتان ناشارمەوە، بەو پەڕی شەرمەزاری‌یەوە دانی پێدا دێنم کە وەك پەندی بە ناوبانگی لێهاتووە کە دەڵێ "ماڵ لە خانەخوێ حەرامە"(کوزەگر از کوزە شکستە خورد آب"، بەداخەوە دەرفەتێکی زۆرم بۆ خوێندنەوەی نووسینە پەخشانی‌یەکان و بە تایبەتی شێعری نووسەران و شاعیرانی ئێرانیم نەبووە و لەوەڕا کە خۆم زیاتر "کتێب بەرهەم هێنەرم تا کتێب خوێن، زۆربەی کاتەکان بەرهەمە ئەدەبی یا لێکۆڵینەوەیی‌یەکانی نووسەرانی بیانی دەخوێنمەوە بۆ ئەوەی لە ئەوەی لە نێوانیان دا بەسوود و بەنرخ بە پێوەرگەلێك کە تایبەت بە خۆمە بۆ وەرگێڕانی هەڵدەبژێرم و زۆر جار زیاتر لە بیست، سی بەرگ کتێبی پێشنیارکراو یا نەکراو دەخوێنمەوە تا یەك، دوویەکیان هەڵدەبژێرم و دەیانکەمە مایەی کاری خۆم. لە گەڵ ئەوەدا، دەبێ بڵێم ژمارەیەکی کەمم لە بەرهەمەکانی نووسەران و شاعیرانی خۆمان خوێندۆتەوە، هەر لەم ژمارە کەمەشدا کاریگەری‌یەکی زۆرم لە کولتووری وەرگێڕان بنیوە. شك لەوەدا نیە کە ئێمە ماوەیەکی زیاتر لە شۆڕشی مەشرووتە ملۆچنی

کولتووری نـوێی ڕۆژئـاوا بـووین و هێسـتاش هـەین، و وێـڕای تەئیـدی خزمـەتێکی مـەزن کـە وەرگێڕەکانی وڵات لە سەرووی مەشرووتەوە تا هەنووکە بۆ بە پێز کردن و دەوڵەمەند کردنی کولتووری لە ڕێگای وەرگێڕانی بەرهەمە بیانیەکانەوە کردوویانە و هەر دەیکـەن، بێگومـان ناکرێ کاریگەری کولتووری وەرگێڕان بەرهەمەکانی نووسـەران و هونەرمەنـدانی خۆمـان، بـە تایبەتی لەم سی ساڵەی دواییدا ڕەت بکەینەوە.

- لە هەل و مەرجی ئێستادا پێداویستیە کولتووریەکانمان — لە ڕێگـای وەرگێڕانـەوە— کامانەن؟

- ئەگەر بمانهەوێ بە ڕووانگەیەکی گشتی لەم بابەتە بڕوانین دەبـێ قایـل بـە هـەڵاوارتنم بین" پێداویستیەکانی ئێمە لە ڕێگای کولتووری وەرگێڕانەوە سەرەتای پێویستیە قاییم و لێبڕاوەکانی ڕاهێنانە کە وەگێڕەکان و مامۆستایانی شـارەزا بـە پیشـەکانی تایبـەتی وەکـو پزیشکی و یاسایی و فەلسەفی و کۆمەڵناسـی و هونـەری و ئـابووری و هتـد خـەریك دەبـن و قوتابیا و خوێندکاران و خوازیارانی زانست و هونەر کەڵك لەو وەرگێڕانانە وەدەگرن، من لـەم بوارانەدا، جگە لە بوواری یاسایی کە خوێندنی خۆم لەودا تەواو کردووە لێهـاتووییم نیـە، لـە بوارەش دا بێ پەردە دەیلێم، بە هۆی هۆگر بوونی بە وەرگێڕانیدەر، ئەم وەرگێڕانانە لایەن و ڕەهەندی هونەری نیە و بە تەواوی ڕاهێنەری و "کلاسیك"ین و تازە دیاریش کە هـەموویان لە گەڵ پێویستیە ڕاستەقینەکان وڵاتەکـەمان، بـە سـەرنج دان بـە بـارودۆخی مێـژوویی و جوگرافیایی و داب و نەریت و تایبەتمەندیە هزری و کولتووری و فەرهەنکی نەتەوەکـەمان، یەکتر بخوێننەوە، لەوەگـەڕێین دەگەینـە پێداویسـتیە هـزری و کۆمەڵایـەتیکان کـە دەبـێ ئەوە لـە ڕێگـای وەرگێـڕان بەرهەمـە ئـەدەبی و هونەریـەکان بـە واتـای گشـتی سیاسـی و کۆمەڵایەتی وەدەست بێن، مـن شـانازی بـەوەوە دەکـەم کـە لـە مـاوەی سـی سـاڵ کـاری وەرگێڕان دا کە گرتوومەتە بـەر بەرهەمگـەلێك کـە هەڵبـژاردوون وەرمگێـڕاون و خسـتوومەنە بەردەسـت، پـێم وایـە تـا ڕادەیـەك پێوەنـدی و ڕاوەسـتاو بـۆ ئـەم پێویسـتیە ڕەسـەنەی نەتەوەکەمە و لە کاری دابینکردنی ئەو بە پێـی شـیمانەو دەرەتـان و هـەروەها خـۆم هـەوڵم

داوه، ئەوەی کە دەڵێم بە پێی شیمانە و دەرەتان، چونکە بەداخەوە لێوار و قەراخی تیژی تیغی سانسۆڕ هەمیشە روویان لەم جۆرە وەرگێڕانانە بووە.

*تۆ بە وەرگێڕانی کارە جۆراوجۆرەکان لە بیرمەندان و نووسەرەکان، لە گەڵ بیر و بۆچوونی جۆراوجۆر ئاشنای، پێت وایە ئەمڕۆکە چۆن دەتوانین کەشێکی کولتووری بئافرێنین کە بە سانایی لەو فرە رەنگی‌یەی بیرو بۆچوونەکان دا درووست ببێ و وەرگێڕدرێ؟

* هەل و مەرجی بنەڕەتی هەر کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێمۆکرات ئەوەیە کە لەو بیرو بۆچوونی جۆراوجۆرەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دا دەرەتانی تەشەنە و ئاشکرابوونی هەبێ وبە بێ دژایەتی کردن لە گەڵ بیرو بۆچوونی تایبەتی و سوونەتی خەڵکی ناوچە بکەونە بەرباس و تاقیکاری. هەر چەندە ئەم کارە بە باشترین شێوە لە رێگای وەرگێڕانی بەرهەمە جۆراوجۆرەکانی هزری و سیاسی لە بیرمەندان و نووسەرانی جۆراوجۆری دنیا دەکرێ ئەنجام بدرێ، بەڵام تا هەنووکە کە بە هۆی شۆڕشی بێ وێنەی خەڵکی وڵاتەکەمان ئەندامی دەزگای سەرەڕۆیی وەلەرزین هێناوە و زنجیری سانسۆڕ تا رادەیەك لە دەست و پێی بیروبۆچوون و گوتار و نووسراوەکان هەڵگیراوە و کراوەتەوە ئەم کەش و فەزا کولتووری‌یە تاڕادیەك کراوەتەوە و دەرتان پێك هاتووە.

لێرەدا شیکردنەوە ئەم خاڵە بە پێویست دەزانم کە بە قسەی یەکێك لە هاوڕێیانی زانام ماوەیەکی زۆرە لە ناو خاوەن راوبۆچوونەکان دا باسێك بەم ناوە دەبیسرێ کە لە لێکۆڵینەوە و پێداچوونەوەکانی و شیتەڵ کردنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و تەنانەت زانستی‌یەکان دەبێ تایبەت سەرنج بە پێوەرەکان و نموونە ئێرانی‌یەکان بدرێ و خۆ لە بەتەواوی لاساییکردنەوەی رێچکە هزری و رۆژئاوا دووری بکرێ. بە پێی ئەم بنچینەیە دەبێ گەڕان و تۆژینەوەی راستەوخۆ لە کولتووری ئێرانی بۆ داڕشتن و کۆکردنەوەی نووسین و لێکۆڵینەوەکان زیاتر پەرە بگرێ. روو لە کاری وەرگێڕان کردنیش بە جۆرێك هاسانکاری دەزانن و دەڵێن ئاغای پێنووس لەم رێگایەوە بە تەحەموول کردنی زەحمەتی فکری دەیانهەوێ روونکردنەوی هزری خەڵکی وەدەست بێنن. رەنگە تاڕادەیەك ئەم رایە درووست بێ بەڵام ئەو وەبیرهێنانەوەیە بە پێویست دەزانم کە لە بنەڕەت دا لە پانتایی کولتووری

مرۆڤایەتیدا — مەبەستم لە کولتوور بە واتای گشتییەکەیەتی — دوو دژایەتی بەرچاو هەیە کە دەکرێ ئەو بە بنەڕەت و پاژێکی کولتووری پێناسە بکرێ.

بنچینە کولتوورییەکانی مرۆڤایەتی ئەوانەن کە زات و دەروونی مرۆڤ بێ لەبەچاوگرتنی رەگەز و نەتەوەیی و ئایین بەرەو ئەوان مەیل و حەزیان هەیە. چەمکگەلێکی وەك مرۆڤدۆستی و دادوەری و ئازادیخوازی و رێزدانان بۆ مافی مرۆڤ و... لەم شێوەیەن، بەڵام پاژی کولتووری مرۆڤایەتی فێربوونەکان و بیروراکان و بە شێوەی گشتی رێساگەلێکە کە هەر نەتەوەیەك بە سەرنجدان بە تایبەتمەندیگەلێك کە لە بارودۆخی دەور و بەر و شوێنی ژیان و شێوەی پێوەندی کۆمەڵایەتییەکەی مایە دەگرێ، وەکو نموونەگەلێکی تایبەتی لە رێگا و شێوەی ژیان بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ.

ئێستا ئەگەر لە ناو ئەو بەرهەمگەلە کولتووریانەی کە لە سەرانسەری جیهان دا بڵاودەبنەوە، گەلێك کتێب هەیە کە مایەکانی هزری نووسەرانی ئەوان کاریگەری ئەم بنچینە کولتووریيانەیان لە سەرە، دیاریکردنی سنووری جوغرافیایی و رەگەزی بۆ ئەوانە درووست ینە، چونکە ئەم جۆرە شتانە ئی هەموو مرۆڤەکانە و هەموو خەڵکی لە بەرامبەر ئەوانەدا دژکردەوەی نیگەرانی تاڕادەیەك یەکسان نیشان دەدەن.لە هەر رۆژنامە یا گۆڤارێك یا کتێبێك دا چارەنووسی نەتەوەی ڤیتنام نووسرابێ خەڵك بە هۆگرییەوە خوێندوویاننەوە و کاتێك تووشی یەکتر دەبن بە تامەزرۆییەوە چیرۆکەکانی بەسۆز و چێژ و بە گڕ و تینی ئەو نەتەوانە بۆ یەکتر دەگێڕنەوە. هەرووەها هەر ئێستاش کە بەسەرهاتە خەمناك و پڕلە ناسۆرەکانی لە رەوتی شۆڕشی رەسەنی نەتەوەکەمان دا روو دەدەن، هەموو دنیا بە سۆز و ئۆگرییەکی تایبەتییەوە بە دوای هەموویان دا دەچن. لە کتێبی "قوربانی"دا کە من وەرمگێڕاوە تۆ هەست بە ئازار و رەنجێکی گەورەی نەتەوە شەڕلێدراوەکان تەنانەت ئەگەر خودی کەسایەتی ئەم گۆڕەپانە نەبووی بە هەموو لایەن و رەهەندە تۆقێنەرەکانی دەکەی، چونکە ژانی هەموو مرۆڤەکانە. لە "نان و شەڕاب" دا، "مەسیحی دووبارە لە خاچ دراو" و بەرهەمەکانی دیکەش دا تۆ دوو خۆڕاگری و بوێری کۆمەڵێك مرۆڤ کە بەسەرهاتە خەمناك و لە هەمان کات دا حەماسی خولقێنەرەکانیان لە دەڤەرێکی دیکەدا روو دەدات دەبینی بەڵام

له گەڵ هەموو پاڵەوانەکان دا، دەڵێی لە هەر کامێکیان دا لە گەڵیان جووڵاوی و سەبارەت بە مەزنی کارو ئەندێشەیان هەست بە ڕێزلێنان دەکەی. بە پێی ئەوەی گوتمان پێکهێنانی کەشێکی کولتووری تایبەتی کە لەوێدا بیرو را و بیرۆکەی جۆراجۆر بەڕاستی گۆڕەپانی پەرەسەندن و خۆنواندنیان هەبێ بە تەواوی لە بارمتەی سەرکەوتنی دواجار شۆڕشی رەسەنی ئێران دایە کە بارگەو بنەی دیکتاتۆری و سانسۆڕ و خەفەقانی فیکری لە نێوبەرێ و ڕێگا بۆ خۆنواندنی هەموو بیرۆکە و هزرە جۆراوجۆرەکان بکاتەوە.

- بە ئاشنایی‌یەك کە لە سەر کولتووری جیهان و کاریگەری کولتوور لە کۆمەڵگا هەتە پێت وایە بۆ رەوت پێدانی ئەم شۆڕشەی دوایی ئێران (١٣٥٧) لە رەوەندی دروستی کولتووری ئێران — لە پێوەندی لە گەڵ کولتوورێك کە لە کولتووری جیهانەوە وەرمان گرتووە — تا چ رادەیەك کاریگەردارە؟

*ئەگەر بە دروستی لە مەبەستی پرسیارەکەی تۆ تێگەیشتبم مەبەستت ئەوەیە کە کولتووری ئێرانی لە پێوەندی‌یەك کە لە گەڵ کولتووری جیهان هەیەتی تا چ رادەیەك دەتوانێ لە خستنەناوەوەی شۆڕشی ئێران بۆ رەوەندێکی دروست کاریگەری هەبێ. بەڕای من وڵام دانەوە بەم پرسیارە زۆر ئەستەمە و پێویستی بە خوێندنەوەو شۆڕبوونەوەو وردبوونەوە لە زانستی کۆمەڵناسی‌یە، بەڵام بە گشتی دەکرێ بوترێ کە لە بنەڕەتدا هیچ شۆڕشێك بە بێ‌ڵا مایەگرتن لە کولتووری نەتەوەیی ناتوانێ سەرکەوتن و کامەرانی وەدەست بێنێ. بە گشتی هەموو شۆڕشێك دوو قۆناغی دیار و جیاوازی هەیە کە دەبێ بە وردی لە یەکتری جیابکرێنەوە. قۆناغی یەکەم: وێران کردن و رووخاندنی بینای کۆنە و شێواندنی دەزگای رزیوی سەرەڕۆیی‌یە، دووهەم: دروستکردنی بینایەکی نوێیە لە سەر بنەمای ئازادی و یەکسانی و پاراستنی مافی تاکەکانی نەتەوە و بەڕێوەبردنی دروستی هەر دوو ئەم قۆناغە جگە لە ڕێنوێنی کردنی کولتووری کردەیی و وەدینایەت. کولتووری ئێمە بە کەڵك وەرگرتنەکانی خۆی پەی بە کولتووری جیهانی بە چەمك و واتاگەلی دروستی ئازاد و دێمۆکراسی و مافی مرۆڤ و هتد برد و هەر ئەم چەمکانە بوون کە تۆوی شۆڕشی مەشرووتی‌یەتیان لە وڵاتەکەمان دا چاند و پێیانگەیاند و بە بەهرە و بەرداری گەیاندو ئەگەر

ئافەت لێی نادابایە ئەمڕۆکە ئێمە وڵاتێکی لە هەموو بوارێکەوە ئازاد و ئاوەدان و بێ وێنەمان دەبوو. ئێستاکە جارێکیتر شۆڕشێکی گەورەتر و مەزنتر لە شۆڕشی مەشرووتیەت بۆ لە بنج و بناوان و ریشەدەرکێشانی رووەکە خراپەکانی سەرەڕۆیی و گەندەڵی هەوڵ دەدا و بەرەو ئەوە دەڕوات کە ئەم گوڵستانە بژیێنێت. ئاشکرایە کە لە ژێر سێبەری رێنوێنیە کولتووریەکانی مرۆڤایەتی جیهانی کە خاونیانە دەتوانێ بەرێنوێنی دروستی خەباتگێڕانی شۆڕش و پێویستی ئەوان بۆ پاراستنی یەکێتی بیروڕا و یەکێتی وشەی شۆڕش لە رەوتێکی دروست دا بەرەو پێش ببات و وڵات بۆ گوڵستانی ئازادی و سەربەخۆیی راستەقینە و لە ئافەت و رووەك و گیای رزیو خاوێنکراو بگەیەنێت.

* بیرمەندێکی ئێستایی لە هەل و مەرج و بارودۆخێکی ئەوتۆدا بە چ ئاقار و رەوتێکی رامانی و هزریەك دا دەتوانێ لە گەڵ کۆمەڵگا پێوەندی بگرێ؟

*پێوەندی بیرمەندێك لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا لە گەڵ کۆمەڵگادا زۆر حەستەمە و لە شۆڕشێکی مەزن دا کە ئێستا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی سەرکەوتن دایە — و هیوادارم بە گەشبینی و جوان و باش تێڕامانی خۆڕاگرانی رەسەن و تێگەیشتوو تا دوایین سەرکەوتن رێبەری بکرێ — بێگومان جیاوازی بیرو بۆچون هەیە. بەو حاڵە هەمووان لە مەبەستێکی دوایین و کۆتایی کە رووخانی بنچینەی دیکتاتۆری و رزگاری نەتەوە لە بەستراوەیی و پێوەندیدرای داگیرکەری دەرەوەیی و داگیرکراوی نێوخۆییە، یەکێتی بیرو رایان هەیە. هزرڤان و بیرمەندی راستەقینە کەسێکە کە خۆڕاگران رێنوێنی بکا بۆ ئەوەی لە پاراستنی ئەم یەکێتی دەنگە و وشەیە تێبکۆشن و تەنانەت ئەگەر سازگەلێکی جیاواز و دژ بەوە لە ناوچەی کۆمەڵێك دەمارگرژی توێژی کەببیستن، لە سەرەخۆیی خۆیان لە دەست نەدەن و ئەوان گوێی نەدەنێ و بە رێنوێنیە روونبینیەکانی خۆیان، ئەوان لە مەترسی بنەڕەتی ئاگادار بکەنەوە و لە بەڵا و چۆرتمی قەرەبوو نەکراوی دوو بەرەکی و دوو دەستەیی بە سەبر و تاقەت و لە سەرەخۆییەوە لەوان تێبگەیەنن.

*کەی دەست بۆ وەرگێڕان دەبەی؟

* کاتێك کە دەژیم و چونکە زیندووم کەواتە وەرگێڕان دەکەم. بەڵام لە هەڵبژاردنی کتێب دا دەبێ ئەگەر دەست بۆ کاری وەرگێڕانی کتێبێك دەبەم، سەرەتا خۆم رازی دەکەم. بمبوورە، ئەم قسەیە خۆویستی نیە، بەڵام لەبەر ئەوە دەڵێم، زۆر کاری من تا ئێستا تەنیا پێشنیار و داواکاری نەبووە، هەمیشە خۆم پێشنیارم بە خۆم کردووە. پاشان هەوڵ دەدەم تا ئەو جێگایەی بۆم دەکرێ و دەتوانم بە پێی توانا ئەوە بۆ کەسانیتر بگوازمەوە. بۆ هەموو ئەو مرۆڤە باشانە، مرۆڤە تێگەیشتووەکان و مرۆڤە ئازادەکان کە دەیانهەوێ دەلاقەیەك لەو بێ ئەژمار دەلاقەگەلە نەناسراوەیان بەڕوودا بکرێتەوە.

ئێستا تا چ رادەیەك سەرکەوتوو بووم، خۆشم نازانم، دادوەرییەکە بە کەسانیترە. ئەوانەی کە کارەکانمیان خوێندوونەتەوە، بە هەر حاڵ لە کاری وەرگێڕان دا دەبێ رۆحی کۆمەڵگا و پێویستی کۆمەڵگا بناسرێ، واتە روانگەی کۆمەڵگای پێویست چ پەیامێکە. تەنانەت هێزی وەرگرتنی کۆمەڵگاش دەبێ لە بەرچاو بگیردرێ، واتە دەبێ تێبکۆشرێ کە رۆشنگەر بێ، دەبێ راستییەکانی ژیان و رێگا و شێوازەکانی مرۆڤایەتی بناسرێ. دووبارە پێی لە سەر دادەگرمەوە دەبێ لە کاری وەرگێڕان دا خۆش بیر و باش ئەندێش و دەروەست بێ و پێویستییەکانی کۆمەڵگا بناسرێ، نابێ وەرگێڕان بە هۆی پیشەیی بوونی قەبووڵ بکرێ، دەبێ پشتیوانی بنەڕەتی کاری وەرگێڕ بڕوابەخۆبوون بە کارەکەی، بە هەڵبژاردنی،بە وەرگێڕانەکەی، وەرگێڕانێك بە ئەمانەتداری بێ.

*ئایا تا ئێستا لە کاتی وەرگێڕان دا دڵساردبوویەوە؟ واتە وەرگێڕانەکەت بە نیوەچڵی بە جێ هێشتبێت و خەریکی وەرگێڕانێکی دیکە بووبێ.

* لەم بارەیەوە دوو بیرەوەریم هەیە کە دەیانگێڕمەوە: بیرەوەری یەکەم ئەوەیە کە کتێبی "رووخانی پاریس" نووسینی ئیلیا ئیرنبوورگ نووسەری نێودار و گەورەی سۆڤیەتە کە لە کاتی شەڕی جیهانی دووهەم دا لە چاپی داوە و لەوێدا بارودۆخی نارێك و پێك و بێخایەی دەسەڵاتدارانی وڵاتی فەڕانسەی بە شێوەیەکی زۆر سەیر و سەمەرە خستۆتە بەرباس و بەو ئەنجامە گەیشتووە کە پتر بە هۆی هەمان بێ سەرەو بەرەییەی وڵات و نالێهاتوویی و نازانم کارییەکانی دەسەڵاتداران بوو کە هیتلەر، پاریس، پێتەختی فەڕانسە،ی گرت و

فەڕانسە مەجبوور بوو لە "ویشی" یەکێك لە شارۆچکەکانی باشووری وڵاتانی خۆی دەوڵەتێکی لە ژێر چاوەدێری ئاڵمانییەکان پێك بێنێ و ماوەی بەردەستی و فەرمانبەری لە دوژمن بکوژێ.من وەرگێڕانی ئەم کتێبەم لە سەر پێشنیاری هاوڕێی خۆشەویستی خۆم بەڕێز ئالی رەسووڵی بەرپرسی پێشووی چاپەمەنی نیل و بەرپرسی ئێستای چاپەمەنی زەمان وەئەستۆ گرت و لە نیوەی کاری ورەگێڕان دا بووم کە یەکێك لە هاوڕێیانم رۆژێك هاتە سەردانم و کاتێك زانی خەریکی کاری وەرگێڕانی "رووخانی پاریس"م پێی وتم زەحمەتی بێسوود دەکێشم، چونکە ئەم کتێبە پێشتر لە لایەن خوالێخۆشبوو زەبیحوڵڵا مەنسووری‌یەوە وەرگێڕدراوە. لە کارەکەم دڵسارد بوومەوە و خەریك بوو وەرگێڕانی ئەوی دیکەی کتێبەکە وەلایەك بنێم، بەڵام هەر ئەو هاوڕێیە پێی کوتم کە وەرگێڕانەکەی خوالێخۆشبوو مەنسووری هەیە و ئامادەیە بۆم بێنێ بۆ ئەوەی نم چاوی لێبکەم و بزانم بەڕاستی ئەگەر وەرگێڕانێکی باش و کامڵ و تێر و تەسەلە ئیدی زۆر زەحمەتێکی نەکێشم و خەریکی کارێکی بەسوودیتر بم.

کاتێك هاوڕێیە کتێبی "رووخانی پاریس"ی وەرگێڕانی ئاغای مەنسووری بۆ هێنام، چاوم لێکرد ئەو خوالێخۆشبووە کتێبێکی ٨٠٠ لاپەڕەیی لە توێی دوو سەد لاپەڕەدا وەرگێڕاوە و سەرەڕای ئەوەش هەموو پەڕاوێزەکانیشی لە خودی دەقەکە داهێناوە. کاتێك بینیم کە ئەو کتێبە تەنیا کورتکراوەیەکی کتێبەکەیە و حەیفە کتێبەکە بە شێوەی کامڵی نەگاتە بەردەستی خوێنەرانی فارسی زمان، هەر بەو سۆز و ئۆگری‌یەوە کە پێشتر هەمبوو درێژەم بە کارەکەی خۆم دا. بە پێی لێکۆڵینەوەیەك کە کردم ئیلیائێرنبورگ نووسەری گەورە، نووسینی ئەم رۆمانە گەورە مێژوویی‌یەی لە مانگی ئوتی ١٩٤٠ دا دەسپێکردووە و لە مانگی ژووئیەی ١٩٤١دا کۆتایی پێهێناوە (بەرامبەر بە گەلاوێژی ١٣٢٠ تا پووشپەڕی ١٣٢١)، منیش وەرگێڕانیم لە دوازدەی خەرمانانی ١٣٦٥ دەستپێکرد و لە ٢٩ی جۆزەردانی ١٣٦٦ کۆتایی پێهێنا، پاشان هەر بە هۆی هەمان چاپەمەنی "زەمان"ەوە لە چاپ درا. دووهەمین بیرەوەری سەبارەت بە کتێبی "زۆربای یۆنانی" یە. هێشتا پارێك نەچووبوومە پێش کە تووشی وەرگێڕانێکی زۆربا بە شێوەی کتێبی گیرفانی بووم، هەر ئەم رووبەڕووبوونەوەیە

منی له کارەکـەمی دڵسـارد کردمـەوە. وەرگێڕانەکـەم وەرگـرت و خوێندمـەوە و بـۆ ئـەوەی مەبەستی رەخنە و عەیب و ئیراد گرتنم لە کاری وەرگێڕی بەڕێز هەبێ دیتم بەداخەوە دەق و پەخشانی کتێبەکە وردەکاری‌یەکانی زمانی شیرینی فارسی تێدا نیە و بە هیچ شـێوەیەك لـە گەڵ زاتی گەش و شاد و سەماکەرانەی پاڵەوانێکی وەك زۆربا یۆنانی و لە گەڵ دەقـی رەوان و روون و سـەماکەرانەی نووسـەری کتێبەکـە گونجـاو نیـە. بەهـەرحاڵ مـەجبوور وەرگێڕانـی زۆربـام وەلانـا و خـەریکی وەرگێڕانـی "ئـازادی یـا مـەرگ" و دواتـر وەرگێڕانـی "مەسـیحی دووبارە لە خاچ دراو" بووم.

لـەو ماوەیـەدا چـاپێکی نـوێی دیکـە لـە هـەمان وەرگێڕانـی گیرفـانی زۆربـا و وەرگێڕانێکـی دیکەش لەو کتێبە لە لایەن وەرگێڕێکەوە بە ناوی بەڕێز مۆساحیب چاپ بوو و بە یـەکجاری منی لە وەرگێڕانی زۆربا پەژیوان کردەوە.

*ئایا تا ئێستا کاری پێداچوونەوەشت کردووە؟

* هـاوڕێ و هاوکـاری خۆشەویسـتم خوالێخۆشـبوو بـەڕێز رەزا عـەقیلی کـە لـە کـاری وەرگێڕانیش دا دەسـتێکی هـەبوو گۆیـا بـۆ وەرگێڕانـی بەرهەمـە بیانی‌یـەکان بـۆ رۆژنامـەی "کەیهان" بانگهێشت کرابوو بەو مەبەستە کە کتێبێك وەرگێڕێ. وادیاربوو بەڕێز عـەقیلی لـە ماوەیـەك لەمەوبـەرەوە خـەریکی وەرگێڕانـی "مـادام بـواری" بەرهـەمی گوسـتاو فلـوبێر نووسەری نێوداری فەڕانسەیی بووە، پێشنیار بە رۆژنامەی کەیهان دەکا کە هەمان وەرگێڕان وەکو بەرهەمی مانگانەی لە چاپ بدات. رۆژنامەی کەیهان ئەم پێشنیارە قـەبووڵ دەکـا، بـە مـەرجێك یـەکێك لـە وەرگێـڕە بـە ناوبانگـەکان بـە وەرگێڕانەکـەی دا بچـێتەوە. لـەوەڕا کـە خوالێخۆشـبوو عـەقیلی لـە گـەڵ مـن زۆر هـاوڕێ و تێکـەڵاوبوو لـە کـەیهان دەپرسـێ ئایـا پێداچـوونەوەی محەممـەدی قـازی قـەبووڵ دەکـەن؟ کـەیهان وڵامـی ئـەرێ دەداتـەوە و خوالێخۆشبوو عەقیلی کتێبەکەی بە وەرگێڕانەوە دا بە من بۆ ئەوەی مەبەستەکەی بۆ وەدی بێنم.

کاتێـك خـەریکی بـەراورد کردنـی وەرگێڕانەکـە لـە گـەڵ دەقـی سـەرەکی کتێبەکـە بـووم تێگەیشتم کە وەرگێڕانەکەی ئەم هاوڕێیەمان وەرگێڕانێکی درووست نیە، بەڵکو وەرگێڕانێکی

ئازادە و دەستم لە درێژەی کارەکە بە هۆی سەرقاڵی و گیرو گرفتی زۆر هەڵگرت. خودی بەڕێز عەقیلی پێشنیاری کرد کە ئەگەر من وەرگێڕانەکە لە شێوەی ئازادەوە بە شێوەی وەرگێڕانی درووست و ورد لێبکەم کە بە ناوی هەردووکمانەوە چاپ ببێ" و هەر کە ئەم پێشنیارەی بە رۆژنامەی "کەیهان"یش کرد لەوەڕا کە من وەرگێڕانی پێشنیاری خودی "کەیهان" واتە "کاتژمێر بیست و پێنج"م قەبووڵ نەکردبوو و کەیهان پێی خۆش بوو کە لە بەرهەمەکانی بڵاڤۆکە مانگانەکەی دا ناوێکیشی لە من هەبێ بەو پەڕی ئۆگرییەوە قەبووڵی کرد. بەشایەتی مامۆستا دوکتۆر ئەبولحەسەنی نەجەفی وەرگێڕی نێودار لە راستی دا لە سەرەتاوە تات کۆتایی دووبارە وەرمگێڕایەوە و چاپی یەکەمی ئەو لە مانگی پووشپەڕی ١٣٤١ لە لایەن "کتێبی کەیهان"ەوە لە چاپ درا و ئێستاش کە چوارەمین جارە چاپ دەبێتەوە، هەر وا بەردەوام بە ناوی من و ئەو خوالێخۆشبووەیە.

سەبارەت بە پێداچوونەوەی کتێبەکان خۆشم بیرەوەرییەکی خۆش و شیاوی بیستنم هەیە و ئەویش ئەوەیە کە "لە سەرەتاکانی ساڵی ١٣٥٣دا کە ناوەندی پەروەردەیی هزری منداڵان و لاوان کارم دەکرد، هاوڕێی زاناو وەرگێڕی بەتوانام، بەڕێز ئاغای دوکتۆر ئەبولحەسەنی نەجەفی سەردەمی خوێندنی خۆی لە فەڕانسە تەواو کردبوو و گەڕابۆوە تاران و لە دامەزراوی چاپەمەنی فرانکلین لە پۆستی وەرگێڕ و پێداچوونەوە(ویراستار)دا کاری دەکرد. لەوەڕا کە لە ساڵەکانی سەرەتایی چل لە کۆمپانیای بیانی کامپساکس لە پۆستی وەرگێڕی ئەو دامەزراوەیەدا لە گەڵ یەکتر کارمان دەکرد، هێستاش ئەو خۆشەویستی و ڕێزەی جارانی خۆی سەبارەت بە من هەبوو و لە بیری نەکردبووم. ئەو کات کتێبی "مالویل" نووسینی رۆبێر مێرل نووسەری بەناوبانگی فەڕانسەیی بە من دا و هانیدام کە بۆ دامەزراوی فرانکلینی وەرگێڕم.

کتێبەکەم خوێندەوە، نەتەنیا پەسندم کرد بەڵکو زۆریشم چێژ لێ وەرگرت و هەر لەو کاتەوە دەستم بە وەرگێڕانی کرد. کتێبەکە ئەستوورایییەکی نزیك بە حەوت سەد لاپەڕەی هەبوو و وەرگێڕانەکەی لە سەرەتاکانی ١٣٥٤ دا لە بەرەبەری تەواو بوون دا بوو کە دەرکەوت من تووشی نەخۆشی شێرپەنجەی قوڕگ بووم. ماوەیەك بەر لەوە هەستم بە

ناڕاحـەتی قـوڕگ و گیرانـی دەنگـم دەکـرد بـەڵام بەداخـەوە پزیشـکەکان لـە تـاران بۆیـان دەرنەدەکەوت کە نەخۆشییەکەم چیە و زۆربەیان ئەوەیان بە "برونشیت" و سینگ ئێشـان دەزانی و هێندێکیان دەوا و دەرمان دەدامێ و پێیـان لـە سـەر ئـەوە دادەگـرت کـە جگـەرە نەکێشم و خۆ لە شتی دیکە بپارێزم.

خواردنی ئەو دەوادەرمانانە و تەرخی جگەرەش کاریگەری لە سەر بارودۆخی مـن نـەبوو. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەنگم زیاتر دەگیرا و هەموو ڕۆژێك زیاتر ناراحەت دەبووم تا دواجار دوکتۆر رەبووبی کە تازە لە ئەمریکا گەڕابۆوە دیاری کرد کە نەخۆشییەکەی من شێرپەنجەی قوڕگە و چونکە زۆریش چۆتە پێش و تاڵەکانی دەنگ و ڕێگای هەناسە کێشانیشـی گرتـووە باشـتر وایە بۆ نەشتەرگەری قورگ، هەرچی زووتر بچمە دەرەوەی وڵات. دوکتۆر پێشنیاری کردبـوو کە ناوی نەخۆشییەکە بە خۆم نەڵێن، نەوەك لە ترسی شێرپەنجە ورەم لـە دەسـت بـدەم و کار لە کار بترازێ، بەڵام لە ناردنی من بۆ دەرەوە پەلە و تاڵوکەی بکەن. لە گەڵ ئـەوەش دا بـە لێکۆڵینەوەیـەك کـە لـە لایـەن ناوەنـدی پـەروەردەیی فکرییـەوە لـە نەخۆشـخانەی "دەربار"یان کردبوو دەرکەوتبوو کە بـۆ نەشـتەرگەری شـێرپەنجەی قـوڕگ باشـترین شـوێن وڵاتی ئاڵمان و نەخۆشخانەی قوڕگ و گوێ و لووت لە شاری ماربوورگە.

بنەماڵە و ئیدارە هەردووکیان پێیان لە سەر ئەوە دادەگرت کـە هەرچـی زووتـر ئـەمن وەڕێ بخـەن و بمنێـرن، بـەڵام مـن ئێسـتاش پـەنجا شەسـت لاپەڕەیـەکم لـە وەرگێڕانـی کتێبـی "مالێویل"م مابۆوە، چونکە پێیان نەدەگوتم کە نەخۆشییەکەم شێرپەنجەیە پـێم دادەگـرت کە تا ئەو پەنجا، شەست لاپەڕەیەش تەواو نەکەم ناچمە هیچ شوێنێك.

قسەکەی من چووە سەر و پاش دانی تەواوی وەرگێڕان بەدامەزراوی چاپەمەنی فرانکلین لـە سەر خەرجی ناوەندی پەروەردیی بەرەو ئاڵمـان وەڕێ کـەوتم و لـەوێ نەشـتەرگەری قـورگم ئەنجام دا. گەڕانەوەم لـە ئاڵمـان بـە شـێوەی بـێ زمـانی لـە خـەرمانانی ١٣٥٤ بـوو. کاتێـك هاتمەوە چوومە دامەزراوەی چاپەمەنی فرانکلین تاکو هەواڵێك لە چاپی کتێبەکـەم وەرگـرم. پێیان گوتم کە ئێستاش سەرەی چاپی کتێبەکە نەهاتووە و ئێستا لە ژێر پێداچوونەوەدایە ! لێتان ناشارمەوە، بەم قسەیە ناڕاحـەت بـووم و قـەبووڵم نـەکرد کـە هـەر ناشـییەك لـە بـەر

ئەوەی کە کارەکەی پێداچوونەوەیە دەست لە وەرگێڕانەکەم وەربدات. کاتێك پرسیم کێ پێیدادەچێتەوە و ناوی دوکتۆر ئەبولحەسەنی نەجەفیم بیست نەتەنیا ناڕاحەتەت نەمام، زۆریش خۆشحاڵ بووم و دڵنیا بووم کە ئەگەر کارەکەم کەم و کوڕی و ئیرادێکیشی هەبێ بە پێداچوونەوی پیاوێکی زانا چارەسەر دەبێ. توانیم سەردانی دوکتۆر نەجەفی بکەم و لەمەڕ ئاکامی کارەکەم پرسیارم کرد. ئەو لە گەڵ ئەوەدا کە زۆری هاندام سوێندی خوارد کە هەر کاتێك لە کاری پێداچوونەوەی وەرگێڕانەکانی کەسانیتر ماندوو دەبێ بۆ نەهێشتنی ماندوویی و خۆوەگەڕ خستنەوە خەریکی خوێندنەوەی وەرگێڕانەکەی من دەبێ و چێژی لێ وەردەگرێت. هەڵبەتە لە گۆڕینی پێکهاتەی چوار، پێنج رستەیەك دا بیروڕای دەربڕی کە من یەك، دوویەکیانم قەبووڵکرد و وەرمگرتن و لە یەك، دوو دانەی دیکەدا شێوەی داڕشتنی خۆم پێ باشتر بوو و ئەویش لە گۆڕینیان دا پێداگریم نەکرد. یەك، هەڵەم لە وەرگێڕانەکەش دا هەبوو کە بە ڕێنوێنییەکانی ئەو راستکرانەوە".

- وەك دوایین پرسیار، دەمهەوێ ئەم مەسەلەیە بێنمە گۆڕێ کە یەکێك لە ئاواتەکانی تۆ ئەوەبوو کە لە بواری ئەدەبییات یا زمانی بیانی درێژە بە خوێندن بدەی بەڵام دەستی قەدەر و چارەنووس بووە لەمپەر، ئێستا ئەگەر تۆ لە جیاتی من خوێندکاری بەشی ئەدەبیاتی ئینگلیسی بووایە چیت دەکرد؟ بە چ ڕێگا و ئاقارێك دا دەڕۆیشتی؟

*بەڵێ، من ئاواتم ئەوەبوو کە درێژە بە خوێندنەکانم لە بەشی زمانی بیانی و ئەدەبییات دا بدەم بەڵام مامم نەیهێشت. ئێستاش ئەگەر وەکو تۆ لاوێکی بیست ساڵە و خوێندکاری زمان (ئینگلیسی) بوومایە، تێدەکۆشام فێری چەند زمانێکی زیندوو و بەسوودی دنیا وەك ئینگلیسی و فەڕانسەیی و ئاڵمانی و ئیتالیایی و رووسی و ئیسپانیایی ببم و لە زانایان و نووسەران و ئەدیبەکانی ئەو وڵاتانە بەرهەمگەلێکی باش و نێودارم دەکردە فارسی. تەنانەت ئەگەر دەرەتان و دەرفەتی بووایە بۆ فێربوونی زمانی ئەو وڵاتانە دەچوومە خودی ئەو وڵاتانە. رۆڵەگیان تۆش باش وایە ئەگەر ئۆگری ئەدەبییات و زمانی بیانی هەر ئەم کارە بکەی بە بەرنامەی ژیانی خۆت و تا دەتوانی بە دوایدا بچۆ، هیوادارم تۆش رۆژێك لە ریزی وەرگێڕە گەورەکان بیت و بە خزمەتێك کە لەم ڕێگایەوە بە کۆمەڵگاکەتی دەکەی بە خۆت

بنازی و شانازی بـه خۆتـەوە بکـەی و لـە نـاخی دڵـەوە ئـاواتی سـەرکەوتنت بـۆ دەخـوازم.

هیـوادارم پێشـنیار و ئەزموونـەکانی منـی چـووکە کردەیـی بکـەی بـۆ ئـەوەی وەرگێـڕان و کارەکانت بە سەرکەوتن و دڵخۆشی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بوونت بن.

٤

یەکیەتی

نووسەران

خۆشەویستان، خوشکان و برایان

هەڵی دەگرت کە منیش بەرنامەیەکی تایبەتیم بۆ قسە کردن لە گەڵ ئێوەدا هەبێ، بەڵام گەورە و سەروەرەکانم! بە لەبەرچاوگرتنی حاڵ و وەزعی مرخ و دەروونی من و بە سەرنجدان بەوەی کە ناتوانم قسەبکەم، لێم ببوورن و تەنیا بەوەندە رازی بن کە من چەند وشەیەك لەگەڵتان بدوێم و ئەویش — مریەم—ی کچم لە رووی نووسراوەکەمەوە بۆتان بخوێنێتەوە.

رەنگە کەم و زۆر ئاگادار بن کە من دوو ساڵ و نیو لەمەوبەر بە هۆی تووشبوون بە شێرپەنجەی قورگەوە لە ئاڵمان نەشتەرگەرییان بۆ کردم و چونکە دژێن و گرێی شێر پەنجەکە تاڕادەیەك گەورە ببوو، ژێیەکانی دەنگ و لوولە(بۆری)ی هەناسەکێشان و بەشێك لە لوولەی قورگمیان لابرد، بە شێوەیەك کە ئێستا ئیتر ناتوانم قسە بکەم و ناتوانم لە رێگای لووت و زارەوە هەناسە بکێشم و بۆ هەناسە هەڵکێشان کونێکیان لە قورگم دا درووست کردووە کە تا رادەیەك هەناسەکێشانی بۆ دژوار و ئەستەم کردووم.

گوێچکەشم هەر لە تافی لاوێتیەوە لە بەر چەند هۆیەك قورس بووە و هەنووکە باچ نابیستم، بەم شێوەیە هەم لە قسەکردن لە گەڵ ئێوە بە زمانی خۆم بێبەش بووم و هەم بیستنی قسەکانی ئێوەشم بۆ ئەستەمە. بەڵام شوکور بۆ خوا کە هێستاش دڵم بە یادی ئێوە لێدەدا، چاوم بە بینینی ئێوە روون دەبنەوە، مێشکم بۆ ئێوە بیردەکاتەوە و دەستم بۆ ئێوە دەنووسێ.

گریمان دەمتوانی قسە بکەم، لەوەڕا کە خۆم هێچکات وتار بێژێکی باش نەبووم و لە لایەکی دیکەوە وتەبێژانی خۆشەویست و زانای یەکیەتی بەم چەند شەوە لە بیرنەکراوەدا ئەوەی پێویست بوو کوتیان و دیسانەوە دەیڵێن، هێچیان بۆ من نەهێشتۆتەوە، کەواتە ئێوەی خۆشەویست سەبارەت بە بێ زمانی من هیچ شتێکتان لە دەست نەداوە کە بۆی بەداخ بن و سەیر ئەوەیە کە کاتێك پزیشکە نەشتەرگەرە ئاڵمانیەکە بەر لە نەشتەرگەری، ئاگاداری کردمەوە پاش نەشتەرگەری ئیدی قەت ناتوانم قسە بکەم، گوتم من پێویستیم بە زمان نیە، چونکە ئەو شوێنەی منی تێدام شوێنێکە وەك خوێندنگا یا نەخۆشخانە، و پاراستنی بێدەنگی یەکێك لە مەرجە سەرەکیەکانی مانەوە لەو شوێنەدایە.

بەڵێ، خاڵێك كە دەمویست بە ئێوەی خۆشەویستی بڵێم ئەوەیە كە هەر نەتەوەیەك هەر وەك دەزانن خاوەنی میتۆلۆژی یا وەك دەڵێن ئۆستوورەی تایبەت بە خۆیەتی و هەروەها باش دەزانن كە هەموو ئەو ئۆستوورانە ریشەیان لە ئەفسانە و فانتازیادایە و لە هەموویان دا باس لە خوا یا خواگەلێك دەكرێ كە لە بیرۆكەی خەڵكی ئەو نەتەوانەدا بە سەر چارەنووسی مرۆڤەكان دا زاڵن و هەڵگری مۆجیزە نوێنین بێ ئەوەی بەڕاستی هیچكات مۆجیزەیەكیان كردبێت یا كەسێك مۆجیزەی لێ بینیبن و بەڵام ئۆستوورەیەكی دیكەش هەیە كە تایبەت بە نەتەوە یا خێڵ یا رەگەزێكی دیاریكراو و تایبەت نیە، بەڵكو پێوەندی بە هەموو مرۆڤەكان لە هەموو تیرە و تایفە و خێڵێك و هەموو رەنگ و رەگەزێكەوەیە و بە واتایەكیرت ملكی هەموو جیهانی مرۆڤایەتییە.

ئەم ئۆستوورەیە، بە پێچەوانەی ئۆستوورە سەركەش و بەرزەكانی كۆن لە ئەفسانە و بیرۆكە و فانتازیایی نیە بەڵكو ریشەی لە راستییە دەرهەست و دەست هەستەكان دایە و هەر بۆیە ئۆستوورەیەكی زیندووە كە هیچ كات نامرێ و قەت كۆن نابێ.

بە پێی بنچینەی ئەم ئۆستوورەیە زانست و هونەر دوو خوای مەزنن كە زاڵن بە سەر هەموو شتە دیار (مادی)و نادیار(معنوی)یەكان و بوون و سەرمەستی و سەرخۆشی مرۆڤەكان لە خێر و بەرەكەتی بوونی ئەوانەوەیە. ئەم خوا گەورە و مەزنانە، بە پێچەوانەی خوا ئەفسانەیی و پێ وابووەكان، بێ ئەوەی هێچكات هەڵگری مۆجیزە نوێنیان كردبێ مۆجیزە دەنوێنن و شاكارەكان دەئافرێنن و پەیام و سەرووی خۆیان بە هۆی پێغەمبەرگەلێكی وەك زانایان و فەیلەسووفان و هونەرمەندان و داهێنەران و شاعیران و نووسەران و شێوەكاران و پەیكەرتاش و مۆسیقا زانانی گەورە بە دنیا رادەگەیەنن.

زاناگەلێكی وەك، ئێرشیمیدێش، فیساغوورس، زەكەریای رازی، ئەبووعەلی سینا، گالیلە، كۆپێرنیك، نیوتۆن، داروین و فەیلەسووفگەلێكی وەك سۆقرات، ئەفلاتوون، ئەرەستوو، فارابی، بیروونی، دێكارت، هێگل و ماركس، هونەرمەندانێكی وەك رافائێل، مایكل ئانیژ، بێتهوون، شوپێن، ئیشتراوس، چایكۆڤسكی و پیكاسۆ، شاعیران و نووسەرگەلێكی وەك خەیام، سەعدی، حافز، مەولانا، شكسپێر، دانتە، هۆگۆ، تۆلستۆی، چێخۆف، هێمینگۆی،

درایز، ئێسیلوونە و پابلۆ نێرۆدا و داهێنەرگەلێکی وەك گوتنبێرگ، گراهام بێڵ، مارکوونی، مادام کوری،ئێدیسۆن و لەم شێوەگەلە پێوەندیان بە نەتەوەیەکەوە نیە و ملکی نەتەوەیەك نین بەڵکو هی هەموو دنیا و مرۆڤایەتین. رازی ئەلکوولی تەنیا بۆ ئێرانیەکان نەدۆزیەوە، گوتێنێرگ تەنیا بۆ ئاڵمانیەکان چاپی دانەهێنا، سەعدی تەنیا لە گەڵ ئێمەی نەبوو کە وتی:

مرۆڤەکان ئەندامی جەستەیەکن (بنی آدم از اعضای یکدیگرند) مەبەستی پاستوور لە دۆزینەوەی میکرۆبەکان تەنیا دابینکردنی تەندرووستی و سلامەتی فەرانسەییەکان نەبوو و ئێدیسۆن کارەبای تەنیا بۆ ئەمریکاییەکان دانەهێنا، و دواجار فەلسەفەی خەیام و هێگل و لەم شێوانە تەنیا بۆ نەتەوەکانی خۆیان نیە بەڵکو دەربڕی راستیگەلێکە کە هەموو کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی لە خۆ دەگرێ، هەموو جیهان چێژ لە مۆسیقای بێتهۆن و ئێشتراوس پەیامی ئەو دوو خوا مەزنە واتە زانست و هونەرن. ئەم دوو خوا مەزنە لە هەموو دنیادا خاوەنی پەرستشگاگەلێکی زۆرن کە پیاوچاکان و خزمەتکاران و قوتابیەکانیان لە ئەوان دا خزمەت دەکەن و قوتابین. پەرستشگاگەلێك کە هیچ کات بێبایەخ نابن و دانابەزن و لە نرخ و مەزنایەتی ناکەون.

زانکۆکان، قوتابخانەکان، پەرەوەدەگاکانی زانستی و ناوەندە هونەریەکان هەموویان بە پەرستشگای ئەو خوا مەزنانە دەژمێردرێن و بێگومان ناوەندی نووسەرانی ئێرانیش یەکێك لە پەرستشگا بێ ئەژمارەکانی خوای هونەرە کە ئێستا ئێوە هەمووتان هاتوونەتە سەردان و زیارەتی، ئێوە کە شەپۆلێکی پڕخرۆشی دەریای گەورەی نەتەوەی ئێمەن.

من کە کەمترین خزمەتکاری ئەم پەرستگا پیرۆزەم، ئێستا بە دەڵێکی پڕ و لێوانڕێژ لە زەوق و خۆشەویستی و خۆشەویستی هاتوومە پێشوازیتان، بە چاوی پڕ لە فرمێسکی خۆشیەوە لە ئێوە دەڕوانم، بە زمانێك کە نیمە بەخێرهاتنتان پێ دەڵێم و سلاوتان لێدەکەم و بە لێوی سۆزگرتوو و لە ورووژا و دەستە گەرم و خۆشەویستانە و رووخسارە گەش و دلۆڤانەکانتان ماچ دەکەم.

سەرچاوە و ژێدەرەکان:

ئ: بابەت و وتووێژەکان:


١) نسل امروز، مجله گروه فرهنگی خوارزمی، جلد اول، دفتر اوّل، دفتر هفتم،آذر ماه ١٣٥١

٢) مردی سترگ از دیار ترجمه– مصاحبه با احمد گلشیری، پیك جوانان، دوره ششم، ١٥ اسفند ١٣٥٤، صص ٣٨و١٦–١٤.

٣) ترجمه مسئولیت بزرگ اجتماعی م. اسفندیار، کیهان، ١٣ آبان ١٣٥٥ش ٩٩٩٨،ص ١٧.

٤) وقتی که خورشیدی گرفت، روزنامه کیهان،٢٧ مهر ١٣٥٧ش ١٠٥٩٠، ص ١٢.

۵) بولتن کانون نویسندگان ایران، سخنرانی در انجمن ایران و آلمان، آبان ۱۳۵۷.
٦) دن کیشوت کمی نیست تراژیدی تلخ است – مصاحبه با احمد مهدوی، تهران نشر عطایی، چاپ دوم ۱۳۵۷، ص ۳۲–۱۱.
۷) انقلابی عظیم تر از مشروطیت، مجله آیندطان، ٢٤ بهمن ۱۳۵۷، ش ۳۲۸۸،س ۱۲، ص٦.
۸) من فانوس افروزم– مصاحبه با هادی سیف، مجله فردای ایران، بهمن ۱۳۵۹، ش ص۵.
۹) کار کن تا مفید باشی، مجله پیام مردم، ٦ بهمن ۱۳۵۹، س۱، ش٢٦،ص۷.
۱۰) آرزوی سال نو، جوانان حزب توده ایران، ضمیمـــه نامه مردم، فردین ۱۳٦۰، ص ۳۷.
۱۱) ترجمه ادبیات و مترجم ادبی، اطلاعات، ۲۲ اردیبهشت ۱۳٦٦،ش ۱۸۱٦۹،ص ۱۱.
۱۲) لطمة ترجمه به شعرفارسی، مجله پیام کتابخانه، ۱۳۷۰، ش۱، صص۷۵–۷۰.
۱۳) مترجم متعهد و رسالت انسانی، مجله هنر و اندیشه، ۱۳۷۰.
١٤) می‌خواستم درجه یك باشم، همشری،٢٤ فروردین۱۳۷۲، س۱، ش۸٦، ص۷.
۱۵) محمد قاضی و پنجاه سال ترجمه، مجله مترجم، بهار ۱۳۷۲، س ۳، ش۹،ص۷.
١٦) ما نویسنده‌ایم، (نامه ١٣٤ نفر نویسنده)، اطلات، ۳۰ آبان ۱۳۷۳، ش ۲۰۳۵۰، ص۱۲.
۱۷) در دفاع از آزادی و عدالت باید ترجمه کرد، آتیة،۸خرداد۱۳۷۵،ش٦۷،ص۹.
۱۸) تنها یك مترجم ساده–مصاحبه با سیعد پویش، مجله گودون، ش۳۵،ص٤٤–۳۲.
۱۹) روشنگری واقعیات از موهومات، مصاحبه با مژده جعفرپوور۱۳۷۲.
۲۰) دفاع از ئ‌زادی – مصاحبه با سیروس روستا، مجله فرهنگه بینش،۱۳۷۳.
۲۱) زندگی قابل ترجمه نیست، همشری (روز هفتم)، ۱۳ بهمن ۱۳۷۳ ش ٦١٤(۱۷)،ص۲.
۲۲) قلم اسلحه من است، روزنامه اخبار،۲۲ مرداد ۱۳۷٦،س۳،ش٦۰۵.
۲۳) مسابقه بهترین ترجمه، مجله سخن،ش۹،دی ماه ۱۳۳۵.
٢٤) محمد قاضی نم پای دیوار کاخ استبداد – سخنرانی عرفان قانغی فرد، روزنامه ئ‌ریا،٢٤ بهمن ۱۳۷۷، ص۱۲.

ب: کتێبەکان:


٢٥) حريری، ناصر، درباره هنر ادبيات، چاپ اوّل، کتابسرای بابل ١٣٦٦.

٢٦) صالحی، سيد علی، محمد قاضی کيست و چه کرد؟ چاپ اول، تهران،ققنووس ١٣٦٨.

٢٧) قاضی، محمد، خاطرات يك مترجم، چاپ اول، تهران، نشر زنده رود،١٣٧١.

٢٨) قاضی، محمد، سرگژشت ترجمههای من، چاپ اول، تهران، نشر روايت، ١٣٧٣.

٢٩) قانعی فرد، عرفان، دمی با قاضی و ترجمه، چاپ اول، تهران، نشر ژيار،١٣٧٦.